حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی مێژوو.

# ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکمان لە باشوری کوردستان (١٩٦٨-٢٠٠٣)

توێژینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە

تێزی دکتۆرایە لەلایەن:

**کاروان فتاح عبدالرحمن**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەك بەشێك لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (دکتۆرای فەلسەفە) لە زانستی مێژووی .

بەسەرپەرشتی:
پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. ئاکۆ عبدالکریم محمود شوانی

٢٠٢٠ ز　　　١٤٤١ هـ　　　٢٧٢٠ ك

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم تێزەی خوێندکار(کاروان فتاح عبدالرحمن) بە ناونیشانی(**ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکمان لە باشوری کوردستان ١٩٦٨-٢٠٠٣**) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە زانستی(مێژوو)دا، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژوو:

سەرپەرشتیار: **د. ئاکۆ عبدالکریم شوانی**

پلەی زانستی: **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

بەروار:١١ /٩ /٢٠٢١

بە پێی ئەم پێشنیارە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژوو:

ناو: پ.ی د.پشکۆ حمەطاهر عبدالرحمن

سەرۆکی بەشی (مێژوو).

بەروار: / /

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم تێزەی دكتۆرای خوێندكار (كاروان فتاح عبدالرحمن) بە ناونیشانی (ڕەوشی سیاسی و كۆمەڵایەتی توركمان لە باشوری كوردستان ١٩٦٨-٢٠٠٣) خوێندەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەكانی تری كردووە، بڕیارماندا بە پلەی ( ) بڕوانامەی فەلسەفەی دكتۆرای لە زانستی (مێژوو)دا پێبدرێت.

واژۆ:
ناو: د.خلیل علی مراد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
سەرۆكی لیژنە
ڕێكەوت ٢٠٢١/٤/١٤

واژۆ:
ناو: د. دلێر احمد حمد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێكەوت ٢٠٢١/٤/١٤

13/4/2021

واژۆ:
ناو: د. پشكۆ حمەطاهر عبدالرحمن
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێكەوت ١٣ - ٤ - ٢٠٢١

واژۆ:
ناو: د. سۆزان كریم مصطفى
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێكەوت ٢٠٢١/٤/١٤

واژۆ:
ناو: د. دڵشاد عمر عبدالعزیز
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام ٢٠٢١/٤/١٣
ڕێكەوت

لە لایەن ئەنجومەنی كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەكان/ زانكۆی سلێمانی پەسەند كرا.

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر
ڕاگری كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەكان

**ئەم تێزە پێشکەشە بە**

**دایکم ( مەعسومە) گەورەترین مرۆڤی دونیا**

**هاوسەری خۆشەویستم (هەدیە)**

**منداڵەکانم (لێهات و لیسا و ئارلا)**

## سوپاس و پێزانین:

سوپاس و پێزانین بۆ ئەم بەرێزانەی هاوکار بوون لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا:

- پ.ی.د. ئاکۆ عبدالکریم شوانی کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم تێزەی گرتە ئەستۆ و بە تێبینی و رێنماییەکانی هاوکارێکی جدی بوون لە سەرخستنی لێکۆڵینەوەکەدا.
- هاوژینی حۆشەویستم کە ماوەی ئەم چوار ساڵە بەجدی لە غەمی بە پایان گەشتنی تێزەکەدا بوو.
- هاورێی ئەزیز د.هاوار لە پێدانی سەرچاوە هاوکاری زۆری کردین.
- حاجی یەشار ئاڵتی بەرماخ کە زۆر بەدڵفراوانییەوە لە پێدانی سەرچاوە و ناساندنی ژمارەیەك کەسایەتی و هەروەها تەنانەت لە وەرگێڕانی ژمارەیەك تێکستدا هاوکار بوو.
- کاك نازم سائیغ کە هەردەم بەدەم داواکاریەکانمانەوە دەهات و زانیاری گرنگی دەخستە بەردەست.
- مامۆستا کەنعان شاکر، سەیاح کورەچی، سەفین کورەچی، فەخرەدین داغستانی، ئیبراهیم قەساب، مامۆستا بێستون عەلی کەریم، لەتیف فاتیح فەرەج، کاك تەیب جەبار، نەجات حسین، سەید عیسا سەید سەلیم، سالار ئەربیل، ئایدن مەعروف، ئەسعەد ئەربیل، حوسام حەسرەت، عەبدولکەریم مەلا ئۆغلۆ، کە ئامادەیی خۆیان بۆ چاوپێکەوتن دەربڕی و زانیارییان پێبەخشیم.
- کتێبخانەی ناوەندی و کتێبخانەی کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی هەڵەبجە، بنکەی ژین و کتێبخانەی گشتی هەڵەبجە کە کتێبخانەکانیان بەڕوودا کردینەوە.
- بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری تورکمان (ماڵی تورکمان) کە لە پێدانی سەرچاوە هاوکارییەکی بێوێنەیان کرد.

- یانەی برایەتی تورکمان- هەولێر کە کتێبخانەکەیان بەروودا کردمەوە و سودی زۆرمان لە پەرتوکەکانیان بینی.
- بەڕێزان (پ.ی.م. خالد محمد غریب) و (د. عەدنان ئەمین محمد) کە لە وەرگێڕانی تێکستەکاندا هاوکاریی جدیان کرد.
- مامۆستایانی بەڕێز (پ.ی.د. پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری، م. عادل سدیق، هۆشمەند عەتا) کە بە پەرتووك هاوکار بوون لە سەرخستنی ئەم نووسینەدا.

## کورتکراوەکان

### زمانی کوردی

| | |
|---|---|
| ❖ س.پ | سەرچاوەی پێشوو |
| ❖ س | ساڵ |
| ❖ هـ.س | هەمان سەرچاوە |
| ❖ ز | زایینی |
| ❖ چ | چاپ |
| ❖ ب | بەرگ |
| ❖ ژ | ژمارە |
| ❖ و | وەرگێڕ |
| ❖ ل | لاپەڕە |
| ❖ ئا | ئامادەکردن |

### زمانی عەرەبی

| | |
|---|---|
| ❖ م.س | المصدر السابق |
| ❖ س | سنة |
| ❖ م.ن | المصدر نفسه |
| ❖ م | الميلادي |
| ❖ ط | الطبعة |
| ❖ ج | الجلد |
| ❖ ع | العدد |
| ❖ ت | الترجمة |
| ❖ ص | الصحيفة |
| ❖ أ | الاعداد |

## زمانی ئینگلیزی

- ❖ Ibid (an abbreviation of Ibidem, meaning ‘in the same place’)
- ❖ P (Page)
- ❖ Trans (Translation)
- ❖ Vol (Volume)
- ❖ No (Number)

# پوختە


ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخ و کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکمان لە باشوری کوردستان لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٦٨ بۆ ٢٠٠٣ دەکات. لە دەروازەیەك و سێ بەشدا بە ووردی ئەو بابەتانەی باسکردوە و شیکردۆتەوە. دەروازەی توێژینەوەکە کار لە سەر هاتن و نیشتەجێبوونی تورکمان لە باشوری کوردستان دەکات، لە سەرەتاوە هەتاوەکو سەرەتای سەردەمی کۆماری. بەشی یەکەم، لە سێ باسدا کار لەسەر رەوتی سیاسیانەی تورکمان لە سەردەمی فەرمانرەوایەتی حیزبی بەعسدا کراوە. باسی یەکەم لە دوو تەوەردا رەوشی سیاسی تورکمان لە ساڵی ١٩٦٨ەوە بۆ ساڵی ١٩٨٠ شیدەکاتەوە. یەکەم کارکردنە لەسەر یەکەمین دەرکەوتنی تورکمان لە مێژووی هاوچەرخدا ئەویش بە دروستکردنی یانەیەکی کلتوری رۆشنبیری بەناوی یانەی برایەتی تورکمان کە لە لایەن حیزبی بەعسەوە هەوڵ بۆ دەستبەسەرداگرتنی دراو و دواجار دەستی بەسەردا گرت. دووەم باس لە هۆکار و دەرەنجامەکانی بریارنامەی مافە کلتوریەکانی تورکمان لە ساڵی ١٩٧٠ دا دەکات.

باسی دووەم، لە دوو تەوەردا، بە ناونیشانی **پارت و ئاراستە سیاسیە تورکمانیەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠-٢٠٠٣، خەباتی سیاسیی تورکمان شیدەکاتەوە.** یەکەم سەرەتاکانی دەرکەوتنی جوڵانەوە سیاسیەکانی تورکمان هەتاوەکو دروستبوونی هەرێمی کوردستان شیدەکاتەوە. دووەم کار لە سەر ئەو پارتە سیاسیانەی کەوا پاش راپەرین دروستبوون، دەکات. تورکمان بە سێ ئاراستەی سیاسی لەو ماوەیەدا کاریان دەکرد، ئاراستەیەك شیعی بوون، ئاراستەیەك ناسیۆنالیستی، لەگەڵ ئاراستەیەك کەوا لە دنیابینی سیاسی هێزەکانی کوردەوە نزیك بوون. باسی سێیەم **بە تەواوی تەرخانە بۆ بەرەی تورکمانی لە ژێر ناونیشانی بەرەی تورکمانی ١٩٩٥-٢٠٠٣.** تەوەری یەکەم لێکۆڵینەوەی دروستبوون و پێکهاتەی بەرەی تورکمانی دەکات. تەوەری دووەم تایبەتە بە بارودۆخی ناوخۆیی بەرەی تورکمانی. تەوەری سێیەم گرنگی دەدات بە بەشداری بەرەی تورکمانی لە چالاکیە سیاسیەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی رژێمی عێراقدا.

بەشی دووەم لە دووباسدا **رۆڵ و پێگە و هەڵوێستی تورکمان لەمەڕ پەرەسەندنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان لە ماوەی ساڵانی** (١٩٦٨-٢٠٠٣) شیدەکاتەوە. باسی یەکەم بەناو نیشانی **هەڵوێستی تورکمان لە بەرامبەر گۆڕانکارییە سیاسیەکانی باشوری کوردستان ١٩٦٨-٢٠٠٣**، لە دوو تەوەردا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت. یەکەم گرنگی دەدات بە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی تێروانین و هەڵوێست و پەیوەندی تورکمان بەرامبەر بە جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان هەتاوەکو پاش سەرهەڵدانی راپەرین. دووەم تایبەتە بە **هەڵوێست و پێگەی تورکمان لە رووداوە ناوخۆییەکانی باشوری کوردستان ١٩٩١-٢٠٠٣**. لەم تەوەرەدا، بەشداریی پارتە سیاسیە تورکمانیەکان لە رووداوەناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان شیکراوەتەوە و پەیوەندیەکانی بەرەی تورکمانی و رۆڵی لە پێشهاتە سیاسیەکانی ناو کوردستان گرنگی پێدراوە.

باسی دووەم بەناو نیشانی **هەڵوێستی تورکمان بەرامبەر داهاتوی هەرێمی کوردستان و عێراق**، لە دوو تەوەر پێکهاتووە. یەکەم هەڵوێستی پارتە سیاسیە تورکمانیەکان دەربارەی یەکێتی خاکی عێڕاق دەخاتە روو. هەر لەم تەوەرەیەدا شیکردنەوە بۆ هەڵوێستی تورکمان و تێروانینیان بۆ داهاتووی عێڕاق دەکات. تەوەری دووەم هەڵوێستی پارتە تورکمانیەکان دەربارەی فیدراڵی هەرێمی کوردستان پاش ساڵی ١٩٩١ دەخاتە روو. هەروەها تێڕوانین و بۆچوونیان لەبارەی هەرێمی کوردستان و چۆنێتی مامەڵەیان لەگەڵ هەرێم شیدەکاتەوە.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە لە دوو باسدا پێکهاتە و رووخسارە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و فەرهەنگیەکانی تورکمان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی حیزبی بەعس باسدەکات. باسی یەکەم کە ناونیشانەکەی بریتیە لە کۆمەڵگای تورکمانی لە باشوری کوردستان، لە دوو تەوەردا **باری دیمۆگرافی تورکمان لە باشوری کوردستان** و کلتور و داب و نەریتیان شیدەکاتەوە. یەکەم باری دیمۆگرافی تورکمان لە باشوری کوردستان و گرنگیی ئەم بابەتە بۆ پێکهاتی ناسنامەی تورکمانەکان دەخاتەروو. هەروەها ئەو شوێنانەی هاوڵاتیانی تورکمان تیایدا نیشتەجێبوون و ژمارەیان و ئەو گۆڕانکاریە دیموگرافیانەی بەسەریاندا هاتووە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە شیدەکاتەوە. تەوەری دووەم لەژێر ناونیشانی "روخسارە کۆمەڵایەتیەکانی تورکمان" گرنگی بە رەهەندێکی تری ناسنامەی تورکمانەکان لە باشوری کوردستان

دەدات. بۆنە و داب و کلتوری تورکمان لە کوردستان ناوەڕۆکی ئەم تەوەرەیە لە خۆدەگرێت.

باسی دووەمی دوایین بەشی لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە رەوشی رۆژنامەگەری و خوێندنی فەرمی تورکمان. ئەم باسە دابەشکراوە بۆ دوو تەوەر. یەکەم تەرخانە بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنێکی گرنگی کۆمەڵگای تورکمان لە مێژووی هاوچەرخدا کە ئەویش بواری رۆژنامەگەریە. لەو رۆژنامە و گۆڤارە تورکمانیانەی کە لە ماوەی سالآنی توێژینەوەکەدا دەرچوون، دەکۆڵێتەوە. دووەم بابەتی خوێندنی فەرمی بە زمانی تورکمان دەگرێتەخۆ. ئەم تەوەرە خوێندن بە زمانی تورکمان لە سەردەمی رژێمی بەعس و پاشان لە هەرێمی کوردستان شیدەکاتەوە. داتا و زانیاریەکان و شێوازی خوێندنەکە لە باشوری کوردستان روودەکاتەوە.

## ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەكی | ١-١١ |
| دەروازە/ هاتن و نیشتەجێبوونی توركمان تا هاتنی حیزبی بەعس بۆ سەر دەسەلاّت لە ساڵی ١٩٦٨ | ١٢-٢١ |
| بەشی یەكەم/ ڕەوتی گۆڕانكاریە سیاسیەكانی توركمان لە باشوری كوردستان لە نێوان سالاّنی ١٩٦٨-٢٠٠٣ | ٢٢-٩٢ |
| باسی یەكەم/ كاری سیاسیانەی توركمان لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨ – ١٩٨٠ | ٢٢-٤٢ |
| تەوەری یەكەم/ دروستبوونی یانەی برایەتی توركمان و قۆناغێكی تایبەت لە ڕەوشی سیاسی توركمان | ٢٢-٣٢ |
| تەوەری دووەم/ بەیاننامەی ٢٤ی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ و كاریگەری لەسەر بارودۆخی سیاسی توركمان | ٣٣-٤٢ |
| باسی دووەم/ پارت و ئاراستە سیاسیە توركمانیەكان لە نێوان سالاّنی ١٩٨٠ – ٢٠٠٣ | ٤٣-٦٦ |
| تەوەری یەكەم/ سەرەتاكانی دروستبوونی پارتی سیاسی توركمان هەتاوەكو ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ | ٤٣-٥٦ |
| تەوەری دووەم/ پارتە سیاسیە توركمانیەكان ١٩٩٢ هەتاوەكو پرۆسەی ئازادی عێراق ٢٠٠٣ | ٥٧-٦٦ |
| باسی سێیەم/ بەرەی توركمانی ١٩٩٥-٢٠٠٣ | ٦٧-٨٨ |
| تەوەری یەكەم/ دروستبوون و پێكهاتەی بەری توركمانی | ٦٧-٧٤ |
| تەوەری دووەم/ بارودۆخی ناوخۆی بەرەی توركمانی ١٩٩٥-٢٠٠٣ | ٧٥-٨٤ |
| تەوەری سێیەم/ بەشداریی بەرەی توركمانی لە كۆنگرەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەكانی عێراق | ٨٥-٩٢ |
| بەشی دووەم/ پێگە و هەڵوێستی توركمان لەمەڕ پەرەسەندنە سیاسییەكانی باشوری كوردستان و عێراق لە ماوەی سالاّنی (١٩٦٨-٢٠٠٣) | ٩٣-١٦١ |
| باسی یەكەم/ هەڵوێستی توركمان لە هەمبەر گۆڕانكارییە | ٩٣-١٣٢ |

| | |
|---|---|
| سیاسیەکانی باشوری کوردستان ١٩٦٨-٢٠٠٣ | |
| تەوەری یەکەم/ هەڵوێستی تورکمان بەرامبەر بزاڤی رزگاریخوازی کورد ١٩٦٨-١٩٩١ | ٩٣-١٠٧ |
| تەوەری دووەم/ پێگە و هەڵوێستی تورکمان لە رووداوە ناوخۆییەکانی باشوری کوردستان ١٩٩٢-٢٠٠٣ | ١٠٨-١٣٢ |
| باسی دووەم/ هەڵوێستی تورکمان لەهەمبەر داهاتوی هەرێمی کوردستان و عێراق | ١٣٣-١٥٥ |
| تەوەری یەکەم/ یەکێتی خاکی عێراق وەك بنەمایەکی نەگۆری پارتە سیاسیە تورکمانەکان | ١٣٣-١٤٣ |
| تەوەری دووەم/ هەڵوێستی تورکمان لەسەر فیدراڵی و قەوارەی هەرێمی کوردستان | ١٤٤-١٦١ |
| بەشی سێیەم/ پێکهاتە و رووخسارە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکانی تورکمان لە سەردەمی حیزبی بەعس | ١٦٢-٢٣١ |
| باسی یەکەم/ کۆمەڵگای تورکمان لە باشوری کوردستان | ١٦٢-١٩٧ |
| تەوەری یەکەم/ باری دیمۆگرافی تورکمان لە باشوری کوردستان | ١٦٢-١٧٦ |
| تەوەری دووەم/ رووخسارە کۆمەڵایەتیەکانی تورکمان | ١٧٧-١٩٧ |
| باسی دووەم/ رەوشی خوێندن و رۆژنامەگەری تورکمانی ١٩٦٨-٢٠٠٣ | ١٩٨-٢٣٠ |
| تەوەری یەکەم/ بارودۆخی رۆژنامەگەری تورکمان | ١٩٨-٢١٣ |
| تەوەری دووەم/ خوێندنی تورکمان لە باشوری کوردستان ١٩٦٨-٢٠٠٣ | ٢١٤-٢٣٠ |
| ئەنجام/ | ٢٣١-٢٣٧ |
| لیستی سەرچاوەکان/ | ٢٣٨-٢٦٢ |
| پاشکۆکان/ | ٢٦٣-٢٩٨ |
| پوختە بە عەرەبی/ | ٢٩٩-٣٠٠ |
| پوختە بە ئینگلیزی/ | ٣٠١-٣٠٢ |

# پێشەکی

# پێشەکی

تورکمان وەك یەکێك لە نەتەوەکانی باشوری کوردستان مێژوویەکی دێرینیان لە ناوچەکە هەیە. کورد لەگەڵ تورکمان پێکەوە لەو جوگرافیایەدا دەژین. هەرچەندە مێژووی نیشتەجێبوونی کورد بۆ زەمەنێکی کۆنتر دەگەڕێتەوە، بەڵام تورکمانیش چەند سەدەیەکە لەناوچەکە نیشتەجێن.

لێکۆڵینەوە دەربارەی تورکمان لە رووی مێژووییەوە لەباشوری کوردستان و تەنانەت لە عێراقیش قووڵاییەکی ئەکادیمی نیە. هەرچەندە خودی لێکۆڵینەوە مێژوویە ئەکادیمیەکان لە باشوری کوردستان و عێراقیش بەگشتی مێژوویەکی تازەیان هەیە، بەڵام تورکمان لەو لێکۆڵینەوانەش هیچ پشکێکی بەرنەکەوتووە.

کارکردن لەسەر پێکهێنەرە جیاوازەکانی تورکمان تارادەیەك ئاوڕی لێدراوەتەوە. بەڵام دەستبردن بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی زۆر بەکەمی بووە. ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر تورکمان نووسراون زیاتر خۆیان لە چەند بوارێکی وەك زمانەوانی بینیوەتەوە، کە ئەمیش لە نووسینی چەند ووتار و پەرتووکی تاکەکەسی تێپەڕی نەکردووە. لەوەش زیاتر، ژمارەیەکی تر لە نووسینەکان ئیشکردن بوون لەسەر مێژووی کۆنی ئەم نەتەوەیە، وەك مێژووی هاتنیان بۆ ناوچەکە لەسەردەمە جیاوازەکانی دەسڵاتدارێتی دەوڵەت و میرنشینە ئیسلامیە تورکمانیەکان لە کوردستان و عێراق.

**گرنگی بابەت:**

سەرجەم ئەو نوسینانەی کە لەبواری مێژووییدا نوسراون هەتاوەکو سەردەمی کۆماری لە عێراقدا باسی نەتەوەی تورکمانیان کردووە. بەگشتی لەسەردەمی عەباسی و میرنشینەکان و دەسەڵاتدارێتیە تورکمانەکانی ئەو سەردەمە و پاشان سەردەمی عوسمانی و رۆڵی رەگەزی تورك لەو سەردەمەدا و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و مەسەلەی وویلایەتی موسڵ و بەشێوەیەکی گشتی هەتاوەکو سەردەمی کۆماری. پاش سەردەمی کۆماری و هاتنەسەردەسەڵاتی بەعسیەکان لەعێراقدا هیچ توێژینەوەیەك دەربارەی بارودۆخ و رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکمان نەنوسراوە.

ئیشکردن لەسەر رەوشی تورکمانی لەماوەی هاتنەسەردەسەڵاتی حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ هەتاوەکو رووخانی لە ساڵی ٢٠٠٣دا کارێکی تازە و سەرەتایەکی ئەکادیمی گرنگە بۆ ناسین و شیکردنەوەی بوونی تورکمان لەباشوری کوردستان لەو سەردەمەدا. هەڵبژاردنی ئەم بابەتە چەند پرسێك دەخاتە بەردەست. هەروەك دەردەکەوێت پاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق پێکهێنەرە جیاوازەکانی ناو وولاتەکە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانیان دەرخست. ئەوەی کە مایەوە و خەریکبوو ناسنامەی خۆی لەدەست بدات تورکمانەکان بوون. کورد و عەرەب وەك دوو پێکهاتە لەسەر شانۆی سیاسی رووداوەکان و لەناو نوسراوە دەستوری و یاساییەکاندا لە عێراقدا بەدیارکەوتن و بوونی سیاسی و یاساییان سەلما. بۆ تورکمان بە پێچەوانەوە بوو، پاش دروستبوونی دەوڵەتەکە لە دەسەلاتدا نەمان و بوونی سیاسی و یاساییان کەوتە مەترسیەوە. لە فەرمانڕەواوە بوون بە کەمینەیەکی فەرامۆشکراو. لەبەرئەوەی رووخانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ تورکمان مەترسیەکی گەورە بوو، لەبەرئەوەی نەخرانە سەر دەوڵەتی تورکیا کە میراتگری عوسمانی و هەروەها دەوڵەتێکی تورکی بوو.

لە عێراقی سەردەمی کۆماریدا و بەتایبەتی پاش هاتنی بەعسیەکان هەوڵەکان بە ئاراستەی زیاتر پەراوێزخستن و بێدەنگکردن و تواندنەوەی ئەم کەمە نەتەوەیە گەیشتە لوتکە. هەرچەندە لەو سەرمەدا بەشێوەیەکی گشتی بزوتنەوەی چەکداری و حیزبی چەکداری رێکخراویان نەبوو، بەڵام رژێم لە پاکتاوکردنیان نەوەستا. لە بەرامبەردا، تورکمانەکان لەو سەردەمەدا بە کۆمەڵێك رێگای جیاواز و هەنگاوی تایبەت هەوڵیاندا ناسنامەی خۆیان بپارێزن.

ئامانجی بابەت:

ئەوەی ئەم تێزە دەخوازێت کاری لەسەر بکات و توێژینەوەی بکات بریتیە لە لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو رێگا جیاوازانەی کە تورکمان گرتیانەبەر بۆ هێشتنەوە و سەلماندنی ناسنامەی تورکمانێتی خۆیان. ئەو رێگا جیاوازنەش لە دروستکردنی یانەی کلتوری و فەرهەنگی و رۆشنبیری جیاواز خۆی دەبینێتەوە. پاشان تەقەلای دروستکردنی رێکخراوی نهێنی بۆ کاری سیاسی کە دواتر بۆ رێکخراو و پارتی سیاسی دەگۆڕێت. دواتر بەرەوپێشچوونی کاری سیاسی تورکمان و دروستکردنی بەرەیەکی تورکمانی هەنگاوی دواتری تورکمانە بۆ خۆ ناساندن.

سەرەرای ئەوانە، لێکۆڵینەوەکە کار لەسەر هەڵوێست و پەیوەندیە سیاسیەکانی تورکمان دەکات لەمەڕ رووداوەکانی باشوری کوردستان لەماوەی دەستەلاَتی حیزبی بەعسدا. لەوەش زیاتر، دەرکەوتنە کۆمەلاَیەتیەکانی تورکمان لە باشوری کوردستان لەوماوەیەدا توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجامدەدرێت. هاتن و نیشتەجێبوون و دەرکەوتنی تورکمان لە ناوچەکە و کوردستان بەتایبەتی گرنگی زۆری بۆ تورکمانەکان هەیە، بەمەبەستی خۆ بە ڕەسەنزانین، لەبەرئەوە توێژینەوەکە تیشکی دەخاتەسەر. پاشان داب و نەریت و بۆنە ئاینیەکانیان وەك یەکێکی تر لە دەرکەوتە کۆمەلاَیەتیەکانیان جەختی لێدەکرێتەوە. رۆژنامەوانی وەك دەلاقەیەك بۆ خۆ پیشاندان، بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگا بە زیندوویی و بۆ پێکەوەبەستنی کۆمەڵگە و تەنانەت ئاراستەکردنیشی، لەلایەن تورکمانەوە گرنگی زۆری پێدراوە. خوێندنی تورکمانی دواین بابەتەکە کە توێژینەوەکە ئیشی لەسەردەکات.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:** لە چەند رەهەندێکەوە گرفت بۆ توێژینەوەکە هاتەپێش، لەوانە توێژینەوەکردن لەسەر کەمینەی تورکمان بۆخۆی هەڵگری کۆمەڵێك گرفتە، بەتایبەتی ئەگەر دەربارەی مێژووی هاوچەرخی ئەو نەتەوەیە بێت. بەردەستنەبوونی سەرچاوەی پێویست لەسەر خودی بابەتەکە و هەروەها نەبوونی توێژینەوە دەربارەی بابەتەکە. نەبوونی ئەرشیفێکی تایبەت بە بەڵگەنامە و نوسراوە فەرمی و نافەرمیەکانی تایبەت بە تورکمان، تەنانەت کەمی ژمارەی ئەو پەرتوکانەی باسی بابەتەکە دەکەن. لە باشوری کوردستان ژمارەیەکی زۆر سەرچاوە دەربارەی کورد لەو سەردەمەی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەی دەکات بەردەستبوو، بەلاَم ئەمە شۆڕنەبووبۆوە بۆ ووردەکارییە مێژووییەکانی باشوری کوردستان بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە بابەتی کەمە نەتەوەکانی کوردستان لە نمونەی تورکمان، ئەمەش گرفتێکی بەردەم توێژەرانە بەشێوەیەکی گشتی.

گرفتی کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکە، کە هاوکات بوو لەگەڵ ژمارەیەك گۆڕانکاری سیاسی لە باشوری کوردستان کە راستەوخۆ کاریگەری بۆ سەر توێژینەوەکە هەبوو، لە نمونەی رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کە وایکرد پەیوەندی بەستن لەگەڵ بەشێك لە تورکمانەکان ئەستەمبێت. جگەلەوەش، هاوکاری نەکردنی بەشێك لە تورکمانەکان بۆ لێکۆڵینەوەکە بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لە هەڵوێستی هەندێك لە کاراکتەرە سیاسیەکانیاندا روویدابوو. لەوەش زیاتر، هەندێك

له سەرکردەکانی پارتە تورکمانیەکان بەهیچ شێوەیەك هاوکارنەبوون بۆ پێدانی زانیاری دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:**

به مەبەستی کارکردن لەسەر ئەو بابەتانەی لەسەرەوە ئامآژەی بۆکرا، توێژینەکە پشتی به چەند جۆرێکی جیاواز له سەرچاوه و ژێدەر بەستووە. زۆرینەی سەرچاوەکان له بەڵگەنامە فەرمی و بڵاوکراوه و نوسراوەکانی پارتە سیاسیەکان و چاوپێکەوتنی کەسانی بەشداربووی راستەوخۆی رووداوەکان و پەرتوکەکاندا حۆی دەبینێتەوە. هەروەها ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەشی کە لەلایەن تورکمانەکانەوە دەرکراون و لەگەڵ ئەوانەشی کە بەشێوەیەکی گشتی باس لە تورکمان دەکەن.

ئەو فەرمان و بریار و نوسراوانەی کە فەرمین و له وەقائیعی عێراقیدا بڵاوکراونەتەوە، گرنگی تایبەتیان هەیەو سەرجەمیان کە پەیوەستبوون به تورکمانەوە بەکارهاتوون. چەند پەرتوکێکی بەڵگەنامەییش تایبەت به تورکمان سودی لێوەرگیراوە، وەك پەرتوکی "پەنجا بەڵگەنامە دەربارەی پاکتاوی تورکمان و کورد" لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی تاریق جامباز. تیایدا زۆرینەی ئەو بریارانەی دژی تورکمان دراون له کەرکوك، بەتایبەتی سەبارەت به بابەتی کۆچپێکردن و راگواستن و گۆرینی ناسنامە "تەسحیح قەومیە" تیایدا بڵاوکراوەتەوە. نوسینێکی جەلال جەوهەر دەربارەی کەرکوك سودی لێبینراوە، بەناوی "کەرکوك له پاکتاوی رەگەزیەوە بۆ چارەسەر دەستوری" کە ژمارەیەك بەڵگەنامەی دەربارەی پاکتاوی رەگەزی لە کەرکوك خستۆتە روو. بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستی حکومەتی هەرێم دەربارەی رێکارەکانی حیزبی بەعس دژ به دانیشتوانی کورد و تورکمانی شارەکە خراوەتەروو. سەرچاوەیەکی تری گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە نوسراوەکان و بڵاوکراوه ناوخۆییەکانی پارت و رێکخراوه تورکمانیەکانە کەوا هەڵوێست و بۆچوون و شێوازی کاریانی تیادا روونکراوەتەوە. له نمونەی ئەوانە، بڵاوکراوەیەکی بەڵگەنامەیی پارتی نیشتمانی تورکمانی عێراقیە لەساڵی ١٩٩٤ (له ژێر ناونیشانی "تقرير الحزب الوطني التركماني العراقي عن انتهاكات النظام العراقي لحقوق التركمان في العراق") دەربارەی رەوشی سیاسی تورکمانەکانی کەرکوك و ئەو بارودۆخە ناهەموارەی دانیشتوانی شارەکە لەسایەی حکومەتی عێراقی رووبەرووی دەبنەوە. لەوەش زیاتر، بڵاوکراوەکانی راگەیاندنی ناوەندی بەرەی تورکمانی

دەربارەی دامەزراندنی بەرە و هەڵوێست و پێکهاتە و پەیرەوی ناوخۆی بەرە بەناونیشانی " منشورات الاعلام المركزي للجبهة التركمانية العراقية" سودی لێوەرگیراوە.

ژمارەیەکی تر لە سەرچاوەکان خۆی لە نوسینی کەسانی تورکمانی دەبینێتەوە کەلەناو رووداوەکاندا ژیاون. لە نمونەی ئەو نوسینانە پەرتوکەکانی عەزیز سەمانجیە بەناوی " التاريخ السياسي لتركمان العراق" و " قطار المعارضة العراقية". هەردوو نوسراوەکە رەوشی سیاسی تورکمان بەگشتی باس دەکەن. ئەوەی دووەمیان تایبەتە بە کار و چالاکیەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی رژێمی پێشووی عێراق و بەشداری تورکمان تارادەیەك بە ووردی قسەی لەسەرکراوە. نمونەیەکی تر پەرتوکەکەی حەبیب هورمزیە کە گێڕانەوەیەکی وورده دەربارەی ژیانی رۆژنامەوانی ناوبراو لە ناو یانەی برایەتی تورکمانی لە بەغداد لە دامەزراندنەوە هەتاوەکو دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن رژێمەوە. لەدرێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە سەرچاوەدا سوود لە ژمارەیەکی زۆری نوسینی تورکمانەکان وەرگیراوە وەك نوسینەکانی نەسرەت مەردان و ئەرشەد هورمزی و حەسەن ئۆزمەن و وەلید شەریکە و سوبحی سەعاتچی و بورهان یارالی و عەتا تەرزی باشی و نەجات ئۆغلۆ و شاکر سابر زابت و حسام داود ئەربیلی و چەندانی تریش کە لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کراوە. ئەوەی گرنگە دەربارەی ئەم سەرچاوانە بخرێتە روو، شێوازی نوسینی کتێبەکانە کە بەشێوەیەکی زۆر دیار و بەرچاو زانیاری زۆر و داتای دەربارەی رەوشی تورکمان تیادا نوسراوە، کە بەشێکیان بە ئاگاهیەوە لە توێژینەوەکە بەکارهاتوون، لەبەرئەوەی تارادەیەك لایەنگیری زۆریان تیا بەدی کراوە.

چاوپێکەوتن جۆرێکی تری سەرچاوەکانە کە لەم توێژینەوەدا سوودی لێوەرگیراوە. بەشێوەیەکی گشتی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ کەسانی تورکمان و بەتایبەتی ئەوانەی لەناو رووداوەکاندا رۆڵیان هەبووە و زانیاریەکانیان بۆ رەوتی لێکۆڵینەوەکا گرنکبوون، ئەنجامدراون. ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە کەسایەتی سیاسی و کۆمەلایەتی بەپێی گونجانی لەگەڵ توێژینەوەکەدا لە خۆ گرتووە.

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە، جۆرێکی تری سەرچاوە بەکارهاتووە کە خۆی لە گۆڤار و ڕۆژنامە تورکمانیەکاندا دەبینێتەوە. گۆڤار و ڕۆژنامەکان لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ لەسەردەمی ڕووداوەکاندا نوسراون، زانیاری گرنگ و بەرچاو پێشکەشدەکەن. چەند جۆرێك لە گۆڤار و ڕۆژنامە بەکارهاتوون. زۆرینەی زۆریان ئەوانەن کەوا لەلایەن خودی تورکمانەکانەوە دەرچوون. ئەو بڵاوکراوانە ڕاستەوخۆ دەربڕی دنیابینی تورکمانەکان دەخەنە ڕوو. بۆیە گرنگە بۆ بابەتێکی هاوچەرخی لەو شێوەیە ڕۆژنامە و گۆڤار ببینرێن بەمەبەستی زیاتر ڕوونبونەوەی وێنەی ڕابردووە.

گۆڤارەکان خۆیان لە چەند بڵاوکراوەیەك دەبینیەوە وەك "قارداشلق- الاخاء، بیرلك-سەسی (دەنگی یەکێتی)، Kardaslik، باریش، لەگەڵ چەند گۆڤارێکی تر کە لە لیستی سەچاوەکان ئامارژەیان بۆ کراوە. ئەم گۆڤارانە بەگشتی لەلایەن تورکمانەکانەوە بڵاوکراونەتەوە. گۆڤاری الاخاء کە لە لایەن یانەی برایەتی تورکمان لە بەغداد دەردەچوو گرنگترین گۆڤاری تورکمانیە کە نا حکومی بوبێت لە سەرەتاوە. سەرجەم ژمارەکانی بەردەسخران و توانرا سودیان لێببینرێت. ئەم گۆڤارە، بڵاوکراوەیەکی تاراددەیەك مانگانە بووە تایبەت بە بواری فەرهەنگی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و زۆر بە کەمیش گرنگی بە لایەنی سیاسی داوە. ژمارەکانی لە ساڵی ١٩٦١ەوە بۆ کۆتایی نەوەدەکان بڵاوکرانەوە. زۆرینەی تورکمانە چالاکەکانی ئەو سەردەمە (ماوەی توێژینەوەکە) لەم گۆڤارەدا نوسینیان بڵاوکردۆتەوە. بە هەمان ناو چەند گۆڤارێکی تر دەرچوون کە بۆ توێژینەوەکە بەسود بوون، وەك ئەو گۆڤارەی لە ئەستەنبول لەلایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی یانەی برایەتی تورکمانی بەغداد دوای دورخستنەوەیان و ڕۆشتنیان بۆ تورکیا بڵاوکرایەوە. ئەم گۆڤارەیان زیاتر بە زمانی تورکی ئەستەنبوولی نوسراوە، لەگەڵ ئەوەی کە بە عەرەبی و ئینگلیزیش ووتاری بڵاودەکرەوە.

گۆڤاری (باریش) کە بڵاوکراوەیەگی مانگانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بەرێوەبەرێتی ڕۆشنبیری تورکمانی بوو، زۆر سودی لێوەرگیراوە. لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ەوە دەستی بە یلاوکردنەوە کرد. بە چوار زمان (تورکمانی- تورکی لاتینی، کوردی- عەرەبی) بابەتی دەربارەی کلتور و فەرهەنگ و

زمان و رۆشنبیری تورکمانی تیادا دەنوسرا. ئەم گۆڤارە بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی وەك زمان و داب و نەریت و شێوازی ژیانی تورکمان بەگشتی گرنگی خۆیی هەیە.

جگە لەو گۆڤارانەی سەرەوە، ژمارەیەکی تر گۆڤار بەکارهاتوون، وەك گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و گۆڤاری کەرکوك کە ژمارەیەکی بەرچاو نوسینیان دەربارەی تورکمان تیادا بلاۆکراوەتەوە.

رۆژنامەکانیش بەگشتی سودیان لێبینراوە، وەك رۆژنامەی قارداشلەق و تورکمان ئیلی و کوردستانی نویٚ و برایەتی و هاولاٚتی وچەند رۆژنامەیەکی تریش. لە بەربلاٚوترینی رۆژنامەکان، رۆژنامەی تورکمان ئیلی زمانحاڵی بەرەی تورکمانیە، کە بەپێی رووداوەکانی ناو بەرەی تورکمانی بەکارهاتووە. ئەم رۆژنامەیە سەرجەم لێدوانەکانی بەرپرسە جیاوازەکانی بەرەی تورکمانی تیادا بلاٚوکراوەتەوە و هەروەها دەربڕی ڕای فەرمی بەرەکەش بووە. لە ساڵی ١٩٩٥ەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤ سەرجەم ژمارەکانی بەردەستبوون و سود لە هەموویان بینراوە. رۆژنامەی قارداشلەق کە یانەی برایەتی تورکمانی هەولێر دەریدەکرد، بۆماوەی نزیکەی سیٚ ساڵ (١٩٩٩-٢٠٠١)، سەرجەم ژمارەکانی بەردەستبوون و بەپێی گونجانی لەگەڵ بابەتەکانی ناو تویژینەوەکە بەکارهاتوون. سەرەڕای ئەوانە، سەرجەم ئەو رۆژنامانەی لەو ماوەیە لەسەر گۆڕەپانەکە هەبوون بینراون و بەپێی پێویست سودیان بە تویژینەوەکە گەیاندوە وەك رۆژنامەی کوردستانی نویٚ زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و رۆژنامەی برایەتی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەفتەنامەی هاولاٚتی کە رۆژنامەیەك بوو لە سلێمانی لەلایەن کۆمەڵێك رۆشنبیر و رۆژنامەنوسی شارەکەوە دەردەچوو لەپاش ساڵی ٢٠٠٠. هەموو ئەم رۆژنامانە سەرجەم ئەو راپۆرت و چاوپێکەوتن و هەوالاٚنەی تایبەت بوون بە تورکمان و تیایاندا بلاٚکراونەتەوە زانیارییان لێوەرگیراوە.

**میتۆدی تویژینەوە:**

لەبەرئەوەی بابەتەکە تویژینەوەیەکی مێژووییە، ئەو رێبازانەی کە بۆ نوسینی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەردەستن، بەکارهێناوە. گەڕان بەدوای زانیاریە مێژووییەکان لەناو سەرچاوە جیاوازەکاندا و پاشان خستنەروو و دواتر شیکردنەوەیان ئەو رێگەیەیە کەبەکارهاتووە. ئەوەی گرنگە شێوازی مێژووی زارەکی بەپێی پێویست لە

توێژینەوەکە بەکارهاتوە، بەتایبەتی لەو بابەتانەی کەوا کارەکتەرەکان لەژیاندا ماون بۆ زیاتر شیکردنەوە و هەڵسەنگاندانی ڕووداوەکان.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بەسەر دەروازەیەك و سێ بەشدا دابەشکراوە. دەروازەکە گرنگی بە هاتن و نیشتەجێبوونی تورکمان دەدات. بەشی یەکەم بەناو نیشانی رەوشی سیاسی تورکمان لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ ٢٠٠٣ دانراوە. بەشی دووەم بریتیە لە پێگە و هەڵوێستی تورکمان لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ ٢٠٠٣ لەمەڕ گۆڕانکاریەکانی باشوری کوردستان. بەشی سێەم و کۆتایی باس لە بارودۆخ و رەوشی کلتوری و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری تورکمان دەکات لە هەمان ماوەدا.

دەروازەی تێزەکە لە ژێر ناونیشانی "هاتن و نیشتەجێبوونی تورکمان تا هاتنی حیزبی بەعس بۆ سەر دەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٨" گرنگی بە چۆنێتی هاتن و شوێنی نیشتەجێبونی تورکمانە لە باشوری کوردستان دەدات. بەشی یەکەم بۆ سێ باس دابەش کراوە. باسی یەکەم بریتیە لە سەرەتای کاری سیاسیانەی تورکمان هەتاوەکو دامەزراندنی یەکەمین پارتی سیاسی تورکمان. ئەم باسەش دابەشکراوە بۆ دوو تەوەر. یەکەم تایبەتە بە دروستبوونی یانەی برایەتی تورکمان لە بەغداد و پێکهاتەی یانەکە و ڕۆڵی سیاسی یانەکە و پاشان هەوڵەکانی رژێم بۆ دەستبەسەردا گرتنی یانەی ناوبراو. دووەم تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی یەکەمین دەرکەوتنی فەرمی تورکمان کە خۆی دەبینێتەوە لە دەرچوونی بەیاننامەی مافە کلتوریەکانی تورکمان و تەقەلای رژێم بۆ خۆلادان لە جێبەجێکردنی بەندەکانی و شێوازی مامەڵەی تورکمان لەگەڵ ئەو بابەتەدا.

باسی دووەم بەناو نیشانی **پارت و ئاراستە سیاسیە تورکمانیەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠-٢٠٠٣**، لە دوو تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم بەناونیشانی: **سەرەتاکانی دروستبوونی پارتی سیاسی تورکمان هەتاوەکو ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١**، هەوڵدەدات سەرەتاکانی کاری سیاسی تورکمانەکان پاش ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ی کەرکوك و کارە سیاسیە تاکە کەسیەکانی تورکمان بخاتە ڕوو. پاشان دروستبوونی پارتی سیاسی تورکمان و دەستپێکردنی جوڵانەوەی سیاسی دژ بە

رژێمی بەغداد و دواتر بەشداریی تورکمانەکان لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەکۆڵێتەوە. **تەوەری دووەم بە ناونیشانی: پارتە سیاسیە تورکمانیەکان ١٩٩٢ هەتاوەکو پرۆسەی ئازادی عێراق ٢٠٠٣** گرنگترین پارتە سیاسیە تورکمانیەکان باس دەکات. دامەزراندن و پێکهاتە و کاروچالاکییان لە کاتی دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان هەتاوەکو کۆتایی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ شیدەکاتەوە. لەم تەوەرەدا سەرجەم ڕەوتە سیاسیە جیاوازەکانی وەك پارتە ئیسلامیەکان و پارتە نەتەوەییەکان و پاشان ئەوپارتانەی کە پەیوەندیان لەگەڵ حیزبە کوردیەکان هەبووە، خراوەتەروو.

باسی سێیەم و کۆتایی بەشی یەکەم، لە سێ تەوەردا، تەرخانکراوە بۆ بەرەی تورکمانی هەر لە دامەزراندنیەوە هەتاوەکو گواستنەوەی بنکەی سەرەکی بۆ شاری کەرکوك لەساڵی ٢٠٠٤. تەوەری یەکەم تایبەتە بە دروستبوون و پێکهاتەی بەرەی تورکمانی. چۆنێتی و هۆکارەکانی دروستبوونی بەرەکە خراونەتەروو. پاشان پێکهاتەی بەرەی تورکمانی و هەیکەلی بەرەکە شیکراوەتەوە. **تەوەری دووەم: بارودۆخی ناوخۆیی بەرەی تورکمانی ١٩٩٥-٢٠٠٣**، باسکراوە. ناکۆکیەکانی ناو بەرەی تورکمانی و گۆڕینی بەرپرسانی یەکەمی بەرەکە و شێوازی کارکردنی بەرەی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان و پاشان کۆنگرەکانی بەرەی تورکمانی کە ژمارەیان سێ کۆنگرەبووە، بابەتەکانی ئەم تەوەرە بوون. **لە تەوەری سێیەمدا** بەشدارییەکانی تورکمان و بەرەی تورکمانی لە چالاکیەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراقدا خراوەتە روو. هەر لە سەرەتای کاری بە کۆمەڵی هێزە بەرهەڵستکارەکانەوە، تورکمانەکان تارادەیەك لە کارەکاندا بەشداربوون. بەرەی تورکمانیش بەهەمان شێوە لە کۆنگرەکاندا بەشداریی هەبووە.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە لە دوو باس و چوار تەوەردا **ڕۆڵ و پێگەی تورکمان لەمەڕ پەرەسەندنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٨-٢٠٠٣)** شیدەکاتەوە. باسی یەکەم بەناو نیشانی **هەڵوێستی تورکمان لە هەمبەر گۆڕانکارییە سیاسیەکانی باشوری کوردستان ١٩٦٨-٢٠٠٣**، لە دوو تەوەردا شیکراوەتەوە. تەوەری یەکەم **لە ژێر ناونیشانی "هەڵوێستی تورکمان بەرامبەر بزاڤی رزگاریخوازی کورد ١٩٦٨-١٩٩١"** تێروانین و هەڵوێست و پەیوەندی تورکمان بەرامبەر بە جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی بۆ کراوە. تەوەری دووەم تایبەتە بە **هەڵوێست و پێگەی تورکمان لە**

**رووداوە ناوخۆییەکانی باشوری کوردستان ١٩٩١-٢٠٠٣**. لەم تەوەرەدا، بەشداریی پارتە سیاسیە تورکمانیەکان لە رووداوەناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان شیکراوەتەوە. هەروەها پەیوەندیەکانی بەرەی تورکمانی و رۆڵی لە پێشهاتە سیاسیەکانی ناو کوردستان گرنگی پێدراوە.

باسی دووەم بەناو نیشانی **هەڵوێستی تورکمان لە بەرامبەر داهاتوی هەرێمی کوردستان و عێراق**، لە دوو تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم (**یەکێتی خاکی عێراق وەك بنەمایەکی نەگۆڕی پارتە سیاسیە تورکمانەکان**) هەڵوێستی تورکمان دەربارەی یەکێتی خاکی عێراق دەردەخات. ئەم تەوەرە شیکردنەوە بۆ هەڵوێستی تورکمان دەربارەی تێروانینیان بۆ داهاتووی عێراق دەکات. تەوەری دووەم بەناو نیشانی "**هەڵوێستی تورکمان لەسەر فیدراڵی و قەوارەی هەرێمی کوردستان**"، هەڵوێستی تورکمانەکان دەربارەی فیدراڵی هەرێمی کوردستان پاش ساڵی ١٩٩٢ دەخاتە روو. هەروەها تێڕوانین و بۆچوونیان لەبارەی هەرێمی کوردستان و چۆنێتی مامەڵەیان لەگەڵ هەرێم شیدەکاتەوە.

بەشی سێیەم و کۆتایی توێژینەوەکە لە ژێر ناونیشانی " پێکهاتە و رووخسارە کۆمەڵایەتیەکانی تورکمان لە سەردەمی حیزبی بەعس" لە دوو باس و چوار تەوەر پێکهاتووە. باسی یەکەم کە ناونیشانەکەی بریتیە لە کۆمەڵگای تورکمانی لە باشوری کوردستان، لە دوو تەوەردا هاتن و نیشتەجێبوون و کلتور و داب و نەریتی تورکمان شیدەکاتەوە. تەوەری یەکەم (نیشتەجێبوون و باری دیمۆگرافی تورکمان لە باشوری کوردستان) هاتن و سەرەتای نیشتەجێبوونی تورکمان لە ناوچەکە و گرنگیی ئەم بابەتە بۆ پێکهاتی ناسنامەی تورکمانەکان دەخاتەروو. هەروەها ئەو شوێنانەی هاولاتیانی تورکمان تیایدا نیشتەجێبوون و ژمارەیان و ئەو گۆڕانکاریە دیمۆگرافیانەی بەسەریاندا هاتووە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە شیدەکاتەوە. تەوەری دووەم لەژێر ناونیشانی "روخسارە کۆمەڵایەتیەکانی تورکمان" گرنگی بە رەهەندێکی تری ناسنامەی تورکمانەکان لە کوردستان دەدات. بۆنە و داب و کلتوری تورکمان لە کوردستان ناوەڕۆکی ئەم تەوەرەیە لە خۆدەگرێت.

باسی دووەمی دوایین بەشی لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە رەوشی رۆژنامەگەری و خوێندنی فەرمی تورکمان. ئەم باسە دابەشکراوە بۆ دوو تەوەر.تەوەری یەکەم لە ژێر ناونیشانی "رەوشی رۆژنامەگەری تورکمان" گرنگی بە لایەنێکی جەوهەری

پێکهاتەی کۆمەڵگای تورکمان لە مێژووی هاوچەرخدا دەدات کە ئەویش ڕۆژنامە و گۆڤارەکانە. سەرجەم ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە لە ماوەی ساڵانی توێژینەوەکەدا دەرچوون، دەکۆڵێتەوە. تەوەری دووەم بابەتی خوێندنی فەرمی تورکمان دەگرێتەخۆ. ئەم تەوەرە خوێندنی تورکمان لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و پاشان لە هەرێمی کوردستان شیدەکاتەوە. داتا و زانیاریەکان و شێوازی خوێندنی تورکمانی لە باشوری کوردستان ڕووندەکاتەوە.

# دەروازە

## دەروازە/ هاتن و نیشتەجێبوونی تورکمان تا هاتنی حیزبی بەعس بۆ سەر دەسەلآت لە ساڵی ١٩٦٨

### یەکەم/ هاتن و نیشتەجێبوونی تورکمان

تورکمان وەك یەکێك لەو نەتەوانەی کە نیشتەجێی باشوری کوردستانن، ژمارەیەك بۆچوونی جیاواز دەربارەی بنەرەت و مانای ووشەکە دەبینرێت. مەحمود کاشغری بە بەشێك لە تورکی ئۆغۆز ناویان دەبات.[١] ئۆغۆز بە یەکێك لە هۆزە تورکەکان ئەژماردەکرێن. جگە لە مەحمود کاشغری، بارتۆڵدیش بە تورکی ئۆغۆز لە قەڵەمیان دەدات. ئۆغۆز لە سەدەی دەی زاینی لە سنورەکانی رۆژهەلآتی ئیسلامی بلآوبونەتەوە و هەر لەو سەردەمەدا ئایینی ئیسلامیان قبوڵکردوە.[٢]

سەرەتای دەرکەوتنی تورکمان لەم ناوچەیە مێژوویەکی دووری هەیە. وەك یەکێك لە هۆزە تورکمانەکان[٣] لە ئێران و تورکستانەوە بەرەو ناوچەکانی رۆژهەلآتی ناوەراست بلآوبونەتەوە بە کوردستانیشەوە.[٤] بەپێی هەندێك گێرانەوە سەرەتاکەیان دەگەرێتەوە بۆ سەدەی یازدەی زاینی کاتێك رووباری جەیحونیان بریوە بەرەو فارس و عێراق هاتوون. ئەو تورکمانانەی کە لەناوچەکانی باشور و باشوری رۆژئاوای باشوری کوردستان نیشتەجێبوون، لەبەرئەوەی کە لە وەختێکی درەنگدا کەوتونەتە ژێر فەرمانرەوایی عوسمانیەکانەوە، هیچ ناوێکی تری جگە لە ناوی تورکمانیان وەرنەگرتوەو هەر بەو ناوەوە ماونەتەوە.[٥]

ئەوکاتەی ناوچەکە لە لایەن موسوڵمانەکانەوە حوکم کراوە، تورکمانەکان پاش فەتحکردنی ناوچەکانیان لە نزیك رووباری جەیحون، پاش موسوڵمانبونیان تێکەڵ بە

---

[١] دیوان لغات الترك، ج١، ط١، مطبعة دار الخلافة العلية، استبول، ١٣٣٣ه ، ص٣.

[٢] زبيدة عطا، بلاد الترك في العصور الوسطى، مطبعة دار الفكر العربي، الكويت، بدون سنة طبع، ص٩.

[٣] بارتۆڵد وەك تورکی غوز ناویاندەبات. بروانە: و. بارتولد، تاريخ الترك في اسيا الوسطى، ت. احمد السعيد سليمان، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الاسكندرية، ١٩٩٦، ص ١٢٤.

[٤] موکەرەم تاڵەبانی، کوردستان و تورکمان، و.عوسمان محمد هەورامی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٧.

٥ شاكر صابر الضابط، موجز تاريخ التركمان في العراق العراق ٦٧٣م-١٩٥٨م، ط١، بيت الوراق للنشر المحدودة، بغداد، ٢٠١١، ص٣٢.

سوپای موسڵمانەکان بوون. یەکەمین سەرکردە کە تورکمانی لە سوپادا لە ناوچەکە بەکارهێنابێت لە عوبەیدوڵای کوری زیاد بووە.[١] ساڵانە "٢٠٠٠" تورکمانی بۆ بەمەبەستی کاری سەربازی ناردووە.[٢] لە سەردەمی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفیدا[٣] ژمارەیەکیان لە نزیك پارێزگای واسیت نیشتەجێبوون.[٤]

لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا زیاتر لە ناوچەکانی ناوەراستی عێڕاق نیشتەجێبوون کە ناوچە سنورییەکانی باشوری کوردستان دەگرێتەوە.[٥] بەمەبەستی بەڕێوەبردنی وولات، دەوڵەتی عەباسی پشتی بە رەگەزی تورکمان بەستووە، لەو سەردەمەوە تورکمان لە عێڕاقدا بەگشتی کاریگەرییان دەردەکەوێت کە بەردەوام دەبێت هەتاوەکو کۆتایی سەردەمی عوسمانی و دروستبوونی دەوڵەتی عێڕاق و لکاندنی باشوری کوردستان پێیەوە. تورکمانەکان لەسەردەمی عەباسیەکاندا کاروباری سوپایان وەرگرت.[٦] هەروەك بەشێك لە نوسەرەکانی ئەو سەردەمە ئاماژەی بۆ دەکەن کە هۆزە تورکمانەکان زۆر بە ئەمەك و بەوەفا دەرکەوتون بۆ موسوڵمانەکان، تەنانەت نوسەرێکی وەك (جاحظ) پەرتوکی تایبەتی لەبارەوە داناون

---

[١] عوبەیدولاَی کوری زیاد، کە لە سەردەمی یەزیدی کوری موعاویە والی عێڕاق بووە و لە ساڵی ٦٧ی کۆچی کوژراوە، ٢٠٠٠ جەنگاوەری بۆ بەسرە هێنابوو. بڕوانە: ابي جعفر محمد بن جرير الطبري، تاريخ الرسل و الملوك، ت. محمد ابو الفضل ابراهيم، ج٥، ط٢، دار المعارف لمصر، مصر، ١٩٦٧، ص ٢٩٨.

[٢] عبداللطيف بندراوغلو، التركمان في عراق الثورة، : تاريخهم، لغتهم، ادابهم، تراثهم، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٣، ص٩-١٠.

[٣] ناوی موحەمەد حەجاج کوری یوسف بووە. لە ساڵی ٦٦٠ز لەدایکبووە و لە ساڵی ٧١٤ز مردووە. لەسەردەمی ئومەویەکاندا والی عێڕاق بووە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی ناوبراو بڕوانە: ابن خلكان، وفيات الاعيان و انباء ابناء الزمان، ج٢، دار الصادر، بيروت، ١٩٧٨، ص٢٩-٥٤.

[٤] حسام داود الاربلي، الترك و التاريخ التركي في العراق، ط١، مكتب التفسير للطبع و النشر، اربيل، ٢٠١٨، ص ٢٣٨-٢٤١.

[٥] محمود الشناوى، العراق التائه بين الطائفية و القومية، ط١، هلا للنشر و التوزيع، قاهرة، ٢٠١٢، ص ١٦٧-١٦٩.

[٦] سەبارەت بە رۆڵی سەربازییان لە دەوڵەتی عەباسی بڕوانە: حسام داود الاربلي، م.س، ص ٢٤٢-٢٥٠.

بەناوی "فضائل الاتراك" کە باس لە ئازایەتی و چاکەیان دەکات بۆ خزمەتی ئیسلام.[١]

پاش رووخانی عەباسییەکان، ئەو ناوچانە کەوتنە بەردەستی حوکمی ئیلخانی و جەلائیری و پاشان قەرەقۆینلۆ و ئاق قۆینلۆ. بڵاوبونەوەی تورکمان لەناوچەکانی عێراقی عەجەمی (کوردستان) بۆ سەردەمی سەلجوقیەکان لە پاش سەدەی پێنجی کۆچی دەگەڕێتەوە. لەو سەردەمەدا، ناوچەکانی کوردستان بوون بە ناوچەی هەژموونی تورکمانە سەلجوقیەکان، بەڵام هاتنیان تەنها وەك دەستەڵاتدار لەناوچەکە دەرکەوتوون.[٢]

سەرجەم ئەو قەڵەمڕەویانەی کەوا هۆزە تورکمانیەکان لەناوچەکە (باشوری کوردستان) دروستیانکردوون خەڵکی دەرەوەی ئەو ناوچانە بوون لە نمونەی سەلجوقی و ئیلخانیەکان کە لە ناوچەکانی نزیك چین هاتبوون.[٣] هەروەها جەلاییریەکان بەهەمان شێوە کە دواتر دەستەڵاتیان وەرگرتووە، پاشان قەرەقۆینلۆ و ئاق قۆینلۆ بە دوای یەکدا دەستەڵاتدار بوون. سەلجوقیەکان لە ناوچەکانی تورکستانەوە هاتوون. سەرەتای دەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یازدەی زاینی، کاتێك بەرەو ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی دەکشێن و بۆ ماوەی چەند سەدەیەك دەبنە دەسەڵاتداری ناوچەکانی عێراق.[٤] لەو چوارچێوەیەدا، کوردستانیش (ناوچەکانی وەك دیاربەکر، وڵاتی جبال، جزیرە) وەك بەشێك لە دەسەڵاتدارێتی سەلجوقیەکان دەژمێردرێن.[٥] هەرچەندە میرنشینی کوردی لەو ناوچانە هەبوون، وەك

---

[١] عبداللطيف بندر اوغلو، م.س، ص١٠-١١.

[٢] احمد محمود الخليل، تاريخ الكرد في العهود الاسلامية، ط١، دار اراس للطباعة و النشر، ٢٠١٣، ص١٨٢-١٨٣.

[٣] بارتولد، م.س، ص١٧١.

[٤] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە سەلجوقیەکان بروانە: عماد الدين محمد بن محمد بن حامد الصفهاني، كتاب تاريخ دولة السلجوق، شركة طبع الكتب العربية، مصر، ١٩٠٠؛ عبدالنعيم محمد حسنين، دولة السلاجقة، مكتبة الانجلو المصرية، مصر، ١٩٧٥.

[٥] حسين امين، تاريخ العراق في العصر السلجوقي، منشورات المكتبة الاهلية في بغداد، بغداد، ١٩٦٥، ص ٩٥.

هەزبانی، بەڵام لە رووی دەسەڵات و هەیمەنەی سیاسی سەر بە سەلجوقیەکان بوون.[1] پاش لاوازبوونی سەلجوقیەکان، ئەتابەگیەکان لە ناوچەکانی کوردستان هاتنە سەر حوکم کە درێژکراوەی دەستەڵاتدارێتی تورکمان بوون.

دواتر ئیلخانیەکان (١٢٥٦-١٣٣٥ز) لەو ناوچانە دەسەڵاتیان گرتەدەست. ئەمانیش هۆزی مەغۆلی تێکەڵاو بە هۆزە تورکمانیەکان بوون.[2] بە جەنگ و هێرش بردن توانییان ناوچەکانی کوردستان بکەن بە بەشێك لە دەستەڵاتدارێتی خۆیان. ئیلخانیەکانیش بەهەمان شێوە قولایی مێژوییان لەو ناوچانە نەبووە کە داگیریان کردوون. گەلی رەسەنی ناوچەکانی کوردستان نەبوون. پاش ئیلخانیەکان، جەلایریەکان (١٣٣٥-١٤٤١ز)[3] دەستەڵاتیان وەرگرت. ئەمانیش هۆزێکی تورکمانی بوون لەناو سوپای مەغۆل و لەگەڵ ئەوان کۆچیان بۆ ناوچەکە کردبوو.[4]

پاش هاتنی عوسمانیەکان ناوچەکانی باشوری کوردستان کەوتنە ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانیەکانەوە، کە بە بنەچە تورکمان بوون.[5] بەردەوامبوونی دەسەڵاتی عوسمانیەکان بۆماوەی چەند سەدەیەك لە کوردستان کاریگەریی درێژخایەنی هەبوو لەسەر تێکەڵیی نێوان هەردوو رەگەزی تورکمان و کورد لەو ناوچانەی کە ئێستا تورکمانی لێ نیشتەجێیە. بوونی ئەو ژمارە لە حوکمڕانێتی تورکمان هۆکارێك بوون بۆ مانەوە و نیشتەجێبوونی بنەماڵە تورکمانیەکان لە باشوری کوردستان. هیچ ئاماژەیەك نیە کەوا، پێش هاتنی سەلجوقیەکان، رەگەزی تورکمان لە باشوری کوردستان نیشتەجێبوبن. بە شێوەیەکی گشتی ناوچەکانی باشوری کوردستان بە

---

[1] امید ابراهیم جوزةلی، تاریخ الترك و الترکمان في اربل اربیل، ط١، مكتب التفسیر للطبع و النشر، اربیل، ٢٠١٩، ص ٥١-٥٤.

[2] سەبارەت بە ئیلخانیەکان بروانە:عبدالرحمن فرطوس حیدر، الایلخان هولاکو و دوره في نشأة و قیام الدولة الایلخانیة، اطروحة دکتوراه غیر منشورة مقدم الی کلیة اداب جامعة بغداد، ٢٠٠٣؛ عبدالسلام عبدالعزیز فهمي، تاریخ الدولة المغولیة في ایران، دار المعارف، قاهرة، ١٩٨١.

[3] دەربارەی جەلایریەکان بڕوانە: عباس العزاوي، تاریخ العراق بین احتلالین- حکومة الجلایریة، ج٢، ط١، مطبعة بغداد الحدیثة، بغداد، ١٩٣٦.

[4] شاکر صابر الضابط، م.س، ص ٩٧-١٠٢.

[5] موکەڕەم تاڵەبانی، س.پ، ل٩.

**تایبەتی شارەکانی وەك هەولێر و کەرکوك، لە سەردەمی ئەو فەرمانڕەوایەتیانەی باسکران، سەردار یان حاکمی تورکمانی دەسەڵاتدار بوون.**[١]

**بەڵام لە سەردەمی عوسمانیەکان هەندێك تایبەتمەندی شێوازی نیشتەجێبوونی تورکمانی بەدی دەکرێت، بۆ نمونە ژمارەیەك لە گوندەکانی تورکمانی پاش هاتنی عوسمانیەکان دروستبوون و پێشتر ناوچەی ئاوەدانی نەبوون، یان هۆزە کوردەکانی لێنیشتەجێبووە. گوندی یەحیاوە (شوێنی ئەم گوندە دەکەوێتە باشوری کەرکوك لەسەر رێگەی نوێوان کەرکوك و ناحیەی لەیلان) یەکێکە لەو گوندانەی لەدەرەنجامی دەسەڵاتدارێتی عوسمانی دروستبوون. سەرەتای دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتیەك بەناوی یەحیا بەگ، کە ئەفسەرێکی ناو سوپای عوسمانی سەردەمی سوڵتان مورادی چوارەم بوو. فەرماندەی ناوبراو چەند خانویەکی لەو ناوچەیەی ئێستا یەحیاوەیە دروستکردووە. ناوی گوندەکەش لە ناوی ئەفسەرەکەوە هاتووە.**[٢]

**بەپێی سەردەمی ئەو دەسەڵاتدارێتیانەی سەرەوە بێت کە باسکران، رەچەڵەکی تورکمانەکانی باشوری کوردستان بە گشتی بۆ سەردەمەکانی هاتنی هۆزە تورکەکان دەگەڕێتەوە کە لە سەردەمی عەباسیەکانەوە بەتایبەتی سەلجوقیەکان و ئیلخانی و جەلائیری و ئاق قۆینلۆ و قەرەقۆینلۆ لە بەشێکی خاکی کوردستان و تەنانەت عێراق و ئێرانیش فەرمانرەوا بوون. هەروەك راپۆرتی کۆمەڵەی گەلانیش تایبەت بە کێشەی موسڵ جەختی لێدەکاتەوە کە دەڵێت "ئەوانە نەوەی ئەو تورکمانانەن کە ماوەیەکی درێژ بەر لە دامەزراندنی ئیمپراتۆریای عوسمانی هاتوون."[٣] راپۆرتەکەی کۆمەڵەی گەلان وەك ئەنجام جەخت لە کوردبوونی سەرجەم وویلایەتی موسڵ دەکاتەوە و دەڵێت زۆرینەی کوردن و تورك و عەرەبیی لێ نیشتەجێیە.**[٤]

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: امید ابراهیم جوزةلی، م.س، ص٤١-٥٤.

[٢] حسین حسن بك اوغلو، قریة یحیاوة و صفحات من الماضي و الحاضر، ط١، شركة فضولي للطباعة و النشر، كركوك، ٢٠١١، ص ١٥-١٧.

[٣] راپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان، ویلایەتی موصل (پرسی سنووری نێوان تورکیا و عێراق)، و. محمد ئەمین حسین علی، چ١، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٥٧.

[٤] هـ.س، ل ٢٧٩.

راپۆرتی کۆمەڵەی گەلان ئاماژە بۆ خاڵێکی جێگای سەرنج دەکات، کەوا لە دەرەنجامی چەندین سەدە لە حوکمی تورك لە ناوچەکانی وویلایەتی موسڵ کارێکی کردووە کە خەڵکی بەشێك لە ناوەندی شارەکانی وەك هەولێر و کەرکوك بە تورکی عوسمانی بدوێن. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە مەرج نیە سەرجەم ئەو هاولاّتیانەی بە تورکی دەدوێن، تورکبن. بەڵکو دەڵێت تەنانەت کریستیانەکانیش بە تورکی قسەیان کردووە لەماڵەوە. حکومەتی تورکیا لە راپۆرتی ئامادەکراوی بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان پشتی بەو بابەتە بەستوە و خەڵکەکەی سەرجەم بە تورك لە قەڵەمداوە، تەنانەت تورکیا کوردیشی لەرووی رەگەزیەوە بۆ تورك گەراندۆتەوە.[١]

پاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتەکەوە، زۆرینەی تورکمانەکان لە عێراق مانەوە و کۆچیان بۆ تورکیا نەکرد. ناوچەکانیان لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا بەو جۆرەیە: ناوچەی نیشتەجێبوونی تورکمان لە باکوری خۆرئاواوە دەستپێدەکات بە شاری تەلەعفەر (شەست کیلۆ مەتر دووری شاری موسڵ) پاشان سنورەکەی درێژدەبێتەوە هەتاوەکو دەگاتە ناوچەی پردێ (ئاڵتون کۆپری) و پاشان بەرەو باشور بۆ ناوچەکانی کەرکوك و دواتر درێژدەبێتەوە بۆ خورماتوو و کفری و بەرەو باشوری رۆژهەلاّت دەڕوات هەتاوەکو شاری خانەقین.[٢]

---

[١] لەوبارەوە بروانە: راپۆرتی کۆمەڵەی نەتەوەکان، س.پ، ١٥٧.

[٢] خلیل اسماعیل، دابەشبوونی جوگرافیی تورکمان لە عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ ٤، ساڵ٢، سلێمانی، ١٩٩٤، ل ٢٤.

**دووەم/ تورکمان لە دەوڵەتی عێراق تا هاتنی حیزبی بەعس بۆ سەر دەسەڵات لە ١٩٦٨:**

پاش دروستکردنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی باشوری کوردستان بە عێراقەوە، تورکمان وەك نەتەوەیەك لە ناوچەکە کەوتنە نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردەوە. ڕەوشی سیاسی تورکمان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەسترایەوە بە عێراقی تازە دروستبوو. بە حوکمی دابەشبوونی جوگرافیای دانیشتوانی تورکمان لە ناوچەکەدا، سەرهەڵدانی کاری سیاسی و بزوتنەوەی سیاسی بە بەراورد لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دواکەوت.[1]

کورد هەر لە سەرەتای دامەزراندنی عێراقەوە بە شۆرشی نارەزایی دەستیپێکرد، بەلأم تورکمان روبەرووی ئەو ڕەوشە نوێیە نەبونەوە و دانیاننا بەو دیفاکتۆیەدا. لەوەش زیاتر، بارودۆخ و پێگەی جوگرافی هەڵکەوتەی ئەو ناوچانەی تورکمانی لێنیشتەجێیە تارادەیەك لە بارنەبووە بۆ ئەوەی شۆرشی چەکداری تیابکرێت[2]، هەروەها ناوچەی سنوری نەبوون لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی عێراق. بەلأم ئەم بارودۆخە بۆ کورد پێچەوانە بوو.

دەوڵەتی عێراقی بەشێوەیەکی توند ڕووبەرووی نارەزایەتیەکان دەبووەبوە و بەتەواوی دژی هەموو بۆچوونێکی جیاواز دەوەستایەوە. دەوڵەتی عێراق ئەگەر بە پەلاماری سەربازیش جیاوازیەکانی یەکلا نەکردبێتەوە ئەوە دەستی بردووە بۆ چەندان رێگای تری لەباربردن و کپکردنەوە و تەنانەت نەهێشتنی جیاوازیەکانیش.[3]

دوای سەردەمی پاشایەتی دەوڵەتی عێراق زیاتر جڵەوگیر بوو لە دامرکاندنەوەی نارەزایەتیەکان. پاش پەنجاکانی سەدەی بیست، عێراق لەبری ئەوەی دەوڵەتی کۆکەرەوەی جیاوازیەکان بێت، زیاتر وەك دەوڵەتێکی عەرەبی ناسیۆنالیستی توندڕەو دەرکەوت. ئەم دەوڵەتە هێندەی هەوڵی بە یەك نەتەوە کردنی هاولأتیانی

---

[1] عزیز قادر الصمانجی، التاریخ السیاسي لترکمان العراق، ط١، لبنان، دار الساقي للطباعة و النشر، ١٩٩٩، ص ٩٥-٩٦.

[2] سەبارەت بە ناوچە تورکمانیەکان بڕوانە: صبحي ساعتجی، القبائل و العشائر الترکمانیة في العراق و مناطق سکناهم، ت. ارشد الهرمزي، ط١، وقف کرکوك، کرکوك، ٢٠١٠، ص ٧١-١٨٣.

[3] خلیل اسماعیل محمد، کێشەی کورد لە عێراق، کێشەی سنورە یان بوون؟، و. عبداللە رشید حسین، چ١، هەولێر، ٢٠١٠، ل٧-٨.

دەدا، هەوڵی دروستکردنی هەستی نیشتمانپەروەری بۆ عێراق لای عێراقیە جیاوازەکان بەگەڕنەدەخست.[1]

پاش بیستەکانی سەدەی بیست کە دەوڵەتی نوێ دروستبوو[2]، ناوی تورکمان لە هیچ نوسراوێکی یاسایی فەرمی دەوڵەتی پاشایی و تەنانەت کۆماریشدا نەهات. لە نوسراوە فەرمیەکاندا لەسەردەمی پاشایەتی، عێراق بۆ سەرجەم عێراقیەکان بوو، واتە ناوی عێراق بەدیاردەخرا لەبری هەوڵدان بۆ دەرخستن و لەپێشدانانی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەیکی تردا،[3] تەنانەت ناوی کوردیش نەهاتوە.[4] تارادەیەك تێگەیشتن و دنیابینی سیستمی پاشایەتی کراوەتر و عێراقیانە تر بوو، لەچاو سیستمی کۆماری بە سەردەمە جیاوازیەکانیەوە. کەواتە لە عێراقی پاشایەتیدا هەرچەندە ناوی تورکمان نەهاتبوو، بەڵام نەتەوەکانی تریش لەرووی رەگەزیەوە باڵاتر پیشان نەدەدران.

سەرەڕای ئەوەی کە باس لە مافی کەمینەیەکی دیاریکراو نەکراوە لە یاسای بنەرەتی عێراقدا بەڵام ئاماژە بە چەند بنەمایەك کرابوو کە لە حکومەتەکانی دواتردا هەتاوەکو ساڵی ١٩٧٠ ئەو ئاماژانەش هەڵوەشێنرابوونەوە. لە بەشی یەکەم دەربارەی مافەکانی گەل، و لە مادەی شازدەدا هاتووە "سەرجەم تایەفە جیاوازەکان مافی دامەزراندنی قوتابخانەیان هەیە بۆ فێرکردنی تاکەکانیان بە زمانی تایبەتی خۆیان و پاراستنی، بە مەرجێك لەگەڵ پرۆگرامی گشتی کە بە یاسا دیاری دەکرێت بگونجێت."[5] لەگەڵ ئەوەشدا، لە مادەی حەڤدەدا هاتووە کە زمانی عەرەبی زمانی فەرمیە، جگە لەوەی کە بە یاسای تایبەت دیاریدەکرێت.[6] لەسەر ئەوە بنەمایە وەهەروەها بۆئەوەی لە کۆمەڵەی گەلان وەربگیرێت، عێراق لە ساڵی ١٩٣١ یاسای

---

[1] B. O'Leary, *"The Federalization of Iraq and the Break-up of Sudan*", Government and Opposition , Vol. 47, No. 4 (2012), P.494.

[2] لەوبارەوە بڕوانە: ستیفن همسلي لونكرك، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى ١٩٥٠، ت.سليم طه التكريتي، ج١، ط٨، الرافدين للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، ٢٠١٩، ص ٢٣٥-٢٥٠.

[3] بڕوانە: القانون الاساسي العراقي لعام ١٩٢٥، (١٩٢٥/٣/٢١).

[4] بڕوانە: ڕێبین محمد سۆفی، مافەکانی گەلی کورد لە دەستورەکانی عێراقدا (١٩٢٥-١٩٦٤)، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ٣، س ١٥، ٢٠٠٧، ل ١٥-١٩.

[5] عبدالرزاق الحسنى، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج١، ط٧، دار الرافدين للطباعة و النشر، لبنان، ٢٠٠٨، ص٢٦٩.

[6] بۆ دەقی یاساکە بڕوانە: http://iraqld.hjc.iq/LoadLawBook.aspx?SC=200920055250592.(9/6/2020)

ژماره ٧٤ی دەرکرد و تیایدا زمانی کوردی وەك زمانی فەرمی لەو ناوچانە ناساند کە زۆرینەی کوردن،[١] و هەمان ماف بۆ کەمە نەتەوەکانی تریش دەرچوو وەك تورکمان. زمانی تورکمانی وەك زمانێکی ناوچەیی دانی پیادانرا لەو ناوچانەی کە تورکمانی لێ نیشتەجێیە وەك کەرکوك.[٢]

حکومەتەکانی سەردەمی پاشایەتی لەسەر بنەمای نەتەوەیی پێکنەدەهاتن، بەڵام زۆرینەی زۆری وەزیر و بەرپرسە باڵاکان لە نەتەوەی عەرەب بوون زۆر بە دەگمەن نەبێت وەزیرێکی نەتەوەکانی تر وەك تورکمان نابینرێن. تورکمان تەنها یەك وەزیریان هەبوو ئەویش بریتیبوو لە عیزەت پاشای کەرکوکی (١٨٦٩-١٩٣٢)،[٣] کە پێشتر ئەفسەری سوپای عوسمانی بوو پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەسەر پشکی کەرکوك بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی ئەشراف و پاشان لە یەکەمین کابینەی حکومەتی عەبدولڕەحمان نەقیب لە ساڵی ١٩٢٠ بە وەزیری ئەشغال دانرا.[٤]

ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت لە دەستورەکانی عێڕاقدا هەر لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٢٠ ەوە[٥] هەتاوەکو روخانی رژێمی سەدام حوسەین لە ساڵی ٢٠٠٣ بەهیچ شێوەیەك ناوی نەتەوەی تورکمان نەهاتوە و هیچ مافێکیان ئاماژەی بۆ نەکراوە. تەنها ناوی دوو نەتەوەی سەرەکی لە عێڕاقدا هاتووە ئەویش کورد و عەرەبن، نەتەوەی سێیەم کە تورکمانە ئاماژەی بۆ نەکراوە.[٦] بەتایبەتی پاش کۆدێتای ١٧ و٣٠ی تەمموزی حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨[٧] کە بەفەرمی رایگەیاند عێراق

---

[١] شورش حسن عمر، خصائص النظام الفيدرالي، ط٢، المركز العربي للنشر و التوزيع، مصر، ٢٠١٨، ص ٨٥.

[٢] عبدالرزاق الحسنی، م.س، ص٢٧٠.

[3] http://www.altaakhipress.com/printart.php?art=22431, 10/2/2019.

[٤] ستيفن همسلي لونكرك، العراق الحديث، م.س، ص٢٣٥.

[٥] لێرەدا مەبەست لە دامەزراندنی یەکەمین حکومەتە لە عێراقدا. بڕوانە: جعفر عباس حميدي، ابراهيم خليل احمد، تاريخ العراق المعاصر، الموصل، بدون سنة و مكان الطبع، ص ٢٧.

[٦] رضا جولاق اوغلو، مصير تركمان العراق الى اين، قارداشلق، ع٤٩، ٢٠١١، ص٦٣.

[٧] دەربارەی کودەتای بەعس بروانە: حنا بطاطو، العراق الشيوعيون و البعثيون و الضباط الاحرار، ت. عفيف الرزاز، ط٢، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٩٩، ص ٣٨٩-٣٩١؛ محمد سهيل طقوش، تاريخ العراق الحديث و المعاصر، ط١، دار النفائس، بيروت، ٢٠١٥، ص ٣٠٢-٣١٠.

بەشێکی دانەبڕاو و جیانەکراوەیە لە نیشتمانی عەرەبی.[1] لە یاسای بنەرەتی عێراقی ساڵی ١٩٢٥ و دەستورەکاتیەکانی ١٩٧٠ و ١٩٧٣ و هەروەها ١٩٧٧ باس لە تورکمان نەکراوە.[2] یەکەمین دەرکەوتنی تورکمان بریتیە لە یانەی برایەتی تورکمان کەلە ساڵی ١٩٦٠ دروستبوو. یانە وەك دامەزراوەیەکی کلتوری دروستبوو، بەڵام رژێم گرفتی سیاسی بۆ دروستدەکردن.[3]

[1] رضا جولاق اوغلو، م.س، ص٦٣.

[2] عمار علی السمر، شمال العراق ١٩٥٨-١٩٧٥، ط١، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، ٢٠١٢ ص٤٣٦.

[3] J. E. Strakes, "*Current Political Complexities of the Iraqi Turkmen*", Iran and the Caucasus 13 (2009) P. 372.

## باسی یەکەم/ کاری سیاسیانەی تورکمان لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨ - ١٩٨٠

### تەوەری یەکەم/ دروستبوونی یانەی برایەتی تورکمان و قۆناغێکی تایبەت لە رەوشی سیاسی تورکمان:

ئەو حکومەتە نوێیەی لە بەغداد هاتە سەر کورسی دەسەڵات لە ساڵی ١٩٥٨ و سیستمی پاشایەتی کۆتایی پێهێنا،[١] گەلانی عێراق ئومێدی زۆریان لەسەر هەڵچنی بوو.[٢] تورکمان بەو هیوایەی بتوانن لەگەڵ گۆرانکاریەکانی ناو عێراقدا بگونجێن و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ناسنامەیەکیان بۆ دروستببێت هەوڵی دروستکردنی یانەیەکی کۆمەڵایەتیان بەگەرخست. پاش رووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ی کەرکوك و ئەو بارودۆخە سیاسیەی کەرکوکی گرتەوە، ژمارەیەك لە کەسایەتیەکانی تورکمان بەرەو شاری بەغداد رۆیشتن و قۆناغێکی نوێ لە کاری پێکەوەیی لەژێر ناوی یانەی کۆمەڵایەتیدا دەستیپێکرد. ئۆجاغ ئەو ناوەبوو کەوا تورکمانەکان دەڵێن ووشەکە زیاتر هەڵدەگرێت لەوەی تەنها بە مانای یانە بێت و خۆیان دەڵێن مەبەست لە ئۆجاغ بریتیە لە "وەجاغ" رەگەز یان نەوە[٣]. کە ئەمەش زیاتر مانایەکی نەتەوەیی هەیە و گوازرشتە بۆ نەتەوەی تورکمان.

یانەی برایەتی تورکمان (تورکمان قارداشلق ئۆجاغی) یەکێکە لە گرنگترین رووداوەکان، کە رۆڵی لە دەرکەوتنی بزاوتی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتی تورکمان لە عێراق و باشوری کوردستانیش هەبوو. هەرچەندە لە سەردەمی حیزبی بەعسدا، هەوڵی تەواوەتی بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەم یانەیە بەگەڕ خرا، بەڵام بە یەکێك لە گرنگترین کۆڵەکەکانی ناسنامەی سیاسی کۆمەڵایەتی تورکمان دادەنرێت. یانەی برایەتی تورکمان لە ١٩٦٠/٥/٧دا رەزامەندی درا لەسەر کردنەوەی و بو بە یانەیەکی

---

[١] اوريل دان، العراق في عهد قاسم، ت. جرجيس فتح الله، ط١، دار أراس للطباعة و النشر، اربيل، ٢٠١٢، ص٤٦-٥٠ ؛ محمد سهيل طقوش، م.س، ص ٢٦٣-٢٦٥.

[٢] سمر فضل الله عبدالحميد، اكراد العراق تحت حكم عبدالكريم قاسم، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى قسم التاريخ/ جامعة زقازيق، ص١٣٤-١٣٦.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەسعەد شاکر ئەمین ناسراو بە ئەسعەد ئەربیل، لەدایکبووی شاری هەولێر ساڵی ١٩٥١ و ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی برایەتی تورکمان. هەولێر، (٢٠١٩/١/٢٦).

ڕێپێدراو بە پێی یاسا بەرکارەکانی حکومەتی عێراقی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم[١] (١٩٥٨-١٩٦٣). دامەزرێنەرانی یانە پێکهاتبوون لە سیازدە کەسایەتی[٢] لەوانەش: دکتۆر مەردان عەلی[٣]، عەبدولقادر سلێمان[٤]، شاکر سابر زابت، نەجمەدین عیزەدین، جەمال عیزەدین، جەلال نەقیب، دکتور یاسین عەبدول کەریم، دکتۆر ئەرجومەن ئاوچی، سلێمان ڕەفعەت، بەهادین محمد، جەودەت عەبدول کەریم، جەمیل ئەمین، محمد نوری عەبدول ڕەزاق.[٥] پاش ژمارەیەك کۆبوونەوە بڕیاریاندا یانەیەك دروستبکەن بەناوی یانەی برایەتی تورکمان (تورکمان قارداشلق اوجاغی).[٦]

یانەی برایەتی تورکمان لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە هەتاوەکو کۆتایی دەستەڵاتی حیزبی بەعس پێنج سەرۆکی گۆڕیوە. یەکەمین سەرۆك دکتۆر مەردان عەلی (١٩٦٠-١٩٦٣) و (١٩٧٤-١٩٧٥)، دووەم سەرۆك بریتیبوو لە عەبدولقادر سلێمان (١٩٦٣-١٩٦٤). پاشان عەبدوڵا عەبدول ڕەحمان[٧] لەساڵەکانی (١٩٦٤-١٩٧٤) و ساڵانی

---

[١] لە ساڵی ١٩٥٨ بە کودەتایەك کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق هێنا و بوو بە سەرۆك وەزیرانی عێراق هەتاوەکو ساڵی ١٩٦٣. بڕوانە: ليث عبدالحسن الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، ط٢، مكتبة اليقظة العربية، بغداد، ١٩٨١، ص ٣٢٣-٣٣٨.

[2] http://kardeslikocagi.org/pages?id=3 (9/2/2019).

[٣] مەردان عەلی ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کەرکوك لە دایکبووە. کۆلیژی پزیشکی زانکۆی بەغدای لە ساڵی ١٩٤٧ تەواو کردووە. لە وەزارەتی تەندروستی وەك پزیشك کاریکردوە. لە ساڵی ٢٠١١ لە کەرکوك کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: صبحی شیخ حسن، نادي الاخاء التركماني تاريخ و أصالة، مجلة الاخاء، ع ٣٣٣-٣٣٤-٣٣٥، بغداد، ٢٠١٧، ص ٥-٦.

[٤] عەبدولقادر سلێمان لە شاری خانەقین لە ساڵی ١٩٠٨ لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٣٠ وەك مامۆستای سەرەتایی دامەزراوە. یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی یانەی برایەتی تورکمان، لە ساڵی ١٩٧٨ لە لایەن حیزبی بەعسەوە لە ژێر مانەوەی ناچاریدا لە ماڵەکەیدا هێڵرایەوە هەتاوەکو کۆچی دوایی کرد. بڕوانە: صباح عبدالله كركوكلي، اعلام الصحافة التركمانية في العراق، ط١، شركة فضولي لطباعة و النشر، بغداد، ٢٠١٣، ص٨٤-٨٦.

[٥] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی ناوبراوان بڕوانە: صبحي شيخ حسن، م.س، ص ٧-١٥.

[٦] حبيب الهرمزی، م.س، ص ١٦٠.

[٧] عەبدوڵا عەبدولڕەحمان لە شاری کەرکوك لە ساڵی ١٩١٨ لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٨٠ پاش دەستگیرکردنی لە لایەن ڕژێمی بەغدادەوە لە سێدارە دراوە. لە قوتابخانەی سەربازی خوێندوویەتی و لە ساڵی ١٩٣٨ دەرچوە و خزمەتی سەربازی کردوە هەتاوەکو گەشتوە بە پلەی عەمید، لە ساڵی ١٩٦٢ خانەنشین بووە. بڕوانە: صباح عبدالله كركوكلی، موسوعة اعلام تركمان، ج١، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠١٧، ص ٢٧٥-٢٧٧.

(١٩٧٥-١٩٧٧)[١] وەك سەرۆك هەڵبژێردرا. دواتر دكتۆر سوبحی كەمال حەسون (١٩٧٧-١٩٩٠)، پێنجەم و دوایین سەرۆك لەو سەردەمەدا بریتیە لە باسل عەتا خەیروڵا (١٩٩٠-٢٠٠٣).[٢]

راستەوخۆ پاش وەرگرتنی رەزامەندی، یانە كە دەستیكرد بە وەرگرتنی داواكاری بۆ بە ئەندام بوون. لە قۆناغی یەكەمدا ١٢٣ كەس لە یانەكە وەك ئەندام وەرگیران. پاش ئەوە، دەستەی كارگێری كاتی، دەستەی دامەزرێنەر، بریاریاندا دەستەی كارگێری هەمیشەیی بۆ یانەكە هەڵبژێرن. نوێنەریان نارد بۆ شارەكانی موسڵ و كەركوك و دیالە و تەنانەت لەناو شاری بەغدادیش، بە مەبەستی ئاگاداركردنەوەی ئەوانەی خوازیارن ببن بە ئەندام لە یانەكە، لە دەرئەنجامدا ٦٤ كەسی تر بە ئەندام وەرگیران و بەم جۆرە كۆی گشتی ئەندامان ١٨٧ كەس بوون.[٣]

یانەكە لە ١٩٦٠/٨/٥ یەكەمین كۆنفرانسی خۆی بەست و سەرۆك و دەستەی كارگێری دیاریكرد.[٤] دەستەی كارگێری بە ئامادبوونی نوێنەری دادگای بەرایی (عەبدولقادر دوری نوێنەری دادگا بوو) هەڵبژێردران كە پێكهاتبوون لە دكتۆر مەردان عەلی وەك سەرۆك (بۆ خولی ١٩٦٠-١٩٦١)[٥] كە زۆرترین دەنگی بە دەست هێنا (١٠٥ دەنگ)، عەبدولقادر سلێمان جێگری سەرۆك، جەلال عەزیز نەقیب سكرتێر، نەجمەدین عیزەدین ئەمین سندوق. لەگەڵ ئەوەشدا، چوار كەسی تر وەك ئەندامی دەستەی كارگێری دەرچوون، و سێ كەسی تریش بوون بە یەدەگ.[٦] دووەمین دەستەی كارگێری یانە لە بەرواری ١٩٦١/٤/١٤ دەستبەكار بوون، هەرچەندە بۆچوونێك هەیە كە یەكەمین كۆبوونەوەی یانە لەو رێكەوتە بەستراوە[٧].

یانەكە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٠ەوە دەستی بە كۆبوونەوەی ئەنجامدانی چالاكی كردبوو. یانە ژمارەیەك لیژنەی كلتوری وەك لیژنەی رۆشنبیری (كتێبخانە و گۆڤار) و لیژنەی كۆمەلأیەتی لەگەڵ لیژنەی وەرزشی پێكهێنا. لیژنەكان راستەوخۆی دەستیان

---

[١] صباح عبدالله كركوكلی، موسوعة ، م.س، ص٢٧٥-٢٧٦.

[2] http://kardeslikocagi.org/pages?id=4 (9/2/2019).

[٣] صبحي شيخ حسن، م.س، ص١٣-١٤.

[٤] سەبارەت بە ناوی سەرجەم ئەندامان براونە: ن.م، ص١٤.

[٥] صباح عبدالله كركوكلی، موسوعة...، م.س، ص ٣٠٤.

[٦] صبحی شیخ حسن، م.س، ص١٤.

[٧] بروانە: امید ابراهیم جوزةلي، م.س، ص٢٦٢.

بەکارەکانیان کرد. لیژنەی رۆشنبیری کتێبخانەیەکی لەناو بینای یانەکە کردەوە.[1] پاش ماوەی نزیکەی ساڵێك گۆڤارێکیان بەناوی "قارداشلق- برایەتی" بە زمانەکانی تورکمانی و عەرەبی دەرکرد.[2]

ئەوەی یانەی برایەتی تورکمان جیادەکاتەوە و تایبەتمەندی پێدەدات کە جۆرێك بێت لە کۆبوونەوەی سیاسی لەژێر چەتر و ناونیشانی یانەیەکی کۆمەڵایەتی، بریتبوو لە پسپۆریە جیاوازەکانی سەرۆك و ئەندامانی یانە، کە خاوەنی یەك پسپۆری و تایبەتمەندی نەبوون.[3] ئەوانەی لەو یانەیە بوون هێزێکی مەعنەوی کۆی دەکردنەوە، بریتبوو لە تورکمانی بوون. هەرچەندە زۆرینەیان لە خانەوادەیەکی کەرکوکیەوە هاتبوون، بەڵام دیسان ئەوەش پەیوەندی بە رایەڵەی هاوزمانی بوون و تەنانەت هاو نەتەوەیی بوونەوە هەبوو. دکتۆر مردان علی پزیشك بووە و خەڵکی خانەقین بوو، عەبدولقادر سلێمان مامۆستایەکی کەرکوکی بوو، هەروەها نەجمەدین عیزەدین ژمێریار بووە و کەرکوکی بوو. لەوەش زیاتر دکتۆر ئەرجومەند ئاوجی کۆلێژی کشتوکاڵی لە زانکۆی ئەستەنبول تەواو کردووە و بڕوانامەی دکتۆرای لە هەمان زانکۆ بە دەست هێنابوو.[4] دکتۆر یاسین عەبدولکەریم خەڵکی تەلەعفەر بووە و دکتۆرای لە مێژووی سیاسی لە ئەمریکا وەرگرتووە.[5] جیاوازی بڕوانامە و شوێنی نیشتەجێبوون و لەدایك بوونی پێکهاتەی دەستەی بەرێوەبەری یانە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە کۆبوونەوەی ئەم هاوڵاتیانە لە یانەکەدا هەوڵێك بووە بۆ کۆبوونەوەیەکی نەتەوەیی، نەك تەنها کۆبوونەوەیەکی کلتوری کۆمەڵایەتی.[6]

یەکێك لە کارەکانی یانە کە بریتیبوو لە کردنەوەی لقی نوێ لەو شارانەی تر کە تورکمانی لێنیشتەجێیە، لەبەرئەوە لە ساڵی ١٩٧١ لقی لە موسڵ کردەوە و دوای نزیکەی چوار ساڵ لقێکی نوێی لە هەولێر کردەوە. دەستەی بەرپرس و ئەندامان لە موسڵ پێکهاتبوون لە هەریەکە لە عەبدوڵا مەحمود وەك سەرۆك، دکتور یاوز شەفیق

---

[1] حبیب الهرمزی، نادي الاخاء الترکماني، الاخاء، ع١، بغداد، ١٩٦١، ص١٠-١١.

[2] بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١)، الاخاء، ع١، بغداد، (مايس ١٩٦١).

[3] حبیب الهرمزی، مذکرات الصحفي الترکماني، ط١، مؤسسة وقف کرکوك للثقافة و الابحاث، استنبول، ٢٠١٦، ص١٧٢.

[4] صبحي شیخ حسن، م.س، ص٥-٩.

[5] صباح عبدالله کرکوکلی، موسوعة...، م.س، ص٢٦٤.

[6] امید جوزةلی، م.س، ٢٦٢.

جێگری سەرۆك، عەبدولستار سدیق ژمێریار، حسین ئەحمد حەسەن سکرتێر، عەونی عەلی بەڕێوەبەری کارگێڕی، بورهان وەلی کۆپرلو ئەندام، پارێزەر نورەدین خەلیل ئەندام، عەبدولغەفور یوسف ئەندام، لەگەڵ دکتور ئەحمد حاجی موستەفا ئەندام.[١]

یانەی برایەتی لە ١٩٧٤/١٢/٣١ لە هەولێر کرایەوە. ویداد ئەرسەلان دەڵێت "ئۆجاغی هەولێر وەك لقێك لە یانەی برایەتی تورکمان- بەغداد دروستکرا."[٢] لەوەش زیاتر، پێکهاتەی مرۆیی لقی هەولێر لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٢/١٤ بریتی بوون لە سەنعان ئەحمد ئاغا[٣] سەرۆك، سەلاحەدین مەردان جێگر، وداد خورشید ئەرسلان وەك سکرتێر، عەبدولەتیف تۆفیق بەڕێوەبەری کارگێری، کەمال موستەفا ئەمین سندوق، هەروەها حەمزە عوسمان ئەرسەلان[٤]، حەیدەر سەید غەریب، حەسەن قەرەنی، لەگەڵ فواد حاجی فایق سەرجەمیان وەك ئەندام هەڵبژێردران.[٥] سەرەرای ئەوانە، چەند کەسایەتیەکی تری تورکمانی هەولێر بەشدار بوون لە کردنەوەی لقی هەولێر و بەڕێوەبردنی کارەکانی وەك ئەسعەد ئەربیل، یاسین قەساب، تۆفیق کورەچی.[٦]

یانەی برایەتی تورکمان/هەولێر، هەوڵیدەدا بە نهێنی کاروباری سیاسی ئەنجامبدات. هەرچەندە لەوکاتە بیرۆکەی ڕێکخراوی سیاسی گەڵاڵە نەبوو، بەڵام بەشێك لە تورکمان پەیوەندیان کرد بە شۆرشی کوردیەوە. بۆ نمونە نیازی قایاجی

---

1 http://kardeslikocagi.org/pages?id=10 (9/2/2019).

٢ لقاء مع رئیس تورکمن قارداشلق اوجاغی وداد ارسلان، تورکمن ایلي، ع ٢٢٠، (٢٠٠٠/١/٢)، ص٥.

٣ سەنعان ئەحمەد ئاغا لە ساڵی ١٩٤٢ لە هەولێر لە دایکبووە. کۆلیژی مافی لە ساڵی ١٩٦٨ لە بەغداد تەواو کردووە. لە کاتی دامەزراندنی لقی هەولێری یانەی برایەتی تورکمان لە ساڵی ١٩٧٤ وەك سەرۆك هەڵبژێردرا. ناوبراو هەتاوەکو ساڵی ١٩٩٦ لەو پۆستەدا مایەوە. بۆ ماوەی سێ ساڵ (٢٠٠٠-٢٠٠٣) سەرۆکی بەرەی تورکمانی بوو. بڕوانە:

Ata Terzibaşı, Erbil Şairleri, kerkuk Vakfi, Istanbul, 2007, ss. 207-208.

٤ حەمزە عوسمان لە شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٣٠ لە دایکبووە. لە دامەزرێنەرانی یانەی برایەتی تورکمان/ هەولێر بووە و لە ساڵی ١٩٩٠ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: صباح عبدالله کرکوکلي، موسوعة...، م.س، ص ٣٧٣.

5 http://kardeslikocagi.org/pages?id=10 (9/12/2019).

٦ اسعد اربیل، نادی الاخاء الترکماني و ٢٥ عاما من النضال، تورکمن ایلي، ع ٢٢٠، (٢٠٠٠/١/٢)، ص٢.

له یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو بە پێشمەرگە و لە تۆپخانە کاریدەکرد. عیزەدین قۆجاوە[١] لە کەرکوك هەوڵی دا کاری سیاسی بکات. عەبدوڵا تۆفیق کە بە بەتەڵ هەندرێن ناسراوە لە ریزەکانی حیزبی شیوعی بووە پێشمەرگە.[٢] زۆرینەی ئەوانەی ناو ئۆجاغی هەولێر هەرچەندە پارتی سیاسیان دروستنەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییان بە بەعسەوە نەکرد.[٣]

سەرەڕای ئەوەی یانەی برایەتی تورکمان لە شارەکانی وەك هەولێر و موسڵ لقی کردەوە، بەڵام لقی لە کەرکوك نەکرایەوە هەرچەندە کەرکوك وەك ناوچەیەکی گرنگ بەلای تورکمانەکان سەیردەکرێت. هۆکارەکانی نەکردنەوەی لقی کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حکومەتی عێراق لەوە دەترسا کە یانەکە ببێتە ناوەندێك بۆ کۆبوونەوەی سیاسی و دژایەتی دەستەڵاتی لێوەبکرێت.[٤] لەوەش زیاتر، وەك جۆرێك لە زەقکردنەوەی تورکمان و ناساندنی زیاتریان لەناو هەولێر دەبینرا بە مەبەستی رۆڵپێدانی زیاتریان لەبەرامبەر کورد،[٥] لەبەرئەوەی بزوتنەوەی کوردی لە شاری هەولێر بەهێز بوو. "بۆ نمونە تەنانەت سیاسەتی بە عەرەب کردن کەمتر بوو".[٦] وەك دەردەکەوێت حکومەت نەیدەویست لە هەولێر دژایەتی هەردوو نەتەوە بکات.

یانەی برایەتی تورکمان کە تاکە دەرچەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی تورکمان بوو لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری حیزبی بەعس، ژمارەیەك گرفتی سیاسی بۆ دروستکرا. پاش هاتنە سەر دەسەڵاتی ئەحمەد حەسەن بەکر[٧] هەرچەندە سەرۆکی کۆمار بوو،

---

[١] عیزەدین قۆجاوە یەکێکبوە لە کەسە دیارەکانی شاری کەرکوك، لە ساڵی ١٩٢٣ لە کەرکوك لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارە تەواو کردووە. بەشداری مانگرتنی خوێندکارانی کەرکوکی لە ساڵی ١٩٧١ کردووە. دواتر کۆچی کردووە بۆ سوریا و پاشان بۆ ئەنقەرە. لە ساڵی ٢٠٠٤ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردوە. بڕوانە: ولید شرکة، صفحات ...، م.س، ص ١٢-١٤.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ سالار اربیل، لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٦ هەولێر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی تورکمان ئیلی و بەرپرسی لقی هەولێر، هەولێر، (٢٠١٨/٧/١٤).

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سالار اربیل.

[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ سالار اربیل.

[٧] ئەحمەد حەسەن بەکر لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری تکریت لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٣٨ کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٦٣ بوە بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، لە ساڵانی ١٩٦٨ بۆ

بەڵام دەسەڵاتەکان زیاتر لەلایەن سەدام حوسێن پیادە دەکران. سەدام حوسێن بۆ ئەوەی دەستەڵات بەتەنها لەدەستی خۆی بهێڵێتەوە هەوڵیدا سەرجەم دامەزراوە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان دەستبەسەردا بگرێت.[1] لەو میانەیەدا، ناوەندە تورکمانیەکانیش پشکیان بەپێی بوونی خۆیان بەرکەوت. گۆڤاری قارداشلق[2] کە لە ساڵی ١٩٦٤ەوە بلاوکردنەوەی بابەتەکانی بە ڕێنوسی تورکی نوێ "لاتینی" دەستپێکردبوو. یەکەمین ژمارەی گۆڤاری قارداشلق کە پیتی لاتینی بەکارهێنا بریتیبوو لە ژمارە سێی تەموزی ساڵی ١٩٦٤.[3] بەعسیەکان دوای هاتنە سەرکاریان، بە نوسراوی وەزارەتی ڕاگەیاندن لە ڕێکەوتی ١٩٧١/١٠/٢ بەکارهێنانی ڕێنوسی لاتینیان لە گۆڤارەکەدا قەدەغەکرد.[4] ئەم بڕیارە سەرەتایەك بوو بۆ دەستخستنە ناو کاروباری ناوخۆیی گۆڤارەکە و بەرتەسککردنەوەی ئازادی نوسین بە تورکی. عەبدولقادر سلێمان یەکێك لە نووسەرە دیارەکانی گۆڤاری قارداشلق لەیەن حکومەتی عێراقەوە فشاری دەخرێتەسەر و پاشان لە سەرۆکی دەستەی نووسەران دووردەخرێتەوە، وەك هەوڵێك بۆ لاوازکردنی پێگەی گۆڤارەکە لەناو کۆمەڵگای تورکمانیدا. هۆکاری لادانی عەبدولقادر سلیمان دەگەرێتەوە بۆ ئەو نووسینانەی کە ناوبراو لە گۆڤارەکەدا بلاویدەکردنەوە[5] بەتایبەتی زنجیرە ووتاری "کل لسان بانسان".[6] نووسەر لە وتارەکەیدا گرنگی بە باسکردنی زمانی تورکمانی و هەوڵدان بۆ برەوپێدانی دەدات.[7] سەرەرای ئەوەش، عەبدولقادر سلێمان لە سیمینارەکانیدا لە یانەی برایەتی تورکمان لە بەغداد چەند جارێك لە باسکردنی گرنگیی زمانی دایك، ئاماژەی بە هەوڵەکانی بەعسدابوو بۆ لاوازکردنی زمانی

---

١٩٧٩ سەرۆك کۆماری عێراق بووە. لە ساڵی ١٩٨٢ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: فخری قدوری، هکذا عرفت البکر و صدام رحلة ٣٥ عاما في حزب البعث، ط١، دار الحکمة، لندن، ٢٠٠٦، ص٦٧.

[1] علاء هادي الحطاب، من المعارضة الى الحکم تجربة المعارضة العراقیة ١٩٦٨-٢٠٠٣، ط١، دار الحکمة لندن، بغداد، ٢٠١٩، ص٨٨-٨٩.

[2] لە بەشی سێیەم باسی ئەم گۆڤارە کراوە.

٣ ینظر: مجلة الاخاء، ع٣، بغداد، ١٩٦٤، ص٣٠-٣٤.

[4] حبیب الهرمزی، مذکرات...، م.س، ص٢٢٧.

[5] صباح عبدالله کرکوکلی، موسوعة ...، م.س، ص ٢٣٢-٢٣٣.

[6] عبدالقادر سلیمان، کل لسان بانسان، مجلة الاخاء، ع٦، سنة٤، ١٩٦٤، بغداد، ص٢-٣.

[7] ن.م، ع٧-٨، ص٢.

تورکمانی. لەوەش زیاتر، عەبدولقادر سلێمان لە کۆرێکیدا لەناو یانەی برایەتی تورکمان باسی سەرجەم ناوچە تورکمانیەکان لە قەزا و ناحیە و لادێکان کردبوو کە ناوەکانیان لەلایەن دەستەلاتەوە گۆردرابوون. ئەم بابەتانە سەرجەمیان لەرێگای سیخورەکانی رژێمەوە بۆ دەزگای ئەمن دەنێردرێن. پاشان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ/پارێزگای بەغدادەوە بە نوسراوی ژمارە ٢٢٨٢ی سالی ١٩٧٥[١] بریاری لادانی ناوبراو لە ئەندامێتی یانەی برایەتی تورکمانی دەردەچێت.[٢] لەگەلَ ئەوەشدا، لە مالەکەی خۆی لە ژێر مانەوەی ناچاریدا دەهێلرێتەوە.[٣] بەم جۆرە عەبدولقادر سلێمان بە تەواوی لە کاری یانەکە دوردەخرێتەوە.

پاش بریارەکەی حکومەت، دەستەی کارگێری یانەکە بە مەبەستی دانانی کەسێکی نوێ لە شوێنی عەبدولقادر سلێمان کۆبونەوەی ئەنجامدا.[٤] لە رۆژی ١٩٧٥/٨/٢٧ دەستەی کارگێری بریاریدا فەخرەدین ئارکیج بە سەرنوسەری گۆڤارەکە دابنێت و هەریەکە لە حەبیب هورمزی[٥] و دکتۆر رەزا دەمیرجی بە ئەندامانی دەستەی نووسەران دیاری بکات. دەستەی نوێ لەو کەسایەتیانە پێکهاتبوون کە لە ریزەکانی حیزبی بەعسدا ئەندام نەبوون. هەتاوەکو ئێرە حیزبی بەعس هەولی دەدا لەرێگەی ترساندن و دەرکردنەوە یانە و گۆڤارەکەش بخاتە خزمەت حیزبی بەعسەوە، بەلام سەرکەوتوو نەبوو، بەتایبەتی پاش ئەوەی دەستەی نوێ دانران، لەبەرئەوە هەولیدا کەسانی نزیك لە حیزب بکات بە ئەندامی یانەی برایەتی تورکمان.[٦]

بەر لە لابردنی عەبدولا عەبدول رەحمان لە سەرۆکایەتی یانە، حیزبی بەعس لەرێگەی وەزیری ناوخۆی ئەوکاتە عیززەت دوری داوای کردبوو کەسێکی نوێ

---

[١] حبيب الهرمزي، مذكرات...، م.س، ص٢٢٦–٢٣٠.

[٢] ن.م، ص٢٢٦–٢٣٠.

[٣] صباح عبدالله كركوكلي، موسوعة ....، م.س، ص٢٣٣.

[٤] صباح عبدالله كركوكلي، اعلام الصحافة....، م.س، ص٨٥.

[٥] حەبیب هورمزی لە سالی ١٩٣٢ لە کەرکوك لەدایك بووە. کۆلیجی یاسای لە سالی ١٩٥٤ لە بەغداد تەواو کردووە. لە کاتی دامەزراندنی گۆرڤاری قارداشلقەوە هەتاوەکو سالی ١٩٧٧ لە دەستەی نووسەران کاری کردووە. لە سالی ١٩٨٠ەوە رۆشتوە بۆ تورکیاو لەوێ دەژی. بروانە: ن.م، ص ١٣٨–١٣٩.

[٦] حبيب الهرمزي، مذكرات...، م.س، ص٢٢٩–٢٣٠.

وەربگرن بۆ ئەندامێتی یانە، ئەویش بریتبوو لە عەبدولەتیف بەندر ئۆغلو[١]، بەڵام بە پێی گێرانەوەی حەبیب هورمزی ناوبراو رازی نابێت کە بەندەر ئۆغلو وەرگرن.[٢] لێرەوە حیزبی بەعس هەوڵەکانی چڕدەکاتەوە بۆ دەستبەسەرداگرتنی یانەکە و گۆڤارەکەش.

یانەکە بڕیاریدا هەڵبژاردن بۆ دەستەی بەرێوەبردن ئەنجامبدات لە ساڵی ١٩٧٦ و بۆ ئەو مەبەستە پاش کۆبوونەوەیان بەسەرۆکایەتی عەبدوڵا عەبدولرەحمان بریاریاندا نوسراو بکەن بۆ پارێزگا بە مەبەستی وەرگرتنی رەزامەندی لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە رێکەوتی ١٩٧٦/٤/٢٢. پارێزگا لەو کاتەدا وەڵامیان دەداتەوە و داوای دواخستنی هەڵبژاردنەکان بۆ ماوەی مانگێك دەکات، ئەم وەڵامەی حکومەت نویٚ بوو بۆ یانە، لەبەرئەوەی لە ساتی دروستبوونیەوە ئەوە یەکەمجار بوو حکومەت رەزامەندی لەسەر کاتی هەڵبژاردن نەدا. لەوەش زیاتر، دوای ئەوەی کە دەستەی کارگێری دووبارە داوای رەزامەندییان کردەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، بەڵام ئەم جارەیان پارێزگار فەرمانی کرد کە هەڵبژاردن بۆ کاتێکی نادیار دواخراوە.[٣] وەك دەردەکەوێت دواخستنی هەڵبژاردن تەنها بیانوو بووە و حکومەت هەوڵیداوە کە کەسانی نویٚ لە یانەکە دابمەزرێنێت کە گوزارشت لە سیاسەتی حیزبی بەعس بکەن.

عەبدوڵا عەبدولڕەحمان وەك کەسایەتی دیاری ناو یانە رازی نابێت بە هێنانە ناوەوەی کەسانی نویٚ بیٚ رەزامەندی دەستەی کارگێڕی، لەبەرئەوە حیزبی بەعس راستەوخۆ هەولٚ بۆ لابردنی ناوبراو دەدەن، بۆ ئەو مەبەستە حکومەت هەوڵی لە کارلادانی ستافی بەڕێوەبەرانی یانەکەیدا. لەساڵی ١٩٧٧دا حکومەت فشاری خستە سەر سوبحی کەمال حەسون بەمەبەستی خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی یانە، لە کاتێکدا عەبدوڵا عەبدولڕەحمان کەسایەتی ناسراوی تورکمان هەر لە ساڵی

---

[١] عەبدولەتیف بەندەر ئۆغلۆ لە ساڵی ١٩٣٧ لە دوز خورماتوو لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی هەر لەو شارە تەواو کردووە. سەرنوسەری هەردوو رۆژنامەی یورد و بیرلك سەسی بووە لە ساڵی ١٩٧٠ەوە بۆ ساڵی ١٩٩٩. شاعیرێکی ناسراوی تورکمان بووە و ژمارەیەك بەرهەمی شیعری هەبوە وەك (کونش شارقیسی، یورد توبراغی). ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٨ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردوە. بڕوانە: صباح عبدالله کرکوکلي، اعلام الصحافة...، م.س، ص ١٥٥-١٥٩

[٢] حبیب الهرمزی، مذکرات...، م.س، ص٢٣٢-٢٣٣.

[٣] ن.م، ص٢٣٤-٢٣٥.

کردنەوەی یانەکەوە سەرۆکی یانەکە بوو. هەرچەندە لە هەڵبژاردنەکەدا بەرامبەر عەبدوڵا عەبدولڕەحمان سەرنەکەوت، بەڵام رژێم بە زەبری هێز هەستان بە دانانی سوبحی کەمال بە سەرۆك و دوورخستنەوەی عەبدوڵا عەبدولڕەحمان لە یانەکە.[1]
بەهۆی رازی نەبوونیانەوە دەستەی بەڕێوەبەرانی یانە و گۆڤاری قارداشلق دەستیان لەکارکێشایەوە و ئامادەنەبوون لەگەڵ دەستەی نوێ کاربکەن.[2] ئەمەش گرفتی لەنێوان هەردوو دەستەدا دروستکرد، دەستەی نوێ هەستان بە تۆمەتبارکردنی دەستەی کۆن بە ناروونی دارایی و دیارنەمانی پارە، تەنانەت داوای یاساییان لە دادگا لە دژ تۆمارکردن، بەمەبەستی ناوزراندنی دەستەی پێشوو. پاش ئەوەی بۆیان روونبویەوە کە هیچ پارەیەك نەخوراوە بێ رێنمایی، داواکەیان کشاندەوە.[3]
ئیدارەی نوێ لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری قارداشلق پاش دەستبەکاربوونیان باس لەو دەکەن کە ئەوان بە پێی یاسا و بە فەرمانی ئەنجومەنی باڵای شۆرش دانراون. لەوەش زیاتر، دەڵێن کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شۆرش بڕیارێك دەرناکات پێچەوانەی دەستوور و چاکەی گشتی بێت. باسکردنی ئەم بابەتە تەنها بەمەبەستی شەرعیەتدان بووە بە دەستە نوێیەکان و هەروەها دەردەکەوێت کە لەلایەن جەماوەری تورکمانی ئەو سەردەمەوە بە گەرم و گوڕی پێشوازییان لێنەکراوە.[4] دەستەی نوێی یانە لە ساڵی ١٩٧٧ داوایان لە دەستەی پێشوو کرد کە بگەڕێنەوە بۆ ناو یانە و هەروەها بۆ گۆڤاری قارداشلق، بەڵام دەستەی کارگێڕی پێشوو رزای نابن وناگەڕێنەوە.[5]
رژێم وەك هێزێکی تۆتالیتاری کە بۆ مانەوەی پێویستی بەوە هەبوو دەستوەردان بکات لەناو سەرجەم کایەکانی کۆمەڵگادا، پاش ئەوەی مەترسی ئەوەی بۆ دەرکەوت کە یانە خزمەت بە سیاسەتەکانی حیزبی بەعس ناکات، هەستا بە لابردنی دەستەی

---

[1] وليد شركة، صفحات مضيئة من تاريخ الشعب التركمانى، حزب الاخاء التركمانيي/ العراق، كردستان العراق، ٢٠٠٠، ص٥.

[2] زاهد البياتى، ليلة القبض على الاخاء من حوادث الصحافة التركمانية، قارداشلق، ع ٦٥، س١٧، ٢٠١٥، ص ٥٣-٥٤.

[3] حبيب الهرمزى، مذكرات...، م.س، ص ٢٤٢-٢٤.

[4] حسن اوزمن، التركمان في العراق و حقوق الانسان، ط٢، بدون مكان الطبع، انقرة، ٢٠٠٤، ص ١٢٤.

[5] حبيب الهرمزى، مذكرات...، م.س، ٢٤٤-٢٤٥.

بەرێوەبەران و دانانی دەستەیەکی نوێ کە لە ژێر فەرمانی حیزبدا بن.[1] حکومەت ڕاستەوخۆ لە سەرۆکی یانەکەوە دەستیپێکرد و هەستان بە دیاریکردنی سوبحی کمال حەسون وەك سەرۆکی نوێی یانە.[2]

هەروەك دەردەکەوێت، بەم جۆرە حیزبی بەعس دەستیگرت بەسەر یانەی برایەتی تورکمان و هەتاوەکو کۆتایی رژێم بەوجۆرە ئیدارەی یانەکە بەرێوەبرا. هەرچەندە یانەکە بە فەرمی لەلایەن حکومەتی سەردەمی عەبدولکەریم قاسمەوە دانی پیادانرابوو، بەڵام هەتاوەکو نیوەی حەفتاکانی سەدەی بیست یانەکە خۆی لەوە بەدوورگرت کە ببێتە ناوەندێکی حیزبی و کار بۆ حیزبی بەعس بکات. جگە لەوەش، یانەی ناوبراو هیچ دژایەتیەکی ئاشکرای دەوڵەتی لێ نەبینرا. بەڵام هەروەك باسکرا، دواتر وەك هەموو جومگەکانی تری وڵات یانەکەش بە زۆر کرا بە ناوەندێکی برەوپێدانی سیاسەکانی حیزبی بەعس.

[1] صبحی ساعتجی، الکیان الترکمانی في العراق، ت.حبیب الهرمزی، ط١، مؤسسة وقف کرکوك، استانبول، ٢٠١٤، ص٢٤١.

[2] حبیب الهرمزی، مذکرات...، م.س، ص٢٤٠-٢٤١.

**تەوەری دووەم/ بەیاننامەی ٢٤ کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ و کاریگەری لەسەر ڕەوشی سیاسی تورکمان**

بەر لە دەرکەوتنی سیاسیانەی تورکمان لە عێراق، حکومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٧٠ کۆمەڵێك مافی کولتوری بەخشی بە کەمینەی تورکمان لەو ناوچانەی کە تیایدا نیشتەجێن.[١] لە ٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٧٠ فەرمانێك لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەرچوو بە ناوی "مافە کولتوورییەکانی نەتەوەی تورکمان".[٢] بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تایبەت بە مافە کولتوری و ڕۆشنبیریەکانی تورکمان چەند بڕگەیەکی لەخۆ گرتبوو، لەوانە: خوێندن بە زمانی تورکمانی لەو ناوچانەی زۆرینەی تورکمانن، و کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بە کاروباری تورکمانەکان لە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و ڕۆشنبیری. ئەگەر تەماشای سەرجەم برگەکانی بکەین دەبینین هیچ ئاماژەیەکی بۆ مافی سیاسی و بەشداری سیاسی تیانیە، هەرچەندە کە ڕێگای داوە بە دەرکردنی هەفتەنامەیەك، بەڵام ئەوەی تیا روونکردۆتەوە کە پێویستە گرنگی بە بواری ڕۆشنبیری بدات.[٣] لێرەوە دەردەکەوێت کە حکومەت وەك دیارییەك ئەو مافانەی بەخشیبوو بە تورکمان، نەك لە ئەنجامی دانوستاندن لەگەڵ لایەنی بەرامبەر هەروەك لە بابەتی تایبەت بە لایەنی کوردی هاتبوو،[٤] لەبەرئەوەی کورد خاوەنی پرۆژە و پارتی سیاسی و خەباتی سیاسی روون بوون.[٥]

بەیاننامەی مافە کولتوریەکانی تورکمان لە کاتێکدا دەرچوو، کە عێراق بریاری نەتەوەیەکگرتوەکانی تایبەت بە لەناوبردنی ڕەگەزپەرستی و هەمووکارێك تایبەت بە هەڵاوێردنی نەتەوەیی و ڕەگەزی لە ساڵی ١٩٦٩ واژو کردبوو. بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان لەساڵی ١٩٦٥ دەرچوو، بەڵام لەساڵی ١٩٦٩ کەوتە بواری جێبەجێ

---

[1] A. G. Kayili, "*the Iraqi Turkmen 1921-2005*", (unpublished M.A, 2005), Pp.34-35.

[٢] وقائع العراقية، قرار رقم ٨٩، ع ١٨٣٥، (١٩٧٠/١/٣١).

[٣] ن.م.

[4] M. M. Gunter, *"the A to Z of the Kurds"*, (Plymouth, UK, 2009), p132.

[٥] نادر ئینتیسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، و. عەتا قەرەداخی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٥٣-١٦٧.

کردن، عێراق وەك بەڵگەیەك بۆ نیشاندانی نیازپاكی ئەوبەیاننامەیەی دەركردبوو.[1] بەڵام رووداوەكانی دواتر و رێوشوێنە ئەمنیەكانی دواتری حیزبی بەعس دەریدەخات كە عێراق مەبەستی نەبووە بەجدی كار بۆ پێدانی مافی كەمەنەتەوەكان بكات، بەڵكو تەنها كارتێك بووە بۆ رازیكردنی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لەوەش زیاتر، رژێمی بەعس هیچكاتێك جدی نەبووە لە پێدانی ماف بە كەمەنەتەوەكان لە عێراقدا.[2] بەدیویێكی تردا، پێدانی ئەو مافانە بە چەند هەفتەیەك بەر لە واژوو كردنی بەیاننامەی یازدەی ئازار ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە كە حكومەتی عێراق ویستویەتی توركمانەكان لە كورد دوور بخاتەوە.

ئەوەی كە پێویستە ئاماژەی بۆ بكرێت پێشینەكان و رووداوەكانی بەر لە دەرچوونی فەرمانی مافە كولتوریەكانی توركمانە، هەروەك ژمارەیەك نوسەر لە نوسینەكانیاندا بنەما و هۆكارەكانی ئەو فەرمانە دەگێڕنەوە بۆ چوار ساڵ پێشتر و لە سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف بەتایبەتی. یانەی برایەتی توركمانی لەساڵی ١٩٦٦دا نامەیەك دەنێرێت بۆ خودی عەبدولڕەحمان عارف (١٩٦٤-١٩٦٨)[3] و تیایدا پیرۆزبایی هاتنەسەر دەسەلآتی لێدەكەن و پاشان ژمارەیەك داواكاری هاوڵاتیانی توركمانی دەخەنە بەردەم. ئەو نامەیە ئاماژە بە دانانان بە توركمانی عێڕاق وەك نەتەوەی سێیەم لە دەستوردا دەكات، لەبەرئەوەی لەوكاتەدا لە عێڕاقدا نوسینەوەی دەستور و دەنگدان لەسەری نزیكبووە.[4]

هۆكارەكانی پێدانی مافە كولتوریەكان بە توركمان هەرچی بێت، بۆ ئەوسەردەمەی عێراق دەنگدانەوەی بەهێز و كاردانەوەی بەرفراوانی لای هاوڵاتیانی توركمان هێنایەكایەوە، سەباح كەركوكلی لەوبارەیەوە نوسیوێتی كە "بریارەكە لای هاوڵاتیانی توركمانی بە دڵخۆشیەوە پێشوازی لێكرا. لە رۆژی دووەمدا، واتە پاش رۆژێك لە راگەیاندنی بریارەكە، خۆپیشاندان و رێپێوانی بەرفراوان بۆ پشتگیری لە بریارەكە لە شارەكانی كەركوك و توزخورماتو چەندین ناوچەی تر بەڕێوەچوو."[5]

---

[1] ارشد هرمزی، التركمان و الوطن العراقي، ط٣، دار العربية للموسوعات، استانبول، ٢٠٠٥، ص١١٥-١١٦.

[2] A. G. Kayili, Ibid, P.36.

[3] جعفر عباس حميدي، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ١٩٥٨-١٩٦٨، ج ٩، ط١، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٥، ص ١٣-١٦.

[4] ارشد هرمزی، م.س، ص١١٠-١١١.

[5] موسوعة اعلام التركمان، م.س، ص٤٤-٤٥.

تەنانەت سەرۆك كۆماری عێراق پێشوازی لە ژمارەیەك لە كەسایەتیە توركمانەكان كرد و پێی ڕاگەیاندبوون كە ئەو عەقڵیەتەی پێشتر حوكمی عێراقی دەكرد هۆكاربوو بۆ پەراوێزخستتنی توركمان و ئیتر ئەو سەردەمە بەسەر چووە و قۆناغێكی نوێی سیاسی بۆ نیشتمان هاتوەتە پێشەوە.[١]

بزوتنەوەی توركمانی پێشكەوتنخواز، كە ڕێكخراوێكی توركمانی نزیك بوون لە ڕژێمەوە و ڕاستەوخۆ پاش كودەتای ١٩٦٨ دامەزرابوون،[٢] بەیاننامەی پیرۆزبایی دەركرد و ڕایگەیاند كە باوەڕی بە چارەنوسی هاوبەشی نێوان نەتەوەی عەرەب و توركمان هەیە و پێی وایە كە توركمان بەشێكە لە گەلی عێراق و تەنها خاكی عێراق نیشتمانیانە و چارەنوسیان بەستراوەتەوە بە عێراقەوە، ئەم هەڵوێستە وەك بەشێك لە پشتیوانی هاوڵاتیانی توركمان دەربڕدرا بۆ بڕیارەكانی ٢٤ی كانونی دووەم.[٣]

یانەی برایەتی توركمان لە ساڵیادی ڕاگەیاندنی بەیاننامەكەی ٢٤ی كانونی دووەمدا ئاهەنگێكی جەماوەرییان لە سینەما سەڵاحەددین لە كەركوك بۆ پشتیوانی كردن لە مافە كولتوریەكان ڕێكخست. عەبدوڵا عەبدولڕەحمان سەرۆكی یانە لە ئاهەنگەكەدا ووتارێكی پێشكەشكرد و تیایدا پشتیوانیی بۆ بەیاننامەكە دەربڕی و بە دەستكەوتێكی مێژوویی بۆ گەلی توركمانی وەسفكرد.[٤] ئەرشەد هورمزی لەوبارەیەوە دەڵێت "لە ئاهەنگەكەدا داواكاریی جێبەجێكردنی سەرجەم بەندەكانی بەیاننامەكە بەرزكرایەوە."[٥] لەوەش زیاتر، یانەی برایەتی توركمان لقی موسڵ لە ڕێگای بەرپرسی لقەكەوە، عەبدوڵا مەحمود ووتارێكی لە تەلەفزیۆنی موسڵەوە خوێندەوە و بەهەمان شێوە سوپاس و پێزانینی خۆیانی بەو بۆنەوەیەوە دەربڕی. هەروەك دەردەكەوێت توركمانەكان بەشێوەیەكی گشتی ئومێدێكی زۆریان لەسەر جێبەجێكردنی بڕگەكانی ئەو بەیاننامەیە هەڵچنیبوو.[٦]

---

[١] صباح عبدالله كركوكلی، موسوعة...، م.س، ص ٤٥.

[٢] صلاح الدین ناجی اوغلو، م.س، ص٧٩-٨٠.

[٣] صباح عبدالله كركوكلی، موسوعة...، م.س، ص٤٥.

[٤] بۆ دەقی ووتەكانی ناوبراو بڕوانە: الاخاء، ع ٩ و ١٠، بغداد، (كانون الثاني و شباط ١٩٧١)، ص٣.

[٥] ارشد الهرمزی، التركمان...، م.س، ص ١١٧.

[٦] بۆ دەقی ووتاری ناوبراو بڕوانە: الاخاء، ع٩ و ١٠، م.س، ص ٤.

لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی خاڵەکانی بەیاننامەی مافە کولتووریەکان، بەتایبەتی خاڵی چوارەم کە دەڵێت "ئەدیب و شاعیران و نوسەرانی تورکمان دەتوانن یەکێتی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن بۆ چاپکردن وبلاْوکردنەوەی بەرهەمەکانیان و هاوکاری کردنیان، ئەم یەکێتیە سەر بە یەکێتی ئەدیبانی عێراق دەبێت."[1] دوو لیستی جیا پێشکەشکرا بە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراق بە مەبەستی رەزامەندی وەرگرتن بۆ کردنەوەی یەکێتی ئەدیبانی تورکمان. لیستی یەکەم لەلایەن تورکمانە نەتەوەییەکانەوە بوو بەتایبەتی ئەو کەسایەتیانە بوون کە لە گۆڤاری قارداشلق نوسینیان بلاْو دەکردەوە و سەر بە یانەی برایەتی تورکمان بوون.[2] دەستەی دامەزرێنەر پێکدەهاتن لە هەر یەکە لە یاسین عەبدولکەریم، دکتور ئەنوەر عەلی، خورشید کازم، حیلمی عوسمان، حەبیب هورمزی، وەحیددین بەهادین، شاکر سابیر زابت، لەگەڵ جەمال عیزەدین. زۆرینەی ئەم کەسایەتیانە لەو سەردەمەدا سەر بە حیزبی بەعس نەبوون و کەسایەتی سەربەخۆ بوون، لەبەرئەوە داواکاریەکەیان وەلاْمنەدرایەوە.[3]

لیستی دووەمیان بزوتنەوەی تورکمانی پێشکەوتنخواز پێشکەشی کرد. بزوتنەوەی تورکمانی پێشکەوتنخواز لەبەرئەوەی نزیك بوون لە دەسەلاْتەوە توانیان رەزامەندی بۆ کردنەوەی یەکێتیەکە لە حکومەت وەرگرن.[4] دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیەکە بریتیبوون لە عەبدوللەتیف بەندەر ئوغلو ( دواتر بوو بە بەرێوەبەری رۆشنبیری تورکمان)[5]، عادل فوئاد[6]، عەبدوڵا خەلیل، لەگەڵ حەسەن عەلی بەیاتی.[1]

---

[1] الاخاء، ع١٠، بغداد، (شباط ١٩٧٠)، ص٢.

[2] بروانە: حبيب الهرمزی، مذكرات...، م.س، ص ٢٢١-٢٢٣.

[3] صباح عبدالله كركوكلی، موسوعة اعلام...، م.س، ص ٤٦-٤٧.

[4] ن.م، ص٤٥-٤٨.

[5] Semsetten Kuzeci, '*Poets of Kirkuk; Iraq Turkman poets'*, trns. N. Dursun, (Ankara, 2014), p. 22.

[6] عادل فوئاد لە ساڵی ١٩٣٤ لە خانەقین لە دایکبووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٥٧ کۆلیجی مافی لە بەغداد تەواو کردوە. یەکێکبووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی ئەدیبانی تورکمانی. یەکێك بووە لە ئەدیبە ناسراوەکانی تورکمانی و لە یەکێتی ئەدیبانی عێراقیشدا رۆڵی بەرچاوی بینیوە. لە ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کردوە. بڕوانە: صباح عبدالله كركوكلي، اعلام الصحافة...، م.س، ص ١٥٣-١٥٤.

یەکێتی ئەدیبانی تورکمان هەتاوەکو ساڵی ١٩٨٤ بەردەوام بوو، بەڵام لەو ساڵەدا سەرجەم یەکێتیەکان لەژێر چەتری یەکێتی گشتی ئەدیبان و نوسەرانی عێراق کۆکرانەوە.[٢]

بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری تورکمان دامەزرێنرا و وەك بەڕێوەبەرایەتیەك سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی عێراقی، کە لەلایەن ئەدیب و نوسەرانی تورکمان سەرپەرشتی دەکرا و ژمارەیەك کاری گرنگی ئەنجامدا. گرنگترین دەستکەوتەکانی بریتیبوو لە دەرکردنی گۆڤاری دەنگی یەکێتی (صوت الاتحاد- بیرلیك سەسی) بەهەردوو زمانی تورکمانی و زمانی عەرەبی، هەفتەنامەی نیشتمان (یورد) بە زمانی تورکمانی.[٣]

هەروەك تێبینی دەکرێت،پاش ماوەیەکی کەم لە دەرچوونی بڕیارەکانی تایبەت بە مافە کلتوریەکانی تورکمان، بوژانەوەیەکی بەرچاو رووی لە رەوشی رۆشنبیری و سیاسی تورکمان کرد. هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لای تورکمان و سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ بوژانەوەی زمان و نوسینی تورکمانی، هەروەها لەوانەش گرنگتر کاریگەری لەسەر دەسپێکردنی جولانەوە سیاسیەکانی تورکمان هەبوو، هەرچەندە لەشێوەی تاك و گروپی بچوك بچوکیشدا بێت. لەبەرئەوە حکومەتی عێراقی دەستیکرد بە پاشەکشە کردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکان و هەوڵەکانی بۆ هەڵوەشانەوەی دەستپێکرد. بەشێك لە فەرمانبەرانی سەر بە حیزبی بەعس لەناو حکومەتدا هەستان بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك هەواڵ و هەروەها راپۆرتیان دەنوسی بۆ سەرووی خۆیان کەوا خەڵکی تورکمان منداڵەکانیان نانێرن بۆ قوتابخانە تورکمانیەکان و رازی نابن منداڵەکانیان لەو جۆرە خوێندنگایانەدا خوێندن تەواو بکەن کە داهاتووی دیارنەبێت. سەرەرای ئەوەش، تەنانەت نوسراوی داواکارییان بەناوی بنەماڵە تورکمانیەکانەوە دروستدەکرد کە تیایدا داوای ئەوەیان دەکرد منداڵەکانیان بۆ خوێندنگای تورکمانی نەنێرن.[٤]

---

[١] صباح عبدالله كركوكلي، موسوعة اعلام ....، م.س، ص٤٨.

[٢] صباح عبدالله كركوكلي، اعلام الصحافة ....، م.س، ص ٣٢-٣٣.

[٣] نصرت مردان، الصحافة التركمانية في العراق بين قرنين ١٩١١-٢٠٠٦، ط١، مؤسسة وقف كركوك، استنبول، ٢٠١٠، ص١٦٨-١٧١.

[٤] صبحي ساعتجي، الكيان التركماني في العراق، مؤسسة وقف كركوك، استانبول، ٢٠١٤، ص٢٣٥.

دکتۆر عەبدوڵا عەبدولڕەحمان لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧١ نامەیەکی نارەزایی بۆسەرۆکایەتی کۆمار دەنێرێت. تیایدا جۆرێك لە رەخنە بە نووسینەکەیەوە دەردەکەوێت و باس لەوە دەکات کە لیژنەی تایبەت بە پەروەردەی سەر بە پارێزگا لە کۆنوسی خۆیدا دیاریکردبوو کە ئەو قوتابخانانەی پێویستە خوێندن تیایاندا بە تورکمانی بێت بریتیە لە ١٣٠ قوتابخانە، بەڵام بە کردارییی لە ٤٠ خوێندنگا وانە دەخوێنرێت. لەوەش زیاتر، لە شاری موسڵ لیژنەی پارێزگا پێشنیاری کردنەوەی ٤٠ خوێندنگەی کردبوو، بەڵام هیچکام لە خوێندنگەکان نەکراونەتەوە. هەروەها لە دیالە و نەینەواش کە پێشنیار کرابوو بۆ هەریەکەیان دە خوێندنگا بکرێنەوە، بەڵام هیچ خوێندنگایەك نەکراوەتەوە.[1] هەرچەندە لە دوزخورماتو ژمارەیەك قوتابخانە تایبەت دەکرێن بە خوێندنی تورکمانی کە ژمارەیان حەوت قوتابخانە بووە، لەوانە قوتابخانەکانی وەك (راپەرین (قالقنمە)، ایرلی، اقصو، کلتور، شفق، توز، قارداشلق) کە خوێندن تیایاندا بە زمانی تورکمانی بووە.[2]

پاش ئەوەی کە حکومەتی عێراقی لە جێبەجێ کردنی خاڵەکانی مەرسومەکە پاشەکشێی کرد، هەندێك نارەزایی لای تورکمانەکان سەریهەڵدا. ژمارەیەك خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین دەستی پێکرد. لە کەرکوك بۆ ماوەی سێ رۆژ خوێندکارانی تورکمان بایکۆتی خوێندنیان کرد، هەروەها ژمارەیەك هاوڵاتی نەچوونە سەر کارەکانیان.[3] ولید شرکە نوسیویەتی "کە لە کۆتاییەکانی مانگی ئەیلولی ١٩٧١ دا، شاری کەرکوك شاهێدی نارەزایەتی و خۆپیشاندانی تورکمانەکان بووە لە دژی هەڵوەشاندنەوەی مافە کولتورییەکانی تورکمانەکان."[4] بەڵام ئەرشەد هورمزی سەرەتاکانی دەستپێکردنی نارەزایەتیەکانی خوێندنگاکان دەگێڕێتەوە بۆ مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧١[5] و ئەم تێڕوانینە زیاتر وورد ترە بۆ دەسپێکردنی خۆپیشاندانەکان، ئەو نارەزایەتیانە نزیکەی ٥٣ رۆژیان خایاندووە و لە میانەیدا ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی تورکمان دەستگیرکراون کە ژمارەیانی بە ١٥٠ هاوڵاتی خەملاّندووە. ژمارەیەك لە دەستگیرکراوەکان لە نمونەی جەودەت ئاوچی نوسەر

---

[1] صبحي ساعتجي، الكيان...، م.س، ص٢٣٣-٢٣٥.

[2] صلاح الدين ناجى اوغلو، طوزخورماتو قديما و حديثا، طوز، ٢٠٠٥، ص٦٠.

[3] A. G. Kayili, Ibid, p.37.

[4] صفحات مضيئة ...، م.س، ص٦.

[5] ارشد الهرمزى، م.س، ص ١١٧-١١٨.

لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەستداوە. لە دەستگیرکراوەکانیش ناوی محەمەد عیزەت خەتات و وەلید شەریکە دەهێنرێن.[١]

لە درێژەی نارەزایەتیەکاندا لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧١[٢] یەکێتی خوێندکاران و لاوانی تورکمان لە شاری کەرکوک خۆپیشاندانێکیان بۆ سەرکۆنەکردنی بڕیاری داخستنی قوتابخانە تورکمانیەکان ئەنجامدا[٣] کە ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە پێکدەهات لە هەریەکە لە روشدی رەشاد موختار ئۆغلو[٤]، محەمەد قورقەماز[٥]، لەگەڵ حسین عەلی دەمیرجی.[٦] لەو کەسانەی کە ڕۆڵیان هەبوو لەم ڕێکخراوەدا بریتیبوو لە غازی عەبدولمەجید توفیق بەگ، بەهەمان شێوەی چالاکوانانی تری تورکمان بە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک ژمارە (ق.س/٩٦٦٩٦٦ لە ١٩٧١/٢/١٣) دەستگیرکرا.[٧]

عەدنان سەقالی کە یەکێك بووە لە مامۆستا دەستگیرکراوەکان لەو هەڵمەتی گرتنەدا چیرۆکی دەستگیرکردنەکەی بۆ حبیب هورمزی باسکردووە، گوتویەتی "کە

---

[١] ولید شرکة، م.س، ص٦.

[٢] صباح عبدالله کرکوکلی، موسوعة...، م.س، ص٤٥.

[٣] عبدالجبار درویش رضا، غازی عبدالمجید کما رایته، مجلة ترکمن ایلي (الادب و الفن)، ع١١٤، ٢٠١٧، ص٤.

[٤] روشدی رەشاد موختار ئۆغلۆ لە ساڵی ١٩٥٠ لە کەرکوك لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کەرکوك خوێندوە و پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی لە هەولێر لە ساڵی ١٩٧٣ تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٧٤ لە یەکێك لە قوتابخانەکانی کەرکوك وەك مامۆستا دەستبەکار بووە. لە ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن حیزبی بەعسەوە لە سێدارە دراوە. بڕوانە: فلاح یازار اوغلو، موسوعة شهداء الترکمان للفترة ١٩٦٨-٢٠٠٣م، ط٢، شرکة فضولي للطباعة و النشر، کرکوك، ٢٠١٧، ص ٢٧-٢٨.

[٥] محەمەد ئیبراهیم محەمەد ناسراو بە محەمەد قورقەماز لە ساڵی١٩٣٤ لە کفری لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٥٦ بە مامۆستا لە داقوق دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٥٩ەوە لە کەرکوك کاری مامۆستایی کردووە. لە ساڵی ١٩٧٩ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیر دەکرێت و لە ساڵی ١٩٨٠ لە سێدارە دەدرێت. بڕوانە: فلاح یازار اوغلو، في ذکری استشهادە... محمد قورقماز: http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=100092 (5/4/2021).

[٦] عبدالجبار درویش رضا، غازی عبدالمجید کما رأیتە، ترکمن ایلي، ع١٣٧٢، (٢٠١٧/٨/١)، ص٣.

[٧] فلاح یازار اوغلو، المناضل الترکمانی غازی عبدالمجید توفیق بك في ذمة الخلود، ترکمن ایلي، ع١٣٧٢، (٢٠١٧/٨/١)، ص٣.

نزیکەی ٢٢ کەسی تورکمان لەگەڵ ئەو گیراون و بە توندی سزادراون بە مەبەستی وەرگرتنی دانپیانان و ئاشکراکردنی هەڵسوڕێنەرانی خۆپیشاندانەکان"، یەکێکی تر لە ئەو کەسانەی لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداریکردو و دەستگیرکرا بریتبوو لە مەولود تەها قایاجی[١] کە وەك وەرگێر لە تەلەفزیۆنی کەرکوك لە بەشی تورکمانی کاری دەکرد. پاش رزگاربوونی لە ئەمنی کەرکوك لە کارەکەی دوردەخرێتەوە و رادەگوێزرێت بۆ پارێزگای موسەنا.[٢] تەنانەت پاش کۆتاییهاتنی نارەزایەتیەکان، دەزگا ئەمنیەکانی کەرکوك بەردەوام بوون لە پرۆسەی دەستگیرکردنی چالاکانی تورکمان. ئەکرەم توزلو گۆرانیبێژی دیاری دوز چەندین جار لەلایەن ئەمنی کەرکوکەوە دەستگیردەکرێت، تەنانەت بە تۆمەتی ووتنەوەی گۆرانی لە دژی سیستمی حوکمرانی بەعس بانگی ئەمن دەکرێت و بۆ ماوەیەکیش زیندانی دەکرێت.[٣]

ژمارەیەك لە دەستگیرکراوەکان بە بێ هیچ دادگاییکردنێك کوژران، لەناو ئەوانەدا کەسایەتی دیاری تورکمانی بە ناوی حسین علی دەمیرجی، کە کاراکتەرێکی شانۆیی تورکمانی بووە و لەناو دەستگیرکراوەکاندا بوو. حسین علی دەمیرجی خەڵکی شاری دوزخورماتوو بوو، رۆڵی سەرەکیی لە شانۆیی "تمبل عباس" بینیوە، و هەر بەو نازناوەشەوە لای شەقامی تورکمانی ناسرابوو. پاش سزادان لە سێدارە دەدرێت و تەرمەکەی لەسەر یەکێك لە شەقامەکانی کەرکوك فڕێدەدرێت.[٤]

لەوەش زیاتر، حکومەت بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك بریارێکیان دەرکرد و بۆ سەرجەم قوتابخانەکانی کەرکوك گشتاندنیان پێکرد، تیایدا هاتبوو کە

---

[١] مەولود تەها قایاجی لە ساڵی ١٩٤١ لە شاری کەرکوك لە دایکبووە. خانەی مامۆستایانی لە ساڵی ١٩٦٢ تەواو کردووە و وەك مامۆستا لە کەرکوك دەستبەکار بووە. بە یەکێك لە شاعیرانی تورکمانی کەرکوك دادەنرێت کە لە گۆڤاری قارداشلق و تورکمن ئیلی شیعری نوسیوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٧١ بۆ یەکەمجار چیرۆکی لە گۆڤاری قارداشلق بلاو کردۆتەوە. لە ساڵی ٢٠١١ لە کەرکوك مردووە. بڕوانە: فلاح یازار اوغلو، في ذکری رحیله ..المناضل والأدیب والصحفي والتربوي الرائد مولود طه قایاجي:
http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=33463 (1/12/2020)

[٢] بە وەرگرتن لە: نجات کوثر اوغلو، مشعلة ادب ترکماني تتحدی الخمود مولوم طه قایاجی، ط١، شرکة فضولي للطباعة و النشر، کرکوك، ٢٠١٢، ص١٣.

[٣] قاسم محمد ترزي، من هو اکرم طوزلو، طوز، ٢٠٠٧، ص١٣-١٥.

[٤] زیاد کوبرلو، الکیان الترکی في العراق، بدون مکان الطبع، ١٩٩٦، ص ٤١.

سەرجەم ئەو خوێندکارانەی بەشدارییان کردووە لە خۆپیشاندانەکاندا پێویستە لە تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ بە نەهاتوو ئەژماربکرێن و نمرەی سفر بۆ هەموویان دابنرێت.[١] ئەم خۆپیشاندانە یەکەمین رووبەرووبونەوەی دەستەجەمعی تورکمانەکانە دژ بە حکومەتی عێراق لەسەردەمی حیزبی بەعسدا.[٢] سەرەڕای سەرجەم نارەزایەتیەکان، حکومەتی عێراقی سور بوو لەسەر هەڵوەشانەوەی مافەکان بەشێوەیەکی بنەرەتی.[٣]

جگە لەوەی کە بڕیارەکانی مافە کولتوریەکانی تورکمان جێبیەجێ نەکراون، لەوەش زیاتر هەوڵدراوە وجودی کردارەکیی تورکمان کەمبکرێتەوە، هەروەك دەردەکەوێت کە لە ساڵی ١٩٧٠ ژمارەی قوتابخانە تورکمانیەکان لە کەرکوك ١٣٧ قوتابخانە بوون، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ژمارەیە دوای ساڵێك دادەبەزێت بۆ ٦٨ قوتابخانە.[٤] ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر تەماشایەکی رێژەی دانیشتوانی شاری کەرکوك بکەین بەر لە بەیاننامەکە و پاش بەیاننامەکە بۆمان دەردەکەوێت کە حکومەتی عێراق هەوڵی تێکدانی دیمۆگرافیای ناوچەکەی داوە بەمەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی تورکمان لە کەرکوك: رێژەی تورکمان لە سەرژمێری ١٩٥٧دا بریتیبووە لە ٢١,٤٪ بەڵام ئەم رێژەیە دابەزیوە بۆ ١٦,٣١٪ لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧.[٥] دەستەڵاتدارانی حیزبی بەعس پاش ئەو بەیاننامەیە و هەتاوەکو رووخانی رژێم زۆر بە بەرفراوانی و بە بەرنامەرێژکراوی هەستاون بە راگواستنی خێزانەکانی کورد و تورکمان لە کەرکوك، تەنانەت بە پێی بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی عێراقی لەو سەردەمەدا لەژێر ناوی راستکردنەوە (تصحیح)ی ناسنامەی نەتەوەییدا ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە تورکمانەکان کراون بە عەرەب و بەناوی نەتەوەی عەرەبەوە تۆمارکراون.[٦] بەڵام هاوڵاتی عەرەب بۆی نەبوە

---

١ صبحی ساعتجی، کیان الترکي...، م.س، ص ٢٣٦-٢٣٧.

٢ حبیب الهرمزی، مذکرات ...، م.س، ص٣٤-٣٧.

٣ عرفان کرکوکلی، التعایش السلمی بين الکرد و الترکمان في مدینةکرکوك، گۆڤاری کەرکوك، ژ.١، ساڵی دووەم، ٢٠٠٠، ص١٦٢.

4 M. S. Kerkuklu, Turkmen of Iraq, (Dublin, 2007), P.39.

٥ منذر الفضل، حقوق الانسان و التنوع الاثني لسکان کرکوك، فی:مجموعة من الکتاب و الباحثين، کرکوك مدینة القومیات المتاخیة، ط١، دار اراس للطباعة و النشر، اربیل، ٢٠٠٩، ص١٨١.

6 M. S. Kerkuklu, Ibid, pp. 34-39.

که ناسنامەی خۆی بگۆڕێت بۆ نەتەوەیەکی تر، هەروەك لە "سەرکردایەتی فەرماندەیی شۆڕشەوە" بریارێك لەوبارەیەوە دەرچوو، بەدیوێکی تردا، ئەوانەی راستکردنەوەی ناسنامەیان پێکرابوو (وەك تورکمانەکان کە کرابوون بە عەرەب) مافی ئەوەیان نەبوو دەستکاری ئەو ناسنامە تازەیە بکەن، چونکە لەسێدارە دەدران.[١]

پێدانی مافی کولتوری وەك لە بەیاننامەکەی رژێمی بەعسدا هاتبوو، تەنها مەبەستی بوو کە بە دنیای پیشان بدات کە حکومەتی بەعس دیموکراتیخوازە و مافی هاولاّتیانی دەدات، ئەمەش لە راستیدا تەواو پێچەوانەبوو، لەبەرئەوەی تەنها لە رووکاردا ئەومافانەی بە تورکماندا و پاس ماوەیەك هیچکام لە بەندەکانی جێبەجێنەکرد.[٢] لەبەرئەوەی پاش شەش هەفتە لەو رێکەوتە بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی تایبەت بە مافی کورد راگەیەنرا لەنێوان حکومەتی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان.[٣]

لە پاش سالّی ١٩٧٧ەوە  کە ئیتر رژێمی عێراق بە سەرکردایەتی حیزبی بەعس دلّنیا بوونەوە لە چەسپاندنی پایەکانی دەستەلاّتیان دەستیانکرد بە بەعسی کردنی کردارەکی تەواوی کۆمەلّگای عێراقی، لەو میانەیەدا سەرجەم دامەزراوە پیشەیی و رێکخراوەییەکانی کە تورکمانیان تیادا بوو یان خاوەندارێتی تورکمانی بوون کران بە بەعسی. لەو دامەزراوانەش وەك دەستەی کارگێڕی مانگی سوور و یانەی سەورەی وەرزشی و سەرجەم ژوورە پیشەییەکان و تەنانەت یانەی برایەتی تورکمانیش.[٤]

---

[١] موکەڕم تالّەبانی، س.پ، لا٦٣-٦٤.

[٢] عزيز الصمانجي، التاريخ السياسي...، م.س، ص١٩٠-١٩١.

[٣] كمال ديب، موجز تاريخ العراق، دار فارابي، بيروت، ٢٠١٣، ص١١٢.

[٤] صبحي ساعتجي، كيان التركي...، م.س، ص٢٤٠-٢٤١.

## باسی دووەم/ پارت و ئاراستە سیاسیە تورکمانیەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠- ٢٠٠٣

### تەوەری یەکەم/ سەرەتاکانی دروستبوونی پارتی سیاسی تورکمان هەتاوەکو راپەرینی ساڵی ١٩٩١:

دەرکەوتنی رامیاریانەی تورکمان لە باشوری کورستان مێژوویەکی نزیک تۆماردەکات. ئەوەی ئەم تەوەرە گرنگی پێدەدات بریتیە هەلومەرجی دەرکەوتنی پارتە رامیاریە تورکمانەکان، لەگەڵ تایپی ئاراستە سیاسیەکانیان هەر لە دامەزراندنی یەکەمین پارتی سیاسی تورکمانی هەتاوەکو راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١. لەم تەوەرەدا هەوڵدەدرێت کە بەرمەبنای ئاراستەی سیاسی و فیکری پارتەکان، پارتە تورکمانیەکان بخرێنە ڕوو.

سەرەتای دەرکەوتنی سیاسی تورکمان بە هەوڵی تاکە کەسی و گروپی بچوک دەستپێدەکات. تورکمان لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتی حیزبی بەعسدا هەتاوەکو راپەرین بەرێژەیەکی کەم بەشداریی سیاسیان هەبووە. هەرچەندە دەرکەوتنی سیاسیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتاکانی کۆماری (١٩٥٨/٧/١٤)[1] و بەتایبەتی ساڵێك پاش هاتنی عەبدولکەریم قاسم (١٩٥٨-١٩٦٣) بۆسەر حوکم. لە ١٩٥٩/٧/١٤ رووداوێك کاریگەری لەسەر دەرکەوتنی سیاسیانەی تورکمان دەبێت کە بە رووداوی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٩ی کەرکوك ناسراوە. گرنگیی ئەم رووداوە بۆ تورکمان لەسەردەمی حیزبی بەعسدا بەرچاوە، لەبەرئەوەی فۆرم و شێوازی بەشێکی زۆری ئەو رێکخستنە سیاسیانەی دواتر دروستبوون تاراددەیەك کاریگەری ئەم رووداوەیان لەسەرماوە. بەشێکی زۆر لە تورکمانەکان ئێستاش ئەو رۆژە بە کوشتارگەی ١٤ی تەموز ناودەبەن و ساڵانە یادی دەکەنەوە.[2]

---

[1] رۆژی (١٩٥٨/٧/١٤) رژێمی فەرمانرەوایی لە عێراق بە کودەتایەك لە پاشاییەوە بۆ کۆماری گۆڕا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ليث حسن الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، ط٢، مكتبة اليقظة العربية، بغداد، ١٩٨١؛ صبحي عبدالحميد، اسرار ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، ط٢، دار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٩٤؛ عبدالخالق حسين، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ العراقية و عبدالكريم قاسم، ط١، دار الحصاد للنشر و التوزيع، دمشق، ٢٠٠٣.

[2] ينظر: ارشد الهرمزي، م.س، ص٧٢-٧٥.

خودی رووداوەکە پەیوەست بووە بە یادکردنەوەی شۆڕشی چواردەی تەموزی ساڵی ١٩٥٩. تورکمانەکانیش خۆپیشاندانیان بە مەبەستی یادکردنەوەی شۆڕش ئەنجامدا. ژمارەیەك لە تورکمانی کەرکوك کە دواتر ناویان هات و بوون بە بەشێك لە گرفتەکانی پاش رووداوەکان، وەك بزوتنەوەی تۆرانی "تورکگەرایی"[1] ناویان دێت.[2] ئەم بیرۆکەیە کاریگەریی بەسەر ژمارەیەك لە گەنجانی تورکمان هەبوو، تەنانەت نوسەرێك بەهۆکارێکی رووداوەکانی لەقەڵەمدەدا.[3] بنەمای ئەم بزوتنەوەیە، بریتیبوو لە خۆبەستنەوە بە نیشتمانی تورك، یان هەستی ناسیۆنالیستی تورکی. لەمیانەیدا واتە خۆبەستنەوە بە تورکیا کە دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی تورکیە. ئەوەی زیاتر برەوی بەم بیرۆکەیە دەدا کونسوڵیەتی تورکیا لە کەرکوك بوو. بەر لە رووداوەکانی ١٤ی تەموز ئەم بیرۆکەیە لای ژمارەیەك لە تورکمانی کەرکوك پەری دەسەند.[4]

جگە لەوە، رۆڵی نازم تەبەقچەلی[5] سەرۆکی فیرقەی دووی سوپا، کە عەرەبێکی بەغدادی بوو، باسی لێوەدەکرێ.[6] سەرجەم ئەو راپۆرتانەی ناوبراو بۆ سەرو خۆی بەر لە رووداوەکان ناردویەتی جۆرێك لە دژایەتی کوردی پێوە دیارە. دژی کردنەوەی مەعارفی کوردستان بووە لە کەرکوك، دژی سیمای کوردی بووە لە شاری کەرکوك، پێی وابوە پێویستە زمانی عەرەبی بکرێت بە بنەما لە شاری کەرکوك بۆ ئەوەی

---

[1] تورکگەرایی (تۆرانی): کۆمەڵەیەکی تۆرانچی بوو لە ساڵی ١٩٢٠ لە کەرکوك سەریهەڵدا. داوای گەڕانەوەی تورکی عوسمانییان بۆ کەرکوك دەکرد. زۆرێك لە تورکمانەکانی کەرکوك بەشداری ئەم ئەم کۆمەڵەیەیان کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، الثورة العراقية الكبرى، دار الكتب لبنان، ١٩٧٨، ص ٢٤٦-٢٤٧.

[2] پشکۆ حەمە تاهیر ئاغەلەری، شاری کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧-١٩٧٧، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٢٣.

[3] بڕوانە: جەمال نەبەز، بیرەوەریینامەی ئەو رۆژانەی جارەکی دی ناگەڕێنەوە، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٤١٦.

[4] یوسف گۆران، بیری ناسیۆنالیزمی تورکمانی، ئەکادیمیای هۆشیاری پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٣٣-٣٧.

[5] نازم کامل ئەفەندی تەبەقچەلی سەرۆکی فیرقەی دووی سوپای عێراق بووە. یەکێك بوو لە تۆمەتبارانی شۆڕشی شەواف لە ساڵی ١٩٥٩ و بە هەمان تۆمەت فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو. لە ساڵی ١٩٥٩ گولەباران کرا. بڕوانە: نوري عبدالحميد العاني، علاء جاسم الحربي، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري، ج٣، ط٢، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٥، ص ١٩٣-٢٠٥.

[6] بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە بروانە: پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری، س.پ، ل٩٢-١١٠.

تورکمان و کورد نارازی نەبن.[1] هەرچەندە تەبەقچەلی لەکاتی رووداوەکان لە فیرقەی دوو نەمابوو، بەلاّم ئەو رێکارانەی گرتنیە بەر کاریگەری نەرێنی لەسەر رەوتی رووداوەکانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩ هەبوو. تەنانەت بەشێك لە نوسەرانی تورکمانی نکۆڵی لە لایەنگیری ناوبراو ناکەن بۆ تورکمانی کەرکوك بەتایبەتی لەبابەتی پەیوەست بە جموجۆڵی کورد لە شارەکە. پێیان وایە نەمانی ئەو لە سەرۆکایەتی فیرقەی دوو هۆکار بووە بۆ زاڵبوونی زیاتر شوعی و کورد لە کەرکوك. بەتایبەتی نوسەرێك دەڵێت تورکمانی کەرکوك خۆشحاڵییان بۆ کودەتاکەی شەواف[2] لە موسڵ دەربڕی.[3] ئەمەش بەروونی دژایەتی بەشێك لە تورکمان بۆ کورد و شیوعیەکان لە کەرکوك دەردەخات، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا رای گشتی کورد و شیوعیەکان پشتگیری تەواو بوو لە حکومەتی قاسم و دژی کودەتاکە بوون.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، رۆژی ١٩٥٩/٧/١٤ خۆپیشاندان بەمەبەستی یادکردنەوەی شۆرش لە کەرکوك دەستی پێکرد. خۆپیشاندانێکی فەرمی کە زۆربەی بەشدارانی کورد بوون، تیایدا دروشم و وێنەی برایەتی و هاوبەشی کورد و عەرەب لە دەوڵەتی عێراقدا بەرزکرابۆوە.[4] لەبەرامبەردا بەشێك لە تورکمان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و وێنەی برایەتی تورکمان و عەرەبیان بەرزکردەوە، وەك وەلاّمێك بۆ کورد. لەکاتی نزیکبوونەوەی خۆپیشاندانەکان پێکدادان رویدا.[5] گێرانەوەی تورکمانەکان بەوجۆرەیە کە تەقە لە خۆپیشاندەران کراوە و تورکمان چەکیان پێنەبووە، واتە تورکمان تەقەیان نەکردوە. گێڕانەوەی کورد بەوجۆرەیە کە تەقە لە خۆپیشاندەران

---

[1] لەتیف فاتح فەرەج، رۆڵی رەگەزپەرستانەو تێکدەرانەی نازم تەبەقچەلی لە کەرکوك، گۆڤاری کەرکوك، ژ١، ساڵ٢، ٢٠٠٠، ل ٧٧-٨٢.

[2] کودەتای شەواف لە ساڵی ١٩٥٩ بە سەرکردایەتی عەبدولوەهاب شەواف لە موسڵ دەستی پێکرد بە مەبەستی روخاندنی دەسەلاّتی عبەدولکەریم قاسم. ئەم کودەتایە بە شکست کۆتایی پێهێنرا و سەرانی کودەتاکە لەسێدارە دران. بروانە: اوریل دان، م.س، ص ٢١٥-٢٣٢.

[3] صبحی ناظم توفیق، ایام مذبحة کرکوك کما عشتها، قارداشلق (KARDASLIK)، سنة١٥، ع ٥٧، ٢٠١٣، ص٥٧-٦٣.

[4] محمد فاتح، کەرکوك ١٩٥٩ "رووداوەکانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩"،چ١، رؤی للطباعة و النشر، هەولێر، ٢٠١٩، ل١١٠-١٢٠.

[5] چاوپێکەوتن لەگەڵ بێستوون عەلی کەریم عەزیز، سلێمانی، (٢٠١٩/٨/٢٥). لەساڵی ١٩٤٣ لەدایك بووە و لە ساڵی ١٩٥٦ هەتاوەکو ١٩٦٣ لە کەرکوك ژیاوە. ناوبراو شایەتحاڵی رۆژی خۆپیشاندانەکان بووە.

کراوە لە شوێنێکی نادیار و پاشان بارودۆخ ئاڵۆزی تێکەوتوە.[1] ئەوەی پەیوەستە بە تورکمانەکانەوە لەم بابەتەدا، لە دەرەنجامی ڕووداوەکان نزیکەی ٢٨ هاوڵاتی تورکمان دەکوژرێن. لەوەش زیاتر، هەتاوەکو نزیکەی سێ ڕۆژ پاش ڕووداوەکە ڕووداوەکانی کوشتنی تورکمانەکان بەردەوام دەبێت.[2] تەنانەت حاڵەتی هەڵواسینیش بینراوە.[3] زۆرینەی زۆری کوژراوەکانی تورکمان پاش ڕۆژی خۆپیشاندانەکان کوژراون.[4] گۆڤاری قارداشلقی یانەی برایەتی تورکمانی بەغداد ناو وێنەی سەرجەم قوربانیەکانی لە دووەمین ساڵیادی شۆڕشی ١٤ی تەمووز و ڕووداوەکاندا بلاۆکردۆتەوە. بەپێی وێنەکانی گۆڤاری قارداشلق ژمارەی قوربانیەکان ٢٤ هاولاّتیە.[5] هەرچەندە نوسەرێك (کە دەڵێت لەناو ڕووداوەکاندا بووە) ژمارەکە بە ٣١ هاولاّتی دادەنێت، و ناوی هەموویانی هێناوە. بەلاّم وەك دەردەکەوێت پاش ڕووداوەکە و خۆپیشاندانەکان ژمارەیەك تورکمان کوژراون.[6]

ڕووداوەکە لەسەر ئاستی کۆماری عێراقیش کاردانەوەی لێکەوتەوە. عەبدولکەریم قاسم پێنج ڕۆژ پاش ڕووداوەکە و لە ووتارێکدا کە کەنیسەی مار یوسف لە بەغداد بەبۆنەی یادکردنەوەی شۆڕشەوە ڕێکیخستبوو ڕایگەیاند کە "ئەوەی لەم دواییانەدا لە کەرکوك ڕوویدا زۆر بە توندی ئیدانە دەکەم...ئێمە هێزی ئەوەمان هەیە کە لە ڕەگەوە ئاژاوەچیەکان لەناوبەرین، بەلاّم من داوا لەوانە دەکەن کە هیچ سۆزێکیان لە

---

[1] بۆ زانیاری لەوبارەوە بڕوانە: فاشیست و کۆنەپەرست لە کەرکوك دورخەنەوە، هەفتەنامەی مەشخەڵی نەورۆز، ژ٥، سلێمانی، (١٩٥٩/٧/٣٠)، ل٥. لە ووتارەکەدا بەڕوونی بەشێك لە تورکمانەکانی بە "تۆرانی" ناوبردووە و پێی وایە کە هەر ئەو گروپە بوون هەمیشە هەوڵی نانەوەی ئاژاوە لە نێوان کورد و تورکمان دەدەن.

[2] Ferhat GÜNGÖR, ORTADOĞU DENKLEMİNDE IRAK TÜRKMENLERİ VE GELECEĞİ, Uluslararası Sosyal ve Eğitim Bilimleri Dergisi Cilt 1, Sayı 2( Aralık 2014), pp. 21-23.

[3] زاهد البياتي، ١٤ تموز و جروح الذاكرة التركمانية في مجزرة كركوك و ما تبعها من مجازر، مجلة الفنار، ع ٩٨، كركوك، ٢٠١٥، ص١٦؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ بێستون عەلی کریم.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ بێستون عەلی کەریم.

[5] بڕوانە: پاشکۆکانی ژمارە (٤، ٥، ٦)؛ مجله التحرير، ع ١٣٧-١٣٨-١٣٩، کرکوك، ٢٠١٧، ص٢-٣.

[6] بۆ زانیاری زیاتر و ناوی قوربانیەکان بڕوانە: صبحی ناظم توفيق، م.س، ع ٥٨، ٢٠١٣، ص٥٧-٦٣.

دڵ نەماوە، بگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاست."[1] هەر لەو ووتارەدا درێژەی پێدەدا و دەڵێت: "بە دڵنیاییەوە من سزای توندی هەموو ئەوانە دەدەم کە لە کەرکوک دەستدرێژییان بۆ سەر ئازادی گەل کردووە، بەڵام داواکاریم ئەوەیە کە پاش ئەم ڕۆژە لەیەکتری ببورن و ببن بە برای یەکتر."[2] هەرچەندە عەبدولکەریم قاسم ئیدانەی هێرشەکان دەکات و دڵنیایی لە سزاگەیاندنی تاوانباران دەدات، بەڵام کە دەڵێت داواکارم لە یەکتری ببورن وەك جۆرێك لە پشتگیری بۆ تۆڵەسەندنەوەکانی تورکمان لە کورد پاش ڕووداوەکە دەردەکەوێت. ئەو زمانەی قسەی پێکردووە، هیچ ئاماژەیەکی تیانیە کە ڕێگری بکات لە تۆڵە سەندنەوەی تورکمان، ئەمەش بۆخۆی وەك هاندانێك، یان جۆرێك لە چاوپۆشین بەرامبەر کارەکانی دواتری تورکمان دژ بە کورد دەرکەوت.

ژمارەیەك لە تورکمانەکان لە تۆڵەی ئەو ڕووداوەدا هەستان بە پەنهان کوشتنی ژمارەیەك کەسایەتی کورد و تا ساڵی ١٩٦٣ نزیکەی ٢٤ کەسیان کوشتەوە. لیژنەی پەنهانکوژی (ئیختیالات) پاش ڕووداوەکان دروستبوون. سوبحی ساعاتچی دەڵێت ژمارەیەك لە لاوی تورکمان دەستیان دایە چەك و "ئەوانەی پێویست بوو بکوژرێن، کوشتنیان" و بەم شێوەیە تۆڵەی خۆیانیان کردەوە.[3] لەوەش زیاتر، یەکێك لەو تورکمانانەی کە شاهیدی ڕووداوەکان بووە بە جۆرێك لە شانازیەوە باس لە پرۆسەی تۆڵەسەندنەوەی بەشێك لە تورکمانەکان دەکات لە ژمارەیەك کوردی شاری کەرکوک کە ئەو پێی وایە بەشدار بوون لە پرۆسەی کوشتارەکەدا و خۆیان لە ناو کەرکوک حەشاردا بوو.[4]

سەرەرای ئەوەش حکومەت ژمارەیەك هاوڵاتی کەرکوکی بەتۆمەتی تێوەگلان لە ڕووداوەکە دەستگیر کرد و لەساڵی ١٩٦٣ حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو.[5] بەهەمان شێوەی کوژراوەکانی تورکمان لەهەمان شوێنەکانی ئەوان هەڵواسرانەوە.

---

[1] بڕوانە: خطاب عبدالكريم قاسم في حفلة الدعاء و الصلوات للطوائف المسيحية الكاثوليكية في (١٩٥٩/٧/١٩)، في ماجد شبر، خطب عبدالكريم قاسم، ط١، دار الوراق للنشر، لندن، ٢٠٠٧، ص ٢٣١-٢٣٥.

[2] ن.م، ص ٢٣٥.

[3] الكيان التركماني في العراق، م.س، ص٢٠٨-٢٠٩.

[4] ينظر: صبحي ناظم توفيق، م.س، ع ٥٨ و ع٥٩، ٢٠١٣، ص٥٧-٦٣.

[5] الاخاء، ع ٣، سنة ٣، بغداد، ١٩٦٣، ص١.

پاش ئەو ڕووداوانە، گوتاری سیاسی تورکمانی بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەیەکی پێچەوانەی بەرامبەر بە داواکاریەکانی کورد وەرگرت و ڕووداوەکانی ١٤ی تەموز یەکەمین دەسپێکی ناتەبایی سیاسی کورد و تورکمان بوو سەبارەت بە مەسەلەی کەرکوك و سنوری باشوری کوردستان و سەرجەم داواکاریەکانی کورد لە عێراقی سەردەمی حیزبی بەعس.[١]

پەیوەندیەکانی کورد و حکومەتی عێراق لە سەرەتای شەستەکانەوە گرفتی تێکەوت. کورد لە ناو شاری کەرکوك لەلایەن حکومەت و ئەو بەشەی تورکمان کە کاری تۆڵە سەندنەوەیان ئەنجامدەدا، دووچاری ڕاوەدونان بوونەوە. ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر لاوازبوونی پێگەی کورد لەناو شاری کەرکوك هەبوو. بەپێچەوانەی کورد، تورکمان بەشێوەیەکی گشتی نزیك بوونەوە لە دەوڵەتی عێراقی و ژمارەیەکیان چوونە بەغداد و یانەی کلتورییان دروستکرد. یانەی برایەتی تورکمان نمونەیەك بوو لەو ناوەندە کولتوریانەی تورکمان کە پاش ڕووداوەکان دروستبوو. تاکە بڵاوکراوەی یانەکە گۆڤاری قارداشلەق (الاخاء– برایەتی) بوو، کە بە زمانی عەرەبی و تورکمانی دەردەچوو. ئەم بڵاوکراوەیە بە تەواوی پشگیری لە دەستەڵاتی سیاسی عێراق دەکرد. بۆ نمونە ڕووداوەکانی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٩ بە ئاشکرا کورد بە "جوداخواز" ناو دەبرد. ووتاری دەستپێکی ژمارە سێی ساڵی ١٩٦٣ سەبارەت بە دەرچوونی حوکمی لەسێدارەدانی تۆمەتبارانی دۆسیێ ڕووداوەکانی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٩ دەڵێت "ئەو هەڵوێستە یەکلاکەرەوەیەی کە حکومەتەکەمان لە دژی تاوانبارە جوداخوازەکانی کە دەیانەوێت نیشتمانەکان دابەش بکەن گرتیە بەر، دەنگدانەوەیەکی بەهێزی لە دڵی سەرجەم هاوڵاتیانمادا هەبوو. بە دڵنیاییەوە جوداخوازەکان و حیزبە بەکرێگیراوەکەیان سزای شایستە وەردەگرن بەرامبەر بە تاوانەکانیان دژی نیشتمانی ئازیزمان."[٢] ئەم بەیاننامەیە بەڕوونی دژایەتی شۆڕشی کوردی تیادا دەردەکەوێت و بە خیانەتکار لە نیشتمان لەقەڵەمیان دەدا. ئەم تێڕوانینەی ئەم بەشەی تورکمان دەربارەی شۆڕشی کورد بۆ ڕێکخراوی سیاسی دژ بە کورد نەگۆڕا.

سەرەڕای ئەوەی باسکرا، تورکمان بە ئاراستەی تر دەستیان بە جموجۆڵی ناوچەیی بەرتەسك کرد. دەستپێکی ئەو هەوڵانەش بە کردنەوەی یانەی کلتوری

---

[١] ئەم پرسانە بابەتی سەرەکی بەشی دووەمی ئەم تێزە دەبن.
[٢] الاخاء، ع ٣، سنة ٣، بغداد، ١٩٦٣، ص١.

دەبێت. لەساڵی ١٩٦٨ و بەتایبەتی لەسەرەتاکانی ئەو ساڵەدا، بە ماوەیەکی کەم بەرلە هاتنی حیزبی بەعس بۆ سەر حوکم، ژمارەیەك رۆشنبیری (نوخبەی خوێنەوار) شاری کەرکوك کە پێکهاتبوون لە پزیشك و ئەندازیار و مامۆستاو ئەدیب هەستان بە پێشکەشکردنی داواکارییەك بەمەبەستی کردنەوەی یانەیەکی کولتوری لەسەر شێوازی یانەی برایەتی تورکمان لە بەغداد، بەناوی "یانەی رۆشنبیری کەرکوك".[1] لە بەرنامەی پێشنیارکراوی یانەکەدا پێناسەی کاری یانەکەیان کردبوو بەوەی کە یانەیەکی رۆشنبیری گشتییە و گرنگی دەدات بە بوژاندنەوەی لایەنی رۆشنبیری و کولتوری و هەروەها دەرچواندنی ژمارەیەك گۆڤار و بڵاوکراوەی رۆشنبیری بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیانی تورکمان. بەڵام لەگەڵ هاتنەسەر کاری دەستەڵاتی حیزبی بەعسدا، داواکارییەکە بەتەواوی رەدکرایەوە و رێگە بە کردنەوەی یانە رۆشنبیریەکە نەدرا،[2] بە بیانوی رووننەبوونی مەبەست و ئامانجی کاری رێکخراوەکە.[3] هەرچەندە داواکارانی ئەو یانەیە لە دادگای تێهەڵچوونەوە تانەیان لە بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆی عێراقدا، بەڵام تانەدانەکە بێسود بوو. سەبارەت بەوداواکاریانە، سوبحی ساعاتچی نوسیویەتی کە یاداشتەکە لە ١٩٧٠/١٠/٥ پێشکەش بە دەستەڵاتدارانی بەغداد کراوە و ژمارەیەك داواکاری تیادا بووە. لەو داواکارییانە وەك داننان بە نەتەوەی تورکمان وەك نەتەوەی سێیەم لە عێراق و پێدانی وەزارەتێك بە تورکمان و جێبەجێکردنی بریاری مافە کلتوریەکانی تورکمان کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دەریکردبوو.[4]

تورکمانەکانی هەولێر بەهەمان شێوەی کەرکوك لەو قۆناغەدا جوڵانەوەی سیاسی تایبەت بە خۆیان نەبووە و جگە لە چەند کۆبوونەوەیەکی کەم نەبێت بۆ باسکردنی رەوشی تورکمان لەوشارە، هیچ پارتێکی سیاسی بەدی ناکرێت. لە ساڵی ١٩٦٩ کۆمەڵێك لە تورکمانەکانی شاری هەولێر لە دیوەخانی حاجی خورشید حاجی عوسمان یونس و بە ئامادەبوونی سەنعان ئەحمەد ئاغا کۆدەبنەوە و لەسەر چەند

---

[1] ارشد هرمزی، الترکمان...، م.س، ص١١١.
[2] عزیز قادر الصمانجی، التاریخ ...، م.س، ص١٩٣-١٩٤.
[3] ارشد هرمزی، الترکمان...، م.س، ص١١٢.
[4] الکیان الترکمانی في العراق، م.س، ص٢٢٥-٢٢٦.

بریارێك ڕێكدەكەون بەمەبەستی ئامادەسازی بۆ قۆناغی داهاتووی ناوچەكە.[1] لەو كۆبوونەوەیەدا ڕێگری لە چەك هەڵگرتن و خەباتی چەكداری لەژێر هەر ناوێكی نەتەوەییدا بێت و بۆ لێدان لە نەتەوەكانی تر دەكەن،[2] لەبەرئەوەی پێیان وابوە كە تەنها گرفت و كێشەكان ئاڵۆزتر دەكات. هەڵنەگرتنی چەك و دەستپێنەكردنی خەباتی چەكداریان بۆ ئەوە گەراندووەتەوە كەوا ئەو ڕێگریە دروستكراوانە لەسەر ڕێگایان لابەرن كە ناهێڵن بەشداری و نوێنەرایەتی سیاسی ڕاستەقینەیان بكەن لە ئەنجومەنەكانی یاسادانان و جێبەجێكردندا لە عێراق، هەروەها بۆ ئەوەی بۆ دەستەڵاتی ناوەندی بسەلمێنن كە ئەوان بەشێكن لە گەلی عێراق و فەرمان لە دەرەوەی سنوور وەرناگرن. پێیان وابووە ناتوانن خەباتی سیاسی هاوشێوەی پارتە كوردیەكان دەستپێبكەن.[3]

هەندێك جار سروشتی چالاكیە سیاسیەكان دژ بە حكومەتی عێراقی لە شێوازی كاری خوێندكاریدا بووە. لە سەرەتای حەفتاكاندا ژمارەیەك لە خوێندكارە توركمانەكانی ناو زانكۆكانی عێراق چالاكی و كۆبوونەوەی نهێنیان ئەنجامدەدا. ئەسعەد ئەربیل لەو بارەوە دەڵێت كە ژمارەیەك لە خوێندكارانی توركمان لە زانكۆی سلێمانی چالاكی نهێنیان ئەنجامدەدا، بەڵام بۆ دروستبوونی پارت سیاسی نەگۆڕا. خوێندكارەكان هەڵدەستان بە هەڵواسینی بڵاوكراوەی دژ بە ڕژێم لە هەولێر و كەركوك و تەلەعفەر لە ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٣، بەشداربووانی ئەو چالاكیانە بەگشتی هەشت كەس بوون لەژێر سەرپەرشتی ڕەزا دەمیرچی چالاكیەكانیان ئەنجامدەدا. جۆرێكی تری چالاكیەكانیان خۆی دەبینیەوە لە كردنەوەی خولی نهێنی بۆ فێركردنی زمانی توركمانی بە نوسین بەپیتی لاتینی.[4]

سەرەرای ئەو ڕەوشە سیاسیەی سەرەوە، توركمان ژمارەیەك هەوڵ لە شێوەی گروپی ناوچەیی و ڕێكخراو و كۆبوونەوەی خوێندكاری بە نهێنی لە هەولێر و بەغداد دەخەنەروو. لە ساڵی ١٩٦٨ لە ڕێكخراوێكی سیاسی توركمانی سەرهەڵدەدا بەناوی "بزوتنەوەی توركمانی پێشكەوتوخواز". ئەو كەسایەتیانەی ڕۆڵی

---

[1] منشورات الاعلام المركزي للجبهة التركمانية العراقية، مواقف المسيرة السياسية، ع٤، اربيل، ٢٠٠٢، ص٥.

[2] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەسعەد شاكر ئەربیل.

[3] منشورات الاعلام المركزي للجبهة التركمانية العراقية، م.س، ص٦.

[4] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.

سەرەكییان لە دروستبوونیدا هەبوو بریتیبوون لە عەبدولەتیف بەندەر ئۆغلو، خەیرولاَ كازم داقوقلو[1]، لەگەڵ تاریق عەبدولباقی.[2] ئەم پارتە سیاسیە تەمەنی كورت بوو. پارتەكە بە مەبەستی بەشداریكردن لە بەرەی نەتەوەیی پێشكەوتوخواز پێكهێنرا كە ژمارەیەك پارتی سیاسی عێراقی لە خۆی گرتبوو، بەڵام بە زوویی هەڵوەشانەوە و پارتەكانیش پەرتەوازەبوون. بزوتنەوەی توركمانی پێشكەوتوخوازیش بە هەمان شێوە تەمەنی سیاسی كورتخایەن بوو.[3] ئەم پارتە تەنها ناوێكی سیاسیە لەو سەردەمەو هیچ چالاكیەكی سیاسی ئەنجامنەداوە.

لەبەرامبەر ئەو ژمارە هەوڵە تاكە كەسی و گروپە بچوكانەدا حكومەت ڕێوشوێنی توندی گرتوەتە بەر، بەتایبەتی ئەو جوڵانەوانەی كە زیاتر ڕەهەندێكی ناسیۆنالیستییان پێوەدیار بووە. پاش ئەوەی كە ژمارەیەك چالاكوانی توركمان هەوڵ دەدەن كە گردبوونەوەیەكی سیاسی دروستبكەن، لە ساڵی ١٩٧٠ هێزە ئەمنیەكانی ڕژێم هەستان بە ئەنجامدانی پرۆسەیەكی گرتن و ڕفاندن دژ بە تۆرێكی نهێنی كە بەپێی ڕاگەیاندنی حكومەت هەوڵی كۆدێتایان دژی دەوڵەت داوە، تیایاندا ژمارەیەك كەسایەتی توركمان هەبوون لەوانە نزامەدین عارف[4] و ئەفسەر نەجدەت عەسكەر مەحمود كە هەردووكیان لە سێدارەدران.[5] ئەم پرۆسەیە هەتاوەكو ساڵی ١٩٧٣ بەردەوام بوو. حكومەتی عێراقی بەبیانوی دامەزراندنی پارتێكی سیاسی دژ بە دەوڵەت بەشێك لە كەسە دیارەكانی یانەی برایەتی توركمانی دەستگیر كرد و ژمارەیەكیشی لەسێدارەدا، كە هەندێك سەرچاوە بە ٢٦ كەس ئەژماری دەكەن.[6] ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە توركمانەكان لەو سەردەمەدا بە تەواوی نە دژ بە

---

[1] خەیرولاَ كازم داقوقلو لە شاری داقوق لە ساڵی ١٩٢٨ لە دایك بووە. خوێندنی پیشەسازی سەربازی تەواوكردوە. وەك نوسەر لە گۆڤاری یورد كاری كردوە. لە ساڵی ١٩٨١ لە بەغداد كۆچی دوایی كردوە. بروانە: صباح عبدالله كركوكلی، موسوعە اعلام...، م.س، ص ٣٥٠.

[2] صلاح الدین ناجی اوغلو، طوزخورماتو ...، م.س، ص٧٨-٧٩.

[3] صباح عبدالله كركوكلی، اعلام الصحافة...، م.س، ص١٥٥.

[4] نیزامەدین عارف عەلی بەیرەقدار لە كەركوك لە ساڵی ١٩٢٧ لە دایك بووە. كۆلێژی كشتوكاڵی خوێندوە و خاوەنی بڕوانامەی دكتۆرا بوە لە كشتوكاڵدا. لە ساڵی ١٩٧٠ لە سێدارە دراوە. بروانە: صباح عبداللة كركوكلی، موسوعة اعلام...، م.س، ص ٣٤٦-٣٤٧.

[5] ارشد هرمزی، التركمان...، م.س، ص١١٣.

[6] محمود الشناوی، العراق التائه بین الطائفیة و القومیة،ط١، هلا للنشر و التوزیع، قاهرة، ٢٠١٢، ص١٧٠.

سیستم بوون نە بەتەواوی لەگەڵ رژێم بوون، هەروەها حکومەت لەو کاتەدا دڵنیا نەبوو لە نیەتی بێلایەنانەی تورکمان، لەبەرئەوە هەمیشە لەهەر جوڵانەوەیەك و گردبوونەوەیەکی تورکمانی گومانی دروستدەکرد.[١]

لە کۆتایی حەفتاکاندا بیری ناسیۆنالیستی لای تورکمان سەرهەڵدەدات و نزیکدەبێت لەوەی بگۆڕێت بۆ شێوازێك لە گردبوونەوەی سیاسی بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق لە بنەرەتەوە سەرجەم هەوڵەکان شکستپێدێنن. دەسەڵاتدارانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٩دا هەستان بە دەستگیرکردنی هەریەکە لە روشدی رەشاد سالحی، عەبدوڵا عەبدولڕەحمان، دکتور رەزا دەمیرجی[٢]، دکتۆر نەجدەت قوجاق، لەگەڵ عادل شەریف،[٣] کە تاوەکو رۆژێك بەر لە لەسێدارەدانیان لە ١٩٨٠/١/١٦ چارەنوسیان نادیار بوو.[٤] دکتۆر رەزا دەمیرچی بەر لە وادەی لە سێدارەدانیان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپارد بوو، لەبەرئەوە رژێم هیچ بەیانێکی فەرمی لەبارەی چارەنوسیەوە رانەگەیاند و بە نهێنی مایەوە هەتاوەکو پاش روخانی رژێم لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەرکەوت کە رژێم بە نهێنی لە گۆرستانێکی نزیك بەغداد بەخاکی سپاردبوو.[٥] دەستگیرکراوەکان لە کەسانی دیاری تورکمان بوون، رژێمی عێراق ترسی هەبووە کە ببنە کاکڵەی رێکخستنێکی سیاسی نهێنی تورکمانی لەبەرئەوە هەستاوە بە لەناوبردنیان. لەبەرئەوەی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٤دا ژمارەیەك لە چالاکانی تورکمان لەشاری بەغداد بە نیازبوون گردبوونەوەیەکی سیاسی دروست بکەن. هەریەکە لە دکتۆر رەزا دەمیرچی و عادل شەریف و محمد عزەت خەتات و چەند کەسایەتیەکی تر لە هەوڵدابوون بۆ سەرپێخستنی رێکخراوەکە، بەڵام لەلایەن رژێمەوە دەستگیرکران و ژمارەیەکیان لەسێدارە دران.[٦]

---

[١] محمود الشناوي، م.س، ص١٧٠-١٧١.

[٢] رەزا دەمیرجی لە ساڵی ١٩٢٦ لە کەرکوك لە دایك بووە. کۆلێژی کشتوکاڵی تەواو کردووە. بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەستەنبول هێناوە و لە ساڵی ١٩٦١ بۆ عێراق گەڕاوەتەوە.لە ساڵی ١٩٧١بۆ ١٩٧٦ لە گۆڤاری قارداشلق کاریکردووە. ساڵی ١٩٧٩ دەستگیر دەکرێت و لە زیندان کۆتایی بە ژیانی دێت. بڕوانە: ولید شرکە، م.س، ص ٨-٩.

[٣] صبحی ساعتجی، کیان الترکماني...، م.س، ص٢٤١-٢٤٢.

[٤] ولید شرکة، م.س، ص٧.

[٥] صبحی ساعتجی، کیان الترکمان...، م.س، ص٢٤٢.

[٦] ولید شرکة، م.س، ص٩-١٠.

لە ساڵی ١٩٨٠ لە ناو شاری کەرکوك ژمارەیەك لە چالاکانی تورکمان بە نهێنی ڕێکخراوێکی تورکمانی بەناوی "تورکمن قورتولوش اوردوسو" سوپای ڕزگاری تورکمان دروستدەکەن. لە کەسایەتیە دیارەکانی ناو ئەم ڕێکخراوە نهێنیە روشدی ڕەشاد موختار، عیزەدین جەلیل، لەگەڵ محەمەد ئیبراهیم قورقەماز بوون. روشدی ڕەشاد وەك سەرۆك لە ڕێکخراوەکە ناوی هاتووە. کارەکانیان خۆی دەبینیەوە لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە دژی حکومەت، و هەوڵدان بۆ دروستکردنی یەکەی چەکداری، بەڵام هەر زوو ڕژێم لە ڕێگەی هەواڵگرەکانیەوە شوێنپێی ڕێکخراوەکەی هەڵگرت و سەرجەم کەسە دیارەکانی دەستگیر کران و پاشان لە هەمان ساڵدا سێدارە دران.[1]

پاش ئەوەی سەرکردەکانی ئەم جوڵانەوەیە دەستگیرکران، لە دادگایی سەربازی ڕژێم دادگایی کران و ژمارەیەکیان فەرمانی لەسێدارەدان و ژمارەیەکیشیان زیندانییان بەسەردا سەپێنرا. لە ١٩٨٠/٦/٣٠ سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش بریاری لە سێدارەدانی بۆ هەر یەکە لە روشدی ڕەشاد و موحسن مەلا حەسەن و محەمەد قورقەماز و چەند کەسایەتیەکی تر دەرکرد. ژمارەیەکیشیان وەك موحسین حوسین ئەحمەد و سەلاح عەلی عەباس کە ئەندامی نهێنی ڕێکخراوەکە بوون فەرمانی زیندانی کردنیان بەسەردا سەپێنرا.[2]

سەرەڕای ئەو ڕێگریانەی باسکران، دەرکەوتنی بزاوتی سیاسی تورکمانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیست. ڕێکخراوی دیموکراتییە نیشتمانییەکانی تورکمان کە لە سوریا دروستبووە، ئەکرێت وەك یەکەمین جوڵانەوەی سیاسی تورکمان لەقەڵەم بدرێت، ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٧٧ پێکهات.[3] سەرەڕای ئەوە، بۆچوونێکی تر هەیە پێی وایە ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٨٠ بەسەرکردایەتی عیزەدین قوجاوا دروستبووە و بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم سەمین ئەمین، لەدایکبووی کەرکوك ١٩٧١. جێگری سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمانی و ئەندامی شورای بەرەی تورکمانی و سەرۆکی فەرمانگەی سیاسی بەرەی تورکمانی پێشتر. ٢٠٢٠/٢/١٥، هەولێر.

[2] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢٢)،فەرمانی لەسێدارەدانی ژمارەیەك چالاکی سیاسی تورکمان ١٩٨٠

[3] محمد فاتح، حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان ١٩١٠-٢٠١٠، رؤى للطباعة و النشر، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٤٨.

کاری سیاسی بەردەوام بووە.[1] کەسایەتیە دیارەکانی ناو ئەم جوڵانەوەیە هەر یەکە لە فازیل دامیرجی و محەمەد رەشید توزلو (کە لە رووداوەکانی ١٩٩٦/٨/٣١ لە هەولێر بێسەرو شوێن کرا) و محەمەد سەعید کەتانە و ئایدن بەیاتلی حەسەن ئوزمەن بوون. یەکێك لە کارەکانی بریتیبوو لە بەشداری کردن لە بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جوقد) پاشان لێی کشایەوە.[2] ژمارەیەك لە سەرکردەکانی ئەم حیزبە دواتر بوون بە کاکڵەی دروستبوونی پارتی نیشتمانی تورکمانی بەتایبەتی ئەوانەیان کەلە ئەنقەرە نیشتەجێبوون وەك ئایدن بەیاتلی، تەنانەت ئەم رێکخراوە بارەگای سەربازیشی لە ساڵی ١٩٨٢ لە ناوزەنگ کردەوە و لەساڵی ١٩٨٥ بە فەرمی سەرجەم کارەکانی وەستا.[3]

ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت لەو سەردەمەدا، تورکمانە شیعەکانی کەرکوك و دەوروبەری بەشێکیان لەناو رێکخستنی پارتە شیعیە عەرەبیەکاندا بوون، یان هەواداری ئەو پارتانە بوون وەك ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی و حیزبی دەعوە، کە هەردووکیان دوو پارتی عێراقی عەرەبی شیعە بوون. لایەنگیری تورکمانەکان سەرجەمی بە نهێنی بووە، حیزبی بەعس جگە لەوەی رێگری لە دروستکردنی حیزب کردووە، تەنانەت حوسەینیەکانیشی تێکداون یان سوتاندوون.[4]

هادی حەسن علیوی "پارتی نیشتمانی تورکمانی عێراقی" بە یەکەمین پارتی تورکمانی دادەنێت کە لە ساڵی ١٩٨٨ لە دەرەوەی عێراق دروستبووە.[5] ئەم پارتە جوڵانەوەیەکی ناسیۆنالیستیە کار بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی پەرلەمانی دیموکراتی لە عێراق دەکات. یەکەمین پێکهاتەی سیاسیە کە خەباتی لە دژی رژێمی بەعس بەرپا

---

[1] جتين البزركان، رياض صاري كهيه : في حوار خاص عن بداية ظهور الحركات التركمانية المسلحة المعارضة للنظام السابق: (٢٠٢٠/٢/٢٠)http://turkmentribune.com/Article5/A195.htm

[2] عزيز قادر الصمانجي، التاريخ السياسي ...، م.س، ص٢٠٦.

[3] حسن اوزمن، التركمان في العراق و حقوق الانسان، ط٢، بدون مكان الطبع، انقرة، ٢٠٠٤، ص١٢٤.

[4] گفتوگۆ لەگەڵ نەجات حوسێن حەسەن عەلی، لەدایکبووی ساڵی ١٩٦١ کەرکوك. لە تورکمانی شیعەی کەرکوك و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ساڵی ٢٠٠٥، (٢٠١٩/٨/٢٦)، کەرکوك.

[5] احزاب المعارضة السياسية في العراق ١٩٦٨-٢٠٠٣، بغداد، بدون سنة الطبع، ص١٠١-١٠٢.

کردبێت. بەشدارییان کردووە لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق.[١] لە سەرکردە دیارەکانی ئەم پارتە بریتین لە (موزەفەر ئەرسلان, ریاز صاری کهیە, ئایدین بیاتلی و زیاد کوبرلو).[٢]

ئەوپارتانەی لە سەرەوە ئاماژەی بۆکرا هەتاوەکو پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١ چالاکیی سیاسییان بەشێوەیەکی رێکخراو نابینرێت، بەڵام تورکمانەکان وەك هاوڵاتی تاراددەیەك بەشدارییان لە راپەریندا کرد. لەکاتی راپەریندا ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت شێوازی بەشداری کردنی تورکمانە لەو رووداوەدا. تورکمانەکان لە سەروبەندی راپەرینی ئازاری ١٩٩١دا زۆرینەیان لەناو کەرکوك مانەوە جگە لە هەندێك کە سەر بە رژێمی بەعس بوون و لە ترسان شارەکەیان چۆڵکرد. بەشێوەیەکی گشتی جەماوەری تورکمان خۆشحاڵ بوون بە ئازادکردنی شاری کەرکوك لەلایەن پێشمەرگەوە.[٣] ژمارەیەك لە تورکمانەکانی هەولێر بەشداریی راپەرینینان کرد وەك هەولی تاکەکسی و تەنانەت سەردانی کەرکوکیشیان کردبوو ئەو کاتەی کە ئازادکرابوو.[٤] لەبەرئەوە، پاش گەرانەوەی حکومەتی بەعس ژمارەیەکی بەرچاو لە تورکمانەکان کەوتنە بەر هێرشی تۆڵەی بەعس و سزادران.[٥]

پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١ سوپای عێراق لە شارۆچکەی ئاڵتون کۆپری هەستا بە دەستگیرکردنی ژمارەیەك لە دانیشتوانی شارۆچکەکە. دوای ئەوەی لە ١٩٩١/٣/٢٧ شاری ئاڵتون کۆپری لەلایەن پێشمەرگەوە چۆڵدەکرێت، هێزەکانی سوپای عێراقی بۆ رۆژی دواتر هێرشێکی بەربلاو دەکەنە سەر شارەکە. سوپاکە لە ژمارەیەك تانك و زرێپۆشی سەربازی بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی عێراقی پێکهاتبوون. سەرکردایەتی ئەو هێرشە بە رائیدێکی هەواڵگری بەناوی سوفیان موستەفا ئەسعەد سپێردرابوو. بە بیانووی گەران بە دوای ئەو کەسانەی کە هەستاون بە راپەرینی چەکدرای لە دژی حکومەت، هێزە سەربازیەکە نزیکەی ٧٨ کەسیان دەستگیرکرد. لە میانەی دەستگیرکردندا ژمارەیەك هاوڵاتیان بێ دادگایی

---

[١] حسن علیوی، م.س، ص١٠٢.

[2] http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=99949 (10/2/2019)

[٣] محمد شاکەلی، کورد و تورکمان، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦، لا٦٨-٦٩.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئایدن مەعروف، لەدایکبووی شاری هەولێر، ساڵی ١٩٧٠ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی، ٢٠١٧/٨/١٥ هەولێر.

[٥] محمد شاکەلی، س.پ، ل٦٩.

کردن گولەباران کرد. دوو هاولاّتی بەناوەکانی ئەتیلا ناصح بکر و جەنگیز ناصح بکر کە هەردووکیان برا بوون، پاش دەستگیرکردنیان راستەوخۆ گولەباران کران.[1] بەشێك لەوانە نەتەوەی تورکمان بوون لە سێدارە دران، ژمارەیەکیان تەمەنیان لەخوار هەژدە سالاّنەوە بوو. سەرچاوە تورکمانەکان ژمارەکە بە سەد کەس دەخەملێنن.[2] پاش ئەوەی کە سوپای عێراق دێنە ناو شارۆچکەکە لە گەرەکی سەدام (حی صدام) لە بەرەبەیانی رۆژی ١٩٩١/٣/٢٨[3]، کۆمەڵێك لە خەڵکی مەدەنی کۆدەکەنەوە و پێیان رادەگەیەنن کە تەنها بۆ ماوەیەك رایاندەگران و دواتر ئازادیان دەکەن، بەلاّم، پاش کەمێك سەربازەکان کۆمەڵێك چەك دەهێنن و وای رادەگەیەنن کە چەکی ئەو هاولاتیانەن و دژی رژێم بەکاریانهێناون. لەدەرەنجامدا، بێ دادگاییکردن سەرجەمیان دەکوژن.[4]

پرۆسەی لەناوبردنی دەستگیرکراوانی تری ئاڵتون کۆپری لە رۆژی دواتر لە ناوچەی دبس لە بارەگای فیرقەی دوو ئەنجامدرا. پاش ئەوەی سەرجەم هاولاّتیە دەستگیرکراوەکان دابەشدەکەن بۆسەر چەند گروپێك بە مەبەستی کارئاسانی گولەباران کردنیان، دەست و چاویان دەبەستنەوە و بێ دادگایی کردن سەرجەمیان گولەباران دەکەن و پاشان سەرجەمیان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا دەنێژن.[5]

---

[1] سعدون نورالدين كوبرلو، مجزرة التون كوبري الرهيبة، كركوك، ٢٠١٥، ص١٨.

[2] اوميد كوبرللو، الذكرى (٢٦) للمجزرة التون كوبرو الرهيبة، مجلة اربيل، ع٢٣، ٢٠١٧، ص٣.

[3] سعدون نورالدين كوبرلو، مجزرة...، م.س، ص ٢٠.

[4] سعدون نورالدين كوبرلو، في ذكرى مجزرة ألتون كوبرو الاليمة، مجلة اربيل، ع٢٣، ٢٠١٧، ص٥.

[5] ن.م، ص٢٣-٢٧.

## تەوەری دووەم/ پارتە سیاسیە تورکمانیەکان ١٩٩٢ هەتاوەکو پرۆسەی ئازادی عێراق ٢٠٠٣

پاش سەرنەکەوتنی گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراقی و هەروەها پاش دەرچوونی بریاری دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین بۆ هەر سێ پارێزگاکەی باشوری کوردستان کە دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو پارێزگایانە دروستبوون پاش هەڵبژاردنی پەرلەمان. ئەم بارودۆخە نوێیە کەشێکی گونجاوی هێنایەکایەوە بۆ دروستبوونی پارتی سیاسی نوێ لە ناوچەکە.[1] مێژووی جولانەوەی سیاسی تورکمان لە باشوری کوردستان لە پاش دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا دەردەکەوێت. ژمارەیەکی بەرچاو لە پارتە تورکمانیەکان لە باشوری کوردستان و بەتایبەتی لە هەولێر و دەوروبەری دروستبوون، چ وەك حیزب بە سەربەخۆیی بێت یان لەناو بەرەی تورکمانی بێت بە بەردەوامی لە هەرێمی کوردستان چالاکیی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەلأیەتیان ئەنجامداوە، هەتاوەکو کۆتایی هاتنی رژێمی حیزبی بەعس لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، کە بەرەی تورکمانی بارەگای گواستەوە بۆ شاری کەرکوك و قۆناغێکی نوێ لە جولانەوەی سیاسی تورکمان دەستی پێکرد. هەروەك دواتر لەم تەوەرەدا باسی لێ دەکرێت.

ساڵی ١٩٩١ پاش راپەرین بە ساڵی دروستبوونی پارتی سیاسی تورکمانی دادەنرێت. زۆرینەی هەرە زۆری پارتە تورکمانیەکان لەو ساڵەدا دەستیان بە چالاکی و دامەزراندن کردووە. سێ ئاراستەی جیاواز لە پارتی سیاسی تورکمانی بەدی دەکرێت. ئاراستەی یەکەم پارتە ناسیۆنالیستە تورکمانیەکان کە زۆرینەی ئاراستەی سیاسی تورکمان لەسەر ئەم شێوازە دروستبوون و خاڵی گرنگی پێدانی ئەم توێژینەوەیەش دەبێت. ئاراستەی دووەم، پارتە سیاسیە شیعیەکان کە زیاتر لەناو پارتە سیاسیە عێراقیە شیعەکاندا خۆیان بینیوەتەوە. دوایین ئاراستە بریتیە لە ئەو پارتە سیاسیانەی کە هەمان بۆچون و بیرکردنەوەی پارتی کوردستانیان هەیە.

بەشێکی پێکهاتەی تورکمانەکان شیعە مەزهەبن و ئەمەش رۆڵی لە دەرکەوتنیان لەناو رێکخراوە سیاسیە شیعەکاندا هەبووە بۆ نمونە یەکێتی ئیسلامی تورکمانی عێراق وەك پارتێکی ئیسلامی شیعە لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩١ دروستبوو، کە

---

[1] لەوبارەیەوە بڕوانە پێگەی فەرمی پەرلەمانی کوردستان:
https://www.parliament.krd/about-parliament/history-of-parliament/ (25/11/2020)

زیاتر سەر بە حیزبی دەعوەی عێراقی بوون. عەباس بەیاتی و جاسم محەمەد جەعفەر و نەشئەت ئەحمەد لە دامەزرێنەرانی حیزب دەژمێردرێن. ئەم پارتە سەرجەم چالاکیەکانی لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبی دەعوەدا ئەنجامداوە.[١] عەباس بەیاتی سەرەتا ئەندامی ئەنجومەنی گشتی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی بوو، دواتر بوو بە ئەندامی حیزبی دەعوە.[٢] بارەگای لە ئێران و هەروەها لە سوریاش هەبووە. لە ئێران لە شارەکانی وەك شیراز و قوم و ئەسفەهان نوێنەرایەتی کردەوە و هەروەها لە هەولێریش بارەگای هەبوو.[٣] هەفتەنامەیەکی سیاسی بەناوی (الدلیل) بە زمانەکانی تورکمانی و عەرەبی دەردەکرد، لەگەڵ گۆڤارێك تایبەت بە خانمان بەناوی "ژنی موسڵمانی تورکمان" و رۆژنامەیەکیش بەناوی (سیدة النساء).[٤]

یەکێتی ئیسلامی تورکمانی چالاکیەکانی لە ناو کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی هەر لە ساڵی ١٩٩١ەوە بە دیارکەوتوە. لە کۆنگرەی سەلاحەدین کە رێژەی ٦٪ کورسی بەشداربووان درا بە تورکمانەکان، نیوەی بەر ئەم پارتە کەوت، نیوەکەی تری درا بە پارتی نیشتمانی تورکمانی. تێڕوانینیان دەربارەی عێراق بریتیبوو لە یەکێتی خاکی عێراق و پاراستنی سەروەری عێراق. بەڵام دەربارەی کەرکوك بۆچوونی تایبەتیی خۆیان هەبوو، پێیان وابوو کە دەبێت کەرکوك ببێت بە هەرێمێکی سەربەخۆ و جیا لە دەستوەردانی هەر هەرێمێکی تر.[٥]

بزوتنەوەی ئیسلامی تورکمانی عێراق کە پارتێکی تری ئیسلامی تورکمانی بوو، بە سەرکردایەتی سامی دۆنمەز لە ساڵی ١٩٩٧ دروستبوو. سەرکردایەتی حیزبەکە دروستبوونی ئەم پارتە بۆ مێژوویەکی دورتر دەگێڕنەوە. سامی دۆنمەز لەوبارەوە دەڵێت کەوا ساڵی ١٩٨٠ بە نهێنی پارتەکە دروستبوو، بەڵام لەبەرئەوەی سەرکردەکانی لەلایەن رژێمەوە لەناوبران راگەیاندنی حیزبەکە دواکەوت. دامەزرێنەرانی پارتەکە بریتین لە هەریەکە لە شێخ مەهدی ئیبراهیم کە بە یەکەمین سەرۆکی پارتەکە دادەنرێت، هەروەها عەلی وەهاب ئەحمد، عەلی باقی و حەسەن

---

1 http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=99949 (19/2/2019).

٢ محمود الشناوی، م.س، ص ١٣٠.

٣ عزیز قادر الصمانجی، تاریخ ....، م.س، ص ٢١١-٢١٢.

٤ محمود الشناوی، م.س، ص ١٣١.

٥ ن.م، ص١٣١.

عەلی.[١] بزوتنەوەی ئیسلامی تورکمان وەك پارتێکی سەربەخۆ و دیار پاش ساڵی ١٩٩٧ چالاکیەکانی دەردەکەون، ئەم پارتە جیاواز لە پارتە سیاسیە شیعیەکانی تر لەگەڵ دروستبوونیدا هەتاوەکو کۆتایی کۆنگرەی سێی بەرەی تورکمانی بەشێك بوو لە بەرەی تورکمانی و هەمان سیاسەتی بەرەی تورکمانی پەیڕەو دەکرد، لەبەرئەوە سەرجەم چالاکیەکانی لەناو بەرەی تورکمانی دەبینرێنەوە.[٢]

پارتە تورکمانیە کوردستانیەکان، یان ئەو پارتانەی کە هاوسۆزی سیاسەتی پارتە کوردیەکان مێژووی دروستبوونیان بۆ پاش راپەڕین دەگەڕێتەوە. پارتی یەکێتی و برایەتی تورکمان لە ساڵی ١٩٩١ دروستبوو. ئەم پارتە لەلایەن هەر یەکە لە نەجمەدین سنەوبەر و وەلید شەریکەوە دامەزرا و پاش ماوەیەك لێکهەڵوەشا. پاشان لە مانگی مایسی ١٩٩٢ وەلید شەریکە حیزبێکی نوێی دروستکرد و ناوی نا پارتی برایەتی تورکمانی و خۆی بە سەرۆکی پارتەکە دیاریکرا. ئەم پارتە سیاسەتی هاوسۆزی و نزیکایەتی لەگەڵ پارتە کوردیەکان و پرسی کورد پەیرەو دەکات.[٣]
پارتی یەکێتی تورکمان کە لەلایەن ئەحمەد کونەش دامەزرا و لە هەولێر لە ساڵی ١٩٩١ بارەگای کردەوە. پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٤دا کە ریاز ساری کەهیە دەستیگرت بەسەر پارتی یەکێتی تورکمانی، ژمارەیەك سەرکردەی ناو پارتەکە جیابوونەوە پارتی یەکێتی تورکمانی عێراقییان دامەزراند، بەسەرکردایەتی سەیفەدین دەمیرچی.[٤] بەهەمان شێوەی پارتەکەی وەلید شەریکە، پارتی یەکێتی تورکمانی نزیکایەتی سیاسی لەگەڵ پارتە کوردیەکان و پرسی کورد هەیە.

پارتەکانی تری تورکمان دەتوانرێت وەك پارتی ناسیۆنالیستی هەژمار بکرێن کە زۆرینەی پارتە سیاسیە تورکمانیەکان پێکدەهێنن. مێژووی دروستبوونیان دەیەیەك لە مێژووی دروستبوونی پارتەکانی تری تورکمان بەشێوەیەکی گشتی دێرینترە.[٥] بەشێوەیەکی گشتی سێ پارتی ناسیۆنالیستی لەناو پارتە تورکمانیەکاندا چالاکیی

---

[١] تورکمن ایلي، ع ٥٦٨، (٢٠٠٣/٦/١)، ص٢.
[2] http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=99949 (19/2/2019).
[٣] ولید شركة، م.س، ص٦-١٠.
[4] http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=99949 (19/2/2019).
[٥] لە تەوەری یەکەمدا سەرەتاکانی دروستبوونی پارتەکان ئاماژەی بۆ کراوە.

سیاسیان هەبووە ئەوانیش بریتین لە پارتی تورکمان ئیلی، پارتی نیشتمانی تورکمانی، لەگەڵ بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن.

پارتی تورکمان ئیلی لەناو هەناوی پارتی یەکێتی تورکمان دروستبوو. پارتی یەکێتی تورکمانی لە ساڵی ١٩٩٤ەوە ریاز ساری کەهیە دەستی بەسەردا گرت و بوو بە کەسی یەکەمی حیزب و هەوڵیدا کە ناوی پارتەکە بگۆڕێت. سەرەنجام ناوی پارتەکە لە ڕێکەوتی ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٦ بە حیزبی تورکمان ئیلی گۆڕا.[١] لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٩٤دا پێشنیاری گۆرینی ناوی حیزب کرا و زۆرینەی ئەندامان لەگەڵ ئەو بۆچوونە بوون لەوانە ریاز ساری کەهیە،[٢] بەلاّم ژمارەیەکیان گۆرینی ناویان پیّ باش نەبوو کە نێویاندا سەرۆکی پارت کە احمد کونەش بوو.[٣]

پارتی تورکمان ئیلی پاش ئەوەی لەگەڵ بەرەی تورکمانی گرفتی بۆ دروستبوو، بارەگای سەرەکییان گواستەوە بۆ دهۆك و کۆنگرەی دووەمیان لە ساڵی ١٩٩٦دا گرێدا. تورکمان ئیلی کۆمەڵێك گرفتی لەگەڵ بەرەی تورکمانی و بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن هەبوو، بە مەبەستی زیادکرنی هەژموونی سیاسی بەسەر دامەزراوەکانی بەرەدا.[٤] بارودۆخی ناکۆکی نێوان پارتەکانی تورکمانی بۆ روبەروبونەوەی چەکداری پەرەیسەند و زیانی گیانیشی لێکەوتەوە، کە ئەمەش نمونەیەکی نویّ بوو لە کار و پەیوەندی سیاسی نێوان پارتە تورکمانیەکان.[٥]

جگە لەوەش، پارتی تورکمان ئیلی پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە بارێکی ناجێگیردا بووە. ژمارەیەك لە بارەگاکانی ئەو پارتە لەلایەن ئاسایشەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت و دادەخرێن. بەرپرس و ئەندامانی بالأیان رۆژێك بەر لە رووداوەکە بارەگاکانیان چۆڵکردبوو. پاش ساڵی ٢٠٠٠ کە گرفتیان لەگەڵ پارتی بۆ دروستبوو، سەرکردایەتی حیزبەکە گۆران و ریاز ساری کەهیە وەك سەرۆکی پارتەکە نەما و کارکردنی سیاسیشی لەناو هەولێر لیّ قەدەغەکرا.

---

[١] نشوء المؤسسات الترکمانیة:
http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=99949(19/2/2019)

[٢] عزیز قادر الصمانجی، تاریخ...، م.س، ٢١٣.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سالار اربیل.

[٤] الصمانجی، التاریخ..، م.س، ص ٢١٤.

[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ یەشار ئالتی بەرماخ، لە دایکبووی هەولێر ساڵی ١٩٦١.ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، هەولێر، (٢٠١٩/١/٢٦).

هەورووەها بۆ ماوەیەکی کاتی دەستگیریش کرابوو.[1] کارەکانی حیزب درا بە سەیاح کورەچی وەك جێگری سەرۆك بە وەکالەت.[2] هەتاوەکو ٢٠٠٣ نەوزاد تەیمور سەرۆکی پارتەکە بوو. ساڵی ١٩٩٥ و پاش دروستبوونی بەرەی تورکمانی بوون بە بەشێك لە بەرەی تورکمانی.[3]

دووەمین پارتی ناسیۆنالیستی تورکمانی بریتیە لە **پارتی نیشتمانی تورکمانی**، هەرچەندە ناوەکەی "نیشتمانیە" بەڵام بە کرداریی یەکێك بووە لە پارتە نەتەوەییەکان. پارتی نیشتمانی تورکمانی یەکێکە لە دێرینترین پارتە تورکمانیەکان کە هەمان ناوی هەبووە و گۆڕانکاری تیادا نەکراوە. ڕاگەیاندنی فەرمی حیزب (پارتی نیشتمانی تورکمانی)، سەرەتای دروستبوونیان بۆ کۆتایی حەفتاکان و بە دیاریکراوی ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێنێتەوە. بیرۆکەی دامەزراندنی حیزب لە لایەن دکتۆر نەجدەت قوجاق خراوەتە ڕوو. بەڵام لە هەمان ساڵدا ناوبراو لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ دروستکردنی پارتی سیاسی لە دژی ڕژێم لەسێدارە دەدرێت.[4] ڕاگەیاندنی حیزبەکە دواکەوت بۆ ١٩٨٨/١١/١١. پاش ئەوە، بڕیاردرا کە حیزبەکە پێکبهێنرێت بەنهێنی بە سەرکردایەتی دکتۆر موزەفە ئەرسەلان.[5] پێکهێنەرانی پارتی نیشتمانی تورکمانی بریتیبوون لە موزەفەر ئەرسەلان، ریاز ساری کەهیە، زیاد کوبرلو، لەگەڵ ئایدن بەیاتلی. سەرەتای کۆبوونەوەکانیان لە ئەنقەرە بوو.[6] شوێنی کۆبونەوەکان لە نۆرینگەی دکتۆر ئایدن بەیاتلی بوو، لەبەرئەوەی تورکیا بۆ کردنەوەی بارەگا ڕێگەی نەدەدا و هاوکاری نەدەکردن.[7] دواتر بارودۆخی عێراق گۆڕانکاری بەسەردا هات و کێشەی کوەیت بۆ عێراق دروستبوو. حکومەتی عێراقی دووچاری شکستی گەورە بووەوە و ڕاپەڕین لە

---

[1] تورکمن ایلي، ع ٢٤٤، (٢٠٠٠/٣/٢٩)، ص١-٢.

[2] تورکمن ایلي، ع ٢٤٨، (٢٠٠٠/٤/١٢)، ص١.

[3] تورکمن ایلي، ع ٥٨٠، ص٢.

[4] باریش البیاتی، الحزب الوطنی الترکمانی العراقي مسیرة نضالیة مظفرة و عطاء دائم لا ینضب، ترکمن ایلي، ع١٣، (١٩٩٥/١١/١٥)، ص٣.

[5] ن.م، ص٣.

[6] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی ئۆزمەن سەرپەرشتیاری پارتی نیشتمانی تورکمانی، کوردستانی نوێ، ژ ١٣٢٧، (١٩٩٦/٦/٥)، ل ٣.

[7] لقاء مع ریاض صاری کهیة، رئیس حزب تورکمن ایلي:
http://turkmentribune.com/Articles/A534.pdf 9/7/2019.

کوردستان دەستی پێکرد.ئەو ڕووداوانە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی کە پارتەکە بگەڕێتەوە بۆ باشوری کوردستان و لەوێوە کاری سیاسی دەستپێبکات.

پاش راپەرین راستەوخۆ هەستان بە کردنەوەی بارەگای حیزب لە شاری شەقلاوە لە ساڵی ١٩٩١ و دواتر گواستیانەوە بۆ هەولێر هەتاوەکو روخانی رژێم لە ساڵی ٢٠٠٣.[١] پارتی نیشتمانی تورکمانی لە تورکیا دوو کۆنگرەی بەست، لە ساڵی ١٩٩١ و ساڵی ١٩٩٣ کە تیایدا گرفتی هاتنەوە بۆ ناو باشوری کوردستان گەلاڵە دەبێت. ژمارەیەك لە سەرکردەکانیان ئامادە نابن بێنەوە باشوری کوردستان، بەڵام بەشێکیان دێنەوە ناو کوردستان و لە هەولێر نیشتەجێ دەبن وەك ساری کەهیە (لەپاش ساڵی ١٩٩٣ ریاز ساری کەهیە دەچێتە ناو پارتی یەکێتی تورکمان) و موستەفا کەمال یایچەلی. ئەم گۆڕانکارییە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر دروستبوونی گرفت لە سەرۆکایەتی حیزبەکە دەبێت. موستەفا کەمال یایچەلی لەبەرئەوەی لە کوردستان دەبێت و زۆرینەی ئەندامانیان لە هەولێر دەبن، بەسەرۆکی پارتەکەی هەڵدەبژێرن و موزەفەر ئەرسەلان وەلادەنێن.[٢]

هۆکارەکانی لابردنی موزەفەر ئەرسەلان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی ناوبراو لە پارتە سیاسیە کوردیەکان، بەتایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. پارتی ناوبراو لەکاتی سەرکردایەتی موزەفەر ئەرسەلاندا هەوڵیدا بەشداری لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکات. لەوەش زیاتر، سەرکردایەتی ئەو پارتە هەوڵیاندا لەژێر هەیمەنەی سیاسەتی تورکیا بێنەدەرەوە. لەبەرئەوە حکومەتی تورکیا بیری کردەوە کە سەرکردایەتی حیزبەکە بگۆڕێت.[٣]

پارتی نیشتمانی تورکمانی کە بەشێك لە کەسایەتیەکانیان لە تورکیا دەبن، لە لایەن حکومەتی تورکیاوە دەستگیر دەکرێن و رێگری هاتنەوەیان بۆ باشوری کوردستان لێدەکرێت. تەنانەت ژماریەك لە سەرکردەکانیان وەك عەلی ئۆزمەن کشانەوەیان لە بەرەی تورکمانی رادەگەیەنن و داوادەکەن پارتی سیاسی نوێ دروستبکەن،[٤] لەبەرئەوە لە پارتەکە دوردەخرێنەوە. لەوکاتەدا سەرکردایەتی پارتەکە

---

[١] باریش البیاتی، م.س، ص٣.

[2] http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=32259 9/7/2019.

[٣] مؤسسة بحث حقوق الانسان لترکمان العراق، السیاسة الترکیة تجاه ترکمان العراق، ط١، هولندا، ٢٠١٥، ص ١١٩.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی ئۆزمەن سەرپەرشتیاری پارتی نیشتمانی تورکمانی، س.پ، ل ٣.

داوا لە ئۆجاغی تورکمانی هەولێر دەکەن بۆ ئەوەی بێنە ناو پارتی نیشتمانی تورکمانی بۆئەوەی پارتەکە لەکاری سیاسی بەردەوام بێت.[١] پاش رازی بوونی ئۆجاغی هەولێر، کۆنگرە دەبەسترێت و موستەفا کەمال یایچەلی دەکەنەوە بە سەرۆکی پارتەکە و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتەکە سەرجەمیان لە ئۆجاغ دەبن و خودی ویداد ئەرسەلان دەبێت بە جێگری سەرۆکی حیزب. پاش ئەم قۆناغی ئیتر یانەی برایەتی تورکمانی هەولێر دێنە ناو بەرەی تورکمانی.[٢]

یەکێك لە گرفتە سەرەکیەکانی ئەم پارتە ناجێگری بوو لە ئەنجامدانی کۆنگرەی حیزبەکەدا کە زیاتر کۆنگرەی بچوککراوەی دەبەست لەبەرئەوەی بارودۆخی سیاسی حیزب لە ناسەقامگیریدا بوو. لە ٢٦-١٩٩٨/٦/٢٧دا هەستا بە بەستنی کۆنگرەی بچوکراوەی خۆی لەشاری هەولێر کە تیایدا موستەفا کمال یایچلی لەبەرئەوەی هیچ رکابەرێکی نەبوو بە سەرۆك هەڵبژێردرایەوە.[٣] هەریەکە لە جمال شان و صلاح الدین ئیلخانلی وەك جێگری سەرۆك هەڵبژێردران.[٤] ئەندامانی ناوندی گشتی و ئەندامانی لیژنەکانی سلێمانی و کفری و زاخۆ و دهۆك و بنەسلاوە وەك نێردراو بەشدارییان تێداکرد. کارەکانی پاش کۆنگرەی دوومی حیزب تاوتوێ کران. هەر لە کۆنگرەکەدا ئەندامانی لیژنەی جێبەجێکردنیش هەڵبژێردران کە بریتیبوون لە دکتۆر سەبیح لوتفی، لەتیفە تورمەلی، سامی خەتات، ئومێد خەلیفە، هەروەها دڵشاد چاوش.[٥]

پارتی نیشتمانی تورکمان پێی وابوو کە عێراقی داهاتوو پێویستە لەسەر بنەمای ویلایات دروستبکرێتەوە. ویلایەتێکی تایبەت بە تورکمان لەو ناوچانەی کە تورکمانی لێ نیشتەجێیە دروستبکرێت. لە بارودۆخێکدا ئەگەر دەوڵەتی داهاتوی عێراق لەسەر بنەمای نەتەوەیی و تایفی بنیاتبنرێت، پێویستە کە هەرێمێکی فیدراڵی لەو ناوچانەی کە تورکمانی لێ نیشتەجێیە تایبەت بە تورکمان پێکبهێنرێت.[٦]

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدولکەریم مەلا ئوغلۆ، جێگری سەرۆکی یانەی برایەتی تورکمان/ هەولێر، هەولێر، ٢٠١٩/١/٢٧.

[٣] تورکمن ایلي، ع٨١، (١٩٩٨/٧/١)، ص١.

[٤] ن.م، ص١.

[٥] ترکمن ایلي، ع٨١، (١٩٩٨/٧/١)، ص٢.

[٦] باریش البیاتی، م.س، ص٣.

یەکێکی تر لە پارتە ناسیۆنالیستە سیاسیەکانی تری تورکمان بریتیە لە بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن. ئەم بزوتنەوەیە لە سەروبەندی گفتوگۆکان بۆ دروستبوونی بەرەی تورکمانی هاتە بوون. سەرکردایەتی و کادیرەکانی بە گشتی لە هەولێریەکان پێکدەهات. بزوتنەوەکە لەساڵی ١٩٩٤ بەسەرکردایەتی فەرید چەلەبی لە هەولێر دامەزرا. لە کادیرە دیارەکانی بریتیبوون لە کەنعان شاکر کە پاش فەرید چەلەبی وەك سەرۆکی بزوتنەوەکە هەڵبژێردرا و هەروەها مەحمود ئەحمەد، فوئاد ئۆتراقچی، تەلعەت خەفاف، کە تەنها تورکمانی هەولێر بوون.[1] راگەیاندنی پارتەکە بە فەرمی دەکەوێتە رێکەوتی ١٩٩٥/٦/١١، هەر لەو مێژووەوە بەرەی تورکمانی بە فەرمی وەك پارتێکی سیاسی تورکمانی دەیناسێنێت، بەر لەو بەروارە وەك کوتلەی سەربەخۆکان لەناو بەرەدا کاری کردووە و تەنانەت سەرکردەکانیان لە دامەزرێنەرانی بەرەی تورکمانین. کوتلەی بێلایەنەکان لەناو بەرەدا لە دوو بەش پێکدەهاتن، بەشێکیان ئەوانەبوون کەلەناو پارتە تورکمانیەکانی تردا بوون و وازیانهێنا بوو، بەشەکەی تریان پێشتر لە هیچ پارتێکی سیاسی تورکمان ئەندام نەبوون، پاش کۆمەڵێك کۆبوونەوە بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن دامەزرا.[2] ئەم پارتە لەوکاتەدا بە نهێنی پەیوەندیان لەگەڵ کەرکوك و تەلەعفەریش هەبووە. هەتاوەکو ١٩٩٧/٧/٣٠ فەرید چەلەبی وەك سەرۆکی بزوتنەوەکە مایەوە، دواتر کەنعان شاکر کرا بە سەرۆکی بزوتنەوەکە لە کۆنگرەدا لە ١٩٩٧/٩/٣ و بە یەکەم کۆنگرەی پارتەکە دادەنرێت.[3]

لەگەڵ دروستبوونی پارتەکەدا بەماوەیەك گرفتی ناوخۆیی دروستدەبێت لەنێوان سەرۆکی بزوتنەوەکە و گروپێك لە سەرکردایەتی (فەرید چەلەبی، سەلاح رەشید، مەحمود ئەحمد) دژ بە گروپێکی تری ناوحیزب بە سەرکردایەتی کەنعان شاکر و بەشێکی تری کادیرانی پارتەکە، دواجار لە کۆنگرەدا کەنعان شاکر وەك سەرۆکی

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەنعان شاکر، لە ساڵی ١٩٤٨ لە هەولێر لە دایکبووە. سەرۆکی بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، هەولێر، (٢٠١٨/١/١٦).

[2] سرود العزيزی، حرکة المستقلين من الترکمان و عام من المسيرة النضالية، تورکمن ايلي، ع٢٧، (١٩٩٦/٦/١)، ص٣.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەنعان شاکر.

حیزب هەڵبژێردرا.[1] هۆکارەکانی ئەو ناکۆکیە بریتیبوو لە ناڕۆشنی لە لایەنی دارایی و هەوڵدان بۆ دەستبەسەراگرتنی حیزب. لەوەش زیاتر ئەوەی کە هۆکاری زۆر دیاربوو بریتیبوو لە دەرەنجامی هێرشی سوپای عێراق بۆ ناو شاری هەولێر لە ١٩٩٦/٨/٣١، کە ژمارەیەك لە ئەندامانی بزوتنەوەکە دەستگیرکران و دواتر لەلایەن سوپای عێڕاقەوە لەناوبران. لەو ڕووداوەدا ناکۆکی کەوتە ناو پارتەکەوەو سەرکردایەتیی پارتەکە بە کەمتەرخەم لەقەڵەم دران. کەنعان شاکر دەڵێت کە پاش ئەو ڕووداوە، ئەمان هەستان بە ئەنجامدانی "حرکه التصحیحیه" لەسەر ئەولایەنەی کە کەمتەرخەمبوون و لە سەرکردایەتی حیزب لایاندان.[2] ئەوانەی لابران بریتیبوون لە فەرید چەلەبی، محمود ئەحمەد، فوئاد چەخماخچی. ئەو سەرکردانەی حیزب بەبێ ئاگاداری هەستان بە جێهێشتنی وڵات و بەرەو تورکیا سەفەریان کرد.[3]

بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن لە ڕاگەیەنراوێکدا سەرکردایەتی نوێ ڕادەگەیەنێت بەر لە کۆنگرەی پارتەکە و بەڵام بەڵێنی بەستنی کۆنگرە دەدات. سەرکردایەتی نوێی بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن پێکهاتبوون لە: کەنعان شاکر سەرۆکی بەرە، سیاح کورەچی جێگری سەرۆك، لەگەڵ دە کەسی تر وەك ئەندامانی سەرکردایەتی کە بریتیبوون لە شێرزدا ئاغالی، جەمال عەساف، جەودەت عەبدوڵا، سالم ئۆتراقچی، واجد شوجاعەدین، سەید تەڵعەت، کەرخی ئاڵتی پارماخ، ئیحسان دەمیرچی، عەبدوڵا بەکر، لەگەڵ تەحسین شاکر عەلی.[4] ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت لابردنی فەرید چەلەبی و هاوکارەکانی لەناو کۆنگرەدا نەبووە و بەر لە کۆنگرە بە بڕیاری زۆرینەی سەرکردایەتی بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن لابراون و دواتر سەرکردە کەنارخراوەکان تەنانەت بەشداری کۆنگرەشیان نەکردووە.[5]

جیا لە جێهێشتنی بزوتنەوەکە لەلایەن فەرید چلبی و هەروەها ڕۆشتنی سینان چەلەبی لە پاش ڕوداوەکانی ٣١ی ئاب، بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن گرفتی لەگەڵ

---

[1] نص البیان الختامی للمؤتمر الاول لحرکة الترکمان المستقلین ١٩٩٧/٩/٦، تورکمن الي، ع٤٤، (١٩٩٧/٩/١٦)، ص٣.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەنعان شاکر.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەیاح عەبدوڵا کورەچی، لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٢ هەولێر. یەکێك لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن و جێگری سەرۆکی پارتی تورکمان ئیلی هەتاوەکو ٢٠٠٣، (٢٠١٨/٧/١٥)، هەولێر.

[4] اعلان قیادة جدیدة لحرکة الترکمان المستقلین، تورکمن الي، ع٤١، (١٩٩٧/٨/١)، ص١.

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەنعان شاکر.

بزوتنەوەی نیشتمانی تورکمانی هەبوو، دواتر رووبەرووبوونەوەی لێکەوتەوە. هۆکارێکی لادانی سەرکردایەتی بزوتنەوەکە لەلایەن ئەو بەشەی تری سەرکردایەتی کە پێشتر ئامازەی بۆ کرا بریتیبوو لە هەوڵدان بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی بزوتنەوەکە لەگەڵ پارتەکانی تری بەرەی تورکمانی بەتایبەتی پارتی نیشتمانی تورکمانی. لەمیانەیەدا، موستەفا کەمال یایچەلی سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمانی و سەرۆکی بەرەی تورکمانی بە وەکالەت لە شوێنی سینان چەلەبی دەڵێت: "ئێمە گرفتمان لەگەڵ بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن هەبووە، راستتر لەگەڵ بنەماڵەیەکی ناو بزوتنەوەکە، ئێستا کە ئەوان نەماون لە سەرکردایەتی هیچ گرفتێکمان لەگەڵ ئەو بزوتنەوەیەدا نیە."[١] بزوتنەوەکە هەتاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ وەك یەکێك لە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی بەرەی تورکمانی مایەوە و هەمان سیاسەتی بەرەی پەیڕەو دەکرد.

---

[١] اللقاء الصحفى مع السيد مصطفى كمال يايجلي رئيس الجبهة التركمانية وكالة و رئيس الحزب الوطنى التركمانى، توركمن الي، ع٤٣، (١٩٩٧/٩/١)، ص٢.

## باسی سێیەم/ بەرەی تورکمانی ١٩٩٥-٢٠٠٣

### تەوەری یەکەم/ دروستبوون و پێکهاتەی بەرەی تورکمانی:

سەرەتای دروستبونی بەرەی تورکمانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی چەند کۆبوونەوەیەکی نوێنەرایەتی پارتە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنی و کولتوریەکان و کەسانی دیاری تورکمانی لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق بەگشتی. کۆبوونەوەکانی پێکهێنانی بەرەیەك بۆ گرتنەخۆی تورکمانەکانی عێراق بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حکومەتی تورکیا لە کۆماری تورکیا ئەنجامدەدران.

پاش ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەك لە نێوان ژمارەیەك لە پارتە تورکمانیەکاندا لە تورکیا و هەولێر، بیرۆکەی دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو گەڵاڵە بوو. بەتایبەتی دروستبوونی ناوچەیەکی ئارام لە هەرێمی کوردستان دامەزراندنی بەرەیەکی تورکمانی بۆ پارتە تورکمانیەکان ئاسانتر کرد.[١] گفتوگۆکان بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەی تورکمانی لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٤ەوە بەردەوام بوون هەتاوەکو لە شوباتی ساڵی ١٩٩٥ ڕێکەوتن لەسەر پێکهێنانی بەرەیەك ئەنجامدرا.[٢] لە کۆبوونەوەکاندا نوێنەری هەر سێ لایەنە سەرەکیەکانی (پارتی نیشتمانی تورکمانی، پارتی تورکمان ئیلی، بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن) ناو بەرە لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی دیاری تورکمان بەشداربوون. ساری کەهیە لە پارتی تورکمان ئیلی، موستەفا کەمال یایچەلی لە پارتی نیشتمانی تورکمانی، فەرید چەلەبی و سنان چەلەبی لە تورکمانی هەولێر کە بە بێلایەنەکان ناسرابوون بەشدار بوون.[٣] سەنعان ئاغا وەك نوێنەری یانەی برایەتی تورکمان/ هەولێر بەشداربوو. ئیحسان دۆغرامەجی[٤] کەسایەتی ناسراوی تورکمانی هەولێر و چەند کەسایەتیەکی تری وەك تورهان کەتانە کە لە ئەنقەرە دەژیان و هەروەها پرۆفیسۆر ئەنوەر حەسەن ئۆغلۆ سەرۆکی زانکۆی غازی، پرۆفیسۆر عەلی دۆغرامەجی سەرۆکی زانکۆی بیلکنت،

---

[١] جمال كمال اربيللي، قيادة النضال و العمل الجبهوي، توركمن ايلي، ع ١٦٢، (١٣/٦/١٩٩٩)، ص٢.

[٢] توركمن ايلي، ع ٣٥٤، (٢٥/٤/٢٠٠١)، ص١.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەنعان شاکر.

[٤] دەربارەی ئیحسان دۆغرامەچی بڕوانە: محمود چەلەبی، پرۆفیسۆر ئیحسان دۆغرەمەچی، ئینسکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل) کەسایەتیە ناودارەکان، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٤٦٤٩-٤٦٥٠.

ئیلهام پاشا ئۆغلۆ پزیشکی پسپۆری دڵ، سوبحی سەعاتچی، لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی تورکیا بەشدار بوون لە پێکهێنانی بەرەدا.[1]

پارتەکانی ناو بەرە پێکهاتبوون لە (پارتی نیشتمانی تورکمانی عێراقی، حیزبی تورکمان ایلی، بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، یانەی برایەتی تورکمانی- هەولێر). سعدالدین ارکیچ وەك سەرۆکی ئەنجومەنی تورکمانی لەنێوان پارتەکانی بەرەدا هەڵبژێردرا. کەسایەتیە دیارەکانی بەرە بریتیبوون لە (تورهان کتانە، سنان چلبی، وداد ارسلان، صنعان قصاب) و چەند کەسایەتیەکی تر.[2] یانەی برایەتی تورکمانی هەتاوەکو ساڵی ١٩٩٧ نەهاتە ناو بەرەی تورکمانی و نەبوو بە بەشێك لە بەرەی تورکمانی. دوو لە لایەنە گرنگە سیاسیەکانی ناو بەرەی تورکمانی پێکهاتبوون لە هەر یەکە لە (پارتی نیشتمانی تورکمانی، پارتی یەکێتی تورکمانی دواتر بوو بە پارتی تورکمان ئیلی) کە هەردووکیان سەرکردەکانیان خەڵکی دەرەوەی هەولێر بوون. لەبەرئەوە فەرید چەلەبی و چەند کەسایەتیەکی تری ناو هەولێر هەستان بە کۆبوونەوە و ئامادەکاری بۆ دروستکردنی پارتێکی تورکمانی لەناو بەرەی تورکمانی کە هەولێریەکان بگرێتە خۆی بەشێوەیەکی دیار کە سەرکردەکانی لە هەولێریە تورکمانەکان بن، ناوی پارتەکەشیان نا بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، بە سەرکردایەتی فەرید چەلەبی. لە ١٩٩٥/٦/١١ حیزبەکەیان راگەیاند واتە دوو مانگ پاش دروستبوونی بەرەی تورکمانی.[3]

لە گفتوگۆکانی پێکهێنانی بەرەی تورکمانیدا، یانەی برایەتی تورکمان لە هەولێر بەشدار بوو، بەڵام بەهۆی راجیایی لەسەر سەرۆکایەتی کردن کشانەوە و نەبوون بە یەکێك لە پێکهێنەرانی بەرە. نوێنەری یانەی برایەتی تورکمان بریتبوو لە سەنعان قەساب کە سەرۆکی یانەش بوو لە هەمان کاتدا و تەنها خۆی وەك نوێنەر لە گفتوگۆکاندا بەشدار دەبوو.[4] لێرەوە ناکۆکی لە نێوان دەستەی کارگێڕی و سەرۆکی ئۆجاغ دروستدەبێت. لە ساڵی ١٩٩٦ەوە ژمارەیەکیان دەچنە ناو پارتی نیشتمانی تورکمانی. لەو رێکەوتەوە ئیتر یانەکە نزیك دەبێتەوە لە کاری حیزبایەتی و

---

[1] سالم صابر الاطرقجی، مسیرة مجلس الشوری الترکمانی، تورکمن ایلي، ع ٢١٤، (١٩٩٩/١٢/١٢)، ص٢.

[2] محمد فاتح، حیزب ...، س.پ، ٢٠١٢، ل١٤٥-١٤٧.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەیاح کورەچی.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.

تێڕوانینێك لەناویاندا دروستدەبێت كە هەوڵبدەن وەك لایەنێك بچنە ناو بەرەی توركمانی. ئەسعەد ئەربیل لە نوسینێكیدا دەڵێت "ناكرێت بە هەوڵی تاكەكەسی بەردەوام بین و پێویستە لەژێر چەتری بەرەدا كۆببینەوە".[1]

بەرەی توركمانی بە فەرمی لە ١٩٩٥/٤/٢٤ پێكهات،[2] هەروەك لە بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەدا هاتوە كە "پارتی نیشتمانی توركمانی و پارتی یەكێتی توركمانی رۆڵی كاریگەریان هەبووە لە دامەزراندنیدا، بە هاوكاری و بەشداری دامەزراوە میلیەكان و رێكخراوە توركمانی و كەسایەتیە دیارە توركمانیەكان"[3]. بەیاننامەكە لەلایەن دكتۆر تورهان كەتانە، سەرۆكی بەرە لە تەلەفزیۆنی توركمان ئیلی پەخشكرا لە شاری هەولێر، خوێندرایەوە. لە بەیاننامەی دامەزراندندا هۆكارەكانی دامەزراندنی بەرەی توركمانی خراوەتە روو كە خۆی دەبینێتەوە لە "ئەو بارودۆخە ناهەموارەی كە نەتەوەی سێیەم لە عێراقدا دووچاری بووە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە. لە دەرەنجامی ئەو ململانێ سیاسیە دورودرێژەی لە ناوچەكەدا رویداوە لەنێوان لایەنە بەشەرهاتوەكاندا، گەلی توركمانی دووچاری مەترسی لەناوچوون كردوەتەوە. ئەو بارودۆخە هێزە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی توركمانی ناچاركرد كە بیربكەنەوە لە دامەزراندنی بەرەیەك كە بتوانێت نوێنەرایەتیان بكات و بەرگری لە مافەكانیان بكات، لەبەرئەوە بەرەی توركمانیان دروستكرد."[4] وەك دەردەكەوێت لە بەیاننامەكەوە بەرەی توركمانی وەك حیزب دانەمەزراوە، بەڵكو لە ناوەكەیەوە دەردەكەوێت كە ئەنجومەنێك بووە بۆ كۆكردنەوەی سەرجەم هێزە توركمانیەكان. تەنانەت ناوی بەرە پاشگری عێراقیشی پێوەنەبووە هەروەك لە بەیاننامەكە دەردەكەوێت كە نەنوسراوە "بەرەی توركمانی عێراقی"، بەڵكو تەنها نوسراوە "بەرەی توركمانی".

ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بكرێت رۆڵی توركیایە لە دروستبوونی بەرەی توركمانیدا، ژمارەیەك بۆچوون لەسەر رۆڵی توركیا لە دروستبوونی بەرەدا بەدی دەكرێت. ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە هیچ رایەك نیە كە باس لە بێ رۆڵی توركیا لەو بابەتەدا بكات. توركیا پێگەیەكی گرنگی لە گفتوگۆكان و دروستبوون و تەنانەت

---

[1] نادی الاخاء الترکمانی، تورکمن ایلي، ع٢١٤، م.س، ص٢.

[2] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ ئایدن مەعروف.

[3] تورکمن ایلی، ع٦ (١٩٩٥/٨/١)، ص٢.

[4] ن.م، ص٢.

ئاراستەکردنی بەرەی تورکمانیشدا هەبووە. ریاز ساری کەهیە کە سەرۆکی پارتی تورکمان ئیلی یە لەو بارەوە دەڵێت "تورکیا هەمیشە وای بە باش زانیوە کە کەسانی بێلایەن سەرۆکایەتی بەرەی تورکمانی بکەن، نەك کەسانی حیزبی".[1] ئەگەر تەماشایەکی سەرۆکەکانی بەرە بکەین لە دروستبوونیەوە هەتاوەکو ٢٠٠٥ کە بوو بە پارتێکی جیاواز، هیچکام لە سەرۆکەکانی سەرۆکی حیزب نەبوون، ئەمە دەریدەخات کە تورکیا تەنانەت رۆڵی لە دانانی سەرۆکەکانیشدا هەبووە. لەوەش زیاتر، رۆڵی تورکیا زۆر قووڵتر بووە لەوەی تەنها سەرۆکی بەرە دیاریبکات، بەڵکو تەنانەت سەرۆکی کرداریی سەرجەم فەرمانگەکانی بەرە کەسانی تورك بوون.[2] هەتاوەکو رووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دۆسیێی بەرەی تورکمانی لای دەزگای هەواڵگری تورکیا (میت) بووە. پاشان دۆسیەکە گوازراوەتەوە بۆ وەزارەتی بەرگری و عەسکەر دۆسییەکەیان وەرگرتووە.[3] سوپای تورکیا پاش رووداوەکانی ٣١ی ئاب ژمارەیەك لە سەرکردەکانی بەرەی تورکمانی بانگهێشتی بارەگای سەربازییان لەهەولێر دەکەن. لەناو بارەگاکەیان پێیان رادەگەیەنن کەوا دۆسیەی تورکمان بۆ دەزگای سەربازی گواستراوەتەوە و ئەوان سەرپەرشتی کارەکانی بەرە دەکەن.[4] کەواتە پرۆسەی دروستبوونی بەرەی تورکمانی بە پشتگیری راستەوخۆی تورکیا ئەنجامدراوە.[5]

راستەوخۆ پاش راگەیاندنی بەرەی تورکمانی، دامەزراوەکانی سەر بە بەرە رادەگەیەنرێن کە وەك لایەنی جێبەجێکار لەناو بەرەدا کاریان دەکرد و لەلایەن سەرۆکی بەرەوە سەرۆکایەتی دەکران، ئەو دامەزراوانەش بریتیبوون لە: فەرمانگەی سیاسی و پەیوەندیە دەرەکیەکان، فەرمانگەی پلاندانان و لێکۆڵینەوە، فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و هاوکاریەکان، فەرمانگەی کارگێڕی و ماف و

[1] http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=32259 9/7/2019.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ حسام حەسرەت، لە ساڵی ١٩٥٤ لە هەولێر لە دایکبووە. دەستەی کارگێڕی یانەی برایەتی تورکمان و سەرنوسەری رۆژنامەی تورکمان ئیلی بۆ ماوەی چوار ساڵ ١٩٩٧–٢٠٠٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عبدالكريم مەلا ئۆغلۆ، لە ساڵی ١٩٥٦ لە هەولێر لە دایکبووە. جێگری سەرۆکی ئۆجاغی تورکمان/هەولێر، ٢٠١٩/١/٢٧.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ یەشار ئاڵتی پارماخ.

[4] مؤسسة بحث حقوق الانسان لتركمان العراق، م.س، ص ١٢٠.

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم سەمین ئەمین.

دارایی، فەرمانگەی پەروەردە و رۆشنبیری، لەگەڵ فەرمانگەی پاسەوانی (بەرگری) بەمجۆرە بەرەی تورکمانی خاوەنی شەش فەرمانگە بوو.[1]

فەرمانگەی پاسەوانی کە هێزی چەکدار بوون، بەرەی تورکمانی رایدەگەیاند کە تەنها بۆ پاراستنی بارەگاکانیان پێکهاتوون. تێڕوانین لەناو بەرە هەبوو کە بکرێن بە هێزێکی گەورەی چەکدار بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی تورکمان لەناوچەکە. یەکێك لە ئەفسەرەکانی سوپای عێراق کە تورکمان بوو، وەك خۆی باسی دەکات داوای دروستکردنی یەکەیەکی سەربازی پیادەی لەلایەن بەرەی تورکمانیەوە کردووە وەك هێزی پێشمەرگەی هێزە کوردیەکان کە لە نزیکەی ١٥٠٠ چەنکدار پێکبهێنرێن، بەڵام ئەم هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو، لەبەرئەوەی تورکمانەکان توانای کۆکردنەوەی ئەو رێژەیەیان نەبوو.[2]

ئاڵای بەرەی تورکمانی پێکهاتووە لە باگراوندێکی رەنگ شینی کراوە و مانگێکی سپی کە بە شەش ئەستێرە نەخشێنراوە. بەپێی شیکردنەوەی فەرمی بەرەی تورکمانی بۆ ئاڵاکەیان: رەنگی شین بریتیە لە پاکێتی و بێگەردی و ئاشتیی گەلی تورکمان.[3] مانگە سپیەکە گوزارشت لە ئاینی ئیسلام دەکات کە باوەڕیان وایە باپیرانی تورکمان رۆڵیان لە بەرزکردنەوەی ئاڵاکەیدا بینیوە. شەش ئەستێرەکە ئاماژەیە بۆ شەش دەوڵەتی تورکمان کە حوکمی عێراقیان کردووە، وەك سەلجوقی، جەلائیری، قەرەقۆینلۆ، ئاق قۆینلۆ، سەفەوی، لەگەڵ عوسمانی.[4] ئاماژەدان بەو شەش سەردەمەی حوکمڕانی ناوچەکە لەلایەن بەرەی تورکمانیەوە بریتیە لەوەی کە تورکمان پێیان وابوە ئەوان بۆ حوکمرانی لە عێراقدا لە پێشترن، هەروەها عێراقی بوونی ئەوانیش دەسەلمێنێت. جگەلەوەش، ئاماژەیە بۆ خۆبەستنەوە بە نیشتمانێکی گەورەتر لە عێراق کە سەرجەم ناوچە تورکیەکان لە دەرەوەی عێراق دەگرێتەوە.

---

[1] تصريح مناضل سبزةجي اوغلو عضو المجلس التنفيذي للجبهة التركمانية، توركمن ايلي، ع٦، (١٩٩٥/٨/١)، ص٢.

[2] الصمانجي، ، قطار المعارضة العراقية، ط١، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٩، ص ١٦٧-١٦٨.

[3] الاعلام المركزي للجبهة التركمانية العراقية، الجبهة التركمانية العراقية مشروعيتها و استراتيجيتها، اربيل، ع١، ٢٠٠١، ص٩.

[4] ن.م، ص٩.

ئامانجەکانیان بریتیە لە دروشمی بەدیهێنانی یەکێتی خاك و گەلی عێراق، کارکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا لە عێراق. دوو پارێزگا بۆ تورکمانەکان دروستبکرێت لە تەلەعفەر و دووز.[1] باوەڕیان بە کوردستانی بوونی کەرکوك نیە و پێیان وایە شارێکی تورکمانیەو سەر بە عێراقە. کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی تورکمان لە عێراق و هەرێمی کوردستان و کەرکوك.[2]

مەبەستی پێکهێنانی بەرەی تورکمانی بۆ گرتنەخۆی سەرجەم پارتە سیاسی و لایەنە کەلتوری و رۆشنبیریەکان و هەروەها کەسایەتیە سیاسی و ناسراوەکانی تورکمان بوو. لەوەش زیاتر پاش ئەوەی لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستدا پارتە کوردیەکان بەرەی کوردستانییان پێکهێنا، تورکمانەکانیش هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی لەوجۆرەیان لا گەلاڵە بوو. هەروەها وەك هەوڵێك بووە بۆ دروستکردنی جۆرێك لە ئیدارەی تایبەت بە تورکمان بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کارەکانیان. بەرە ئەنجومەنی شورای هەبوو، وەك ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کە لە ساڵی ۱۹۹۲دا هەڵبژێردرا. لەوەش زیاتر، بەرەی تورکمانی کۆمەڵێك دەزگای هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان و زیاتر تورکمانەکانی لەخۆدەگرت. لەوانە (دائیرەی) فەرمانگەی تەندروستی کاروباری کۆمەڵایەتی و بازنەی پەروەردە و هەروەها خاوەنی هێزی سەربازی تایبەت بە خۆیان بوون. هەریەکێك لەو بازنانە کارەکانیان هاوشێوەی وەزارەتێکی بچوککراوە بوون. بۆ نمونە کاری بەڕێوەبردنی قوتابخانە تورکمانیەکانیان لە ئەستۆ دەگرت و کاروبارەکانیشیان لەلایەن بازنەی پەروەردەوە رایی دەکران. بازنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی کاری نوێکردنەوەی بینایەو سەرپەرشتی وهاوکاری خێزانە تورکمانە هەژارەکانی دەکرد.[3] بەرەی تورکمانی دانی بە هەرێمی کوردستان نەدەنا وەك ناوێك بۆ یەکەی کارگێڕی باشوری کوردستان[4] هەرچەندە لە ناوچەی هەژموونی هەرێمی کوردستاندا چالاکییان دەکرد. بەڵگەی ئەوەی کە بەرەی تورکمانی وەك کیانێکی کارگێڕی سیاسی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان بەرهەمهات ئەوەبوو کە سەرجەم پارتە تورکمانیەکانی بەشدار لەناو بەرەی تورکمانی تایبەتمەندی خۆیانیان هێشتبووەوە و لەناو بەرەدا

[1] محمد فاتیح، س.پ، ل١٤٧.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئایدن مەعروف.

[3] تروكمن ايلي، ع١١٠، (١٩٩٨/٢١/١٣)، ص٤.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەنعان شاکر.

هەڵنەوەشابوونەوە. دروستکردنی ئەنجومەنی شورای تورکمان وەك فۆرمێك لە پەرلەمان ئەژمار دەکرا. (ریاز ساری کەهیە دەڵێت "هیوادارین رۆژێك بێت کە ئەنجومەنی شورای تورکمان بە کارەکانی خۆی هەستێت تا ئەوکاتەی گەلی تورکمان رزگاری دەبێت و ئەنجومەنی نیشتمانی تورکمان دروست دەبێت")[1] سەرجەم پارتەکان پشکی تایبەت بەخۆیان لەناو ئەنجومەنەکە هەبوو. هەرپارتە و شەش ئەندام، یانەی برایەتی تورکمان شەش ئەندام و ئەوانی تر لە کەسایەتیە دیار و ناسراوەکانی تورکمان پێکدەهاتن.[2]

لەوەش زیاتر، بەرواری دروستبوونی ئەنجومەنی شورای تورکمانی دەکەوێتە پێش دروستبوونی بەرەی تورکمانی. بەرەی تورکمانی لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٥دا بەرهەمهات، بەڵام ئەنجومەنی شورای تورکمانی لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٥ دروستبوو. ئەو کەسایەتیانەی پێشتر ئامارژەیان بۆ کرا کە رۆڵیان لە دروستبوونی بەرەی تورکمانیدا هەبوو، بە ئەندامانی دامەزرێنەری ئەنجومەنی شورای تورکمانی دەناسرێن.[3] بارەگای ئەنجومەنی شورا لە ئەنقەرە بوو، بەڵام پاش کۆنگرەی یەکەمی بەرەی تورکمانی بارەگاکەی بۆ شاری هەولێر گوازرایەوە هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠٣.[4] پاش رووداوەکانی ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ ئەنجومەنی شورا سڕکرا هەتاوەکو کۆتایی هاتنی کۆنگرەی یەکەمی بەرەی تورکمانی لە ١٩٩٧/٧/٧ کە تیایدا بڕیاردرا بە کارا کردنەوەی ئەنجومەن و دیاریکردنی ژمارەی ئەندامەکانی بە سی ئەندام جگە لە سەرۆکی ئەنجومەن. هەرچەندە ئەنجومەنەکە دامەزراوەیەکی روکەش بوو، بەڵام رۆڵی هەبوو لە ئاراستەکردنی بەرەی تورکمانی. بەرە وەك جۆرێك لە ئەنجومەنی یاسادانان تەماشای دەکرد. ساڵانە کۆبوونەوەکانی حۆی ئەنجامدەدا.[5]

یەکێك لەو گرفتانەی رووبەرووی بەرەی تورکمانی دەبویەوە بریتیبوو لەوەی کە ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی شورای تورکمان لە دەرەوەی عێراق بوون، یان راستتر بڵێین لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوون و لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی شورا بەشدار نەدەبوون. ئەم بابەتە زیاتر بۆ ئەو ئەندامانە گرفت بوو کە لە

---

[1] تورکمن ایلي، ع٧٧، (١٩٩٨/٦/٣)، ص٢.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەنعان شاکر.

[3] سالم صابر الاطرقجی، م.س، ص ١٦٧-١٦٨.

[4] تورکمن ایلي، ع ٦٠٠، (٢٠٠٣/٩/٢١)، ص٣.

[5] سالم صابر الاطرقجی، م.س، ص١٦٧-١٦٨.

کەرکوکەوە هاتبوون، لەبەرئەوەی بەشێکی ئەندامانیان لە دەرەوەی وولاّت بوون، ئەمەش وایکردبوو کە پارتەکانی ناو هەولێر زیاتر زالّ ببن بەسەر بەرەی تورکمانی و زۆربەی جومگەکانی بەرە بەدەست ئەوانەوە بێت. لە دانیشتنی دووەمی ئەنجومەنی شورا ئەم بابەتە بە روونی لە ووتاری کردنەوەی دانیشتنەکە لەلایەن هەندێك سەرکردەی پارتە تورکمانیەکانەوە بەڕوونی دەردەکەوێت. موستەفا یایچەلی سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمانی لە ووتەکەی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە "بەشدارینەکردنی ئەندامانی شورا ئەوانەی لە دەرەوە دادەنیشن کەموکورتیە بۆ دانیشتنەکەمان و گرفتە".[1] ئەم هۆکارە زیاتر ئەنجومەنی شورای لاوازکردبوو.

[1] تورکمن الي، ع٧٧، (١٩٩٧/٦/٣)، ص٢.

## تەوەرەی دووەم/ بارودۆخی ناوخۆیی بەرەی تورکمانی ١٩٩٥-٢٠٠٣

پاش نزیکەی حەوت مانگ لە دروستبوونی بەرە، گرفتی سیاسی لە نێوان پارتە بەشداربووەکاندا دروستدەبێت لە رۆژی ١٩٩٥/١٢/١٧. گرفتەکانی ناو بەرە سەردەکێشن بۆ رووبەرووبونەوەی چەکداری و زیانی گیانیشی لیّ دەکەوێتەوە.[١] رووبەرووبونەوەکە لەبەردەم بینای سەرەکی بەرەی تورکمانیدا روودەدات لە شاری هەولێر، لەوکاتەی کە حەسەن ئوزمەن و علی ئۆزمەن و چەند کەسێکی تر لەناو بینای بەرەدا دەبن و محمود ئەحمد و چەند کەسێکی تر دەیانەوێت بچنە ناو بیناکەوە رووبەرووبونەوەکە روودەدات و کەسێکیش گیان لەدەستدەدات.[٢] کەنعان شاکر دەڵێت "لەکاتی گەرانەوەی تورهان کەتانە لە ئەنقەرە کەمینێکی بۆ دادەنرێت و رووبەرووبونەوە روودەدات. تورهان کەتانە بەرناکەوێت، بەلاّم کەسێك دەکوژرێت، برازای کەنعان شاکر، کەسێکی تریش بریندار دەبێت."[٣] رووبەرووبونەوەکە لەنێوان لایەنگرای تورهان کەتانە و لایەنگرانی سنان چەلەبی دەبێت. لێرەوە دەردەکەوێت کە بەشێك لە پێکهاتەی بەرەی تورکمانی لە سەرۆکایەتی کردنی تورهان کەتانە بۆ بەرەی تورکمانی نارازی بوون. پاش رووداوەکان بە ئاگاداری تورکیا، سەرۆکی بەرەی تورکمانی دەگۆڕدرێت و سنان چەلەبی دەبێت بە سەرۆکی نویّ.

لە رێکەوتی ١٩٩٥/١٢/٢١ یانەی برایەتی تورکمانی و پارتی رزگاری تورکمانی (تورکمن قورتولوش پارتیسی) بەیاننامەیەکی هاوبەش دەردەکەن لەبارەی گرفتە ناوخۆییەکانی بەرەی تورکمانی، هەرچەندە یانە بەشێك نەبووە لە بەرەی تورکمانی. لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە هەردوولا ئیدانەی "کارە تێکدەرانەکان دەکەن و رایدەگەیەنن کە پێویستە سەرجەم لایەنەکان بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ و نەهێلّن خراپەکاران مەرامیان بەدی بێت".[٤]

یەکێك لە رەهەندەکانی گرفتەکانی ناو بەرە پەیوەستبووە بە نارەزایەتیەکانی هەردوو پارتی نیشتمانی تورکمانی و پارتی یەکێتی تورکمانی لە ئەدای پرۆفیسۆر احسان دۆغرەمەجی وەك سەرۆکی ئەنجومەنی شورای بەرە. هەردوو پارتەکە

---

[١] بیان صادر من حركة التركمان المستقلين، توركمن الي، ع٤١، (١٩٩٧/٨/١)، ص١.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لەگەڵ یشار ئالّتی بەرماخ.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەنعان شاکر.

[٤] منشورات الاعلام المركزي للجبهة التركمانية العراقية، ع٤، م.س، ص٩-١١.

ناوبراویان بە لایەنگری بۆ لایەنێکی دیاریکراوی ناو بەرە تۆمەتبار دەکرد و بە روونی داوای لابردنیان دەکرد. لایەنگریەکانی دۆغرەمەجی (خاڵی سنان چەلەبی) بۆ هەولێریەکان هۆکار بوو بۆ بەهێزکردنی پێگەی تورکمانە هەولێریەکانی ناوبەرەی تورکمانی.[١]

بەمجۆرە ناکۆکیەکان سەردەکێشن بۆ گۆڕینی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی بەرە و تەنانەت پاش مانگێك لە رووداوەکان و لە ڕێکەوتی ١٩٩٦/١/١٧ سەرۆکی بەرە دەگۆڕدرێت بۆ سنان چەلەبی، کەسایەتی ناسراوی شاری هەولێر.[٢] سنان چلبی لە یادی دوو ساڵەی دامەزراندنی بەرەی تورکمانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە پێکهێنانی پێکهاتەی دووەمی بەرە لەلایەن ئەنجومەنی شورای تورکمان بە هۆکاری "بارودۆخی بابەتیەوە" بە بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن سپێردراوە.[٣] لە ئەنجومەنی جێبەجێکردنی تازەدا هیچ نوێنەرێکی پارتی نیشتمانی تورکمانی و پارتی یەکێتی تورکمانی (تورکمان ئیلی) تیادا نابینرێت. سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن بە سەرۆکی بەرەی تورکمانیشەوە سەر بە بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن بوون. ئەندامان بریتیبوون لە هەریەکە لە (سینان چەلەبی، مونازل سەبزەجی ئوغلو، نەوزاد سادق، مەحمود ئەحمەد، سەیفەدین کورەچی، فوئاد چەقماقچی، جەنکیز دوغراماچی، نیهاد ئیلخانلی)، بەڵام بەو جۆرەی لە راگەیەندراوی تایبەت بە پێکهاتە نوێیەکەی بەرەدا هاتووە دیارە هەر سێ لایەنی سیاسی ناو بەرە رێکەوتوون لەسەر پێکهاتە تازەکە و واژوویان کردووە.[٤]

پاش ئەو رووداوانە هەژموونی تورکمانەکانی هەولێر بەسەر بەرەی تورکمانیەوە دەردەکەوێت. بەڵام تورکیا بەجۆرێکی تر هاوسەنگی هێزە بەشداربووەکانی ناو بەرە رادەگرێت ئەویش پاش ئەوەی داوا لە یانەی برایەتی تورکمان دەکات کە بچنە ناو پارتی نیشتمانی تورکمانی بۆ ئەوەی نەهێڵن بکەوێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی سەرکردەکەیان کە موزەفەر ئەرسەلان بوو، لە تورکیا دەبێت. یانەی برایەتی تورکمان

---

[١] ترکمن الي، ع١٥، (١٩٩٥/١٢/١٥)، ص١.

[٢] تورکمن ایلي، انتخاب السید سنان چلبی رئیسا للجبهة اللترکمانیة، ع١٨، (١٩٩٦/٢/١)، ص١.

[٣] نص کلمة السید سنان الجلبي بمناسبة الذکری الثانیة لتأسیس الجبهة الترکمانیة، تورکمن ایلي، ع٣٩، (١٩٩٧/٥/١١)، ص٢.

[٤] ن.م، ص٢.

لەگەڵ پارتی نیشتمانی تورکمانی ڕێکدەکەون، بەڵام زۆرینەی هەرە زۆری مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتەکە لە یانەی برایەتی تورکمانی دەبن جگە لە سەرۆکی پارت کە موستەفا کەمال یایچەلی بوو.[1] بەمجۆرە بەر لە کۆنگرەی یەکەمی بەرەی تورکمانی پارسەنگی هێزەکانی ناو بەرە تاڕاددەیەك یەکسان دەبێت.

لە کاتی ڕووداوی ١٩٩٦/٨/٣١دا یەکێك لەو لایەنانەی کە زیانی بەرکەوت بریتیبوو لە بەرەی تورکمانی. ئەو ڕۆژەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان گرتنی تەواوەتی شاری هەولێری ڕاگەیاند، ژمارەیەکی زۆر لە یەکەکانی سوپا و هەواڵگری عێراقی لەناو شاری هەولێر بڵاوبونەوە و دەستیان کرد بە گەران بەدوای ئەندامانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێڕاق، لە نێویاندا بەرەی تورکمانی.[2] ژمارەیەك لە ئەندامانی بەرە بەر شاڵاوی گرتن کەوتن لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی حکومەتی عێڕاقی و لەسێدارەدران کە نزیکەی ٤٨ کەس دەبوو.[3] هەروەك خۆیان دەڵێن کە هیچکاتێك تەرەف نەبوون لە جەنگەکە و پەیوەندییان بەلایەنەکانی جەنگەکانەوە نەبووە. لەوەش زیاتر، بەرە پێی وایە کە پارتی نەیتوانیوە پارێزگاری لە ئەوان بکات لەبەرئەوە ئەندامەکانیان دووچاری ئەو گرتن و کوشتنە بوونەتەوە. لەوەش زیاتر، فەرمانگەی پاراستنی (دائیرەی حیمایە) بەرە لە لایەن حکومەتی بەعس ڕووبەڕوی لێدان بوەوە و بارەگاکەیان لەناوبرا.[4] ئەم ڕووداوە کاریگەری هەبوو لە تێکچوونی بارودۆخی ناوخۆیی هەندێك لە پارتە تورکمانیەکان، لەوانە وەك پارتی تورکمانی بێلایەن. پاش ئەو ڕووداوانە، سەرکردایەتی ئەو حیزبە هەستان بە گۆڕینی سکرتێری حیزب و ژمارەیەك لە بەرپرسانی حیزب. فەرید چەلەبی لەو کاتەوە وەك سەرۆك نەما و لەبری ئەو عەدنان شاکر وەك سەرۆك هەڵبژێردرا. جگە لەوەش، چەند کەسایەتیەکی تری ناو بزتنەوەی تورکمانی بێلایەن بەر ئەو گۆڕانکارییانە کەوتن

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مامۆستا عەبدولکەریم؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.

[2] صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات و الاحزاب الكرديةفي العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، مؤسسة البلاغ، بيروت، ٢٠٠١، ص٥٥٧.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئایدن مەعروف.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەنعان شاکر.

وەك سەيد تەلعەت و مەحمود محەمەد. ئەوکەسانە عێراقیان جێهێشتبوو سەفەریان کردبوو بۆ تورکیا بێ ئاگاداری بەشەکەی تری سەرکردایەتی حیزبەکە.[١]

گێڕانەوەکان دەربارەی ڕووداوی ٣١ی ئاب و ئەوەی پەیوەستە بە زیانی لایەنە تورکمانیەکان جیاوازە، بۆچوونێك هەیە کە ژمارەی ئەوانەی لەو ڕووداوانەدا کوژراون بە زیاتر لە ٢٠٠ هاولاتی دەخەملێنێت.[٢] کەنعان شاکر دەلێت کە ٢٩ کەسیان گیراون و ژمارەیەکیان لە سێدارە دراون.[٣] ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ دەلێت "سی و شەش ئەندامی پارتی نیشتمانی تورکمانی دەستگیرکراون و ژمارەیەکیان ڕۆژی سێی مانگ لەسێدارە دراون."[٤] بزوتنەوەی نیشتمانی تورکمانی– دیموکراتی بە سەرکردایەتی عەزیز قادر سەمانجی بەیانامەیەکیان دەربارەی ڕووداوەکە دەرکرد. لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە (٢٨) هاولاتی دەستگیر کراون،[٥] هەرچەندە ئەم پارتە سیاسیە بارەگای لە هەرێم نەبووە بەلام ژمارەکانی نزیکن لەو ژمارەیەی بەرەی تورکمانی بەفەرمی ڕایگەیاندبوو. سەرەڕای ئەوە، ڕۆژنامەی تورکمن ئیلی زمانحالی بەرەی تورکمانی لە دووەمین سالیادی ڕووداوەکانی دەستگیرکردنی ئەندامەکانیان لە ١٩٩٦/٩/٢ لیستێکی ٢٠ کەسی لە ناوی ئەو کەسانەی لە ڕووداوەکانی ٣١ی ئاب دەستگیرکراون، بلاوکردۆتەوە. دوو لە دەستگیرکراوەکان بەناوەکانی عەلی عەبدولا یایچەلی، ئەحمەد نورەدین حسێن کە لەدایکبووی کەرکوکن بەپێی لیستەکە لەلایەن ڕژێمی بەعس کوژراون.[٦] دەستگیرکراون لە زۆربەی حیزبەکانی ناو بەرەی تورکمانی بوون، دوو کەس لەوانە سەر بە بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن و حەوت کەسیان ئەندامی پارتی نیشتمانی تورکمانی بوون و هەروەها چوار لە دەستگیرکراوان لە حیزبی تورکمن

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل کەنعان شاکر.

[٢] عباس تورکمن کرکوکلی، الحرس الجمهوری العراقي في اربيل العام ١٩٩٦ عمليات أب المتوكل على الله بشمال الوطن رؤية شاهد عيان، جريدة القلعة، ع٣٢١، (٢٠١٠/٨/٢)، ص٢.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل کەنعان شاکر.

[4] https://www.hrw.org/reports/1997/WR97/ME-05.htm#P271_109923. (2/11/2019)

[٥] نص البيان صادر من حزب الوطنی الترکمانی– الديموقراطی ١٩٩٦/١٠/٢٤: الصمانجی، قطار...، م.س، ص٦٠٢.

[٦] قائمة باسماء الترکمان الذين اعتقلوا في ٢ ايلول ١٩٩٦، تورکمن الي، ع٩٠، (١٩٩٧/٩/٢)، ص٣.

ایلی بوون، ئەوانی تریان لە فەرمانگەکانی سەر بە بەرەی تورکمانی بوون.[1] پارتی نیشتمانی تورکمانی لە سێیەمین ساڵیادی رووداوەکەدا لیستێکی بە ناوی هەژدە کەس بڵاوکردەوە، کە دەڵێت لە لایەن بەعسەوە گیراون و بێسەروشوێنن. بەپێی لیستەکە بێت هەشت لە دەستگیرکراوەکان ئەندامی پارتی نیشتمانی بوون،[2] لەوانە ئایدن شاکر عێراقی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە. ناوبراو لە بەرواری ١٩٩٨/١١/٣٢ لەلایەن ئەمنی گشتی بەغدادەوە لەسێدارە دراوە. تەرمەکەشی رادەستی خانەوادەکەی نەکراوەتەوە و هەر لە بەغداد بەخاك سپێردراوە.[3]

پاش رووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و ئەو بارودۆخە تازەیەی روو لە شاری هەولێر و هەرێمی کوردستان دەکات بەگشتی، بارودۆخی ناوخۆیی بەرەی تورکمانیش گرفتی بۆ دروستدەبێت. پاش بەشداریکردنی بەرە و بەتایبەتی سنان چەلەبی لە گفتوگۆکانی نێوان یەکێتی و پارتی لە ئەنقەرە و رۆشتنی سنان چەلەبی و ژمارەیەك لە سەرکردەکانی بەرە بۆ تورکیا گرفتەکان لەناو بەرەی تورکمانی سەرهەڵدەدەن. لەماوەی ساڵێکی کارەکانی بەرەی تورکمانیدا، لە رووی فەرمی و دەرکەوتنی فەرمیانەی بەرەوە تەنها چەند کەسایەتیەك دەبینرێن لە راگەیاندنە فەرمیەکانی بەرەوە دەردەکەون کە ئەوانیش بریتین لە سنان چەلەبی و مەحمود ئەحمەد ئەندامی دەستەی راپەراندنی بەرە. پاش ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی ناو هەولێر و بەتایبەتی پاش ساڵێك لە رووداوەکانی ٣١ی ئاب، بەرەی تورکمانی بەر لەوەی کۆنگرەی خۆی ببەستێت بە بەیاننامەیەك لەکارخستنی سنان چەلەبی لە سەرۆك و ئەندامێتی بەرە رادەگەیەنن. بەیاننامەکە کە بەناوی دەستەی راپەراندنی بەرەوە دەرچووە دەڵێت: "لەبەرئەوەی سنان چەلەبی بۆ ماوەی مانگێك بێ هیچ بیانوێکی شەرعی پەیوەندی بە شوێنی کارەکەیەوە نەکردووە، دەستەی راپەراندنی بەرە بە کۆی دەنگ بڕیاریدا بە بەخشینی ناوبراو لە سەرۆکایەتی و ئەندامێتیی بەرەو بڕیاریدا بە بەردەوامبوونی موستەفا کمال یایچەلی بە ئەنجامدانی کارەکانی بە وەکالەت."[4]

---

[1] تورکمن الي، ع٩٠، م.س، ص٣.

[2] تورکمن ایلي، ع١٨٥، (١٩٩٩/٩/١)، ص٢.

[3] تورکمن ایلي، ع ٥٦٠، (٢٠٠٣/٥/٤)، ص٣.

[4] بيان صادر من الهيئة التنفيذية للجبهة التركمانية حول اعفاء السيد سنان جلبي من منصبه، تورکمن الي، ع٤٤، (١٩٩٧/٩/١٦)، ص٢.

بەر لە نزیکەی دوومانگ لە بڕیارکەی بەرەی تورکمانی بە لابردنی سنان چەلەبی، بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن کۆبونەوەیەك دەکات کە خۆیان ناویان نا "الحرکە التصحیحیە"، تیایدا فەرید چەلەبی برای سنان چەلەبی و مەحمود ئەحمەد و ژمارەیەك لە سەرکردایەتی پارتەکە دووردەخەنەوە و سەرکردایەتیەکی نوێ پێکدێنن.[1] ئەم بڕیارە کاریگەری تەواوی هەبووە لەسەر لاوازبوونی پێگەی سنان چەلەبی لەناو بەرەی تورکمانی و یەکێك بووە لە هۆکارەکانی لابردنی لە سەرکردایەتی کردنی بەرە.

سەبارەت بە رەوشی ناوخۆی بەرەی تورکمانی یەکێك لەو بابەتانەی کە گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت کۆنگرەکانی بەرەی تورکمانیە. لەکاتی دامەزراندنیەوە هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ بەرەی تورکمانی سێ کۆنگرەی بەستووە. لەمانگی دەی ساڵی ١٩٩٧دا یەکەمین کۆنگرەی بەرەی تورکمانی لە هەولێر بەسترا بە بەشداری ٦٠٠ ئەندام. هەر لەو کۆنگرەیەدا ١٠/٧ی هەموو ساڵێك وەك رۆژی بەرەی تورکمانی چەسپێندرا. ئەو حیزبانەی کە بەشدار بوون وەك خۆیان مانەوە، سەرۆکی حیزبەکان بوون بە ئەندامی دەستەی راپەراندن.[2] کۆنگرەی یەکەمی بەرەی تورکمانی لەماوەی ١٩٩٧/١٠/٤ بۆ ١٩٩٧/١٠/٧ بەردەوام بوو. لە کۆنگرەدا سەرۆکی نوێی بەرە هەڵبژێردرا بە رەزامەندی سەرجەم لایەنە بەشداربوەکان. ویداد ئەرسەلان لە یانەی برایەتی تورکمانی هەولێر بوو بە سەرۆکی نوێی بەرەی تورکمانی. لایەنە بەشداربووەکانی کۆنگرەی یەکەمی بەرە وەك لە راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەدا هاتووە بریتی بوون لە یانەی برایەتی تورکمانی، پارتی نیشتمانی تورکمانی عێراقی، پارتی تورکمان ایلی، بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، کۆمەڵەی تورکمان ایلی بۆ رۆشنبیری و هاوکاری، کۆمەڵەی تورکەکانی عێراق بۆ رۆشنبیری و بەدەمەوەچوون، لەگەڵ نوێنەرانی رێکخراوە تورکمانیەکان لە دەرەوەی وولات و ژمارەیەك لە زانایان.[3]

یانەی برایەتی تورکمان بەر لە بەستنی کۆنگرەی یەکەمی بەرەی تورکمانی رووبەرووی ناکۆکی ناوخۆیی بوەوە. سەنعان ئاغا دەستی لەسەرۆکایەتی یانە کێشایەوە. بەشداری هیچکام لە گفتوگۆکانی چوونە ناوبەرەی تورکمانی نەکرد کە

---

[1] بیان صادر من حرکة الترکمان المستقلین، تورکمن الي، ع٤١، (١٩٩٧/٨/١)، ص١.
[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئایدن مەعروف.
[3] البیان الختامی للمؤتمر الترکمانی، تورکمن ایلي، ع٤٦، (١٩٩٧/١٠/١٦)، ص٢.

لەلایەن دەزگای سەربازی تورکیاوە بەڕێوەدەبرا.[١] لەبەرئەوەی لە سەروبەندی ناوبراو لە سەروەختی گفتوگۆکانی دامەزراندنی بەرەی تورکمانی کشابۆوە, بەرپرسانی تورکیا وای بۆ دەچوون کە نایەوێت بچێتە ناو بەرە, لەبەرئەوە, بەرپرسانی تورکیا ئەندامانی تری یانەیان بۆ کۆبوونەوەکان بانگێشت دەکرد و بەجۆرێك هەوڵیاندەدا ناوبراو پەراوێز بخەن. لە ئەنجامدا، سەنعان ئاغا بەشداری کۆنگرەی یەکەمی بەرەی نەکرد، بەڵام سەرجەم ئەندامانی تری دەستەی کارگێڕی و جێگری سەرۆك کە ویداد ئەرسەلان بوو لە کۆنگرە بەشداربوون, بەو مەرجەی زۆرینەی فەرمانگەکانی بەرە و سەرۆکایەتی بەرە وەرگرن. بەرپرسانی تورکیا ئەم داوایەی بەرپرسانی یانەیان قبوڵکرد بۆئەوەی گرفتی ناوخۆیی سەرهەڵنەدا و روداوەکانیساڵی ١٩٩٥ وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا دووبارە نەبنەوە.[٢]

یانەی برایەتی تورکمان توانی دەستەڵاتی تەواو بەسەر بەرەی تورکمانیدا بگرێت لەماوەی سەرۆکایەتی ویداد ئەرسەلان. زۆرینەی فەرمانگەکانی بەرە لەلایەن ئەندامانی یانەوە بەڕێوەدەبران. ئەسعەد ئەربیل سەرۆکی فەرمانگەی بەدواداچوون،[٣] حوسام حەسرەت سەرۆکی فەرمانگەی راگەیاندن و سەرنوسەری رۆژنامەی تورکمن ئیلی[٤] و هەروەها جەوهەر قەساب سەرۆکی دەستەی بازرگانانی تورکمان بوون.[٥] بەمشێوەیە لە کۆنگرەی یەکەمدا یانە زۆرترین بەشداری هەبوو، دەسەڵاتی سەرۆکایەتی و ڕاپەراندنی بەرەی کەوتە دەست.

کۆنگرەی دووەمی بەرە لەوادەی دیاریکراوی خۆی لە ساڵی ٢٠٠٠دا بەسترا. لە کۆنگرە زۆرینەی پێکهاتەی بەرە گۆڕدران. یانەی برایەتی تورکمان لە کۆنگرە کشانەوە و دەستلەکارکێشانەوەیان پێشکەشکرد. پارتە سیاسیەکانی دیکەی ناو بەرە وەك خۆیان مانەوە. دەستەی راپەراندنی بەرە لە هەریەکە لە سەنعان ئاغا سەرۆکی بەرە، کەنعان شاکر سەرۆکی بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن[٦]، ریاز ساری

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حسام حەسرەت.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.

[٤] تورکمن ایلي، ع٧١، (١٩٩٨/٤/٢٢)، ص١.

[٥] تورکمن ایلي، ع ٧٠، (١٩٩٨/٤/١٥)، ص ٦.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ کەنعان شاکر.

کەهیە سەرۆکی پارتی تورکمان ئیلی، لەگەڵ موستەفا کەمال یایچەلی سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمانی پێکهات.[١]

گرنگترین ڕووداوەکانی ناو کۆنگرە بریتیبوو لە گۆڕینی سەرۆکی بەرە لە ویداد ئەرسەلانەوە بۆ سەنعان ئاغا. پاش ئەوەی لەسەروبەندی دەستپێکردنی ئامادەکاریەکان بۆ بەستنی کۆنگرەی دووەمی بەرە، بەرپرسانی یانەی برایەتی تورکمان هەستدەکەن کەوا گفتوگۆ هەیە بۆ هێنانە پێشەوەی سەنعان ئاغا بۆناو بەرەی تورکمانی، ئەمان ڕاستەوخۆ دەستلەکار دەکێشنەوە، هەرچەندە بە فەرمی هۆکاری تر بۆ کشانەوەیان دیاری دەکەن. یانە هۆکاری کشانەوەیان دەگێڕنەوە بۆ دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی بەرە لەلایەن "خەڵکانی گوماناوی" بە مەبەستی بەلاڕێدا بردنی بەرە.[٢] ئەسعەد ئەربیل چۆنیەتی پرۆسەی کشانەوەکە باس دەکات و دەڵێت "بەیاننامەکە لە لایەن ویداد ئەرسەلانەوە نوسراو رادەستی جەوهەر قەسابی (ئەندامی دەستەی کارگێری یانە بوو) کرد، ئەویش نامەکەی بردە ژووری کۆبونەوەی شورا و دای بە عەدنان قەساب (سکرتێری ئەنجومەنی شورای تورکمان)، ئەمیش لای خۆیەوە نامەکەی خوێندەوە کە بریتیبوو لە هۆکارەکانی کشانەوە لە بەرەی تورکمانی و ڕاستەوخۆ هۆڵەکەی جێهێشتبوو."[٣] یانەی برایەتی تورکمان کە زانیبویان سەنعان قەساب و ژمارەیەك لە لایەنگرانی لە هەوڵدان بۆ هاتنە ناو بەرەی تورکمانی، نارەزاییان دەربڕیوو، پێیان باشبو کە لەناو کۆبونەوە کە دەنگیان لەسەر بدرێت نەك ڕاستەوخۆ بهێنرێنە ناو بەرەی تورکمانی و بەشداری کۆنگرە بکەن. بەڵام ئەم داوایە سەرینەگرت، لەبەرئەوە یانە بە کۆمەڵ دەستلەکارکێشانەوەیان ڕاگەیاند.[٤]

جگە لەو هۆکارەی سەرەوە، لە کاتی دانیشتنی پێنجەمی ئەنجومەنی شورای تورکمانەوە گرفتەکان دەستیان پێکرد بوو، لەو دانیشتنەدا هەوڵدرا جونەید مانگۆ بکرێتە ئەندامی شورا کە پێشتر ئەندام نەبوو، تورکیا ئەویان دانابوو بە ئەندام. لە دەنگداندا ئەندامانی شورا ڕەدیانکردەوە ببێت بە ئەندام، لە دەرەنجامدا هەوڵدرا ژمارەی لایەگرانی یانە کەمبکرێتەوە، لەبەرئەوە بابەتی وەرگرتنی سەنعان ئاغا و

---

[1] www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=32259 9/7/2019.

[٢] نص البيان الانسحاب من الجبهة التركمانية، قارداشلق، ع١٦، ٢٠٠٠، ص١.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولکەریم مەلا ئۆغلۆ.

لایەنگرانی هاتە پێشەوە. جگە لەوە، ژمارەیەك ئەندام بۆ شورا زیادکران وەك سەلاح مەردان، ئازاد کورەچی، حەیدەر سەید غەریب، لەگەڵ سەنعان ئاغا.[1]

پاش پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ۲۰۰۳ و هاتنە ئارای کەشێکی تارادەیەك دیموکراسی[2]، کۆنگرەی سێیەمی بەرەی تورکمانی لە شاری کەرکوك بەسترا لە رۆژی ۲۰۰۳/۹/۱۳ لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان کاتژمێر دەی سەرلەبەیانی لەژێر دروشمی "دیموکراتی بۆ عێراق و مافی تەواوەتی بۆ تورکمان" بە ئامادەبوونی ۵۵۰ ئەندام دەستی بەکارەکانی کرد.[3] بەستنی کۆنگرەی سێیەم لە کۆبوونەوەی رۆژانی ٤و۲۰۰۳/۸/٥ی ئەنجومەنی شورای تورکمان بریاری لەسەردرابوو.[4]

ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت لەم کۆنگرەیە بریتیە لە گواستنەوەی بارەگای سەرەکی بەرە و هەروەها شوێنی ئەنجامدانی کۆنگرەکە لە هەولێرەوە بۆ کەرکوك، کە راستەوخۆ کاریگەر هەبوو لەسەر نەمانی هەژموونی تورکمانی هەولێر بەسەر بەرەی تورکمانی و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە سەرکردایەتی بەرەی تورکمانی لەلایەن کەرکوکیەکانەوە. یەکێك لە سەرەتاکانی ئەم پرۆسەیە دەستلەکارکێشانەوەی سەنعان ئاغا لە سەرۆکایەتی بەرە بوو. لە رێکەوتی ۲۰۰۳/۸/۲٥ لەسەروبەندی تەواوبوونی ئامادەکاریەکان بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەمی بەرەی تورکمانی و لەناو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی شورا سەنعان ئاغا بە ئامادەبووان رادەگەیەنێت خۆی بۆ خولێکی تری سەرۆکایەتی بەرە ناپاڵێوێتەوە. دوو رۆژ دواتر لە رۆژنامەی تورکمن ئیلی بەیاننامەیەك رادەگەیەنێت کەوا خۆی بۆ سەرۆکی بەرە کاندیدناکاتەوە.[5]

ئەوەی زیاتر پێگەی هەولێریەکانی لەناو کۆنگرە و دواتریش بەرەی تورکمانی لاوازکرد شێوازی دانانی لیژنەی بەرێوەبردنی کۆنگرە و میکانیزمی دانانی ئەندامانی کۆنگرە بوو، لیژنەکە پێکهاتبوون لە یەشار ئاڵتی پارماخ لە بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن سەرۆك، شەرەفەدین بازرگان نوێنەری پارێزگای کەرکوك جێگری سەرۆك، تەحسین شەکرچی نوێنەری پارتی نیشتمانی تورکمانی، محمد سەید ئۆغلۆ

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.

[2] D. Byman, " Constructing a Democratic Iraq: Challenges and Opportunities", International Security, Vol. 28, No. 1 (Summer, 2003), Pp. 47-48.

[3] تورکمن ایلي، ع٥٩٨، (۲۰۰۳/۹/۱٤)، ص١.

[4] تورکمن ایلي، ع٥٨٧، (۲۰۰۳/۸/٦)، ص١.

[5] تورکمن ایلی، ع ٥٩٣، (۲۰۰۳/۸/۲۷)، ص١.

له حیزبی تورکمانی ئیلی، حەیدەر رەشید قەساب نوێنەری بەرە لە دووز، حەسەن عەسکەر نوێنەری یانەی برایەتی تورکمان/ بەغداد، عەلی کوپرلو بزوتنەوەی ئیسلامی تورکمان، لەگەڵ عەلی کەریم کفرلی نوێنەری بەرە لە پارێزگای دیالە.[1] ئەوەی جێگای سەرنجە شێوازی دانانی لیژنەکەیە کە لە سەر بنەمای پارتی سیاسی و ڕێکخراو و هەروەها شوێنی جوگرافیش دانراوە، واتە بەجۆرێك ڕێکخراوە کە پارتەکانی هەولێر و تورکمانەکانی ناو هەولێر کەمترین پشکیان بەرکەوێت. لێرەوە دەردەکەوێت کە سەرۆکی بەرە دڵنیابووە لەوەی کە بۆ خولی داهاتوو دەرناچێت بۆیە هەر لەسەرەتاوە پاشەکشەی کردووە.

لە سێیەمین ڕۆژی کۆنگرە کە کۆتا ڕۆژ بوو هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی بەرە ئەنجامدرا. کێبڕکێ لە نێوان فاروق عەبدولاّ عەبدولرەحمان، کوری کەسایەتی دیاری تورکمان (کەرکوك) عەبدولاّ عەبدولرەحمان، لەگەڵ سەعدەدین ئارکیج بۆ بوون بە سەرۆکی بەرە هاتە کایەوە. فاروق توانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت و بەسەر رکابەرەکەیدا زاڵبێت و ببێت بە سەرۆکی بەرە. سەعدەدین ئارکیجیش وەك سەرۆکی ئەنجومەنی تورکمان (ئەنجومەنی شورا لەناو کۆنگرە ناوەکەی بۆ ئەنجومەنی تورکمان گۆڕا) دیاریکرا.[2] بەمشێوەیە پاش هەشت ساڵ دووبارە سەرۆکێکی کەرکوکی بۆ بەرەی تورکمانی هەڵبژێردرا و هەولێریەکان دوورخرانەوە.[3] لەکۆتایی کۆنگرەکەدا کۆمەڵێك بریار دەرچوون، لەوانە مانەوەی بەرەی تورکمانی وەك بەرەیەك بۆ سەرجەم پارت و ڕێکخراوە بەشدارەکانی، سەرجەم ئەو شوێنانەی تورکمانی لێنیشتەجییە ناونران بە "تورکمان ئیلی" و کەرکوك بە ناوەندی گشتی بەرەی تورکمانی و میلەتی تورکمان ئەژمارکرا.[4] ناونانی ئەو ناوچانە بە تورکمان ئیلی بەرامبەر بە کوردستانی کورد بەکارهات. هەروەك چۆن ناوچە کوردیەکان ناوی کوردستانە و جوگرافیایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەرەی تورکمانیش بەم ناونانە دەیویست ناوچەیەکی تایبەتی بە تورکمان جیابکاتەوە لەرووی جوگرافی و نەتەوەییەوە. ئەم بابەتە لە بەشی دووەم و سێیەم زیاتر گفتوگۆ دەکرێت.

---

[1] تورکمن ایلي، ع٥٩٧، (٢٠١٣/٩/١٠)، ص٢.

[2] تورکمن ایلي، ع ٥٩٩، (٢٠٠٣/٩/١٧)، ص١.

[3] یوسف گۆران، بیری ناسیۆنالیزمی ...، س.پ، ٢٠٠٤، ل ٥٢.

[4] تورکمن ایلي، ع٦٠٠، (٢٠٠٣/٩/٢١)، ص ١-٣.

## تەوەری سێیەم/ بەشداریی بەرەی تورکمانی لە کۆنگرەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق:

لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی کاری بەکۆمەڵی لایەنە بەرهەڵستکارەکانی رژێمی پێشووی عێراق، بەتایبەتی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کۆکردنەوەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق، تورکمانەکان بەشداریی سیاسیان هەبووە. لە ٢٥ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧ لە "کۆنگرەی سەرخستنی گەلی عێراق" لە تاران نوێنەری هێزی تورکمانی بەشداری کردووە کە بریتیبووە لە کۆمەڵەی تورکمانی موسڵمانی شۆڕشگێر، کە دواتر گۆڕا بۆ یەکێتی ئیسلامی بۆ تورکمانی عێراق.[١] ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٨٩ لەکاتی دروستبوونی "لیژنەی کاری هاوبەش"ی هێزە بەرهەڵستکارە عێراقیەکاندا بەشدار بوە بەسەرکردایەتی عەباس بەیاتی. لیژنەی کاری هاوبەش کە لە دیمەشق پێکهات بە پێچەوانەی کۆنگرەکەی تاران زۆرینەی پارتە جیاوازەکانی لە خۆگرتبوو. بەڵام دواتر هێزە تورکمانەکان لەم بەرەیە کشانەوە کە بریتیبوون لە یەکێتی ئیسلامی بۆ تورکمانی عێراق، لەگەڵ رێکخراوی دیموکراتییە نیشتمانییەکانی تورکمان بەسەرکردایەتی عیزەدین قۆجاوە.[٢]

پاش ئەو دوو کۆبوونەیەی تاران و دیمەشق، لە ساڵی ١٩٩١ لە بەیروت یەکەمین کۆنگرەی گشتی زۆرینەی لایەنە بەرهەڵستکارەکانی عێراق بە سەرجەم ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانیەوە بەرێوەچوو. دوو پارتی تورکمانی بەشدارییان لەو کۆنگرەیەدا کرد کە بریتبوون لە عەباس بەیاتی لە یەکێتی ئیسلامی تورکمانی عێراق[٣] لەگەڵ موزەفەر ئەرسەلان لە پارتی نیشتمانی تورکمان. ئەنجامی بەشداری ئەم دووپارتە لە بەیانی کۆتایی کۆنگرەدا هاتبوو کە "پاراستنی مافی کەمایەتیەکانی وەك تورکمان... لە عێراقی پاش سەدام حوسەین"[٤].

پارتی نیشتمانی تورکمانی لە کۆنگرەی بەیروتی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە رێکەوتی ١١-١٣/٣/١٩٩١[٥] بەشداری کردوە، بەڵام لەبەرئەوەی سەرەتای

---

[١] الصمانجي، قطار...، م.س، ص٦٤.

[٢] ن.م، ص٦٧.

[٣] على الشمراني، صراع الاضداد المعارضة العراقية بعد حرب الخليج، ط١، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٣، ص١٩٨.

[٤] الصمانجي، قطار...، م.س، ص٨٤-٨٨.

[٥] على الشمراني، م.س، ص١٩٨.

دروستبوونی بووه زۆر رۆڵی نەبووە. پاش کۆنگرەی بەیروت، ئەو لیژنەیەی دانرابوون بۆ ئامادەکاری هەستان بە زیادکردنی ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی ڤیەننا. پارتی نیشتمانی تورکمانی هەرچەندە لە کۆنگرەی بەیرووت بەشدار بوو، بەڵام بە ئەندامی لیژنەی ئامادەکار دانەنرا و حیزبی شوعی رۆڵی لە لەدەستدانی ئەندامێتی پارتی نیشتمانی تورکمانی هەبوو.[1] یەکێك لەو پارتە تورکمانیانەی کە ئەندامێتی لیژنەی ئامادەکاری بەرکەوت، یەکێتی ئیسلامی تورکمانی عێراقی بوو.[2]

سەرەڕای ئەوە، پارتی نیشتمانی لە کۆنگرەی ڤییەنا بە سێ ئەندام بەشداری کردووە کە بریتیبوون لە (یەشار امام اوغلو، زیاد کوبرلو، لەگەڵ عزیز قادر صەمانجی).[3] هەروەها سێ کەسایەتی تری سەربەخۆ کە پێکهاتبوون لە (دکتور محمد سعید کتانە، الاستاذ شوقی جابر، دکتور فاضل الدامرجی). موزەفەر ئەرسەلان کە سەرۆکی پارتەکە بوو لە کۆنگرەکە بەشداربوو. پارتی نیشتمانی تورکمانی بەشێکی لێ جیابوبویەوە، لەبەرئەوە ئەو سێ ئەندامەی پارتەکە بێ گەرانەوە بۆ موزەفەر ئەرسەلان بەشدارییان لە کۆنگرەی ڤیەنادا کرد.[4]

لە کاتی کۆنگرەی ڤیەننا، ١٦ بۆ ١٩٩٢/٦/١٩ کارەکانی کۆنگرە بەرێوەچوون،[5] کە لیژنەکان پێکهێنران بۆ گفتوگۆکردنی بابەتەکانی تایبەت بە داهاتووی عێراق، تورکمان رێژەی ٥,٨٪ی کۆنگرەکە بوون[6] و ئەندامێتی چەند لیژنەیەکیان بەرکەوت. عزیز صەمانجی و فازیل دەمیرجی لە لیژنەی سیاسی بە ئەندام وەرگیران، محەمەد کەتانە لە لیژنەی ئابووری و یەشار ئوغلو لە لیژنەی مەیدانی و زیاد کۆپرلو لە لیژنەی مافی مرۆۆ و شەوقی جابر لە لیژنەی دەستووری ئەندامێتیان قبوڵکرا.[7]

لە ئەنجامی بەشداری کارای ئەم نوێنەرانەی تورکمان کۆمەڵێك بڕیار لە بەرژەوەندی تورکمان چەسپێندران وەك مافە نەتەوەیی و کولتوری و کارگێڕیەکان لە دەستوری

---

[1] عزیز قادر الصمانجی، قطار...، م.س، ص٩٠-٩١.
[2] هادی حسن علیوی، م.س، ص ١٣٠.
[3] عزیز قادر الصمانجی، قطار...، م.س، ص ٢٠٧.
[4] ن.م، ص٩٧-٩٨.
[5] کوردستانی نوێ، ژ ١٢٠، (١٩٩٢/٦/٢١)، ل١.
[6] علی الشمراني، م.س، ص٢٣٤.
[7] الصمانجی، قطار ...، م.س، ص١١٩.

عێراقی داهاتودا.[1] سەرەڕای ئەوەش، صەمانجی وەك نوێنەری تورکمان لە لیژنەی جێبەجێکردنی کۆنگرە دیاری کرا کە ژمارەیان حەڤدە ئەندام بوو.[2]

پاش کۆنگرەی ڤیەننا، پارتە سیاسیەکان پێیان باش بوو کە کۆنگرەی داهاتوو لە کوردستان ببەسترێت واتە لەسەر خاکی ئازادکراوی عێراق. پاش پەیوەندی کردن بە کوردەوە، بڕیاردرا کۆنگرەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە سەلاحەدین بەرێوەبچێت. کۆنگرە لە ٢٧-١٩٩٢/١٠/٣١ بەسترا. ناکۆکیەکانی ناو پارتی نیشتمانی هۆکاربوو بۆ ئەوەی بەشداربووانی تورکمان ژمارەیان تەنها یەك نوێنەر بێت. کۆنگرە ئامادەبوون کە دوو ئەندام وەك نوێنەری تورکمان وەرگرن، بەلاّم پارتی نیشتمانی و پارتی یەکێتی ئیسلامی یەکلانەبوونەوە لەسەر دوو نوێنەر، لەبەرئەوەی هەر سێ ئەندامەکە خۆیان پالأوت بۆ ئەندامێتی کۆنگرە کە بریتیبوون لە موزەفەر ئەرسەلان، عەزیز صەمانجی، لەگەڵ عباس بەیاتی، لە دەرەنجامدا تەنها موزەفەر ئەرسەلان ئەندامێتی بەرکەوت.[3] موزەفەر ئەرسەلان وەك ئەندامی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی کۆنگرە دەستنیشانکرا.[4]

پاش کۆنگرەی سەلاحەدین، کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی ژمارەیەك سەردانی بۆ دەوڵەتانی هەرێمی و جیهانی بە مەبەستی دروستکردنی کۆدەنگی بۆ رووخاندنی سەدام و پشتگیری کردنی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق ئەنجامدا. تورکمان هەرچەندە لەبەرئەوەی بەشدارییەکی کەمیان لەناو کۆنگرەی نیشتمانیدا هەبوو، پێیان باشبوو کە لە سەردانەکاندا نوێنەریان هەبێت. پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٣ شاندی کۆنگرەی نیشتمانی سەردانی واشنتن دەکەن و موزەفەر ئەرسەلان ئاگادار ناکەنەوە بۆ یاوەری کردنی شاندەکە، ناوبراو نارەزایی دەردەبڕێت و بەشداریی سەردانەکانی دواتریشیان ناکات. کۆنگرەی نیشتمانی هەوڵ دەدەن کە نوێنەرێکی تری تورکمان بانگ بکەن بۆ سەردانی هۆڵەندا و وولاّتانی کەنداو و عزیز سەمانجی بانگهێشت دەکەن. ناوبراو پاش ئەوەی دەزانێت کە موزەفەر ئەرسەلان بایکۆتی

---

[1] الصمانجي، قطار...، م.س، ص ٥٨٥.
[2] علی الشمراني، م.س، ٢٣٩.
[3] الصمانجي، قطار...، م.س، ص ١٥٠.
[4] علی الشمراني، م.س، ص ٢٥٩.

کۆنگرەی نیشتمانی کردووە، ئەویش لای خۆیەوە ئامادەیی دەرنابڕێت بۆ یاوەری کردنی شاندەکان.[١]

پاش کۆنگرەی سەلاحەدین، تورکمان چالاکی و بەشداریی لە کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی زۆر سنوردار دەبێت. هەرچەندە کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی لەو ماوەیەدا زۆر سەردان و کۆبوونەوەی سیاسی و پاڵپشتی بۆ گەلانی عێراق ئەنجام دەدات، بەڵام پارتە تورکمانیەکان هیچ بەشدارییەکی کارایان نابێت. تەنانەت لە کۆبوونەوەی وندسور لە ١٩٩٩/٤/٧ لە لەندەن[٢] تەنها موزەفەر ئەرسەلان وەك ئەندامی لیژنەی جێبەجێکردن بەشدار بوو، هەروەها عزیز صەمانجی وەك چاودێر، هیچ رۆڵێکیان لە پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی کاتیی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقیدا نەبوو. موزەفەر ئەرسەلان لەکاتی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی کاتی تەنها شەش دەنگی بەدەستهێنا، لەبەرامبەردا نارەزایی دەربڕی و هۆڵی کۆبوونەوەکانی جێهێشتبوو.[٣]

بەرەی تورکمانی بەشێوەیەکی پچرپچر لەناو کۆنگرەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێڕاقدا بەشدار دەبوو. پاش ئەوەی بەرەی تورکمانی پێکهات، لەو ڕێکەوتەوە، هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق هەتاوەکو کۆنگرەی نیویۆرك هیچ کۆنگرەیەکیان گرێ نەدا. لەبەرئەوە لەو ماوەیەدا بەشدارییان لە کارەکانی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقیدا نیە. کۆنگرەی نیویۆرك لە ١٩٩٩/١٠/٣٠ دەستی بەکارەکانی کرد.[٤] بەرفراوانترین کۆنگرەی هێزە عێراقیە بەرهەڵستکارەکان بوو تا ئەوکاتە بەسترابێت. لەرۆژی یەکەم، ووتاری سەرجەم لایەنە بەشداربووەکان خوێندرایەوە، جونەید مانگو نوێنەری بەرەی تورکمانی ووتاری بەرەی خوێندەوە.[٥] ئەنجومەنێکی ناوەندی لەلایەن کۆنگرەوە پێکهێنرا کە لە نوێنەری سەرجەم لایەنە بەشداربووەکان پێکهات.[٦] کورد پازدە ئەندامی بەرکەوت و بەرەی تورکمانی چوار ئەندام، ئەندامانی بەرەی تورکمانی و هێزەکانی تری تورکمان پێکهاتبوون لە ویداد ئەرسەلان سەرۆکی بەرە، کەنعان

---

[١] الصمانجی، قطار ...،م.س، ص١٦٠.

[٢] هادی حسن علیوی، م.س، ص ١٨٠.

[٣] الصمانجی، القطار...، م.س، ص٣٨٥-٣٨٦.

[٤] کوردستانی نویٚ، ژ ١٩٨٨، (١٩٩٩/١٠/٣١)، ل١.

[٥] الصمانجی، القطار...، م.س، ص٤١٠.

[٦] برایەتی، ژ ٢٩٦٠، (١٩٩٩/١١/٢)، ل١.

شاكر سەرۆكی بزوتنەوەی توركمانی بێلایەن، موستەفا كمال یایچەلی سەرۆكی پارتی نیشتمانی توركمانی، ریاز صاری كەهیە سەرۆكی پارتی توركمان ئیلی.[١] لەوەش زیاتر ئەندامانی تری بەشدار بوو بریتیبوون لە حەسن ئۆزمەن لە وەقفی توركمان، هەروەها، ئایدن بەیاتلی و یەشار ئیمام ئوغلو و عەزیز صەمانجی و ئومێد ئاق قۆینۆ و محەمەد سەعید كتانە و محەمەد ئولوس[٢] و لەگەڵ جونەید مانگو.[٣] بەمجۆرە كۆی گشتی بەشداربوانیان (١٢) ئەندام بوون. لە دەستەی كاتی سەرۆكایەتیدا هیچ نوێنەرێكی توركمانی دانەنرا، كە لە حەوت كەسایەتی پێكهاتبوو. لەدەرەنجامدا، بەرەی توركمانی یەكلایەنە بڕیار كشانەوەی لە دانیشتنی كۆتاییدا راگەیاند. [٤] هێزە توركمانیەكانی تری بەشدار بوو وەك كەسانی سەربەخۆ و پارتەكەی صەمانجی هاوهەڵوێست بوون لەگەڵ بەرە و كشانەوە و هۆڵی كۆبوونەوەكانیان جێهێشت.[٥]

بەرەی توركمانی لە بەیاننامەی كشانەوەی لە كۆنگرەی نیشتمانی عێراقی رایگەیاند كە لەبەرئەوەی "چەندین جار داوایان لە سەرۆكایەتی كۆنگرە كردووە رێژەی نوێنەرایەتیان بەرزبكرێتەوە بۆ ١٣٪ بەڵام گوێیان بۆ نەگیراوە و هەروەها نوێنەریان لە دەستەی سەرۆكایەتی بۆ دیارینەكراوە." بەرە داواكاری كردبوو كە دەستەی سەرۆكایەتی بكرێت بە نۆ ئەندام لەبری حەوت، بەڵام داواكاریەكەیان پشتگوێخرابوو.[٦] لە واقیعدا، داواكاریەكەی بەرەی توركمانی بۆ زیاد كردنی ژمارەی ئەندامانی سەرۆكایەتی لە (٥-٧) ئەندام بۆ (٧-٩) ئەندام دەنگی پێویستی بەشداربووانی كۆنگرەی نەهێنا و رەدكرایەوە.[٧] بەرزكردنەوەی رێژەی بەشداری توركمان كە داواكاری بەرەی توركمانی و پارتەكانی ناو بەرە بوو لە روانگەی ئەوەوە هاتبوو، بەپێی تێڕوانینی بەرە ژمارەی هاوڵاتیانی توركمان لە عێراق "سێ

---

[١] توركمن ایلي، ع ٢٠٠، (١٩٩٩/١٠/٢٤)، ص١.

[٢] الصمانجي، قطار...، م.س، ص٤١٤.

[٣] برایەتی، ژ ٢٩٥٩، (١٩٩٩/١١/١)، ل١.

[٤] توركمن ایلي، ع ٢١٣، (١٩٩٩/١٢/٨)، ص٣.

[٥] الصمانجي، قطار...، م.س، ص٤١٤-٤١٥.

[٦] ایضاح من رئاسة الجبهة التركمانية العراقية حول انسحاب وفد الجبهة من اجتماع المعارضة العراقية في نيويورك، توركمن ایلی، ع٢٠٦، (١٩٩٩/١١/١٤)، ص١.

[٧] لقاء مع السيد كنعان شاكر عزيز اغالى عضو الهيئة التنفيذية للجبهة التركمانية رئيس حركة التركمان المستقلين، توركمن ایلی، ع ٢٠٨، (١٩٩٩/١١/٢١)، ص٣.

مليۆن"[1]ە. ئەم تێڕوانینە پشتی بەهیچ داتایەکی فەرمی حکومی و تەنانەت نافەرمیش نەبەستبوو. تەنانەت خودی سەرکردەکانی بەرەی تورکمانیش هاوڕا نەبوون لە ژمارەی تەواوی هاوڵاتیانی تورکمانی لە عێراقدا و کەنعان شاکر لەو بارەوە بۆ رۆژنامەی تورکمن ئیلی وتویەتی کە ژمارەی تورکمان (٢,٥) دوو ملیۆن و نیوە.[2] هەرچەندە، تورکمان رێژەی ٦٪ی بەشداربووانیان پێدرابوو، بەڵام پێیان وابوو کە ژمارەکە کەمترە لە رێژەی راستەقینەیان، هەروەك زانراوە کە ئەم رێژەیە زیاترە لە ژمارە و رێژەی واقیعی تورکمان لە عێراقدا. لە دەرەنجامدا، لەگەڵ ئەوەی کە بەرەی تورکمانی و هێزە تورکمانیەکان لە کۆنگرە کشانەوە، بەڵام کۆنگرە دانی نا بە مافە نەتەوەیی و رۆشنبیری و کارگێڕی و سیاسیەکانی تورکمان و بڕیاریدا بە چەسپاندنی لە دەستوری عێراقی داهاتوودا.[3]

بەرەی تورکمانی لە کۆنگرەکەدا کشانەوە، بەڵام ویداد ئەرسەلان (هەروەها موستەفا کەمال یایچەلیش)[4] سەرۆکی بەرە رایگەیاند کە "کشانەوەیان کۆتایی نیە و بەڵکو کاتیە و ئەگەر دانبنرێت بە مافەکانیان، دەگەڕێنەوە و بەشدار دەبن."[5] کەنعان شاکریش هەمان رای هەیە و دەڵێت بەرەی تورکمانی ئەندامێتی لەناو کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی هەڵپەرساردووە هەتاوەکو ئەوکاتەی کە داواکاریەکانیان جێبەجێ دەبێت.[6] هەروەك دەردەکەوێت کاتێك ئەحمەد چەلەبی و شەریف عەلی داوا لە بەرەی تورکمانی دەکەن کە نوێنەریان لە دەستەی سەرۆکایەتی هەبێت بەتایبەتی پاش کشانەوەی بزوتنەوەی ویفاقی نیشتمانی لە دەستەی سەرۆکایەتی، بەرەی تورکمانی پاش دانیشتنی ئەنجومەنی شورا بڕیار دەدەن کە داواکاریەکە بە هەند وەردەگرن بەو مەرجەی تەنها بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە نەبێت کە بزوتنەوەی ویفاق دروستی کردبوو. تەنانەت لەو وەڵامنامەیەی کە بۆ کۆنگرەی نیشتمانی دەنێرن ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەندی (المجلس المركزي) تیایدایە کە بریتین

---

[1] جمال قلعالی، رفع نسبة تمثيل التركمان في المعارضة العراقية، توركمن الى، ع٢٠١، (١٩٩٩/١٠/٢٧)، ص٢.

[2] لقاء مع السيد كنعان شاكر، توركمن ايلي، م.س، ص٣.

[3] توركمن ايلي، ع٢٠٨، (١٩٩٩/١٠/٣١)، ص٢.

[4] لقاء مع مصطفى كمال يايجلي، توركمن ايلي، ع ٢٠٨، (١٩٩٩/١١/٢١)، ص٤.

[5] توركمن ايلى، ع ٢٠٨، (١٩٩٩/١٠/٣١)، ص١.

[6] لقاء مع السيد كنعان شاكر، توركمن ايلي، م.س، ص٣.

لە هەریەکە لە ویداد ئەرسەلان، موستەفا یایچەلی، کەنعان شاکر، لەگەڵ ریاز ساری کەهیە.[١] بەڵام هەر لە هەمان رۆژی ناردنی نامەکەی بەرەی تورکمانی بۆ کۆنگرەی نیشتمانی، کۆنگرەی نیشتمانی لە لەندەن لە بەرواری ٧-٢٠٠٠/٧/٨ یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوەندی، دووبارە بەرەی تورکمانی ئامادەنابێت بە هۆکاری دانەنانی نوێنەرەکەیان لە دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ئەو دانیشتنە.[٢]

بەر لە بەستنی کۆنگرەی لەندەن، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئەیلولی ٢٠٠٢ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بانگهێشتی وەزارەتی دەرەوە کرد. تورهان کەتانە لە بەرەی تورکمانی بەشدار بوو.[٣] بەرەی تورکمانی بەم هەوڵە ویستی بگەڕێتەوە ناو بازنەی لایەنە بەرهەلستکارەکانی عێراق، ئەمەش وەك پاشگەزبوونەوەی بەرە تەماشاکرا لە کشانەوەیان لە کۆنگرەی پێشوو. هەروەك دواتر لە کۆنگرەی لەندەن بەشدارییان کرد.

کۆنگرەی لەندەنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی کە لە رێکەوتی ١٤-٢٠٠٢/١١/١٦ بەڕێوەچوو،[٤] بەرەی تورکمانی و لایەنە تورکمانیەکان سەرەرای ئەوەی پاش کۆنگرەی نیویۆرك کشانەوە، بەڵام لەم کۆنگرەیە بەشدار بوون. هەرچەندە بەرەی تورکمانی و ژمارەیەك لایەنی تری عێراقی داوای دواخستنی کۆنگرەیان کرد هەتاوەکو سەرجەم لایەنەکان کۆکدەبن لە بەشداریکردن، بەڵام داواکاریەکەیان بەهەند وەرنەگیرا.[٥]

لە ناو کۆنگرە بڕیاردرا لەسەر دروستکردنی لیژنەی بەدواداچوون و هەماهەنگی[٦] کە کاری بریتیبوو لە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی لەیەکەمین دانیشتنی خۆی لە داهاتوو لە شاری هەولێر. تورکمان بە سێ نوێنەر بەشدار بوون. دوو نوێنەر لە بەرەی تورکمانی کە بریتیبوون لە صەنعان ئەحمەد ئاغا سەرۆکی بەرە، جونەید مانگۆ ئەندامی دەستەی جێبەجێکردن، هەروەها عباس بەیاتی لە یەکێتی ئیسلامی

---

[١] الصمانجي، قطار...، م.س، ص ٦٢١.

[٢] ن.م، ص ٤٣٨.

[٣] تورکمن ایلي، ع ٤٩٧، (٢٠٠٢/٩/١٨)، ص١.

[4] https://www.albayan.ae/one-world/2002-12-18-1.1366999 (7/10/2019)

[٥] الصمانجي، قطار...، م.س، ص ٥٣٠.

[6] https://archive.aawsat.com/details.asp?issueno=8435&article=141554#.XYfPrfAzbIU (8/10/2019)

توركمانی عێراق. بەگوێرەی بەشداربووانی کۆنگرە، تورکمان ٦٪ی بەشداربووانی بەرکەوتبوو، هەروەها کورد ٢٥٪.[١]

تەنانەت لە کۆتایی کارەکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق و بە ماوەیەکی کەم بەر لە رووخانی رژێمی بەعس، لایەنە تورکمانەکانی ناو ئەنجومەنی بالآی شۆرشی ئیسلامی، واتە یەکێتی ئیسلامی تورکمانی عێراق، نارەزایی لە بەشداری پێنەکردنی نوێنەریان دەربڕی لە کۆنگرەی لەندەن.[٢] لێرەوە دەردەکەوێت ئەو ژمارە و رێژەیەی کە تورکمان پێی بەشدار بوون لە کۆنگرەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق هیچ کاتێك رەزامەندی ئەوانی بەدەستنەهێناوە. هەمیشە جۆرێك لە هەستکردن بە ماف خوراوی لە بەشدار کردنیان لە کۆبوونەوە و دانیشتەکانی کۆنگرەکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق بەدی دەکرێت.

بەرە پێی وابوو کە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ناتوانێت یەکگرتوو بێت و داواکاریەکانی تورکمانیش جێبەجێ ناکات. سەرۆکی پارتی تورکمان ئیلی ریاز ساری کەهیە لە ساڵی ١٩٩٨ لەوبارەوە دەڵێت کە "ئۆپۆزسیۆن لەناوەرۆکی داڕنراوە و هیچ کارێکی جدی ناکات و متمانەی گەلی لەدەستداوە. ئۆپۆزسیۆن نایەوێت کێشەی عێراق چارەسەر بکات و سەرقاڵی گرفتی ناو خۆیانن و هەروەها ململانێی سەرۆکایەتی ولآتیانە لە داهاتوودا".[٣] دیارە ئەم ووتانە دەربڕی ئەوەن کە بەرە بەکارەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی نارازیبوون لەبەرئەوەی لە دانانی نوێنەرایەتیەکاندا بەپێی راگەیاندنی خۆیان مافی تەواویان پێنەدەدرا.

---

[١] الصمانجي، قطار...، م.س، ص ٥٣٥.

[٢] ن.م، ص ٥٣٥.

[٣] توركمن الي، ع٧٤، (١٩٩٨/٥/١٣)، ص٢.

## باسی یەکەم/ هەڵوێستی تورکمان لە هەمبەر گۆڕانکارییە سیاسیەکانی باشوری کوردستان ١٩٦٨-٢٠٠٣

### تەوەری یەکەم/ هەڵوێستی تورکمان بەرامبەر بزاڤی رزگاریخوازی کورد ١٩٦٨-١٩٩١:

تورکمانەکان وەك یەکێك لە نەتەوەکانی باشوری کوردستان و عێراقی هاوچەرخ، بوونیان بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. بزاڤی رزگاری خوزای کورد و پاشان دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوری کوردستان کۆمەڵێك گۆڕاکاری ڕیشەیی بوون کە هەڵوێستی جیاوازی تورکمانەکانی بەدوای خۆیدا هێنا.

هەڵوێستی تورکمانەکان بەرامبەر بە بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە سەرەتای هاتنی حیزبی بەعس بۆ سەر حوکم لە عێراق تا کۆتایی هاتنی جەنگی نێوان ئێران و عێراق، کۆمەڵێك گۆڕانکاری بە خۆوە بینیوە.[١] تورکمانەکان لە سەرەتاوە لە مەسەلە سیاسیەکانی پەیوەست بە باشوری کوردستان بە جۆرێك لە بێلایەنی دەردەکەوتن. پاشان، بە هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی تورکمانەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان لەوبارەیەوە رای تایبەتیان هەبووە، هەرچەندە ئەوەش بەتەواوی لەو سەردەمەدا ناتوانرێت وەك رایەك یان هەڵوێستێکی کۆنکریتی یەکگرتوو تەماشا بکرێت، لەبەرئەوەی هەتاوەکو کۆتایی هەشتاکانیش تورکمانەکان بەتەواوی خاوەنی یەك هەڵوێستی سیاسی یەکگرتوو نەبوون لەو بوارەدا. بەتایبەتی کە زۆرینەی تورکمانەکان تێکەڵیی سیاسی و کولتوریان لەگەڵ کورددا هەیە، هەم لە ڕووی ئایینەوە هەم لە رووی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیشەوە.

لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و پاش کۆتایی هاتنی کێشەی موسڵ، تورکمانەکان لەناو عێراقدا بە دراوسێیەتی کورد و تێکەڵیی کۆمەڵایەتییان خۆیان

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جەنگی ئێران- عێراق، بڕوانە: المشير عبدالحليم ابو غزالة، الحرب العراقية الايرانية ١٩٨٠-١٩٨٨، د.م.ط، ١٩٩٤؛ اللواء الركن محمود شكر شاهين، من قيادة الميدان الى قيادة الاستخبارات في الحرب ١٩٨٠-١٩٨٨، الاكاديميون للنشر و التوزيع، بغداد، ٢٠١٤؛

M. L. Sifry (ed.), *"the Gulf War Reader"*, (Toronto, 1991).

بینیەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەوناوچانەی کە شوێنی ململانێی نێوان حکومەتی ناوەندی عێراق و باشوری کوردستان بوون، ناوچەی نیشتەجێبوونی تورکمانەکان بوون.[1] واتە تورکمان لە ناوچەی دەسەڵاتی عەرەبەوە نزیکبوون وهەروەها تێکەڵبوون لەگەڵ ئەوناوچانەش کە شوێنی نیشتەجێبوونی کوردە و باشوری کوردستانە.[2] ئەم شوێنگەیەیان وایکردووە کە جۆرێك لە تێکەڵاوی لە سیاسەت و هەڵوێستیاندا بەرامبەر بە کوردستان دروستبێت.[3] تورکمانەکانیش وەك کورد بەدرێژایی گۆڕانکارییە دەستورییەکانی عێراق هەتاوەکو ساڵی ١٩٧٠ هیچ مافێکی تایبەتمەندیان نەبووە،[4] سەرەڕای ئەوەش تا ساڵی ١٩٥٩ هیچ پارتێکی سیاسی و تەنانەت هیچ خۆ جودا کردنەوەیەکیان لێنەبینراوە.[5]

دوابەدوای رووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ی شاری کەرکوك کە ژمارەیەك تورکمانی شارەکە تیایدا گیانیان لەدەستدا،[6] خاڵی وەرچەرخانی پەیوەندی کورد تورکمان لەو بەروارەوە دەستپێدەکات. پاش رووداوەکان، تورکمان بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستێکی نەرێنییان بەرامبەر بە کورد دەربڕی. لەکاتی هاتنە سەر دەستەڵاتی عەبدولسەلام عارف و لەناوبردنی عەبدولکەریم قاسم، تورکمان بە شێوەیەکی گشتی پشتگیریان کرد. لە خۆپیشاندانی پشتگیری کودەتای ٨ی شوباتدا، تورکمانی کەرکوك بەشدار بوون.[7] ژمارەیەك تورکمانی کەرکوك بەناوی تورکمانەوە سەردانی ناوبراو دەکەن و پیرۆزبایی سەرکەوتنی لێدەکەن (ئەمە لە کاتێکدا بوو حکومەتی عێراقی هێرشێکی بەرفراوانی بۆ سەر کوردستان بە کەرکوکیشەوە دەستپێکردبوو،[8]

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەورامان کمال میرزا، تاریق رووف محمد، ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کورد و حکومەتەکانی عێڕاقدا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

[2] برهان برزنجي، كركوك الارض و التاريخ، ط١، كركوك، ٢٠١٤، ص٢٤٢-٢٥٠.

[3] J. E. Strakes, Current Political Complexities of the Iraqi Turkmen, *Iran & the Caucasus*, Vol. 13, No. 2 (2009), Pp.366-371.

[4] عمار علي سمر، شمال العراق ١٩٥٨-١٩٧٥، ط١، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٢، ص ٤٣٦.

[5] ن.م، ٣٢٨-٣٢٩.

[6] یوسف گۆران، س.پ، ل ٤٥.

[7] عمر علي السمر، م.س، ص٣٢٩.

[8] سیر. جی. ج. ئەدمۆندز، کێشەی کورد، و.ئەبوبەکر صالح ئیسماعیل، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٠-١١.

ژمارەیەکی زۆری کورد کەرکوکیان جێهێشتبوو)[1] لەومیانەیەدا، شاندی تورکمان داوادەکەن کە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی رووداوەکانی ١٤ی تەمووز بەردەوام بێت.[2] هەروەها مافی کولتوری و نەتەوەیی بە تورکمان بدرێت.[3] ئەوەبوو دادگای سەربازی لە ٢٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ (١٣ رۆژ پێشتر حکومەتی عێراق هێرشەکانی بۆ سەر کوردستان دەستپێکردبوو)[4] بریاری لەسێدارەدانی بۆ ٢٨ تۆمەتباری رووداوەکە دەرکرد کە سەرجەمیان کورد بوون و لە کەرکوك بریارەکە جێبەجێکرا.[5] هەروەك دەبینرێت لەو کاتەی تورکمان داوای لەسێدارەدانی تۆمەتبارانی رووداوەکانیان کردووە، کەرکوك و کوردستان بەگشتی بەرامبەر حکومەت لە جەنگێکی سەرتاسەریدا بوون،[6] واتە کاتی لاوازی کوردیان بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان قۆستۆتەوە.

(حەبیب هورمزی) ووتارێکی بە بۆنەی دەرچوونی حوکمی لەسێدارەدان بۆ تۆمەتبارانی رووداوەکانی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٩ نوسیوە لە گۆڤاری قارداشلق، زۆر بە توندی دژایەتی شۆرشی کوردی پێوەدیارە. لە ووتارەکەدا دەڵێت "شۆرشی چواردەی رەمەزان رەگی شعوبیەت و جوداخوزیی لەبنەوە هەڵکێشا و سزای عادیلانەی خیانەتکارانی دا."[7] شعوبی و جوداخواز وەك تۆمەتێك بەرامبەر بە شۆرشی کورد بەکاریدەهێنێت بێ ناوهێنانی کورد. سەبارەت بە هەمان بابەت، سەندیکای مامۆستایان/ لقی کەرکوك بەیاننامەیەك بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی (ئەنجومەنی نیشتمانی کە حیزبی بەعس دروستی کردبوو لە کاتی هاتنە سەردەستەلاَتیدا) دەنێرێت و تیایا سوپاسگوزاری خۆی بۆ سەرکردایەتی شۆرش، حیزبی بەعس، دەردەبرێت لەبەرامبەر بریاری لەسێدارەدانی تاوانبارانی رووداوەکەدا. بەیاننامەکە لەلایەن حەقی هورمزی سەرۆکی لقی کەرکوکی سەندیکای

---

[1] مام جەلال، دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئا. سەلاح رەشید، ب١، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٢٥٠-٢٥١.

[2] حبيب الهرمزي، مذكرات...، م.س، ص ١٤٥-١٤٦.

[3] عمار علی السمر، م.س، ص٣٣٠.

[4] مسعود البارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ج٣، ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٢، ص٩٦.

[5] پاشکۆی ژمارە (١٢): الاخاء، ع ٣، س٣، بغداد، ١٩٦٣، ص١٦.

[6] چاوپێکەوتن لەگەڵ بێستون عەلی کریم.

[7] في ذكرى الشهداء، الاخاء، ع ٣، س٣، بغداد، ١٩٦٣، ص٢-٤.

ماموٚستایانەوە نێردراوە. لە بەیاننامەکەدا هاتووە "لە ئێوارەی ١٤ی تەمموزدا هەردوو حیزبی بەکرێگراو، حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان، هەستان بە ئەنجامدانی تاوانێکی گەورە... هەردوو حیزب بەهاوکاریی کۆمەڵە و رێکخراوەکانیان هەستان بە گەڕان بەداوی تورکمانەکاندا دەستگیرکردنیان و پاشان کوشتنیان تەنها لەبەرئەوەی تورکمان بوون... بەلاّم شۆرشی مەزنی چواردەی رەمەزان دلّی تورکمانەکانی خۆشکرد و لەبەرواری ١٩٦٣/٦/٢٣ تاوانبارانی لەسێدارەدا."[1] لە یادی چوارەم ساڵی رووداوەکاندا (قەحتان هورمزی)[2]، ئەندامی یانەی برایەتی تورکمان/ بەغداد، ووتارێکی توند دژی شیوعی و پارتی لەسەر قەبری قوربانیەکان دەخوێنێتەوە. بە توندی هێرش دەکاتە سەر پارتی و بە حیزبی بەکرێگیراوی جوداخواز ناوی دەبات.[3] بەشێوەیەکی گشتی رووداوەکەو دەرئەنجامەکانی، کە ژمارەیەك هاولاّتی کوردی کەرکوکی تیادا لەسێدارەدرا و بەپێی گێڕانەوەی کورد ژمارەیەك لەوانە هیچ پەیوەندیەکیان بە رووداوەکەوە نەبووە، کاریگەرییان لەسەر دوورکەوتنەوەی رای گشتی تورکمان لە شۆرشی کورد جێهێشت، وەك دەردەکەوێت هەڵوێستی نوخبەی تورکمان لەو کاتەدا دژ بە کورد بووە و ئۆباڵی روداوەکەیان خستۆتە سەر پارتی و حیزبی شیوعی و واتە بە ئاراستەی نەمانی پەیوەندی لەگەڵ کورد هەنگاویان ناوە و بەپێچەوانەوە و خۆیان لە حوکمی تازەی عێراق نزیکخستۆتەوە.[4]

ئەم کاریگەریە بوو بە بنەمایەك بۆ هەڵوێست و تێروانینی نەرێنی بەشێك لە سیاسیەکانی تورکمان و پارتە تورکمانیەکان لە وێنەی بەرەی تورکمانی بەرامبەر بە کورد کە دواتر لە باشوری کوردستان دەرکەوتن. لەبەرئەوە ئەو رووداوانە کاریگەری دوورمەودای لە سەر هەڵوێستی بەشێکی بەرچاوی تورکمان دەربارەی شۆرشی کورد و تەنانەت داواکاریەکانی کوردیش جێهێشت، سەرەرای ئەوەش، حیزبی بەعس بە لە سێدارەدانی ئەو چەند هاولاّتیە توانی تاراددەیەك تورکمان لە شۆرشی کورد و

[1] الاخاء، ع ٣، س٣، بغداد، ١٩٦٣، ص٥.

[2] دەربارەی قەحتان هورمزی بروانە: فاروق مصطفى، جماعة كركوك التتمات اللاحقة، ط١، السليمانية، ٢٠١١، ص ٥٥-٦٤.

[3] دكت اوكار الشياطين، الاخاء، ع ٤، س٣، بغداد، ١٩٦٣، ص١٣.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بێستون عەلی کەریم.

داواکاریەکانی کورد دووربخاتەوە. هەروەك لەو چەند هەڵوێستەی یانەی برایەتی تورکمان کە لە گۆڤاری قارداشلقدا بلاوکرانەوە بەدیارکەوت.

لە دەرهاویشتەکانی رووداوی ١٤ی تەمووز دروستبوونی ناکۆکی و جیاوازی تێروانینی تورکمان بوو دەربارەی کەرکوك. هەروەها مەسەلەی هەوڵدان بۆ دەستگرتن بەسەر کەرکوك لەلایەن پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکوکەوە پاش ئەو رووداوانە بەتەواوی دەردەکەوێت. ئەوەی پەیوەستە بە تورکمانەوە، بەهۆی نەبوونی هێزی سیاسی یان پارتی سیاسی کە گوزارشت لە داواکاریەکانیان بکات، بەروونی ئەستەمە رایەکی یەکگرتووی تورکمان لەو سەردەمەدا ببینرێت. ئەوەی کە هەیە خۆی لە بلاوکراوەکانی یانەی برایەتی تورکمان دەبینێتەوە کە لەو سەردەمەدا بە تەواوی پشتگیری سیاسەتی گشتی دەوڵەت بوون، بەتایبەتی پاش هاتنە سەردەستەلاتی حیزبی بەعس.[١] هەروەها، بە چاوپۆشیی دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت لە کەرکوك بەشێك لە تورکمان سیاسەتی تۆقاندنیان دژ بە کورد پەیڕەو کرد و لە دەرەنجامدا ژمارەیەك ماڵی کورد شارەکەیان جێهێشت.[٢] پاش ئەو رووداوە، تورکمان دروشمی برایەتی تورك و عەرەبیان بلاودەکردەوە و لە بلاوکراوەکانیاندا هەمیشە جەختیان لەو مەسەلەیە دەکردەوە.[٣] تورکمانەکانی کەرکوك چەند خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و دروشمی دژ بە کوردیان لە کەرکوك بەرزدەکردەوە وەك "بەرە، بەرەی نیشتمانیە، عەرەبی و تورکمانیە، بروخێ دەسەلاتی شیوعی و پارتی، کەرکوك تورکمانیە."[٤] ئەمەش بە مەبەستی دورخستنەوەی هەژمونی کورد لە کەرکوك بوو، هەروەها بۆ خۆ هێنانە پێشەوەیان بوو لای دەسەلاتی سیاسی ئەوسای بەغداد بە هیوای کۆنترۆڵکردنی شاری کەرکوك.[٥] ئەم بابەتەش لەو سەردەمەدا وەك جۆرێك لە دژایەتی بۆ شۆرشی کوردی دەردەکەوێت، چونکە کورد

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:الاخاء، ع٣، س٣، بغداد، ١٩٦٣، ص١؛ الاخاء، ع٥، س٣، بغداد، ١٩٦٣، ص١.

[٢] نوری طالباني، سياسة تغيير الواقع القومي لمدينة كركوك قديما و حديثا، "كركوك مدينة قوميات المتاخية، ط١، دار اراس للطباعة و النشر، اربيل، ٢٠٠٩، ص١١٠.

[٣] شاكر صابر، تركمان ايله عرب قارداشلقي، الاخاء، ع ٤، س٣، بغداد، ١٩٦٣، ص٢٦.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بێستون عەلی کریم.

[٥] شاكر صابر، تركمان ايله ...، م.س، ص٢٦.

دژی حکومەتی عێراق لە جەنگدا بوو لەگەڵ ئەوەشدا، وەك خۆ نزیککردنەوە لە دەسەڵات دەردەکەوت.

سەرەرای نوسین و بڵاوکراوە دژ بە کورد، بەشێك لە تورکمانی کەرکوك هەستان بە دروستکردنی گروپی تۆڵەسەندنەوە. مەبەستی ئەو گروپانە بریتیبوو لە لەناوبردنی ئەو کوردانەی دەستیان لە رووداوەکانی ١٤ی تەموزدا هەبووە، بەڵام لە واقیعدا ژمارەیەك هاوڵاتی کورد بوون بە قوربانی کە پەیوەندیان بە رووداوەکەوە نەبوو.[١] لەبەرامبەر ئەوەدا پارتی و بەتایبەتی لقی کەرکوك هەستان بە ئەنجامدانی چەند کارێکی تۆڵە سەندنەوە و چەند کەسێکیان کوشت کە لەناو گروپی تۆڵەسەندنەوەکانی تورکماندا کاریان دەکرد.[٢] بەمجۆرە وەك دەردەکەوێت لە سەرەتای هاتنی حیزبی بەعس بۆ سەر دەسەڵات، پەیوەندی کورد و تورکمان تاراددەیەك ئاڵۆزی و ناتەبەیایی بەخۆوە بینیوە.[٣] ئەم ناکۆکیە لە قۆناغەکانی تردا بەردەوام نەبوو و بە شێوەی تر بەرجەستە بوو.

سەرباری ئەو دەستپێکە نەرێنیەی پەیوەندی کورد و تورکمان لە سەرەتای هاتنەسەردەستەڵاتی بەعسیەکان، بەڵام سیاسەتی گشتی بەعس بەرامبەر بە تورکمان و کورد یەکسان بوو.[٤] هاوڵاتیی تورکمان هەمان مامەڵەی کوردی لەگەڵ دەکرا. تەعریب و راگواستن و پەنهانکوژی کە سیاسەتی لەناوبردنی نەیارەکان بوو لای بەعس، هاوڵاتیانی تورکمانیشی دەگرتەوە.[٥] هەرچەندە ئەم بابەتە بۆ هاورایی و نزیکی سیاسی نێوان کورد و تورکمان نەگۆڕا. بەڵام، کورد دەستپێشخەریی بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ تورکمان کردوە. سەرەرای ئەوە، لە پرۆگرامی پارتیدا لە ساڵی ١٩٦٤ بەروونی باس لە کەمە نەتەوەکانی کوردستان کراوە کە دەڵێت "داننان بە مافەکانی ئەو کەمینە نەتەوەییانەی کە لە کوردستاندا

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ژمارەی ئەو کوژراوانە بڕوانە: محمد فاتح، کەرکوك ١٩٥٩...، س.پ، ل١٧٢.

[٢] بروانە: پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری، س.پ، ل ١٢٤-١٢٥.

[٣] ماهر النقیب، کرکوك و هویتها القومیة و الثقافیة، ت. حبیب الهرمزي، وقف کرکوك، استنبول، ٢٠٠٨، ص١٦٩.

[٤] منذر الفضل، حقوق الانسان و التنوع الاثني لسکان کرکوك، "کرکوك مدینة القومیات المتاخیة"، م.س، ص ١٨٢.

[٥] لە بەشی یەکەم هەوڵەکانی حیزبی بەعس دژ بە جوڵانەوەکانی تورکمان باس کراوە.

**نیشتەجێن"، دیارە کە مەبەست لێی تورکمانەکان بووە. پێشتر تەنانەت ناوی تورکمانیش لە پرۆگرامی فەرمی پارتیدا هاتووە.[1]**

**هەر لەو میانەیەدا، موستەفا بارزانی پەیوەندی بە ژمارەیەك لە کەسایەتیەکانی تورکمانەوە دەکات وەك ئیبراهیم نەفتچی، محەمەد سالْحی، لەگەڵ حسێن ئاوچی، بەمەبەستی رازیکردنیان بۆ بەشداری کردن لە شۆرشی کورددا. تەنانەت بە صەمانجیان راگەیاندبوو کە بارەگایان لە ناوچەی شوان بۆ دەکەنەوە.[2] لەوەش زیاتر، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێگەی سالْح یوسفیەوە، داوادەکەن کەوا سەردانی یانەی برایەتی تورکمانی بکەن بە مەبەستی متمانە دروستکردن لەنێوان هەردوولا. سالْح یوسفی پەیوەندی دەکات بە بەرپرسانی یانەی برایەتی تورکمان بۆ ئەوەی ئەو گفتوگۆیە ئەنجامبدرێت. ئەوانەی لەناو تورکمان کە پەیوەندییان پێوەکرابوو بریتیبوون لە (عومەر عەلی، عبدولاّ عەبدولرەحمان، عەلی هادی رەزا). تورکمانەکان رازی بوون کە گفتوگۆی نێوانیان ئەنجامبدرێت، بەلاّم لەناو بینای یانە نەبێت، لەبەرئەوەی گومان لای حکومەت دروستنەکات. بەلاّم لایەنی کوردی پێی باش بوو لەناو بینایەی یانە کۆبونەوەکە بکرێت. لە ئاکامدا، هەوڵەکان نەگەیشتنە هیچ رێکەوتنێك. لەو سەردەمەدا نوێنەرایەتی سیاسی تورکمان لەلایەن هیچ هێزێکی سیاسی و هیچ کەسایەتیەکی سیاسیەوە نەدەکرا، بۆیە ئەستەم بوو هیچ رێکەوتنێك بکرێت.[3]**

**لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا هەندێك هەوڵی تر بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی نێوان کورد و تورکمان هەبوون. موستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، نوێنەری تایبەتی خۆی ناردوە بۆ لای تورکمانەکان.[4] موحسین دزەیی کە یەکێك بوو لە ئەندامانی شاندی دانوستاندنکاری پارتی لە بەغداد لە یاداشتەکانیدا باسی پەیوەندی لەگەڵ تورکمان لەو سەردەمەدا دەکات. دەڵێت "ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرکردەکانی تورکمان زۆر باشبوو. کاتێك لە بەغداد بووم عیزەدین قۆجاوە پەیوەندی پێوەکردین و دیدارێکی بۆ رێکخستین لەگەڵ کونسوڵی تورکیا لە بەغداد (بەها کارتای) و جگە لە خۆی، عەبدولاّ**

---

[1] موکەرەم تاڵەبانی، س.پ، ل ٦٨.

[2] عمار علي السمر، م.س، ص ٣٣١.

[3] عزیز قادر، التاریخ ...، م.س، ص١٧٧-١٧٨.

[4] عمار علي السمر، م.س، ص ٣٣١.

عەبدورەحمانیش ئامادبوو. لە دانیشتنەکەدا جەختمان لە پەیوەندی دۆستانەمان لەگەڵ برایانی تورکمان کردەوە. عەبدوڵا عەبدورەحمان و عیزەدین قۆجاوەش جەختیان لە قسەکانمان کردەوە."[1] وەك دەردەکەوێت پارتی ئەگەر تەنانەت بۆ ڕاکێشانی تورکیاش بوبێت بەلای شۆڕشی کوردیدا، هەوڵیداوە کە پەیوەندی دۆستانەی هەبێت لەگەڵ تورکمان، بەڵام ئەم پەیوەندیە لەسەر ئاستی تاك بوە و نەگۆڕاوە بۆ سەر ئاستی جەماوەری تورکمان. بۆ نمونە کەسایەتیەکی وەك عیزەدین قۆجاوە، لەوکاتەی حیزبی بەعس کودەتای ئەنجامدا و هاتە سەرحوکم، ڕایکرد و لەلایەن شۆڕشی کوردیەوە ( لە ناوچەی گەلاڵە) پێشوازی لێکرا و تەنانەت بارەگای چەکداریشیان بۆ کردەوە.[2] لەوەش زیاتر، ئەو کەسانەشی کە نوێنەری بارزانی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردوون بە پێی بۆچوونی عەزیز سەمانجی هیچ دەستکەوتێکی نەبووە بۆ کورد، لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا هەڵوێستێکی یەکگرتووی تورکمان نەبووە دەربارەی ڕوداوەکان و هەروەها هیچ پارتێکی سیاسی تورکمانی بە نهێنی و بە ئاشکرا نەبووە کە گوزارشت لە را و هەڵوێستی تورکمان بکات لەو ماوەیەدا.[3]

سەمانجی پێی وایە تورکمانەکان لەو سەردەمەدا زیاتر حەزیان بە ئاشتی و ئاسایش کردووە و زیاتر خوازیاری بێلایەنی بوون هەتاوەکو لەگەڵ یان دژی لایەك بن لەبەرامبەر لایەکی تر.[4] لەو سەردەمەدا، شۆڕشی کورد کەمتر بواری ئەوەی هەبووە کە دنیا بینی خۆی بۆ تورکمانەکان ڕوونبکاتەوە و دڵنیایی ئەوەیان پێ ببەخشێت کە بە هاتنیان بۆناو سنوری کوردستان لە ستەمی حکومەتی عێراق ڕزگاریان دەبێت. هەروەك روونە کە گرنگترین ناوچە بۆ باشوری کوردستان بریتیبوە لە ئەوناوچانەی کە لەپەنای کورددا تورکمانیشی لێ نیشتەجێبوە، بەتایبەتی کەرکوك.[5] هەرچەندە بەر لە دروستبوونی عێراق، تورکمانەکان لە ناوچەکانی و موسڵ لە دەسترۆشتووەکان بوون، بەڵام لە عێراقی هاوچەرخدا و هەتاوەکو کۆتایی

---

[1] احداث عاصرتها، ج٢، ط١، دار اراس للطباعة و النشر، اربيل، ٢٠٠٢، ص١٤٢-١٤٣.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ بێستون عەلی کریم.

[3] التاريخ السياسي ....، م.س، ص١٩٢-١٩٦.

[4] ن.م، ص١٦٩.

[5] کریس کۆچیرا، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، و. حەسەن ڕەستگار، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، هەولێر، چ١، ٢٠١٣،ل ٤٩-٥٠.

هەشتاکانی سەدەی بیست پارتی سیاسیان نەبووە کە نوێنەرایەتیان بکات،[1] لەبەرئەوە شۆڕشی کورد بە ئاسانی نەیتوانیوە هەڵوێستی تورکمان بزانێت، هەرچەندە ناوچەکانی کەرکوك و دەوروبەری هەمیشە خاڵی ناکۆکی نێوان کورد و حکومەتی عێراق بووە دەربارەی سنوری ناوچەی حوکمی زاتی و گرنگ بووە بۆ کورد کە پشتگیری تورکمانەکانی ئەو ناوچانە بەدەست بهێنێت.[2]

وەك تێبینی دەکرێت لە کاتی گفتوگۆکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراق پاش دەسەڵات گرتنە دەستی بەعسیەکان لەساڵی ١٩٦٨ یەکێك لە کێشە بنەرەتیەکان سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی بووە. حکومەتی عێراق ناوچەکانی وەك کەرکوك و دەوروبەری، دووز، کفری، خانەقین، واتە ئەو ناوچانەی کە تورکمانی لێنیشتەجێیە، لەچوارچێوەی گفتوگۆکاندا بە ناوچەی کێشە لە سەر لە قەڵەم دەدا بە مەبەستی رێگری کردن لە گەرانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر کوردستان. حکومەتی عێراق لە سەرەتای گفتوگۆکانی بەر لە راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ تاراددەیەك دەربارەی چارەنوسی ئەو ناوچانە نەرمی نواند. بەڵام، پاش بەهێزبوون و چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی نکوڵی لە گێڕانەوەی ئەوناوچانە بۆ کوردستان کرد و نەیخستنەناو سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمیەوە[3] و ئەمەش نارەزایی کوردی لێکەوتەوە. یەکلانەکردنەوەی چارەنوسی ئەو ناوچانە لە گفتوگۆکاندا لە قازانجی حکومەت عێراقی بوو. لەو ماوەیەدا حیزبی بەعس کاریکرد بۆ راکێشانی تورکمان بەلای دەستەڵاتی ناوەند و دوورخستنەوەیان لە کورد. بەڵام کورد بۆ نزیکخستنەوەی تورکمان کاری پێچەوانەی ئەنجامنەدا.

بە مەبەستی دورخستنەوەی تورکمان لە شۆڕشی کورد، حیزبی بەعس بەماوەیەکی کەم بەر لە ئیمزاکردنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەگەڵ کورد[4]، هەستا بە دەرکردنی کۆمەڵە بڕیارێك تایبەت بە پێدانی مافی کلتوری و رۆشنبیری بە تورکمانی عێراق. تیایدا هاتبوو: خوێندنی زمانی تورکمانی لە خوێندنگەکاندا، و

---

[1] J. E. Strakes, Ibid, pp372-374.

[2] کریس کۆچیرا، س.پ، ل٩٣-٩٧.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بروانە دەقی بەیاننامەی ١١ی ئازار: مسعود البارزانی، م.س، ص ٦١٤-٦٢٠.

[4] ن. لازاریف و ئەوانی تر، مێژووی کوردستان، و. وشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥٠٠-٥٠٣.

کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی زمانی تورکمانی و رۆشنبیری تورکمانی لە وەزارەتی پەیوەندی دار. لەوەش زیاتر، دەرچواندنی مانگنامەیەك بە زمانی تورکمانی.[1] بەلاّم ئەم بەلێنانە هیچی بەتەواوی جێبەجێنەکرا و وەك بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی تایبەت بە کورد لەباربرا. ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت لە بەیاننامەی ١١ی ئازاردا هیچ بڕگەیەك دەربارەی تورکمانەکان نەهاتووە،[2] هەرچەندە باس لە سەرژمێری کراوە و بۆ ئەوناوچانەی کە ئەگەر کورد زۆرینە بوو ئەوا بخرێتەسەر ناوچەی حوکمی زاتی و هەروەها لە خالّی ١٠ بڕگەی (أ)دا هاتووە کە مافی کەمە نەتەوەکانی تر دەپارێزرێت بەلاّم هیچ ئاماژەیەك بە تورکمان نەکراوە،[3] ئەمەش دیسان هەوڵێکی حکومەتی عێراق بووە بۆ ئەوەی ئاماژەیەك بدات بە تورکمان کە ئەوە حکومەتی ناوەندییە گرنگی بەوان دەدات، نەك کورد و شۆڕشی کوردی. هەروەها هەوڵێکیش بوو بۆ دورخستنەوەیان لە کورد.[4] دواجار پێویست بوو کە بزوتنەوەی رزگاریخوزای کورد و هەروەها تورکمانەکانیش هەست بەوە بکەن کە حکومەتی عێراقی یەك سیاسەت بەرامبەر هەردوولایان جێبەجیٚ دەکات بەتایبەتی لەناوچەی کەرکوك، ئەویش گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە و نیشتجێکردنی عەرەب لەناوچەکەدا بوو.[5] لەبەر ئەو هۆکارە پێویست بوو هەڵوێستی تورکمان بەرامبەر بە شۆڕشی کورد لەو سەردەمەدا زیاتر روونبوایە و تاراددەیەك هاوهەڵوێستیش بونایە.

بەشێك لە تورکمانەکان کە خۆی لە یانەی برایەتی تورکمان دەبینیەوە پاش راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازار دڵخۆشیی خۆیان دەربڕی. گۆڤاری قارداشلق لە ژمارەی مانگی ئازار ئەو ساڵەدا سەرووتارەکەی بۆ پیرۆزبایی لە دەرچوونی بەیاننامەکە تەرخان کرد. لە سەروتارەکەدا کە بەناوی "جەژنی ئاشتی" نوسراوە، هاتووە " بەیاننامە مێژووییەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بە راگەیاندنی

---

[1] صمانجی، التاريخ السياسي...، م.س، ص٢٠٤-٢٠٨.

[2] بۆ ناوەڕۆکی بەیاننامەکە بڕوانە: ن. لازاريف، س.پ، ل٥٠١-٥٠٥.

[3] هـ.س، ل٥٠٤.

[4] H. Tarik, Ibid, P.316.

[5] جمال رشيد احمد، کەرکوك و ناوچەی گەرمیان و مافی کۆنترۆڵکردنیان لەلایەن کوردەوە، دهۆك، چ١، ٢٠٠٨، ل٥٩-٦٠؛ ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان: تەرحیل و ئەعریب و تەبعیس، چ٢، ١٩٩٩، لە بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ل٢٤٠-٢٤٢.

ئاشتەوایی لە باکوری خۆشەویست، کاریگەری جدی لەسەر دەرونی گشت جەماوەری وڵاتی خۆشەویستمان جێهێشت." هەروەها تیایدا هاتوە "سوپاکەمان دەتوانێت توانایەکی زیاتر بۆ بەرەوپێشبردنی دۆسیەی عەرەب و موسوڵمانان بەخەرج بدات"،[1] ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی شۆرشی کورد رێگربووە لەوەی سوپای عێراق "رۆڵی خۆی" لە کێشەی عەرەب- ئیسرائیلدا ببینێت. سەرەرای ئەوەش ووتارەکەی قارداشلق بەهیچ شێوەیەك ناوی کوردی نەهێناوە. ئاماژەنەکردن بە ناوی کورد لە نوسینی بەشێکی بەرچاوی تورکماندا بەدیاردەکەوێت، بەتایبەتی نوسینەکانی یانەی برایەتی تورکمان. ئۆجاغ زۆر بەکەمی نەبێت ناوی کوردیان نەبردووە. لەوەش زیاتر، ووتارەکە زیاتر وەسفی دەستەڵاتی ناوەندی دەکات بۆ پێدانی مافەکان، لەنێویاندا مافە کولتوریەکانی تورکمانەکانیش ئاماژە بۆ دەکات و دەڵێت " ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ناوەرۆکی مرۆڤدۆستانەی خۆی سەلماند بە پێدانی مافی کولتوری بە نەتەوەی تورکمان."[2] هەروەها، سەرۆکی یانەی برایەتی تورکمان، عەبدوڵا عەبدولرەحمان، لە ووتارێکیدا بە بۆنەی پێدانی مافی کولتوری بە تورکمان، ئاماژە بە خۆشحاڵبوون و پشتگیری تورکمان دەکات سەبارەت بە دەرکردنی بەیاننامەی ١١ی ئازار و وەستانی شەر و هەروەها بروسکەی پیرۆزباییش ئاراستەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دەکات.[3] هەرچەندە پشتگیریەکانی تورکمان لەم کاتەدا زیاتر بە خزمەتی حکومەت و دەستخۆشیەکان لە حکومەت کراوە، بەڵام ناواخنەکەی جۆرێك لە هاوهەڵوێستی بۆ کورد تیادا بەدی دەکرێت بەتایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی ئەوسای عێراق.

لە کاتی رێکەوتنەکانی نێوان کورد و حکومەتەکانی عێراق، بەشێك لە تورکمان کە خۆیان لە یانەی برایەتی تورکمان دەبینیەوە هەمیشە پشتگیری ئەو رێکەوتنانە بوون. لەکاتی راگەیاندنی حوکمی زاتی (١٩٧٤/٣/١١) بۆ کوردستان[4]، کە رەزامەندی

---

[1] پاشکۆی ژمارە (١٣). الاخاء، ع١١-١٢، س٩، بغداد، ١٩٧٠، ص١

[2] هـ.س.

[3] پاشکۆی ژمارە (١٤).

[4] بۆ دەقی رێکەوتننامەکە بڕوانە: مسعود البارزانی، م.س، ص ٦٢٣-٦٣٠.

پارتی لەسەر نەبوو[1]، یانە بە فەرمی پشتگیری ئەو راگەیاندنەی کرد. لە ژمارەی نیسانی ساڵی ١٩٧٤ دا بەیاننامەی پیرۆزبایی لەلایەن سەرۆکی یانە بەو بۆنەوە بلاۆکراوەتەوە. لە بەیاننامەکەدا هاتووە "ئێمە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانە و بەناوی یانەو جەماوەری تورکمان لە عێراق بە بەگەرمی پێشوازی لە بریاری مێژوویی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش سەبارەت بە راگەیاندنی حوکمی زاتی بۆ گەلی کوردمان دەکەین."[2] ئەم تێڕوانینە لە ناواخندا جۆرێك لە پشتگیری بۆ ئاشتەوایی لە کوردستان پێوەدیارە. واتە رایەك لەناو تورکمان هەبووە کە پێی باش بووە لە کورد نزیك ببنەوە بەڵام ئەمە زۆرینەی شەقامی تورکمانی نەبووە. جگە لە هۆکاری کامڵنەبوونی جوڵانەوەی سیاسی تورکمان دژ بە رژێم، هۆکارێکی تر بریتیە لە جیاوازی تێڕوانینی خودی تورکمان دەربارەی نزیکبوونەوە لە شۆرشی کوردی لەو سەردەمەدا. عەزیز سەمانجی باس لەوە دەکات و دەڵێت لەو قۆناغەدا شەقامی تورکمانی بەگشتی دابەشبوو بەسەر دوو تێڕوانیندا. تێڕوانینێك کە خۆی لە پیاوە بەتەمەن و خاوەن ئەزمونەکاندا دەبینیەوە لە نمونەی عەبدوڵا عەبدولڕەحمان، پێیان باش بوو ئاشتەوایی و هاوکاری لە نێوان تورکمان و کورد هەبێت. بە پێچوانەوە تێڕوانینی دووەم، کە تێڕوانینی زاڵ بوو، رایان وابوو کە ئاشتەوایی لەگەڵ کورد نەکرێت. خاوەنی ئەم رایە زیاتر خۆی لە گەنجەکانی تورکمان دەبینیەوە، عەزیز سەمانجی خۆی بە نمونەی ئەم گروپە دەهێنێتەوە.[3]

لە کاتی بەردەوام بوونی شۆرشی کورددا ژمارەیەك لە تورکمانەکان هەڵوێستی ئەرێنیان بەرامبەر بە شۆرشەکە هەبووە، تەنانەت هەندێکیان رێکخراوی سیاسیشیان دروستکرد و ماوەیەك لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد خەباتیان دەستپێکرد، عیزەددین قۆجاوا یەك لەو سەرکردانەی تورکمان بوو کە لەلایەن سەرکردایەتی شۆرشەوە داڵدەدرا و پێشوازی لێکرا. یەکێك لەو کەسانەی لە جوڵانەوەکە بەشدار بووە لەو بارەوە دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٧١ پەیوەندیم بە شۆرشگێڕی تورکمانی عیزەدین قۆجاوا لە دەربەند رایات کرد. بارەگایەکمان دروستکرد و ژمارەیەك

---

[1] لەو بارەیەوە بڕوانە: نەوشیروان شەریف سعید، ئەزمونی، ئۆتۆنۆمی لە باشوری کوردستان ١١ی ئاداری ١٩٧٤-١١ی ئاداری ١٩٩١، ماستەرنامەیەکی بلاۆنەکراوەیە پێشکەش بە بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، ٢٠١٧، ل٣٨-٤١.

[2] پاشکۆی ژمارە (١٥). الاخاء، ع ١٢، بغداد، ١٩٧٤، ص ١.

[3] التاريخ ...، م.س، ص١٧٨-١٨٠.

تورکمانی تر پەیوەندیان پێوە کردین و جوڵانەوەکەمان ناو نا حیزبی تورکمانی."[1]
عیزەدین قۆجاوا بەدیاریکراوی لەساڵی ١٩٧١ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردیەوە دەکات و دەبێتە کەسێکی جێ متمانەی بارزانی.[2]

تورکمان و کورد بەحوکمی ئەوەی کە هەمان چارەنوس رووبەروویان بۆتەوە لە سەردەمی حیزبی بەعس بەتایبەتی لە شاری کەرکوك و پێکەوە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی سزادراون، هەمان خەبات و هەمان هەڵوێستیان لەسەر رژێمی بەعس هەبووە. هەرچەندە لەرووی پێکهاتەی حیزبی سیاسیەوە تورکمان لەوسەردەمە بەکەمی هەبوون لەچاو کورد، بەڵام ئەو نارەزایەتیە نەرێنیەی هەیان بووە هەمان ئاراستەی کوردی وەرگرتووە. نارەزایەتیەکە بریتیبووە لە نارەزایەتی لە بارودۆخی سیاسی لە شاری کەرکوك.[3] لەوەش زیاتر، سروشتی خەباتی نیشتمانی هەردوو نەتەوە بریتیبوو لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی هەردوو نەتەوە.
بەڵام لە کۆتایی ئەو سەردەمەدا، تارادەیەك تێگەیشتنێك فۆرمەلە بوو لای هەندێك لە تورکمانەکان کە پێیان وابوو کورد و بزوتنەوەی کوردی بە گرنگیەوە لە رۆڵی ئەوان لە پێشهاتە سیاسیەکانی عێراقدا دەڕوانێت[4]، لە کاتێکدا کە حکومەتی عێراقی ئەم رۆڵەیان لەبەرچاو ناگرێت. ئەمە ئەکرێت بە هەڵوێستێکی ئەرێنی بخەملێنرێت لەلایەن تورکمانەکانەوە بۆ دۆزی کورد لە باشوری کوردستان. بەڵام پاش ئەوەی کە حکومەتی عێراقی بەردەوام بوو لە سیاسەتی پشتگوێ خستن و دژایەتی کردن، بەتایبەتی پاش جەنگی کەنداوی دووەم کە هەرێمی کوردستان لە باشوری کوردستان بو بە دیفاکتۆ، ئیتر تورکمان هەستیان بە ئەوە کرد کە پێویستە رۆڵی خۆیان ببینن.

سەرەڕای ئەوانەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆکرا، ئەو ناوچانەی کە تورکمانەکانی لێنیشتەجێبووە زیاتر دەشتاییە، لەبەرئەوە نەیان توانیوە یان بۆیان نەرەخساوە کە شوێنەکەیان وەك پەناگایەك بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش بەکاربێنن[5] هەروەکو چۆن کوردستان ناوچەیەکی بەرفراوانی چیایە و پاشان ناوچەی سنورییشە. لەبەرئەوە لەهەر حاڵەتێکی هاوکاری کردنی کورد یان هەڵگەرانەوە و دەستکردن بەشۆڕش

---

[1] ینظر:نورالدين قرة قابلان في لقاء الخاص مع القشلة:( 12/9/20)http://www.kishlanews.com/ar

[2] وليد شركة، م.س، ص ١٣.

[3] احمد كركوكلي، التعايش السلمي..، م.س، ص١٦٥.

[4] الصمانجى، التاريخ السياسي، م.س، ص٢٤٨-٢٤٩.

[5] J. E. Strakes, Ibid, pp.376-379.

دژی رژێم زۆر بەئاسانی دەتوانرا لەناوببرێن و کپبکرێنەوە.[1] لەبەرئەو هۆکارانەی سەرەوە ئەکرێت بووترێت کە تورکمان هەڵوێستێکی فەرمی و روونیان دەربارەی شۆڕشی کورد نەبووە لەو سەردەمەدا.

ئەم ماوەیە کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەسەر شانۆی سیاسی لە عێراق دروستدەبێت، وەك جەنگەکانی کەنداو و هێرشی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق[2] و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان. تورکمانەکان لەم سەردەمەدا وەك پارتی سیاسی دەرکەوتن و بوون بە خاوەنی چەند تێڕوانینێکی سیاسی دیاریکراو بۆ پێشهاتەکانی عێراق. لە هەمووی گرنگتر هەڵوێستیان لەمەڕ رووداوەکانی هەرێمی کوردستان و داواکاریەکانی کورد لە عێراقی داهاتوو، هەورووەها مامەڵەی کورد بەرامبەر بە تورکمانەکانی عێراق بەگشتی و بەتایبەتی ئەو بەشەی کە کەوتبونە ناو هەرێمی کوردستان لەو سەردەمەدا.

لە کاتی راپەرینی گەلانی عێراق لەساڵی ١٩٩١دا، لە ئاکامی هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر سوپای عێراق و شکستی عێراق لە جەنگی کەنداودا،[3] تورکمانەکانیش بەجۆرێك لە جۆرەکان راپەرینێنان بەرپا کرد هەروەك هەندێك لە سەرچاوەکانی تورکمانی ئاماژەی بۆ دەکەن.[4] لەگەڵ ئەمەشدا، کورد یەکێك بوو لە سەرەکیترین بەشدارانی راپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ و قۆناغێکی نوێ لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا هاتە کایەوە.[5] ئەم خاڵە، واتە راپەرین، هەردوو نەتەوە پێکەوە دەبەستێتەوە و دەتوانرێت بە خاڵێکی ئەرێنی هاوبەشی نێوانیان دابنرێت، لەبەرئەوەی هەردوولایەن بەشدارییان تیا کردووە. هەرچەندە هەندێك بۆچوون پێی وایە لە دەرەنجامی راپەرینەکە کە کۆڕەوی کوردی لێکەوتەوە، نیشانەی ئەوەیە کە کورد نیشتمانی نەبوون و خاکی خۆیان جێهێشتووە، بەڵام تورکمان لەبەرئەوەی کە

---

[1] H. Tarik, Endangered Community: The Turkoman Identity in Iraq, *Journal of Muslim Minority Affairs*, Vol. 24, No. 2, 2004, p319.

[2] مركز دراسات الوحدة العربية، الحرب على العراق يوميات_وثائق_تقارير، لبنان، ط١، ٢٠٠٧، ص٣٣٩-٤٠٩.

[3] كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، ج٣، ط١، دار اراس للطباعة و النشر، اربيل، ٢٠١٣، ص١٥٣-١٥٩.

[4] صمانجی، التاريخ السياسي..، م.س، ص٢١٧-٢١٨.

[5] فاتح رسول، چەند لاپەڕەیك لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، ب٣، چ١، بنکەی چاپەمەنی رۆژ سوید، سوید، ١٩٩٤، ل٤٨٨-٤٨٩.

ژمارەیەکی کەمیان کۆڕەویان هەڵبژاردووە نیشتمانی تر بوون.[١] لە واقیعدا ئەم رایە پەیوەندیەکی وەهای بە مەسەلەی نیشتمانیبوونەوە نیە، ئەوەندەی کۆڕەو پەیوەستە بە ترس لە تۆڵەی حکومەتی عێراقی، پەیوەندیی نیە بە نیشتمانی بوون و نیشتمانی نەبوونەوە، لەبەرئەوەی گەلانی عێڕاق بەتایبەتی کورد مێژوویەکیان هەبوە لەگەڵ تۆڵەسەندنەوەی حکومەتی عێڕاقی، دیارە لە ترسی لەناوبردنی یەکجارەکی و لەناچاریدا کۆڕەویان هەڵبژاردووە، وەك نمونەی ئەنفال و کیمیاوی باران.[٢]

[1] E. Al- Hirmizi, the Turkmen and the Iraqi Homeland, Kerkuk, 2003, pp157-159.

[٢] تشارلز تريب، صفحات من تاريخ العراق، ت.زينة جابر ادريس، ط١، دار العربية للعلوم، لبنان، ٢٠٠٦، ص٣١٩-٣٢٣.

**تەوەری دووەم: هەڵوێست و پێگەی تورکمان لە رووداوە ناوخۆییەکانی باشوری کوردستان ١٩٩١-٢٠٠٣:**

پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١ و دروستبوونی قەوارەی سیاسی لە باشوری کوردستان بەناوی هەرێمی کوردستان، بارودۆخی ناوچەکە گۆرانکاری ڕیشەیی بەخۆوە بینی.[١] یەکێك لەو گۆرانکارییانە بریتیبوو لە دروستبوونی پارتە سیاسیە تورکمانیەکان هەروەك لە بەشی یەکەمدا روونکراوەتەوە. ئەم پارتانە بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێست و تێروانینی تایبەت بەخۆیانیان دەربارەی بارودۆخە نوێیەکە دەخستە روو.

راپەرینی ساڵی ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستان بارودۆخێکی نوێی هێنایە کایەوە کە سەردەمی دروستبوون و گەشەکردنی پارتە سیاسیەکان بوو لە ناوچەکە، بەتایبەتی تورکمانەکان. پارتە کوردستانیەکان بە چەند ساڵێك بەر لە راپەرینی ساڵی ١٩٩١ بەرەی کوردستانییان پێکهێنا کە زۆرینەی پارتە کوردیەکانی لە خۆگرتبوو. پاش کشانەوەی حکومەتی ناوەندی لە ناوچەکە، بەرەی کوردستانی وەك هێزی بەرێوەبەری باشوری کوردستان دەستبەکار بوو.[٢] ئەو چوارچێوەیەی بەرەی کوردستانی دروستی کردبوو نەیتوانی پێکهاتەی تورکمانەکان لەخۆ بگرێت، هەرچەندە بە دانپیانانی تورکمانەکان خۆیان بەرە هیچ گرفت و فشارێکی سیاسی لێنەکردوون لەو کاتەدا، بەڵام پێیان وایە بەرە لە هەمان کاتدا بە فەرمی دەستپێشخەری نەکردووە بۆ هاوکاری و بەشداری تورکمان لەناو پێکهاتە نوێیەکەدا. بۆ نمونە لەو سەردەمە یانەی برایەتی تورکمان هەبوو لە هەولێر کە هیچ بەشدارییەکیان لەناو بەرەی کوردستانی پێنەکراوە وەك تورکمانەکان رایدەگەیەنن.[٣] لە واقیعدا، یانەی برایەتی تورکمان پارتی سیاسی یان گروپێکی سیاسی راگەیەندراو نەبوو. هیچ هەوڵێك یان دەست پێشخەرییەکی سیاسیشی بۆ بارودۆخی هەرێم لەو ماوەیەدا نەبووە.

---

[١] مایکل ام غینتر، کورد العراق الام و امال، ت. عبدالسلام النقشبندي، ط١، دار اراس للطباعة و النشر، اربيل، ٢٠١٢، ص ١٢١.

[٢] بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٨٨ لە نێوان شەش پارتی سیاسی لە کوردستان پێکهات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فاتح رسول، چەند لاپەرەیەك... ، س.پ، لا ٤١٥-٤٤٦.

[٣] منشورات الاعلام المركزي للجبهة التركمانية العراقية، ع٤، م.س، ص٩.

له یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان له ساڵی ١٩٩٢ [1]دا تورکمانەکان به فەرمی هیچ بەشدارییەکیان نەبوو. تاکه حیزبی سیاسی که ئەوکاته هەبوو، تازه خەریکبوو له کوردستان بارەگای دەرکردەوە، بەشداری له هەڵبژاردنەکه نەکرد. پارتی نیشتمانی تورکمانی که تاکه حیزبی تورکمانی بوو، دژی هەڵبژاردن بوون له هەرێمی کوردستان. پارتەکه پێیان وابوو ئەگەر ئەوان بەشداری لەو هەڵبژاردنه بکەن، ئەوا گرفتی سیاسی گەوره رووبەرووی ئەو تورکمانانه دەبێتەوە که له کەرکوك و ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەتی عێراقین.[2] هۆکارێکی تری بەشداری نەکردنی ئەو پارته دەگەڕێتەوە بۆ مەترسیی تورکیا لەسەر داهاتووی پەیوەندی هەرێم و بەغدا و ترسیان له مانەوە یان جیابوونەوەی کورد له عێراق[3]، که ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری هەبوو لەسەر سیاسەتی پارتی نیشتمانی تورکمانی لەوکاتەدا که بنکەی سەرەکییان له ئەنقەرە بوو. کەواته به کاریگەری تورکیا بشدارییان له هەڵبژاردنەکه نەکرد.[4]

پاش پێکهێنانی کابینەی یەکەمی حکومەت، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیاری پێدانی وەزارەتی بۆ تورکومانەکان کردبوو، هەروەها پێنج کورسی پەرلەمانیان بۆ دانرا، بەڵام رەدیان کردەوە وەك درێژەدان به سیاسەتی بێلایەنی. لەوەش زیاتر، لەساڵی ١٩٩٤ پێکهێنانی کابینەی حکومەت به سەرۆکایەتی کۆسرەت رەسول علی، پێشنیار کرا بۆ پارتی نیشتمانی تورکمانی که به وەزارەتێك بەشداری کابینەکه بن، بەڵام ئەوان داوای دوو وەزارەت و جێگری سەرۆکی حکومەتیان کرد، لەبەرئەوە گفتوگۆکان شکستیان هێنا.[5] لێرەدا لەماوەی دووساڵدا تورکمانەکان دوو جۆر هەڵوێست وەردەگرن، یەکەم وەك خۆیان ناویان ناوە درێژەپێدەری سیاسەتی بێلایەنیه بەرامبەر به ململانێی سیاسی نێوان حکومەتی عێراقی و کورد.[6] هەڵوێستی دووەم جۆرێکه له نزیکبوونەوە له کورد، هەوڵێکه بۆ

---

[1] پەروێز رەحیم قادر، نەجات عەلی صالح، کاریگەریەکانی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق، چ١، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٨٧-٨٨.

[2] M. M. Gunter, "*a Kurdish State in Northern Iraq?"*, Humboldt Journal of Social Relations, Vol. 20, No. 2, (1995), p.50.

[3] M. Kibaroglo, " Clash of Interest over Northern Iraq Drives Turkish-Israeli Alliance to a Crossroads", Middle East Journal, Vol. 59, No. 2, (Spring, 2005), P. 247

[4] M. M. Gunter, "*a Kurdish State in Northern Iraq?"*, Ibid, p. 50.

[5] الصمانجی، التاریخ السیاسي...، م.س، ص٢٤٩.

[6] ن.م، ص ٢٤٩.

بەشداری لە حکومەتی هەرێم، کە ئەمەش هەڵوێستی ئەرێنی دەنوێنێت بەرامبەر بە باشوری کوردستان. هەرچەندە هیچ بەشدارییەکی کردارییان لە حکومەت نەکرد.

پاش دوو ساڵ لە دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان شەڕێکی ناوخۆیی لە باشوری کوردستان لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرپابوو.[١] سەرەتای بەریەککەوتنە چەکداریەکان لە بەرواری ١٩٩٤/٥/١ [٢] لە قەڵادزێ دەستیپێکرد،[٣] هەرچەندە یەکێتی و پارتی بە فەرمی بەیاننامەیان بۆ سەرکۆنەکردنی رووداوەکە بڵاوکردەوە، بەڵام بەریەککەوتنەکە بۆ جەنگێکی چوار ساڵە گۆڕا.[٤] لەو ماوەیەدا هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی بارەگاکانیان و شوێنی کارکردنیان لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە هەولێر کردوەوە. پارتە تورکمانیەکانی ناو هەولێر و دەرەوەی هەولێر وەك کەرکوك بەهەمان شێوەی پارتەکانی تر بارەگا سەرەکیەکانیان لە هەولێر بوو. هەولێر وەك پایتەخت کە ناوەندێکی گەرمی ململانێکانی پارتی و یەکێتی بوو، کاریگەری لەسەر جووڵە و ئیشکردن و تەنانەت هەڵوێستی پارتە تورکمانیەکان، بەتایبەتی بەرەی تورکمانی لەو ماوەیەدا، هەبوو.

یەکەمین دەرکەوتنی تورکمان بریتیبوو لە هەڵوێستی هەردوو پارتی تورکمانی (پارتی برایەتی تورکمانی، پارتی یەکێتی تورکمانی) لە بەیاننامەیەکی هاوبەشی هەشت حیزبدا کە رایانگەیاندبوو شەر رابگیرێت و ئەو دەرفەتەی هاتۆتە پێش بۆ کۆبوونەوەی هەردوولا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئەمریکا بکرێتە سەرەتایەك بۆ کۆتایی هێنان بە شەری ناوخۆ. یاداشتنامەکە پێشکەشی مەکتەبی سیاسی هەردوو پارتی بەشەرهاتوو کرابوو.[٥] پاش دوو مانگ و دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆکانی دبلن، دووبارە پارتە تورکمانیەکان (هەمان ئەو دوو پارتەی سەرەوە) بەیاننامەیەك

---

[١] پەروێز رەحیم قادر، س.پ، ل ٩٣-٩٤.

[٢] ئۆفرا بینگۆ، کوردی عێراق بنیاتنانی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا، و. سۆران موستەفا کوردی، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٣٣٠.

[3] M. M. Gunter, *"the KDP-PUK conflict in Northern Iraq"*, Middle East Journal, Vol. 50, No. 2 (Spring, 1996), pp. 224-241, p. 233.

[٤] روونکردنەوەیەك لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستانی نوێ، ژ ٦٧٥، (١٩٩٤/٥/٣)، ل١. برایەتی، ژ ١٩٣٧، (١٩٩٤/٥/٥)، ل١.

[٥] بۆ دەقی بەیاننامەکە بروانە: کوردستانی نوێ، ژ ١٠٥٠، (١٩٩٥/٨/١)، ل١.

دەردەکەن. لە بەیاننامەکەدا داوای دووبارە دەستکردنەوە بە وتوویژ لە یەکێتی و پارتی دەکەنەوە بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە شەری ناوخۆ.[1] ئەم دوو پارتە تورکمانیە هەمیشە هاوهەڵویستی هێزە سیاسیە کوردستانیەکان بوون و لە بابەتە کوردستانیەکاندا هەمان بۆچوونی پارتە کوردستانیەکانی تریان هەبووە و ویستوویانە لە شەری ناوخۆی کوردستان بێلایەن بن.

لایەنێکی ناو پارتی نیشتمانی تورکمانی (وەك عەلی ئۆزمەن کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبەکە بوو) هاوهەڵویستی هێزە کوردستانیەکان بوون و لە شەری ناوخۆدا هەڵویستی بێلایەنانەیان هەبووە و هەروەها دژی شەرەکانیش بوون.[2]

بەرەی تورکمانی بەدرێژایی شەری ناوخۆ هیچ جۆرە بەشدارییەکی چەکدارانەی بە بەرژەوەندی یان دژی هیچ کام لە لایەنەکانی شەر نەبوو. لەوەش زیاتر، هیچ کام لە دوو پارتی ململانێکە بە جیاش رووبەرووی بەرەی تورکمانی نەبوونەوە تا کۆتایی هاتنی شەری ناوخۆ. هەرچەندە بەرەی تورکمانی خاوەنی هێزی سەربازی تایبەت بە خۆی بوو و فەرمانگەی بەرگری هەبوو کە چەکدار بوون، بەلام لە شەرەکاندا بێلایەن وەستان. ئەمەش چەند هۆکارێك لەخۆ دەگرێت، لەوانە یەکێتی و پارتی بەشێوەیەکی زۆر قووڵ و بەردەوام رۆچووبونە ناو ململانێی نێوان خۆیانەوە کە نەدەپەرژانە سەر حیزبەکانی تری هەرێم. لەوەش زیاتر، بەرەی تورکمانی جێگای مەترسی نەبوو بۆ هیچ کام لە یەکێتی و پارتی. هەروەها بەرەی تورکمانی بە تەواوی خۆی لە لایەنگیری پارتە بە شەرهاتووەکان بە دوور دەگرت.[3]

بەرەی تورکمانی بەشداری شەر و ململانێکانی لەگەڵ پارتی و یەکێتی نەکرد، بەلام لەکاتی هەوڵەکانی ناوخۆ و دەرەوە بۆ وەستانی شەڕ و دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان بەرە بەشداری کرد. لەسەرەتاکانی دامەزراندنی بەرەی تورکمانی لە ١٩٩٥/٤/٢٤ەوە بێلایەنی بەرەی تورکمانی لە هەڵویست و کارەکانی بەرەدا دەردەکەویت. بەرەی تورکمانی لە بەیاننامەی راگەیاندنیدا بە تایبەت باس لە شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی دەکات و لە خاڵی چوارەمدا نووسراوە "کارکردن بۆ وەستانی

---

[1] بۆ دەقی بەیاننامەکە بروانە: کوردستانی نوێ، ژ ١٠٩٣، (١٩٩٥/٩/٢١)، ل١.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی ئۆزمەن سەرپەرشتیاری پارتی نیشتمانی تورکمانی، کوردستانی نوێ، ژ ١٣٢٧، (١٩٩٦/٦/٥)، ل ٣.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەنعان شاکر.

پێکدادانی چەکداری لە ناوچەکەماندا و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری سیاسیانە بۆ سەرجەم پرسەکان لەڕێگەی گفتوگۆوە".[1]

لە کاتی جەنگی ناوخۆشدا هەوڵی ناوەندگیریان لە نێوان یەکێتی و پارتی داوە. لەوکاتەی کە یەکێتی و پارتی لە نێوان خۆیاندا ئاگربڕ دەکەن، بەرەی تورکمانی ئەو هەنگاوەی پێباشبوە و تەنانەت پێشنیاری ئەوەی کردووە کە بەمەبەستی دووبارە نەبوونەوەی جەنگ پێویستە کە بارودۆخی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرەی کوردستانی. لەوەش زیاتر، رایان وابووە کە بەرەی کوردستانی هەستێت بە چاودێریکردنی جموجۆڵی سەربازی هەردوو حیزب بەمەبەستی رێگریکردن لە تەشەنەسەرندنی جەنگ و دووبارە رووادانەوەی جەنگ. بە پێی وتەبێژەکەیان بەرەی تورکمانی پێی وابوە، کە حکومەتی هەرێم هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە قاڵبێکی حیزبایەتی پێوەدیاربووە و هەردوو حیزبی دەستەلأتدار لەنێوان خۆیاندا حکومەتیان بەش کردووە و لایەنەکانی تریان لیّ بێبەری کردووە.[2]

لە گەڕی گفتوگۆکانی هەوڵەکانی ئاگربڕ لەنێوان یەکێتی و پارتی لە دبلن بەرەی تورکمانی هەرچەندە بەشداری گفتوگۆکانی نەکرد، بەڵام بە فەرمی پێشوازی لە هەوڵەکان کرد بۆ کۆبوونەوەی هەردوولا لەسەر مێزی گفتوگۆ، دیارە ئەمەش وەك لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە بە "مەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕەکان بۆ ئەوەی سەرجەم هەوڵەکان یەکبخرێت بۆ کۆتاییهێنان بە رژێمی بەعس لە عێراق."[3] جێی سەرنجە کە یەکێتی و پارتی بە نێوەندگیری نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و نوێنەری هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق لە شاری دبلن کۆبوونەوە بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆ لە بەرواری ٩-١٩٩٥/٨/١١.[4]

گەڕی دووەمی دانوستانەکانی نێوان لایەنەکانی شەڕی ناوخۆ لە شاری دبلن دەستی پێکردەوە لە رێکەوتی ١٩٩٥/٩/١٢ و بە رێکەوتنامەی دبلن کۆتایی پێهات. لەرێکەوتنامەکەدا ئاماژە دراوە بە بەشدارپێکردنی تورکمان لە حکومەتی داهاتوی

---

[1] نص بيان اعلان تأسيس الجبهة التركمانية، تركمن الي، ع٦، (١٩٩/٨/١)، ص١.

[2] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاوپێکەوتن لەگەڵ وتەبێژی بەرەی تورکمانی، ١٩٩٥/٥/١٧، ل٥.

[3] الافتتاحية، جريدة توركمن الي، ع٧، (١٩٩٥/٨/١٥)، ص١.

[4] دووەمین رۆژی وتووێژی راستەوخۆی یەکێتی و پارتی لە دبلن، کوردستانی نوێ، ژ١٠٥٧، (١٩٩٥/٨/١٠)، ل١.

هەرێمدا.[1] نەوشیروان موستەفا کە لە بەشدارانی دانوستاندنەکان بوو لە وتارێکیدا کە چەند رۆژێك پاش کۆتاییهاتنی گفتوگۆکان نوسیویەتی "لەسەر داوای تورکیا چەند سەرەتایەك دەربارەی بەشداربوونی نوێنەرایەتی کۆمەڵە ئیسنییەکان لە حکومەتی داهاتوو خرانە راگەیاندنی سەرەتاکانەوە."[2] هەرچەندە نەوشیروان موستەفا ناوی تورکمانی نەهێناوە لە نوسینەکەیدا، بەڵام کاتێك باسی دەستوەردانەکانی تورکیا دەکات ئاماژە بۆ بەشداری ئەو گروپانە دەکات، ئەمەش ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە تورکیا ویستی هەبووە تورکمان لە داهاتووی هەرێمی کوردستاندا بەشداربن. بۆ نمونە رۆژنامەی کوردستانی نوێ کە پرنسیپە سەرەکیەکانی رێکەوتننامەی دبلن بڵاودەکاتەوە لە خاڵێکدا ئاماژە بە بەشداری "کەمایەتیەکانی دیکە" دەکات کە بەشداری لە ئیدارەدانی هەرێمدا دەکەن. سەرەرای ئەوەش، فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەو بارەیەوە لە لێدوانێکیدا کە کوردستانی نوێ بڵاوی کردوەتەوە بە روونی دەڵێت "سەبارەت بە هەرێمی کوردستان ئەوا ئەنجومەنی وەزیران لە حیزبە کوردستانیەکان و نوێنەرانی ئەو نەتەوانەی لە کوردستان دەژین وەك تورکمان و ئاشوریەکان پێکدەهێنرێت."[3] هەرچەندە گفتوگۆکان شکستیان هێنا و یەکێتی و پارتی نەگەشتنە رێکەوتن، بەڵام سەرەتایەك بوو بۆ بەشداریکردنی تورکمان لە دانوستاندنەکانی داهاتوودا.

راستەوخۆ پاش کۆتاییهاتنی کارەکانی کۆبوونەوەی دبلن لە نێوان یەکێتی پارتی، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، لەکاتی گەرانەوەی وەفدی پارتی لە ئەنقەرەوە بۆ کوردستان، بە وەفدەکەیان راگەیاندوە کە ئەوان واتە تورکیا پشتگیری تورکمانی عێراق دەکەن و پێیان وایە دەبێت تورکمان رۆڵی لە عێراقی داهاتوودا هەبێت. کۆبوونەوەی سامی عەبدولرەحمان بە نوێنەرایەتی پارتی لەگەڵ ئەنور اویمن راوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە بەرواری ١٩٩٥/٩/٢٦ لە دیوانی وەزارەت ئەنجامدراوە و تیایا تورکیا رای خۆی لەبارەی تورکمانی عێراقەوە بە پارتی راگەیاندوە.[4] لە میانەی هەوڵەکانی تورکیا بۆ بەشداریکردنی بەرە لە گفتوگۆکانی

---

[1] ترکمن الي، ع٩، (١٩٩٥/٩/١٥)، ص١

[2] نەوشیروان موستەفا، لە گفتوگۆکانی دبلن دا: پارتی دەرەتانی چارەسەری سیاسی داخست ئاخۆ چ دەرەتانێکی تر دەکاتەوە، کوردستانی نوێ، ژ ١٠٩٥، (١٩٩٥/٩/٢٤)، ل٣.

[3] کوردستانی نوێ، ژ ١٠٥٩، (١٩٩٥/٨/١٣)، ل١.

[4] ترکیا تجدد دعمها لترکمان العراق، ترکمن الي، ع١٠، (١٩٩٥/١٠/١)، ص١.

چارسەرکردنی پرسی ململانێکانی یەکێتی و پارتی، لە بەرواری ١٦/١٠/١٩٩٥ شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بە سەرکردایەتی عوسمان قوروتورک بەرپرسی فەرمانگەی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە وەزارەتی دەرەوە سەردانی بارەگای سەرەکی بەرەیان کرد لە هەولێر و لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن کۆبوونەوە. لە دانیشتنەکەدا بەرە ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆکانی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی هەرێم.[1] لێرەوە دەردەکەوێت تورکیا بۆی گرنگ بووە کە تورکمانەکان بەشداری کاروباری سیاسی هەرێم بکەن.

هەروەك دیارە لەم قۆناغەی گفتوگۆکانی ئاشتی لە نێوان یەکێتی و پارتی بوونی کۆماری تورکیا وەك نێوەندگیر بە کردارەکی نابینرێت، بەڵام پاش ساڵێك لەو گفتوگۆیانە تورکیاش دێتە ناو هەوڵەکانی وەستاندنی شەڕ و دەبێت بە نێوەندگیر، لێرەوە قۆناغێکی نوێی بەشداری تورکمان لە هەوڵەکانی ئاشتی دەستپێدەکات و دەبێت بە بەشداربویەکی ناو گفتوگۆکان. بەتایبەتی لە چەندگەڕێکی گفتوگۆکان لە شاری ئەنقەرە کە رێکەوتننامەی ئەنقەرەی بەدوای خۆیدا هێنا و بەشێوەیەکی کاتی کۆتایی بە رووبەڕووبونەوە چەکداریەکان هات.

بەرەی تورکمانی لەسەردەمی جەنگی ناوخۆ بەر لە ٣١/٨/١٩٩٦، ئەوەی نەشاردوەتەوە کە هیچ رێگریەکی ساسیی بۆ کارکردنیان نەبوە و تەنانەت پێیان وابوە کە لەناوچوونی ئەو ئەزمونەی کوردستان مەترسیی بۆ سەرجەم عێراق دەبێت و گرفتی گەورە دروستدەکات. لەو کاتەدا پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتی لەئاستی باشدا بووە بە بەڵگەی ئەوەی کە خودی مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتی، سەردانی بارەگاکەیانی کردووە بە مەبەستی پیرۆزباییکردن لە دامەزراندنی بەرەی تورکمانی.[2] لەناوچەکانی ژێر هەژموونی یەکێتی، بەرە پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتی لە ئاستێکی زۆر باشدا بووە. تەنانەت یەکێتی زەوی بە بێبەرامبەر لە شاری کفری پێبەخشیوون بەمەبەستی بەکارهێنانی لەلایەن بەرەوە بۆ کاروباری وەرزشی.[3]

---

[1] وفد من الجمهورية التركية يزور الجبهة التركمانية و يلتقى رئيس و أعضاء مجلسها التنفيذى، تركمن ايلي، ع١٤، (١/١٢/١٩٩٥)، ص١.

[2] کوردستانی نوێ، ١٧/٥/١٩٩٥، ل٥.

[3] تركمن ايلي، ع١١٠، (١٣/١٢/١٩٩٨)، ص٤.

پاش ئەوەی کە یەکێتی و پارتی نەگەشتنە ڕێکەوتن گەڕێکی تری شەڕەکان دەستیانپێکردەوە. قۆناغی ئەمجارەی ناکۆکیە سەربازیەکان گۆرانکاری ریشەیی لە بالأنسی هێزدا لە کوردستان بە دوای خۆیدا هێنا و پارتی بە هاوکاری حکومەتی ناوەندی لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ دەستی بەسەر هەولێردا گرت.[١] سەردەمی ئیدارەی یەکێتی لە هەولێر، بەرە هیچ گرفتێکی سیاسی لەگەڵ ئیدارەکەدا نەبوو، لەبەرئەوەی کە ماوەیەکی کەم بوو دروستبوو بوو. هەروەها ئەو ماوەیە سەردەمی ئاڵۆزیی و توندبوونەوەی شەڕەکانی نێوان یەکێتی و پارتی بوو کە باشوری کوردستانی بۆ دوو ئیدارەی حوکمرانی جیاواز دابەشکرد.[٢] ئەمەش بۆ بەرەی تورکمانی قۆناغێکی نوێی هێنایە کایەوە و هەروەها دواتر لە سەردەمی ئیدارەی پارتی لە هەولێر پەیوەندیەکانی بەرە و پارتی ناجێگری سیاسی بەرچاوی بەخۆوە بینی.

پاش ڕووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦و دەستگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەر شاری هەولێردا، پارتی بڕیاریدا بەداخستنی قوتابخانە تورکمانیەکانی شاری هەولێر، کە پێشتر بە بڕیاری ئیدارەی هەولێر "یەکێتی" کرابوونەوە.[٣] ئەمە وەك سەرەتای گرفتەکانی نێوان پارتی و بەرەی تورکمانی دەژمێردرێت. هەرچەندە دواتر لە ئەنجامی لێکتێگەشتنی نێوان هەردوولا قوتابخانەکانی تورکمانی کرانەوە، بەڵام گرفتی چۆنێتی بەڕێوەبردنیان دروستبوو.

لە ئاکامی ئەو بارودۆخە نائاساییەی بەسەر هەولێردا هات، کە کاریگەری نەرێنی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرەی تورکمانی و پارتەکانی ناو بەرە هەبوو. بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن بەسەرکردایەتی کەنعان شاکر، دوای ئەوەی سەرکردایەتی نوێی حیزب دەستبەکاربوو، هەوڵیاندا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندی ببەستن و لە ١٩٩٦/٩/١١ سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتیان کرد. لەسەردانەکەدا لەلایەن پارتیەوە سامی عەبدولڕەحمان و کەریم سنجاری و فرەنسۆ هەریری

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گەراس. ئار. ڤی. ستانسفیلد، کوردستانی عێراق پەرەسەندنی سیاسی و پشکوتنی دیموکراسی، و. پ.ی.د. یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیڤا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٣٢٠-٢٣٩.

[2] M. M. Gunter, "*The Kurdish Question in Perspective*", World Affairs, Vol. 166, No. 4 (SPRING 2004), Pp. 202-203.

[٣] كنعان شاكر عزيز اغالي، غيض من فيض، الاعلام المركزي للحركة التركمان المسقليين، اربيل، ٢٠١٧، ص٤.

ئامادەبوون. بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن داوایانکرد ئەوکەسانەی لای بەعس گیراون ئازاد بکرێن. بە حوکمی ئەوەی کە پارتی ڕێکەوتنی لەگەڵ حیزبی بەعس هەبووە. پارتی لە زاری سامی عەبدولڕەحمانەوە ووتبویان کە ڕێکەوتنیان لەگەڵ حکومەتی عێراقی ئەوەبووە کە لە شەست مەتری تێنەپەڕن بۆناو شار، بەڵام ئەوان گوێیان پێنەداوە و ئەوەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی ژمارەیەك لە ئەندامانی پارتە تورکمانیەکان دەستگیر بکرێن.[1]

تایبەت بە پەیوەندی نێوان بەرەی تورکمانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، دەبینین تا پاش ڕووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ سەردان و هەماهەنگی جدی لە نێوانیاندا نەبووە. لەماوەی ئەو ساڵ و سێ مانگەی بەر لە ڕووداوەکانی ٣١ی ئاب تەنها یەك دوو سەردان نەبێت هیچ جۆرە پەیوەندیەکی ڕاستەقینە و بەردەوامی نێوانیان بەدی ناکرێت. لە ١٩٩٥/٧/٢٤ وەفدی بەرە سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی دەکەن،[2] و تەنها یەك جار سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ماوەیەدا دەبینن.[3] هەروەها وەك دەردەکەوێت بەرەی تورکمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە پەیوەندیەکانیان جۆرێك لە ساردی پێوە دیاربووە.

پاش نزیکی دوو مانگ لە ڕووداوەکانی ٣١ی ئاب، کۆبوونەوە و گفتوگۆکانی نێوان یەکێتی و پارتی دەستپێکردەوە بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە جەنگ. لە ڕۆژی ١٩٩٦/١٠/٢٣بڕیاردرا بە ئاگربڕ و کۆبوونەوەی دووەمی ئاشتی لە ١٩٩٦/١١/١٥ی ئەنقەرەی بە دواداهات. لە گەری سێیەمی کۆبوونەوەکانی ئەنقەرە لە بەرواری ١٤و ١٩٩٧/١/١٥ بۆ کۆتایی هێنان بە شەری ناوخۆی هەرێمی کوردستان،[4] بەرەی تورکمانی وەك لایەنی سێیەم لە کۆبوونەوەکان بەشدار دەبێت.[5]

لە قۆناغی سێیەمی کۆبونەوەکان هەریەکە لە سنان چەلەبی سەرۆکی بەرە و محمود چەلەبی ئەندامی ئەنجومەنی شورای تورکمان و هەروەها عیسمەت قوجاق

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ کەنعان شاکر.
[2] بڕوانە: تورکمن الي، ع٦، (١٩٩٥/٨/١)، ص١.
[3] بڕوانە: تورکمن الي، ع١١، (١٩٩٥/١٠/١٥)، ص١.
[4] کوردستانی نوێ، ژ ١٣٧٩، (١٩٩٧/١/١٦)، ل ٢.
[5] تورکمن الي، ع٣٥، (١٩٩٧/١/١٩)، ص١.

نوێنەری بەرە لە تورکیا بەشداربوون.[1] بەشداریکردنی تورکمان لە کۆبوونەوەکان بە رەزامەندی هەردوو لایەنی شەڕکەر بوو (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان)، لەو بارەیەوە سنان چەلەبی سەرۆکی بەرەی تورکمانی دەڵێت "بەشداری تورکمان بۆ نێوەندگیری بە رەزامەندی سەرجەم لایەنەکانی بەشدار بووی گفتوگۆکان بووە"[2]. قۆناغی سەرەتا بوو بۆ دروستکردنی هێزی چاودێری ئاشتی ناسراو بە PMF لە هەولێر بە مەبەستی چاودێریکردنی یەکێتی و پارتی لە بابەتەکانی پەیوەست بە جێبەجێکردنی بەندەکانی رێکەوتننامەی ئەنقەرە. هەردوولا رێکەوتبوون کە هێزە چەکدارەکانیان لە ناوچەی هێڵە سنورییەکانی کێشەلەسەر پاشەکشە پێبکەن و رادەستی هێزەکانی PMF بکەن.[3]

ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت هۆکارەکانی بەشداریپێکردنی بەرەی تورکمانیە لە رێکەوتنامەی ئاشتی ئەنقەرە. گرنگترین فاکتەر لە پشتی پێدانی رۆڵ بە بەرە تورکمانی بریتیە لە بێلایەنی بەرە لە ململانێ چەکدارییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی، لەبەرئەوەی بە درێژایی ماوەی جەنگ تاراددەیەك تاکە هێزی ناو هەرێمی کوردستان بوون کە لە شەڕەکەوە نەگلان. فاکتەرێکی تر کە وایکرد بەرە لە بێلایەنییان لە جەنگەکاندا رۆڵیان پێبدرێت لە ئاشتیدا بریتیبوو لە هاتنەناوەوەی کۆماری تورکیا بۆ ناو گفتوگۆکان، کە ئەمەش وایکرد کە بەرە شەرمنەکات لەوەی بەشداربێت لە رێکەوتنامەکە و هەردوو لایەنی ململانێکەش رازیبوون بە بەشداریکردنی. لە خاڵی شەشی رێکەوتنامەکەدا هاتووە: "هێزێکی بێلایەن بۆ چاودێری کردنی ئاگربڕ پێکدەهێنرێت... لەم هێزەدا تورکمان و ئاشوری و هێزە بێلایەنەکانی تری هەرێم بەشدار دەبن."[4] تورکیا رۆڵی بەرچاوی لە بەشداریی پێکردنی تورکمان لە گفتوگۆکاندا بینی. تورکیا داوای پاراستنی تورکمانەکانی لە

---

[1] ترکمن ايلي، ع ٣٥، (١٩٩٧/١/١٩)، ص١.

[2] سرود العزيرى، لقاء صحفي مع السيد (سنان جلبي) رئيس الجبهة التركمانية، توركمن ايلي، ع٣٥، (١٩٩٧/١/١٩)، ص٢.

[3] راگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەکانی ئەنقەرە، کوردستانی نوێ، ژ ١٣٨٠، (١٩٩٧/١/٢٠)، ل١.

[4] بۆ دەقی رێکەوتنامەکە بروانە: کوردستانی نوێ، ژ ١٣٧٦، (١٩٩٧/١/٤)، ل ٢.

عێراقدا کردبوو.[1] تانسو چیللەر وەزیری دەرەوەی تورکیا لەکاتی دانوستاندنەکاندا فشاری کردبوو بۆ بەشداری پێکردنی تورکمان لەناو گۆفتوگۆکاندا، بەتایبەتی لەبابەتی تایبەت بە پێکهێنانی هێزی ئاشتی پارێز.[2] لەوەش زیاتر، کۆسرەت رەسول عەلی کە سەرۆکی حکومەت بوو لەو کاتەدا، دەڵێت " بەشداری تورکمانەکانیش لە ئیدارەی هەرێم وەك دەستکەوتێك بۆ تورکیا و تورکمانیش دەبێت."[3] ئەم رایە دەیسەلمێنێت کەوا تورکیا پێداگری تەواوی بۆ بەشداریی تورکمان لە گفتوگۆکان و بەشدارییان لە ئیدارەی هەرێمدا کردوە.

سینان چەلەبی، کە خۆی لەناو گفتوگۆکاندا بەشدار بوو، دەڵێت: "بەرەی تورکمانی لە گۆنگرەکەدا بە رەزامەندی سەرجەم لایەنەکانی بەشدار بووی کۆنگرەکە وەك ئەندامێکی بێ لایەن بەشدار بوو."[4] ئەم تێڕوانینە زیاتر خوێندنەوەی بەرەی تورکمانیە بۆ بەشداریکردن لە رێکەوتنامەکە، بەڵام هۆکاری تریش ئەکرێت بخرێنە روو وەك دیوی تری بەشداری تورکمان لەو پرۆسەیە ئەویش بریتیە لە هەژموونی تورکیا بەسەر کەشوهەوای گفتوگۆکان و بەرژەوەندیە سیاسی و سەربازیەکانی تورکیا لە ناوچەکە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە پارتی کرێکارانی کوردستان[5] کە هێزی بەرهەڵستکاری تورکیا بوو.[6] بۆ تورکیا نەدەکرا بە ئاشکرا و روونی هێزی سەربازی لە کوردستان جێگیر بکات، بەڵام شیاو بوو ئەگەر ناراستەوخۆ ئەو کارە بکات، یان هێزێك بکاتە ناوبژیوان کە کورد نەبێت، یان گونجاوتر بوترێت لە یەکێتی و پارتی نەبێت، هەروەك لە خاڵی پێنجی رێکەوتنامەکەدا هاتووە "شوێنی هێزەکانی یەکێتی و پارتی دیاری دەکرێت هەروەك سەعات دوازدەی شەوی ٢٣ی ئۆکتۆبەری

---

[1] سەلام عەبدولکەریم عەبدولڵا، پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە پەیوەندییە هەرێمییەکانی تورکیادا ١٩٨٠-١٩٩٩، لێکۆڵینەوەیەکە پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢١٠٤، ل ١٦١. (بڵاونەکراوە)

[2] الصمانجي، قطار...، م.س، ص٢٠٨.

[3] چاوپێکەوتنی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ کوردستانی نوێ، کوردستانی نوێ، ژ ١٣٨١، (١٩٩٧/١/٢٣)، ل٢.

[4] هـ.س، ل٢.

[5] دەربارەی پارتی کرێکارانی کوردستان بروانە: P. White, "*the PKK Coming down from the Mountains*", (London, 2015).

[6] هێرش عبدوللا حمەکریم، پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١-١٩٩٨، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٢٨.

١٩٩٦ به ئامادەبوونی نوێنەری هێزی چاودێری ئاشتی و هەردوو حیزب".[١] بەپێی ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی بەرەی تورکمانی بوو بە لایەنێکی ناوبژیوانی جەنگ. تەنانەت ڕۆڵی چاودێریکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەردوو حیزب بەشەرهاتوو درا بە بەرەی تورکمانی (یەکێك لە خاڵەکانی ئاگر بڕ بریتیبوو لە وەستاندنی شەری ڕاگەیاندن لەنێوان یەکێتی و پارتی). بەرە پاش چاودێری کردنی هۆکانی ڕاگەیاندنی هەردوولا هەڵدەستێت بە بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی خۆی بۆ لیژنەی باڵای ئاشتی لە ئەنقەرە.[٢] ئەم ڕۆڵە تازەیەی بەرەی تورکمانی لە کەناڵە فەرمیەکانی بەرەدا بە گرنگیەوە باسی لێوەکرا. هەروەك لە ڕۆژنامەی تورکمن ئیلی بلاوکراوەتەوە: بە مەبەستی بە کردارەکی کردنی ڕێکەوتنامەی ئەنقەرە لە ١٤و ١٩٩٧/١/١٥، لیژنەیەکی هاوبەش لە یەکێتی و پارتی و بەرە پێکهات. بەرەی تورکمانی ڕاسپێردرا بە پێدانی بەرپرسیارێتی هێزی چاودێری ئاشتی (ئاگربڕ PMF، و هەروەها چاودێری کردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هەردوولا.[٣]

بەشداری پێکردنی تورکمان لە ڕێکەوتنامەکە کارێکی کرد کە هێزی سەربازی بەرەی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان ببێتە دیفاکتۆ و سەنگی سیاسیشی پێبدرێت.[٤] تەنانەت بەرەی تورکمانیش خۆی پێی خۆش بووە کە تورکیا سەرپەرشتی کۆبوونەوەکان بکات و ڕۆڵی ناوبژیوان بگێرێت. ئەمەش بەجۆرێك لە هەڵوێستیاندا دەردەکەوێت دەربارەی گرفت و ململانێکانی حکومەتی عێراق لەگەڵ وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە چەکی ناوکی عێراق، بەرەی تورکمانی لای خۆیەوە ڕایگەیاندبوو کە هەر پرۆژەیەکی ئاشتی لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست پێویستە بە "تورکیادا تێپەڕ ببێت. لەبەرئەوەی تورکیا پێگەیەکی دیاری لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا هەیە... سەرەرای هەڵوێستە مرۆڤانەکانی دەربارەی ناوچەکە. تورکیا وێستگەی چوار گەڕی دانوستاندنی ئاشتی بوە و ئەگەر کۆتاییشی بە تورکیادا بڕوات کۆتاییەکی خێر دەبێت بە وویستی

---

[١] بۆ دەقی ڕێکەوتنامەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژ ١٣٧٦، (١٩٩٧/١/٤)، ل ٢.

[٢] بيان مباحثات السلام في كوردستان، خةبات، ع ٨١١، (١٩٩٧/١/١٧)، ص١.

[٣] محمود احمد، من اجل بناء السلام، توركمن الي، ع٣٦، (١٩٩٧/٢/٢٠)، ص١.

[٤] هێرش عەبدوڵا حەمەکریم، پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان...، س.پ، ل١٢٩.

خودا."[1] ئەم راگەیاندنە، نووسینی زمانحاڵی بەرەی تورکمانیە لە هەولێر، تیایدا بە ئاشکرا پشتیوانی کردن لە تورکیا دەردەکەوێت.

لە رۆژی ١٩٩٧/٤/١٢ PMF بە شێوەیەکی فەرمی ئەرکەکانی لە هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات. بارەگای سەرەکی لە شاری هەولێر دەکاتەوە و بارەگایەکیش لەشاری کۆیە. بەپێی رێکەوتنەکە هێزی ئاشتی پارێز پێویستبوو بە درێژایی هێڵی سنوریی نێوان یەکێتی و پارتی هێزەکانی بڵاوە پێبکات (هێڵی ئاگربەست لەنێوان دێگەڵە-کۆیە پێکهێنرا)[2]. پاش رێکەوتنی هەردوولایەنی ناکۆك، PMF هەڵدەستێت بە سەرپەرشتی کردنی یەکەمین پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دیلەکانی نێوان هەردوو حیزب لە بەرواری ١٩٩٧/٤/١٤ لە ناوچەیەکی نێوان کۆیە و هەولێر بە (٦٠ کلم) دووری لە هێزە چەکدارەکانیان.[3]

هەرچەندە PMF بە رەزامەندی یەکێتی و پارتی پێکهێنرا، بەڵام نەیتوانی کارەکانی خۆی بەتەواوی جێبەجێبکات و پاش تەنها مانگێك لە کاراکردنی هێزەکە، گرفتەکانی بەردەم بەرەوپێشچوونی کارەکانی دەرکەوتن. بۆ نمونە لە مانگی تشرینی یەکەمدا رووبەرووبونەوەی سەربازی لەنێوان یەکێتی و پارتی دووبارە سەریهەڵدایەوە و گەرێکی تری شەرەکان دەستپێکردەوە.[4] لەو بارودۆخەی ئەوکاتەی هەرێمی کوردستان گرفتەکان لەوە گەورەتربوون تەنها بە هێزێکی لەو جۆرە چارەسەربکرێن. بەشێکی زۆری هێزە سیاسیەکانی تری جگە لە یەکێتی و پارتی خاوەن هێزی چەکدار بوون. پەکەکە وەك هێزێکی چەکدار لەناوچەکەدا هەبوو کە هەندێك جار گرفتیان لەگەڵ پارتی و بەرەی تورکمانی بۆ دروست دەبوو.

بەرەی تورکمانی بەمەبەستی نیشاندانی بێلایەنی خۆی لە مانگی مایسی ١٩٩٧ سەردانی بەشێکی زۆری پارتە کوردستانیەکانی تری کرد لەوانە بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان، لەگەڵ پارتی گەلی کوردستان. سەرجەم سەردانەکان وەك بەرە

---

[1] تورکمن ایلي، ع٦٢، (١٩٩٨/٢/١٨)، ص١. کلمة العدد.

[2] گراس ئار. ڤی. ستانسفیلد، س.پ، ل ٢٣٧.

[3] تورکمن الي، ع٣٨، (١٩٩٧/٤/١٦)، ص١.

[4] مرکز دراسات وحدة العربیة، الحرب علی العراق یومیات-وثائق-تقاریر، ط١، بیروت، ٢٠٠٧، ص ٤٨٩.

رایگەیاندبوو بۆ روونکردنەوەی پەیام و کاری PMF بەرێوەچوون.[1] بەرەی تورکمانی هەوڵیداوە کە بیسەلمێنێت هێزەکانی ئاشتی پارێز کە لە تورکمان و ئاشووریەکان پێکهاتوون، پەیوەندی بە بەرەوە نیە و رای هەردوو لایەنی یەکێتی و پارتی لەسەر بووە، لەوەش زیاتر، بابەتی بەشدارنەبوونی هێزەکانی تر پەیوەستبووە بە ڤیتۆی هەر یەکە لە پارتی و یەکێتی لەو بارەیەوە، واتە پارتی و یەکێتی یەك دەنگ نەبوون لەسەر پارتە کوردستانیەکان، بەڵام یەك دەنگ بوون لە بەشداریکردنی تورکمان لەناو هێزەکانی ئاشتی پارێزدا.[2]

هێزی ئاشتی پارێز هەرچەندە وەك خۆی گوزارشتی دەکرد کە پاراستنی هێڵە سنووریەکانی جەنگی پێسپێردراوە، بەڵام توانای پاراستنی ئەو هێڵەی نەبوو. بارودۆخی ئەوکاتەی کوردستان ململانێی توند و قووڵی جدی تیادا بوو. پەکەکە نزیك لە ناوچەکانی یەکێتی گرفتیان بۆ پارتی دروستدەکرد. لە ١٥-١٦/٥/١٩٩٧ هێرش دەکرێتە سەر هەولێر و تیایا پەکەکە تۆمەتبار دەکرێت. لەبارەی ئەو هێرشەو ئەوەی پەیوەندی بە هێزی ئاشتی پارێزەوە هەبووە، هێزەکە بەیاننامەیەك بلاودەکەنەوە و تیایا بێبەری بوونی و بێئاگایی خۆیان لەو هێرشانە رادەگەیەنن. بەڵام ناتوانن نیگەرانی خۆیان بشارنەوە لە بوونی هێزەکانی پەکەکە لە ناوچەکەو لە زاری حەسەن قابلان سەرۆکی هێزەکە رایدەگەیەنن کە "هێزەکانی چاودێری ئاشتی لە بنەرەتدا بۆ پەکەکە نەهاتوون، بەڵام بە راشکاوی نیگەرانن لە بابەتی پەکەکە و بەتایبەتی هاتنی پەکەکە بە سنووری یەکێتیدا بۆ ناو سنووری پارتی هێرشکردنیان بۆ سەر بارەگاکانی پارتی و پاشان کشانەوەیان بۆناو سنووری یەکێتی. رووداوەکە دەچێتە خانەی شکاندنی ئاگربڕەوە، ئەگەر پەکەکە بەو سنورەدا تێپەرنەبێت گرفت دروستنابێت."[3] وەك لە بەیاننامەکەوە دەردەکەوێت PMF مەبەستێکی تریشی هەبووە ئەویش بریتیبووە لە چاودێریکردنی جموجۆڵەکانی پەکەکە. گرنگیدان بە پاراستنی ئاسایشی تورکیا، وەك لەو رێکەوتنەدا هاتبوو کە بریاری دامەزراندنی

---

[1] تورکمن الي، ع٣٩، (١١/٥/١٩٩٧٧)، ص١.

[2] ن.م، ص١.

[3] نص البيان الاذاعی و الصحفي لقوة مراقبة وقف اطلاق النار، تورکمن ايلي، ع٤١، (١/٨/١٩٩٧)، ص١.

هێزەکانی PMF ی دەرکردبوو، بریتیبوو لە ڕێگری کردن لە چالاکیەکانی پەکەکە.[1] باشترین ڕێگا بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجەی تورکیا بریتبوو لە دروستکردنی هێزێکی لەوجۆرە بەناوی هێزی ئاشتی پارێزەوە. تورکمانەکانیش بە تەواوی پشتگیری سیاسەتی تورکیایان دەکرد بەتایبەتی بەرەی تورکمانی، کە بەهێزترین هێزی سیاسی تورکمانی بوو.

پاش ئەوەی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ هێزە سەربازیەکانی کۆماری تورکیا و بە هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان هێرشی بەرفراوان بۆ ناوچەکانی پەکەکە دەستپێدەکەن،[2] بەرەی تورکمانی و پارتەکانی ناو بەرە پشتگیری خۆیان بۆ ئەو هێرشانە دەردەبڕن و بەکارێکی پێویستی دەزانن. لەو ڕوانگەیەوە بەرەی تورکمانی بەروونی لایەنگیری سوپای تورکیا و پارتی دەکەن، هەرچەندە رایدەگەیەنن کە ئەوان واتە بەرە و پارتەکانی ناو بەرە بێلایەنن لە ململانێکانی پەیوەست بە یەکێتی و پارتی. هەڵوێستی فەرمی سەرجەم پارتەکانی ناو بەرە بە خودی سەرکردایەتی بەرەی تورکمانیشەوە لە بەیاننامەکانیاندا بە روونی پشتگیری تورکیا دەکەن. لەومیانەیەدا، نەرمترین بەیاننامەیان بریتیە لە ئەو بەیاننامەیەی کە سەرۆکایەتی بەرە دەریکردووە (ویداد ئەرسەلان سەرۆکی بەرە بووە) و تەنها دەڵێت "هیچ لایەنێك بۆی نیە بەیاننامە بەناوی ئێمەوە دەربکات و ئێمە بێلایەنین لە شەری ناوخۆی ناوچەکە."[3] مەبەستیان ئەو بەیاننامەیە بوو کە عیرفان کەرکوکلی و عەلی ئۆزمەن لە تورکمان دەریانکردبوو ئیدانەی هێرشەکانی تورکیا و پارتییان کردبوو.

پارتی تورکمان ئیلی و پارتی نیشتمانی تورکمانی و بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، سەرەڕای بەیاننامەکەی بەرەی تورکمانی، هەڵوێستی خۆیان ڕووندەکەنەوە لە بەیاننامەکانیاندا و بە جیا رایدەگەیەنن کە ئەوان پشتگیری و دەستخۆشی لە هێرشەکانی هێزەکانی تورکیا و پارتی دەکەن بۆ سەر بارەگاکانی پەکەکە. لەوەش

---

[1] هێرش عەبدوڵا حەمە کەریم، پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و تورکیا و سوریا ١٩٩١-٢٠٠٣، چ١، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١٧٧.

[2] ئەلیزا مارکۆس، مێژووی پەکەکە خوێن و باوەڕ، خەباتی کورد لەپێناو سەربەخۆییدا، ب ١-٢، و. ماجد خەلیل، چ١، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ٤٢٢.

[3] بيان من الجبهة التركمانية (١٩٩٧/١٠/٢٤)، توركمن الي، ع٤٧، (١٩٩٧/١١/٢)، ص٢.

زیاتر، رایدەگەیەنن کە پێویستە ناوچەکە لە "تیرۆر" بنەبڕ بکرێت کە مەبەستیان لەناوبردنی پەکەکەیە.[1] لەدرێژەی بەیاننامەکەیدا پارتی تورکمان ئیلی رایدەگەیەنێت کە دورخستنەوەی پەکەکە و پشتیوانەکانی لە زەویەکانیان بەمانای گێڕانەوەی ئاشتی و ئاسایش دێت بۆ ناوچەکە. لەوەش زیاتر، لە خاڵی دووەمدا جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی کە پارتەکەیان، تورکمان ئیلی، پارتێکی نەتەوەییە و بەرژەوەندی کۆمەڵگای تورکمانی و جیهانی تورکی دەخاتە سەر هەموو بەرژەوەندیەکانی تر.[2]

پاش رێکەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی، بەرەی تورکمانی هەوڵدەدات بەشێوەیەکی تاراددەیەك هاوسەنگ مامەڵە لەگەڵ هەردوولادا بکات. هەرچەندە بەهۆی سروشتی هەڵکەوتەی بوونی هێزەکانی بەرەی تورکمانی لەناوچەکانی جێ نفوزی پارتی دیموکراتی کوردستان و دووریی بەرە لە ناوچەی نفوزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، زیاتر بەریەککەوتنی لەگەڵ پارتی دەبێت و گرفتەکانی دواتری بەرە زیاتر لەگەڵ پارتی دروستدەبێت.

ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندی بەرە لەگەڵ یەکێتی پاش رووداوەکانی ٣١ی ئاب، بەرەی تورکمانی پەیوەندیەکی جیاوزی لەگەڵ یەکێتی نیشمانی کوردستاندا هەبووە، بە سەرنجدان لەو پەیوەندیەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیانبووە. هەر لەسەرەتای دامەزراندنی بەرەوە ناکۆکی ریشەیی بەدیناکرێت لەنێوان بەرە و یەکێتیدا. لەساڵی ٢٠٠٢دا و بەرەی تورکمانی و یەکێتی رێکەوتننامەیەك ئیمزادەکەن لە نێوانیاندا بەمەبەستی برەودان بە پەیوەندی نێوانیان. لە خاڵەکانی رێکەوتنەکەدا هاتووە، نابێت هیچ یەکێك لەو دوو لایەنە هاوکاری لایەنی سێیەم بکات دژی لایەنەکەی تر. هەروەها، بەرەی تورکمانی نوێنەری راستەقینەی تورکمانە. دابەشکردنی زەوی و زار و خانوو بەسەر راگوێزراوە تورکمانەکان لە ئاوارەی ناوچەکانی ژێر دەستەلاَتی یەکێتی دەبن. کردنەوەی بارەگای بەرەی تورکمانی لە شاری کۆیە و کردنەوەی بارەگای سەربازی

---

[1] انظر: بيان لهيئة التنفيذية لحزب توركمن ايلي, ايضاح لمكتب السياسي لحركة التركمان المستقلين, بيان لهيئة التنفيذية للحزب الوطني التركمانى العراقى، توركمن ايلي، ع٤٧، (١٩٩٧/١١/٢)، ص٢.

[2] ن.م، ص٢.

بەرە لە شاری کۆیە. لە قوتابخانە تورکمانیەکاندا خوێندن هەتاوەکو سێی سەرەتایی پێویستە بەزمانی تورکمانی بێت.[١]

لە کاتی شەڕی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان و لە کۆتاییەکانیدا سەروەختێ پارتی و یەکێتی هەوڵی کۆتاییهاتنی شەرەکەیان دەدا، هەڵوێستی فەرمی بەرەی تورکمانی بریتیبوو لە نێوەندگیری و بێلایەنی و هەوڵدان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان.[٢] بۆ نمونە لە ١٩٩٨/١/٦دا کاتێك کۆبونەوە لە سلێمانی بەمەبەستی کارکردن لەسەر پەیماننامەی ئاشتی نێوان هەردوولا دەکرێت، وەفدی بەرەی تورکمانی بە مەبەستی نێوەندگیری ئامادە دەبێت. نوێنەری بەرە پێکهاتبوون لە تەڵعەت خەفاف و (واجد شجاع الدین).[٣] لە کۆبوونەوەکەدا، نوێنەری بەرە ووتارێك پێشکەش دەکات و رایدەگەیەنێت کە بەرە باوەڕی تەواوی بە پێویستی ئاشتەوایی هەیە لە نێوان یەکێتی و پارتی و هەر لەو باوەرەشەوە بەشداری لە گفتوگۆکانی ئەنقەرە و پێکهێنانی هێزی ئاشتی پارێزدا کردووە. ئەوەش دەرخەری بێلایەنی بەرەیە لە ململانێکانی نێوان هەردوولادا.[٤] لەوەش زیاتر، بەرەی تورکمانی بەشداری کۆبوونەوەی پارتی لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان دەکات لە هاوینە هەواری پیرمام بە مەبەستی گفتوگۆکردنی خاڵەکانی رێکەوتنامەی نێوان هەردوو حیزب. ریاز ساری کەهیە سەرۆکی پارتی تورکمان ئیلی وەك نوێنەری بەرە بەشداری دەکات و بەهەمان شێوەی نوێنەرەکەیان لە کۆبوونەوەکەی سلێمانی بێلایەنی بەرە رادەگەیەنێت.[٥] پاش چەند رۆژێك لەو کۆبوونەوەیە، لە بەرواری ١٩٩٨/٢/٩ بە بانگهێشتی پارتی دووبارە پارتە سیاسیەکان بەشداری کۆبوونەوە لە پیرمام دەکەن بە مەبەستی زەمینەسازی بۆ ئاشتەوایی نێوان هەردوو حیزب، تیایدا بەرەی تورکمانی بە شاندێکی باڵا بەشداری دەکات.[٦] کەواتە وەك چۆن بە بانگهێشتی یەکێتی بەشداری

---

[١] هاوڵاتی، ژ٦٦، (٢٠٠٢/٤/١)، ل٧.

[٢] تورکمن ایلي، ع٧٤، (١٩٩٨/٥/١٣)، ص٢.

[٣] تورکمن ایلي، ع٥٦، ١٩٩٨، ص١.

[٤] ینظر: نص کلمة الجبهة الترکمانیة في الاجتماع: تورکمن ایلي، ع٥٧، (١٩٩٨/١/١٤)، ص٢.

[٥] السید ریاض صاری کهیة یشارك في مناقشات بنود اتفاقیة السلام، تورکمن ایلي، ع٥٨، (١٩٩٨/١/٢١)، ص١.

[٦] وفد یمثل الاحزاب الترکمانیة یحضر اجتماعا موسعا في مصیف صلاح الدین: تورکمن ایلي، ع٦١، (١٩٩٨/٢/١١)، ص١.

کۆبوونەوەکانی سلێمانیان کردووە ، بەهەمان شێوە بە بانگهێشتی پارتی بەشداری کۆبوونەکانی هەولێر و پیرمامیشیان کردووە.

کەنعان شاکر کاتێك وەك سەرۆکی بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەکات دڵخۆشی خۆیان بە نزیکبوونەوەی هەردوو لایەنی ململانێ دەردەبڕێت.[١] هەر بۆ ئەوەی بێلایەنی خۆیان بەرامبەر بە شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی بسەلمێنن، کاتێك کە مام جلال و مەسعود بارزانی دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان پاش سەردانیان بۆ واشنتن لە ساڵی ١٩٩٨دا، بەرە بە دوو شاند لە پێشوازی هەریەکە لە مام جلال سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادە دەبن. وەفدی پێشوازی لە مام جلال پێکهاتبوون لە جمال شان جێگری سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمانی عێراقی و تەڵعەت خەفاف.[٢] لە هەمان کاتدا وەفدێکیان بەسەرکردایەتی کەنعان شاکر سەرۆکی بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن پێشوازی لە گەڕانەوەی مەسعود بەرزانی دەکەن.[٣] هەروەك جمال شان بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت لە رۆژنامەی تورکمن ئیلی زمانحاڵی بەرەدا کە ناردنی ئەو دوو وەفدە بۆ ئەوە بووە کە بێلایەنی خۆیان بسەلمێنن.[٤] سەرەرای ئەو جۆرە لە سەردان و بەسەرکردنەوانە، بەلاّم لەگەڵ سەرجەم پارتەکانی هەرێم پەیوەندی ئەرێنیان هەبووە جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان.

پاش رێکەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی لە واشنتن لە ١٩٩٨/٩/١٧، بارودۆخی کوردستان گۆرانکاری بەسەردا هات.[٥] شەری ناوخۆ لە کوردستان کۆتاییپێهات. بەلاّم شاری هەولێر کە ناوەندی هێزە تورکمانیەکان بوو، لەلایەن پارتیەوە ئیدارە دەدرا، لەبەرئەوە پەیوەندیەکانی بەرە لەگەڵ پارتی پێینایە قۆناغێکی نوێوە و سەردەمی گرفتە سیاسیەکانی نێوانیان دەستی پێکرد.

---

[١]تورکمن ایلي، ع٧٠، (١٩٩٨/٤/١٥)، ص٢.

[٢]ترکمن ایلي، ع١٠٨، (١٩٩٨/١٢/٦)، ص٤.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر بروانە: کنعان شاکر، م.س، ص ٢١-٣٨.

[٤] تورکمن ایلي، ع١٠٨، (١٩٩٨/١٢/٦)، ص٤.

[٥] دەربارەی رێکەوتنامەکە بروانە: هێرش عەبدولاّ حەمە کەریم، پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ...، س.پ، ل٣٥٢-٣٥٦.

**بەرەی تورکمانی و پارتەکانی ناو بەرە بەشێوەیەکی گشتی گرفتی سیاسی و ئیدارییان لەگەڵ ئیدارەی هەولێردا هەبووە. هەر لە دامەزراندنیەوە هەتاوەکو رووخانی رژێم، ئەو گرفتانە هەندێك جار توندوتیژیشی لێکەوتۆتەوە. گرفتەکان خۆی لە ناکۆکی لەسەر ئیدارەی هەرێم، جوگرافیای هەرێم، ناوی کوردستان، هەروەها گرفتی سیاسی تر وەك داخستنی بارەگاو ململانێی چەکداریش دەبینیەوە. لە ساڵی ١٩٩٨دا بۆ نمونە بارەگای بنەسلاّوەی بەرە لەلایەن پارتیەوە دادەخرێت.[١] سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمانی رایدەگەیەنێت کە چەندین جار بەرپرسانی پارتی بەڵێنی چارەسەری گرفتەکانیان داوە بەلاّم هیچ نەکراوە، بۆ نمونە لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان دانیشتوە بۆ مەسەلەی مافەکانیان لە هەرێم و هەروەها پەیوەندی بە سەفین دزەییەوە کردووە بۆ هەمان مەبەست بەلاّم چارەسەر نەکراوە.[٢] بە پێی گێڕانەوەی تورکمان: پارتی بە زەبری هێز بارەگای بنەسلاّوەی داخستوون و نایەوێت تورکمان لەو ناوچەیە بوونیان هەبێت. یایچلی دەڵێت "مادام خەڵکێك هەیە لەویّ خۆی پیّ تورکمانە، کەواتە نابێت رێگیریان لێبکرێت لە دەربڕینی رای ئازادانەی خۆیان".[٣]**

**بارەگاکانی بەرەی تورکمانی لە شاری هەولێر لە شەوی دە لەسەر یازدەی مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٨ بەر هێرشی تالاّنکاری دەکەون. ژمارەیەکی زۆری بارەگاکانی حیزبەکانی ناو بەرەی تورکمانی و بەشێك لە دامودەزگاکانی سەر بە بەرە زیانیان بەردەکەوێت.[٤] بەرەی تورکمانی لە بەیاننامەی تایبەت بەو رووداوە رایگەیاند هێرشەکە چەکداری بوە و سەرجەم بارەگاکانی بەرەی کردوەتە ئامانج. لەو میانەیەدا دوو کەس لە بەرەی تورکمانی بریندار بوون.[٥]**

**ڕاستەوخۆ پاش رووداوەکە کۆبوونەوە لە نێوان شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرەی تورکمانی و هەروەها وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگای هەولێر لەگەڵ شاندی بەرەی تورکمانی بەسترا تایبەت بە رووداوەکانی هێرشکردنە سەر**

---

[١] **تورکمن ایلي، ع٧٠، (١٩٩٨/٤/٢١)، ص٢.**

[٢] **ن.م، ص٢.**

[٣] **لقاء مع مصطفى كمال يايجلى، توركمن ايلي، ع٧٣، (١٩٩٨/٥/١٣)، ص٢.**

[٤] **برایەتی، ژ ٢٦٤٦، (١٩٩٨/٨/١٢)، ل١.**

[٥] **بيان صادر عن رئاسة جبهة التركمانية/ اربيل، توركمن ايلي، ع ٨٧، (١٩٩٨/٨/١٢)، ص١.**

بارەگاکانی بەرەی تورکمانی. شاندی بەرەی تورکمانی بۆ هەردوو کۆبوونەوەکە لە جەمال شان، سەرۆکی بەرە بە وەکالەت، ئایدن ئەرسەلان ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی بە وەکالەت، لەگەڵ تەلعەت خەفاف ڕێکخەری بەرە پێکهاتبوون.[1] شاندی بەرە لە هاوینەهەواری سەلاحەدین لەلایەن سامی عبدالرحمن، فرانسۆ هەریری، عارف تەیفور، هەروەها ئازاد بەرواری پێشوازی کران. بەپێی ڕاگەیەندراوی ڕۆژنامەی زمانحاڵی بەرە هەردوولا هێرشەکانیان ئیدانە و سەرکۆنە کردوە و خوازیاربوون کاری لەوجۆرە دووبارە نەبێتەوە. هەر لە میانەی دانیشتنەکەدا لیژنەی هاوبەش بەمەبەستی دیاریکردنی زیانەکان و دۆزینەوەی تۆمەتبارانی ڕووداوەکە پێکهێنراوە.[2]

دانیشتنی دووەمی شاندی بەرە لە دیوانی پارێزگای هەولێر لە لایەن هەر یەکە لە فازیل میرانی وەزیری ناوخۆ، فرانسۆ هەریریی پارێزگاری هەولێر، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس، لیوا ئەحمەد فەزڵە دین، لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر فەرهاد کەریم پێشوازی کران. لە میانی دانیشتنەکەدا لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکهێنرا بە مەبەستی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی "تاوانبارنی هێرشەکە". لەوەش زیاتر، لیژنەیەکی تر پێکهات بە مەبەستی دیاریکردنی زیانەکان لە هەر یەکە لە تەلعەت خەفاف، نەجمەدین موختار ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکی بەرە، سەمیر محیەدین لە فەرمانگەی پاسەوانی سەر بە بەرەی تورکمانی، لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ کە پێکهاتبوون لە مەهدی خۆشناو جێگری پارێزگار و عەمید دلێر ئاکۆ بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆ.[3]

ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت بە پێی سروشتی کۆبوونەوەکان و شێوازی پێکهێنانی لیژنەکان دیارە کە پارتی بیّ ئەوەی بە فەرمی ڕایبگەیەنێت، بوە بە لایەنێك لە ڕووداوەکان ئەمەش بە حوکمی ئەوەی کە پارتی دەسەڵاتداری یەکەم بووە لە هەولێر و هەروەها ئەکرێت کە بەرەی تورکمانی ڕووی گلەییان لە پارتی کردبێت. سەرەرای ئەوەش، ئەوەی تێبینی دەکرێت بەشداری بەرەی تورکمانیە لە لیژنەکاندا کە ئەمەش بەمەبەستی نیشاندانی نیەت پاکی پارتی بووە و هەروەها بۆ جۆرێك لە

---

[1] برایەتی، ژ ٢٦٤٦، (١٩٩٨/٨/١٢)، ل١.

[2] تورکمن الي، ع٨٧، (١٩٩٨/٨/١٢)، ص١.

[3] ن.م، ص١.

گێرانەوەی ئیعتبار بووە بۆ بەرەی تورکمانی. هەروەها پارتی ویستوویەتی بەو بەدەمەوە هاتنە تۆمەتەکان لەسەر خۆی لاببات، یان ئەکرێت دانی نابێت بەوەی کە بەفەرمانی پارتی هێرشەکە ئەنجامنەدراوە و لایەنگرانی ئەوان سەربەخۆیانە و سۆزدارانە ئەو کارەیان ئەنجامدابێت و پارتی ئامادەی ئەوە بووبێت کە زیانەکان بۆ بەرەی تورکمانی ببژێرێت و بێدەنگی لە کارەکە بکرێت، چونکە هەروەك دەردەکەوێت کە بەرەی تورکمانی سکالای یاساییان تۆمارنەکردووە لەسەر ڕووداوەکان. ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە بەرە لەوکاتەدا مۆڵەتی فەرمی لە حکومەتی هەرێم وەرنەگرتبوو.

ڕاگەیاندنی فەرمی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم باس لەوە دەکات کە بەهۆی ڕوودانی "ڕووداوێکی سادە" ژمارەیەك "گێرەشێوێن" پەلاماری بارەگاو نوسینگەکانی بەرەی تورکمانیان دا و لەرووی مادیەوە زیانیان بە بارەگاکان گەیاندوە.[1] لەوەش زیاتر بەیاننامەکە رایدەگەیەنێت کە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەرپەرچی ئەو کارە نەشیاویان دایەوە و ژمارەیەك کەسیان دەستگیرکرد.[2] ئەوەی بەدیاردەکەوێت لەو راگەیاندنەدا ئاماژەیە بۆ "کارێکی پێشوەختەی" بەرەی تورکمانی کە بوە بە هۆکاری ئەو هێرشانەی کراونەتە سەر بارەگاکانیان.[3]

پاش هەفتەیەك لە ڕووداوەکان کۆبوونەوەی نێوان پارتی و بەرەی تورکمانی دەستپێدەکەنەوە. لە بەرواری ١٩٩٨/٨/٢١ نوێنەری بەرە بە سەرکردایەتی کەنعان شاکر و نوێنەری پارتی بە سەرکردایەتی سامی عەبدولڕەحمان کۆبوونەوە، وەك دەردەکەوێت لە کۆبونەوەکەدا پارتی دڵنیایی داوە بە بەرەی تورکمانی بە مەبەستی قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی بارەگاکانی بەرە.[4] لەوەش زیاتر، لە راگەیاندنی هاوبەشی نێوان هەردوولادا لەسەر چەند بریارێك رێکەوتن کە تیایدا هاتبوو: بەردەوامبوون لە لێکۆڵینەوەکان تا گەشتن بە ئەنجامێکی خوازراو. جگە لەوەش،

---

[1] بۆ دەقی بەیاننامەکە بڕوانە: برایەتی، ژ ٢٦٤٦، (١٩٩٨/٨/١٢)، ل١.

[2] نص بيان صادر من وزارة الداخلية، توركمن الي، ع٨٧، (١٩٩٨/٨/١٢)، ص٢.

[3] سەرەتای ڕووداوەکان بەوە دەستپێدەکات کە کەسێك بەبەردەم بارەگای بەرەی تورکمانیدا دەروات و لەگەڵ پاسەوانەکان دەبێتە دەمەقاڵێیان و دواتر ژمارەیەکی زیاتر خەڵك کۆدەبنەوە و پاشان هێرشەکە بۆسەر بارەگاکان دەستپێدەکات. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سالار ئەربیل.

[4] توركمن الي، ع ٨٩، (١٩٩٨/٨/٢٦)، ص١.

نۆژەنکردنەوەی بارەگاکانی بەرە بڕیاری لەبارەوە درا.[1] ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت هەردوو لایەنی کۆبوونەوەکە رێکەوتبوون لەسەر هاندانی لایەنگرانیان بۆ دوورکەوتنەوە لە "کرداری نابەرپرسانە" و راگەیاندنی نەرێنی بە دژی هەوڵەکانی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە.[2] ئەم جۆرە کۆبوونەوانە بەردەوام دەبن لەنێوان هەردوولا و لە رێکەوتی ١٩٩٨/٩/١٠ دووبارە هەردوولا لە کۆبوونەوەیەکدا جەخت دەکەنەوە سەر قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی بەرەی تورکمانی، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هیچ پێشکەوتنێك دەربارەی دەستگیرکردنی ئەنجامدەرانی هێرشەکان نابینرێت.[3]

سەرەرای ئەو رێوشوێنانەی لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا سەبارەت بە رووداوەکانی ئابی ١٩٩٨، بەرەی تورکمانی پاش رووداوەکان نامەیەك تایبەت بە رووداوەکە بۆ سلێمان دمیریل سەرۆك کۆماری تورکیا دەنێرن. بەرەی تورکمانی لە نامەکەدا بەرونی پارتی تۆمەتباردەکات بە ئەنجامدانی رووداوەکە و وەك جۆرێك لە سکالاَ دژی پارتی ئەو نامەیە بۆ کۆماری تورکیا دەنێرن.[4] لە نامەکەدا هاتووە"لە کاتژمێر ٢٠:٣٠ خولەك ئێوارەی رۆژی ١٩٩٨/٨/١٠ پرۆسەیەکی بەرفراوان دژی تورکمان لە هەولێر دەستپێکرد. هێزەکانی سەر بە پارتی دیمکراتی کوردستان هێرشێکی چەکداری گشتگیریان کردە سەر بارەگای فەرمی بەرەی تورکمانی و نوسینگە و دامەزراوە تورکمانیەکان. بە مەبەستی خۆ بواردن لە بەرپرسیارێتی هێرشەکان پارتی دیموکراتی کوردستان هەستا بە سڕینەوەی بەڵگەی تێوەگلانی لە کارەکە ئەمەش بە هاندانی خەڵك بۆ تالاَن کردن و رووخاندنی بیناکان."[5] جگە لە ئەو نامەیەی بەرەی تورکمانی کە بۆ تورکیای رەوانە کردوە، هیچ بەڵگەیەکی تریان نەخستوەتە بەردەست بیسەلمێنێت پارتی بەوکارە هەستاوە.

---

[1] بلاغ، تورکمن الي، ع٨٩، (١٩٩٨/٨/٢٦)، ص١.

[2] ن.م، ص١.

[3] في اجتماعی مشترك: التاکید علی علاقات الاخوة بين الجبهة الترکمانية و الحزب الديموقراطی الکردستانی، تورکمن الي، ع٩٢، (١٩٩٨/٩/١٦)، ص١.

[4] دەقی نامەکە بە تورکی: حسن اوزمن، م.س، ص١٩٢.

[5] ن.م، ص١٩٢.

به خوێندنەوەی بەیاننامەکانی بەرەی تورکمانی تایبەت بە هێرشەکان دەردەکەوێت کە بەرە لەناوخۆی هەرێمی کوردستان بە جۆرێك لە خۆپارێزیەوە مامەڵەی کردووە و راستەوخۆ تۆمەتەکەی ئاراستەی پارتی نەکردووە، بەڵام لە ناوەندەکانی دەرەوە بەڕوونی و راشکاوی پارتی بە بەرپرسیاری یەکەمی هێرشەکان داناوە. تەنانەت، بەرە وای راگەیاندووە کە پارتی دەیەوێت بەو جۆرە کارانە تورکمان ناچار بکات ناوچەکە بەجێبهێڵن.[1]

هەروەها لە راپۆرتی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بەو رووداوە هاتووە " لە مانگی ئاب چەکدارانی پارتی هێرشیان کردۆتە سەر بارەگاکانی بەرەی تورکمانی. تورکمانەکان ئەم هێرشانە وەك هەوڵێك بۆ سرینەوەیان لە لایەن پارتیەوە لەقەڵەم دەدەن."[2] راپۆرتەکە پارتی بەئەنجامدانی ئەو هێرشە تۆمەتبار دەکات.

گرفتەکانی بەرەی تورکمانی بەردەوام بوون. شەوی ١٩٩٨/١١/١ لە شاری هەولێر دوو تەقینەوە لەبەردەم دوو بارەگای بەری تورکمانی روودەدات. تەقینەوەی یەکەمیان لەبەردەم فەرمانگەی پاراستن و دوەمیان لە نزیك باڵەخانەی تورکمان ئیوی. تەقینەوەکان بێ زیانی گیانی بوون.[3] بۆ رۆژی دواتر لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی بارەگای سەرەکی بەرەی تورکمانی دەکەن بەمەبەستی ئیدانەکردنی تەقینەوەکان.[4] پاش نزیکەی ساڵێك و لە بەرواری ٢٥/٢٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٩ دووبارە تەقینەوە لەبەردەم بارەگای سەرۆکایەتی بەرە و باڵەخانەی فەرمانگەی پەروەردەو رۆشنبیری روویدا. بەرەی تورکمانی تەنها بەیاننامەی ئیدانەکردنی بڵاوکردەوە و تیایدا جەختیان لە برایەتی کورد و تورکمان کردەوە.[5]

سەرەرای ئەوەش، فشارە ناراستەوخۆکانی پارتی بۆسەر بەرەی تورکمانی بەردەوامی هەبوو. لە شەوی ٢٧ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٠ هێزێکی ئاسایشی هەولێر بۆ ماوەی دوو کاتژمێر ریاز ساری کەهیە، سەرۆکی پارتی تورکمان ئیلی،

---

[1] حسن اوزمن، م.س، ص ١٩٢.

[2] بڕوانە: (12/10/2019) https://www.hrw.org/legacy/worldreport99/mideast/iraq.html

[3] بيان صادر عن رئاسة الجبهة التركمانية، توركمن الي، ع٩٩، (١٩٩٨/١١/٤)، ص١.

[4] ن.م، ص١.

[5] توركمن ايلي، ع ٢١٠، (١٩٩٩/١١/٢٨)، ص١.

دەستگیردەکەن. لە میانی لێکۆڵینەوەکاندا بە پێی ووتەی ناوبراو، ئاسایشی هەولێر داوایان کردبوو کە خۆیی و موستەفا کەمال یایچەلی سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمانی شاری هەولێر جێبهێڵن. پارتی تورکمان ئیلی لە بەیاننامەیەکدا لەوبارەوە دەڵێن کە "هێزێکی ئاسایش رێگریان لە ئۆتۆمبیلەکەی ساری کەهیە کردووە و ناچاریان کردووە بەرەو ئاسایش لەگەڵیان بڕوات."[1]

نزیکەی سێ مانگ پاش روداوی دەستگیرکردنی ساری کەهیە رووداوێکی تری هێرش بردن بۆ بەرەی تورکمانی لە هەولێر روویدا. رۆژی ٢٠٠٠/٧/١١ هێزێکی ئاسایش لە هەولێر هێرشیان کردە سەر بارەگای بەرەی تورکمانی کە بو بە هۆی گیان لەدەستدانی دوو پاسەوانی بارەگای بەرە.[2] لە راپۆرتی ساڵانەی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤدا سەبارەت بە رووداوەکە هاتووە "هێزەکانی ئاسایشی پارتی رۆژی ١١ی تەمموز هەستاون بە هێرش بردن بۆ سەر بارەگەی سەرکردایەتی بەرەی تورکمانی دوو لە پاسەوانەکانیان بە ناوەکانی (عەبدوڵا عادل خورشید و فەرەیدون فازیل محمد) کوژراون."[3] راپۆرتی ناوبراو، هۆکاری رووداوەکە بۆ مانگرتنی ژمارەیەك لە ئەندامانی بەرە دەگێڕێتەوە دژی دەستێوەردانەکانی پارتی لە کاروباری ناوخۆی بەرە.[4]

پێکدادانەکان درێژخایەن نەبوو و هەردوولا کۆبونەوەی ئاشتەواییان ئەنجامدا و گەشتنە رێکەوتن. وەفدی پارتی بەسەرکردایەتی نێچیرڤان بارزانی و بەرەی تورکمانی بەسەرکردایەتی کەنعان شاکر، سەرۆکی بەرە بەوەکالەت، پێکهاتبوون. پاش گفتوگۆکردن پێکهاتن لەسەر قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانی روبەروبونەوەکان.[5]

سەبارەت بەم هێرشانە ئەکرێت توندوتۆڵی پەیوەندیەکانی بەرەی تورکمانی لەگەڵ تورکیا هۆکار بوبن. لەبەرئەوەی پارتیش بە هەمان شێوە لەو دەمەدا پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ تورکیا هەبوو. پارتی ترسی هەبوو کە بەرە ببێتە

---

[1] بیان لحزب تورکمن ایلي، تورکمن ایلي، ع ٢٤٤، (٢٠٠٠/٣/٢٩)، ص٢.

[2] حسن اوزمن، م.س، ص٢٠٨.

[3] https://www.hrw.org/legacy/wr2k1/mideast/iraq.html. (2/11/2019)

[4] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە راپۆرتی رێکخراوی ناوبراو:
https://www.hrw.org/legacy/wr2k1/mideast/iraq.html (2/11/2019)

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئایدن مەعروف.

جێگرەوەی بۆ تورکیا. تورکیا هاوکاری زۆری بەرەی تورکمانی دەکرد. بەرە دامودەزگای زەوەندی لە هەولێر کردبۆوە، ئەمە لە لایەن پارتیەوە وەك حکومەتێکی بچووککراوە تەماشا دەکرا و بە گرفت دەخوێندرایەوە.[1] پارتی ئەو بابەتەی لە ڕاگەیاندنەکانیدا زەقدەکردەوە، بۆ نمونە ووتارێکی سەرنوسەری رۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوزی هێناوەتەوە کە گوایە ئامۆژگاری تورکمانەکانی کردوە "حکومەت لەناو حکومەتی هەرێم دروستنەکەن و هەوڵبدەن بارودۆخی تورکمانەکان چارەسەربکەن."[2] ئەمەش بەروونی دەریدەخات کە پارتی پێی وابووە کەوا بەرەی تورکمانی حکومەتێکی بچووککراوەی لەناو هەرێمی کوردستان دروستکردوە و دان بە حکومەتی هەرێمدانانێت.

بەرە پێی وابوو پاش دروستبونی ململانێی نێوان ئەوان و پارتی و یەکێتی، هەردوو حیزبە کوردیەکە هەوڵیانداوە کە پارتی تورکمانی بۆ دژایەتی بەرەی تورکمانی دروستبکەن، کە بەڕای ئەوان ئەو پارتانە نوێنەرایەتی تورکمان ناکەن، و لەوەش زیاتر دەیانچوێنن بەو پارتانەی کە پێشتر حیزبی بەعس دروستی دەکردن بۆ لاوازکردنی بزوتنەوەی رزگاری خوزای کورد لە کوردستانی عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا، پێیان وابوو کە ئەو پارتانە لە بنەرەتدا لەناو بەرە بوون و دواتر بە هاوکاری دەرەکیی (حیزبە کوردیەکان) لە بەرە جیابونەتەوە. لەبەرئەوە بەرەی تورکمانی مامەڵەیان لەگەڵ ناکات. ئەوپارتانە بەشێك نین لە ئیرادەی گەلی تورکمان و گوزارشت لە تورکمان ناکەن.[3]

---

[1] هێرش عەبدوڵا حەمە کەریم، پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان هەرێم...، س.پ، ل ١٨٨-١٨٩.

[2] برایەتی، ژ ٢٦٥٠، (١٩٩٨/٨/١٨)، ل١ و ل٧.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئایدن مەعروف.

## باسی دووەم/ هەڵوێستی تورکمان لەهەمبەر داهاتوی هەرێمی کوردستان و عێراق

### تەوەری یەکەم/ یەکێتی خاکی عێراق وەك بنەمایەکی نەگۆری پارتە سیاسیە تورکمانەکان

لەو کاتەوەی بە فەرمی پارتی سیاسی تورکمانی دەرکەوتن و کاری سیاسیان دەستپێکرد بابەتی رووخاندنی رژێمی عێراق یەکێك بوو لەو بابەتانەی هەمیشە هێزە بەرهەڵستکارە کوردستانی و عێراقیەکان کاریان بۆ دەکرد. پارتە سیاسیە تورکمانیەکان تێروانین و هەڵوێستی تایبەتی خۆیان لەسەر ئەو بابەتە هەبوو. بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستەکانیان لە ماوەی پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١ و دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان تا رووخانی رژێم لە ٢٠٠٣/٤/٩ بەدیاردەکەوێت. ئەو بابەتە سیاسیانەی لەو ماوەیەدا دەربارەی عێراق هاتنە پێش بەشێوەیەکی گشتی بریتیبوون لە چۆنێتی دروستکردنەوەی عێراق پاش نەمانی دەستەلآتدارێتی حیزبی بەعس. هێزە کوردستانیەکانی وەك پارتی و یەکێتی و هێزە ئیسلامیەکان و هەروەها هێزەکانی تری عێراقی بە شیعە و سونیەوە تێروانینی خۆیان لەو بارەوە دەخستە روو. ئەوەی گرنگە لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر بکرێت بریتیە لە تێروانینەکانی هێزو پارتە جیا جیاکانی تورکمانی، بەتایبەتی بەرەی تورکمانی لەبارەی شێوازی دروستکردنەوەی عێراق پاش نەمانی رژێمی سەدام حوسێن.

تورکمانەکان لە چەند روویەکەوە تێروانینان لەوبارەیەوە خستۆتە روو، چ لە کاتی بەشداریيان لە کۆنگرەکانی هێزە بەرهەڵستکارە عێراقیەکان چ لە نوسین و هەڵوێستە فەرمیەکانیاندا بێت. سەرجەم ئەو هێزە تورکمانیانەی کە بەشداریيان لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەکرد پێداگیری تەواویان لە یەکێتی خاکی عێراق دەکردەوە. بەرەی تورکمانیش کە بەشداریی ژمارەیەك کۆنگرە بوو بە هەمان شێوە و زۆر بە توندی پێداگیری لە مانەوەی عێراق بە یەکگرتوویی دەکرد تەنانەت لە هێزە عەرەبیەکان زیاتر پێداگری دەکرد.

بەشێك لە تورکمانەکان لە سەردەمی کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا، لەو کاتەی کە بابەتی مافی چارەی خۆنوسین بۆ کورد[1] و دواتر فیدرالیی هەرێمی کوردستان بەرباس خرابوو،[2] نارەزایی خۆیانیان بۆ ئەو بابەتە دەربڕیبوو، بە هۆکاری ئەوەی کە ئەم داواکارییە سەرەتایە بۆ جیابونەوەی کورد و دابەشبوونی عێراق. عەزیز سەمانجی باس لەوە دەکات کە بەر لە دەستپێکردنی کۆبونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە سەلاحەدین، بە روونی رای خۆیی درکاندووە، هەروەك خۆی دەڵێت کە نوێنەری تورکمان بووە، و جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە ئەوان، واتە تورکمان، لە دژی فیدراڵین بۆ هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی سەردەکێشێت بۆ جیابوونەوە و دابەشکردنی عێراق.[3] هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە سنوری فیدرالیەتەکە دیاری نەکراوە و پەیوەندی رامیاری و کارگێڕی و یاسایی لەگەڵ ناوچە تورکمانیەکاندا تێکەڵیی پێوە دیارە[4]. لێرەوە دەردەکەوێت مەبەستی بەشێك لە تورکمان زیاتر گرنگیدان بووە بە بارودۆخی ئەو ناوچانەی کەپێیان وابووە زۆرینەی تورکمانن، بەمەبەستی دابڕینی لە هەرێمی کوردستان، نەك یەکێتی خاکی عێراق وەك سەمانجی ئاماژەی بۆ دەکات.

رایەکی تر ئاماژە بە وە دەکات کە تورکمان لە عێراقدا داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتی فرەیی پەرلەمانی دەکەن، کە مافی سەرجەم پێکهاتەکانی بە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی پارێزراوبێت.[5] پێیان وایە ئەگەر ئەم دەوڵەتە نمونەییە دابمەزرێت پێویست بەوە ناکات فیدراڵی و حوکمی زاتی و هەر جۆرێکی تری فۆرمی دەوڵەت لە عێراقدا دابمەزرێت، بە واتایەکی تر، تورکمان لەگەڵ فیدراڵیدا نین بۆ هەرێمی کوردستان. بۆ نمونە چەند پارت و رێکخراوێکی تورکمانی ئەو رایەیان هەیە کە پێویستە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە. لەوەش زیاتر، وولاتێکی دیموکراتی ناوەندیی بەهێز لە عێراقدا دروستبکرێت، لە نمونەی ئەو

---

[1] لە کۆنگرەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق مافی چارەی خۆنووسین داوای کورد بوو. بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژ ١١٧، (١٩٩٢/٦/١٧)، ل١.

[2] پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/١٠/٤ بڕیاری فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان دەرکرد. بۆ زانیاری زیاتر بروانە:
https://www.kurdistan-parliament.org/files/articles/080108073542.pdf (20/10/2019)

[3] عزیز قادر صمانجی، قطار المعارضة...، م.س، ص١٢٦-١٢٧.

[4] ن.م، ص١٢٧.

[5] E. Al- Hirmizi, Ibid, P.177.

پارتانەش: بەرەی تورکمانیە کە یەکێك لە ئامانجەکانی بریتیە لە "یەکێتی خاك و گەلی عێراق" و هەروەها پارتی نیشتمانی تورکمانی[١] و بزوتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی تورکمانی هەمان بۆ چونیان هەیە.[٢]

جگە لە پارتە سیاسیەکانی تورکمان، ڕێکخراوە کلتوریەکانی تورکمانیش بەهەمان شێوە هاوهەڵوێست بوون سەبارەت بە عێراق. یانەی برایەتی تورکمان لە بەغداد هەرچەندە کە ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوون، بەڵام لە پەیڕەوی ناوخۆدا دووپاتی یەکێتی خاکی عێراقیان کردووەتەوە. لە مادەی دووەم تایبەت بە ئامانج و مەبەستەکانی یانەکە نوسراوە: "پاراستنی کۆماری عێراق و بەهێزکردنی کیانەکەی."[٣] لەوەش زیاتر، بە هەمان شێوە لە پەیڕەوی ناوخۆی یانەی برایەتی تورکمان/ هەولێردا جەخت لە پاراستنی خاکی عێراق کراوەتەوە. لە مادەی دووەم دەربارەی ئامانجەکانی یانە دەڵێت "پاراستنی یەکێتی خاکی کۆماری عێراق."[٤] هەرچەندە ئەم پەیڕەوە لە هەولێر و لەساڵی ١٩٩٧دا نوسراوە، بەڵام جەخت لە هەمان بۆچوون دەکاتەوە کە بریتیە لە دەستگرتن بە یەکێتی خاکی عێراق.

لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی عێراقی هاوچەرخ، بەتایبەتی پاش دروستبوونی پارتە سیاسیە تورکمانیەکان، یەکێك لە بنەماکانی کارکردنیان و هەڵوێستی سیاسیان بریتیبووە لە پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق. کورد تارادەیەك بە پێچەوانەی ئەم هەنگاوە کاری سیاسی کردووە، هەرچەندە بەفەرمی لەگەڵ یەکێتی خاکی عێراقدا بوون، بەڵام لە واقیعدا بەو جۆرە نەبینراوە و زیاتر وەك جیاخواز ناویان هاتووە.

بەرەی تورکمانی لە کۆنگرەی یەکەمی لە ٤-١٩٩٧/١٠/٧دا و لە پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەدا بە روونی بەندێکی تایبەت کردووە بە یەکێتی خاکی عێراقی و لە بەندی حەوتەمدا دەڵێت "کاردەکەین بۆ پاراستنی یەکێتی خاکی

---

[١] شمران العجلي، الخريطة السياسية للمعارضة العراقية، ط١، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٠، ص٢١٥.

[٢] محمەد فاتح، حزب و ڕێکخراوە...، س.پ، ل ١٤٦-١٤٩.

[٣] النظام الاساسي الداخلي لنادي الاخاء التركماني سنة ١٩٦٠، بغداد، ١٩٦٧، المادة ٢، فقرة أ.

[٤] توركمن قارداشلق اوجاغى، النظام الاساسي الداخلي لنادي الاخاء التركماني ١٩٩٧، اربيل، ١٩٩٧، المادة ٢، فقرة أ.

عێراق."[1] هەروەها لە کۆنگرەی دووەم و سێیەمیشدا بەهەمان شێوە یەکێتی خاکی عێراق لە راگەیاندنەکانی بەرەدا دووپاتکراوەتەوە. لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی سێی بەرەدا هاتوە "کێشانی سنوری دەستکرد لە نێوان گەلانی عێراقی کە هەزاران ساڵە پێکەوە دەژین دەبێتە هۆکاری دابەشکردنی وولآت."[2] مەبەستیان لە کێشانی سنوری دەستکرد ئەو داواکارییانەبووە کە کورد بۆ فیدراڵی هەیانبوو.[3]

سەرەڕای پابەندبوونی پارتە تورکمانیەکانی ناو بەرەی تورکمانی بە یەکێتی خاکی عێراق، بەلاّم ئەوەیان نەشاردوەتەوە کە نیشتمانێکی تریان هەیە ئەویش تورکیایە.[4] هەر پارتەو بەجۆرێك گوزارشتی لەم نیشتمانە کردووە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی هاوچەرخیاندا. موستەفا کەمال یایچلی سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمانی لە کۆنگرەی کۆمەڵگاو کۆمارە تورکیەکاندا کە ووتاری بەرەی تورکمانی خوێندۆتەوە دەڵێت: "ئێمە بەناوی گەلی تورکمان سوپاسی خۆمان پێشکەشی نیشتمانی دایکمان تورکیا دەکەین."[5] ئەم تێڕوانینە لەو قۆناغەدا نکوڵیکردن نیە لە عێراقی بوون، بەلاّم بە دیوێکی تردا قسەکردنە لەسەر نیشتمانیکی گەورەتر لەو نیشتمانەی تورکمانەکانی تیادایە کە ئەویش تورکیایە.

---

[1] پەیرەوی ناوخۆی بەرەی تورکمانی، پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٩٩٧. تورکمن ایلی، ع٦٣، (١٩٩٨/٢/٢٥)، ص٢.

[2] بیان الختامي لمؤتمر الترکمان الثالث، تورکمن ایلي، ع ٦٠٠، (٢٠٠٣/٩/٢١)، ص٣.

[3] کورد داوای دەکرد کە یەکێتی خاکی عێراق ئارەزوومەندانەبێت. مام جەلال لە کۆنگرەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق لە ڤیەنا رایگەیاندبوو کە "یەکێتی خاکی عێراق دەبێت ئارەزوو مەندانە بێت" بروانە:کوردستانی نوێ، ژ ١١٩، (١٩٩٢/٦/١٩)، ل ١.

[4] ئەم تێڕوانینە زیاتر پەیوەستە بە تێزی تورك بۆ مێژوو کە پێی وایە هەموو مێژووی رۆژهەلاّتی ناوەراست مێژووی تورکە و لەسەر خاکی تورك روویداوە. بروانە: ئیسماعیل بێشکچی، تێزی مێژووی تورك تیۆری زمانی خۆر و کێشەی کورد، و. ئاسۆس هەردی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ١٦٣ و دواتر.

[5] نص کلمة السید مصطفی کمال یایجلی رئیس الحزب الوطنی الترکمانی العراقي عضو المجلس التنفیذي للجبهة الترکمانیة في المؤتمر السادس للجمهوریات و المجتمعات الترکیة، تورکمن ایلي، ع٦٧، (١٩٩٨/٣/٢٥)، ص٢.

دیاره قسەکانی یایچلی پاش ئەوە هاتووە کە سوپاسی تورکیای کردووە لە بەدەمەوە هاتنی تورکمان و دەستگیرۆیی کردنیان لە کاتی نەهامەتیەکانیاندا.[١]

پەیوەندی سیاسی نێوان بەرە و کۆماری تورکیا لای بەرەی تورکمانی راگەیەنراو بوە و نکوڵیی لێنەکراوە. تەنانەت بەر لە دروستبوونی بەرەی تورکمانیش بەشێك لە تورکمانی کەرکوك پەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ تورکیا هەبوە. لە ١٩٧٦/٤/٢٧ سەرۆك کۆماری تورکیا فەخری کۆرتوروك سەردانی وولاتی عێراقی کرد، لە میانیدا بەفەرمی سەردانێکی بۆ شاری کەرکوك ئەنجامدا. تورکمانەکانی کەرکوك میهرەجانێکی گەورەیان رێکخست بۆ پێشوازی سەرۆك کۆماری تورکیا. پاش گەڕانەوەی سەرۆك کۆماری تورکیا، بۆ وولاتی تورکیا، حکومەتی عێڕاق هەستا بە گرتن و زیندانی کردنی ژمارەیەك لە تورکمانەکانی شارەکە.[٢]

بەرە، بەفەرمی، ئەو جۆرە لە پەیوەندیەی بە کارێکی سروشتی دەزانێت و بۆ چەند هۆکارێکی دەگێڕێتەوە. نەتەوەی تورك کە بنچینەی دامەزراندن و نەتەوەیی خۆی بۆ زمان دەگێڕێتەوە، کەواتە بە حوکمی ئەوەی تورکمانیش بە زمان تورکن، کەواتە بوونی ئەو پەیوەندییە پابەندە بە بنەڕەتی رەگەزی هەردوولا کە بریتیە لە تورك بوون. لەوەش زیاتر، بەرە دەڵێت کە پارتە کوردیەکانیش پەیوەندییان لەگەڵ تورکیا هەیە، لە نمونەی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەروەها یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بە هەمان شێوە پەیوەندی سیاسی لەگەڵ تورکیا نەپچراندووە، لەبەرئەوە بۆ بەرەی تورکمانیش ئاساییە ئەو پەیوەندییەیان هەبێت. سامی خەتات سەرۆکی فەرمانگەی سیاسی پەیوەندیە دەرەکیەکانی پارتی نیشتمانی تورکمان لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ رادیۆی تاران دەڵێت: "پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیا بریتیە لە پەیوەندیەکی سرووشتی وەك سەرجەم پارتە سیاسیەکانی تر. ئێمە لەگەڵ تورکیا یەك رەگەزمان هەیە، ئەرکی تورکیایە کە هاوکاریمان بکا بیٚ دەستوەردان لە کاروبارە ناوخۆییەکانمان. هاوکاریەکانیش تەنها لایەنی مرۆیی دەگرێتەوە."[٣]

---

[١] تورکمن ایلي، ع٦٧، (١٩٩٨/٣/٢٥)، ص٤.

[2] A. G. Kayili, Ibid, p.40.

[٣] نص الحوار الصحفی لاذاعة طهران مع السید سامی الخطاط، تورکمن ایلي،ع٨٠، (١٩٩٨/٦/٢٤)، ص٢.

پاش ئەوەی لەساڵی ١٩٩٨ کاری پشکنەرە نێودەوڵەتیەکان لە عێراقدا تارادەیەك بە بنبەست دەگات، وولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ١٩٩٨/١٢/١٧ هێرشی ئاسمانی بۆسەر ژمارەیەك پێگەی سەربازی عێراق دەستپێدەکەن[1] بەناوی "پرۆسەی رێوی بیابان"[2] و لە رێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٢٠ کۆتایی پێدێت[3] و ئەنجامەکەشی بریتی نابێت لە رووخانی رژێم،[4] بەلاَم پارتە تورکمانیەکان و بەرەی تورکمانی و تەنانەت بەشێك لە نووسەرەکانی سەر بەو بەرەیە دژی ئەو هێرشە دەوەستنەوە ئەویش لە ترسی دابەشبوونی عێراق.

لەو سۆنگەیەوە بەرەی تورکمانی بەر لە هێرشەکان رایگەیاندبوو کە "چارەسەری دیبلۆماسی و گفتوگۆ هەڵدەبژێرن لەبری لێدانی سەربازی دژی عێراق."[5] پێیان وابووە کە ئەو هێرشانە رێگری لە گەلی عێراق دەکات بە ئارامی بژین.[6] لە سەروتاری رۆژنامەی تورکمن ئیلی زمانحاڵی بەرەی تورکمانیدا هاتووە دەربارەی هێرشەکە "ئێمە وەك گەلی تورکمان و بەرەی تورکمانی بە توندی ئەو هێرشانە ئیدانە دەکەین و داوای دەستبەجێ وەستاندنیان دەکەین... و بەدەنگی بڵند هاواردەکەین ئەم سیناریۆیانە بوەستێنن".[7] بەرە رایگەیاندبوو کە هەر گفتوگۆیەك دەربارەی ئایندەی عێراق پێویستە بەرەی تورکمانیش تیایدا بەشدار بێت و چارەنوسی تورکمانیش دیاری بکرێت.[8] بەرە پێی وابوو لەناوبردنی سەربازیانەی رژێمی عێراق کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرەی تورکمانی دەبێت، لەبەرئەوەی لەڕووی سەربازیەوە هێند بەهێز نەبوون بتوانن کە بوونی خۆیان بسەلمێنن و مەترسی پەراوێزخستنیان هەبوو. هەر لەو سۆنگەیەوە بوو دژی بەش بەش بوون و تەنانەت فیدرالیش بوون لە عێراق چونکە پێیان وابوو لەو حاڵەتەدا تورکمان لەت دەبن و لاواز دەبن.

---

1 Middle East Institute, "*Chronology October 16, 1998-January 15, 1999*", Middle East Journal, Vol. 53, No. 2 (Spring, 1999), P. 284.

2 https://archive.defense.gov/specials/desert_fox/ 20/11/2019

3 https://www.albayan.ae/last-page/1998-12-20-1.1017741 21/11/2019

4 D. byman, "*After the Storm: U.S. Policy toward Iraq since 1991*", Political Science Quarterly, Vol. 115, No. 4 (Winter, 2000-2001), pp. 507-510.

٥ ازمة متصاعدة ... انفراج مفرح، توركمن ايلي، ع٦٢، (١٩٩٨/٢/١٨)، ص١.

٦ تركمن ايلي، ع١١٢، (١٩٩٨/١٢/٢٠)، ص١.

٧ ن.م، ص١

٨ بيان صادر من حزب توركمن ايلي، توركمن ايلي، ع٦٢، (١٩٩٨/٢/١٨)،ص٢.

هەڵوێستی بەکارنەهێنانی هێزی چەکدار دژ بە رژێمی عێراق و هەروەها دابەشنەکردنی عێراق لەلایەن تورکمانەکانەوە زیاتر بۆ هەڵوێستی فەرمی تورکیا لەو بارەیەوە دەگەڕێتەوە.[١] تورکیا دژی وەشاندنی گورزی سەربازی بوون دژ بە عێراق بوو لە ساڵی ١٩٩٨ و دژایەتی خۆشیان بۆ دابەشکردنی عێراق نەشاردەوە.[٢] ئەو هەڵوێستە لە ئەدەبیاتی بەرەی تورکمانیدا زۆر بەرگری لێدەکرا. ئەسعەد ئەربیل کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی بەرەی تورکمانی لەو بارەوە نوسیویێتی "لەم کێشەیەدا تورکیا رایگەیاندووە کە دژی دابەشبوونی عێراق و دژی بەکارهێنانی هێزی سەربازیە دژ بە عێراق."[٣]

پارتی نیشتمانی تورکمانی وەك یەکێك لە پارتەکانی بەرەی تورکمانی هەمان هەڵوێستی دەربارەی یەکێتی خاکی عێراق هەبوو. جەمال شان دەڵێت ئەگەر پاش لێدانی عێراق، وولاّتی عێراق دابەشبوو بۆ سێ بەش، ئێمە دژایەتی ئەو دابەشکاریە دەکەین.[٤] لەوەش زیاتر، پارتی نیشتمانی تورکمانی جەختدەکەنەوە کە سنوری نیشتەجێبوونیان بریتیە لە مەندەلی هەتاوەکو تەلەعفەر و نیوەیان خاوەن ئایینزای شیعەن، بەپێی بۆچوونی خۆیان ئەم تایبەتمەندیە لە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینیدا لەحاڵەتی گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی عێراق، بەشێوەیەکی مەترسیدار لەبەریەك هەڵدەوەشێت. جەمال شان یاریدەدەری سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمان دەڵێت "چارەنووسی تورکمانە شیعەکان بەکوێ دەگات و چیبا بەسەردێت؟"[٥] لەوەش زیاتر، پارتی ناوبراو پێیان وابوو باشترە لە عێراق سیستەمی لامەرکەزی ئیداری پەیڕەو بکرێت. ئەم سیستەمەشیان ناونابوو سیستەمی ویلایات، کە زیاتر مەبەستیان

---

[١] تورکیا دژی ئەو پرۆسەیە بوو، لەبەرئەوەی بەرژەوەندیەکانی تورکیا لە عێراق دەکەتنە مەترسیی. لەوانە ترسی لە دروستبوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردی، گرتنی شاری کەرکوك لەلایەن کورد. هەروەها تورکیا ترسی هەبوو لە چارەنوسی تورکمانەکانی ئەو ناوچانە. بروانە: هنری ج. بارکی، ترکیا و العراق أخطار و (امکانات) الجوار، معهد سلام الامریکی، ٢٠٠٥، ص١-٢. (7/10/2019) https://www.usip.org/sites/default/files/resources/sr141_arabic.pdf

[٢] نوزات صواش، ترکیا و ضرب العراق.. المطرقة الکردیة و السندان الامریکي: (7/10/2019)https://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/2004/10/3/

[٣] اسعد اربیل، لا للتقسیم لا للقوة العسکریة، تورکمن ایلي، ع٦٢، م.س، ص٢.

[٤] تورکمن ایلي، ع٦٢، م.س، ص١-٢.

[٥] ن.م، ص٢.

سیستمی پارێزگاکان بوو کە دەیکردە هەمان شێوازی کارگێڕی حوکمکردنی سەردەمی حیزبی بەعس.[١]

تورکمان هەوڵیان دەدا کە ئەگەر عێراق دابەشبکرێت و یەکێتی خاکەکەی نەمێنێت، ئەوانیش وەك نەتەوەی سێیەم لە وولاّتدا داوای کیانی تایبەت بە خۆیان دەکەن. تەنانەت هەندێك ناویشیان پێشنیار کردبوو لای خۆیان وەك "تورکمن ایلی" یان "شارەزوور" یان "کەرکوك".[٢] ریاز ساری کەهیە سەرۆکی پارتی تورکمن ایلی لە گفتوگۆیەکیدا لە ساڵی ١٩٩٨ ئەوە دەخاتە روو کە باشترین چارەسەر بۆ بارودۆخی عێراق و تورکمانیش بریتیە لە حوکمی زاتی بۆ تورکمان لە عێراقدا. لەو بارەیەوە دەڵێت: " ئامانجمان بریتیە لە بەدەستهێنانی حوکمی زاتی بۆ ناوچەی تورکمن ایلی و هەروەها داواکارین بە دروستکردنی ئەنجومەنی نەتەوەکان لە عێراق کە نوێنەری سەرجەم نەتەوەکانی تیادا بێت (عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشوری) بە شێوەیەکی یەکسان. گرنگ ژمارەی هەڵگرانی ناسنامەی نەتەوەیەك نیە، بەڵکو نەتەوە هەر نەتەوەیە و کەس کەمینە نیە. هەروەها داوای حوکمی لامەرکەزی دەکەین بۆ عێراق کە سەرجەم ناوچەکان وەك یەك خزمەتگوزارییان پێبگات."[٣] تەنانەت لە کاتی سەردانیان بۆ ئێران، جەمال شان وەك نوێنەری بەرە، لەو بارەوە دەڵێت "بە ئێرانیەکانمان ووت ئێمە پەیوەستین بە یەکێتی خاکی عێراق کە ئەمەش جێگای دڵئارامی ئەوان بوو."[٤] لەو ماوەیەدا کە کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی چالاکیەکانی بە چڕی دیستیپێکردبۆوە، بەرەی تورکمان زۆر جار جەختیان لە پاراستنی یەکێتی خاکی عێراقی دەکردەوە. جەمال ئەربیلی لە سەرووتاری تورکمان ئیلیدا دەڵێت "داواکاریمان بریتیە لە چەسپاندنی کیانی تورکمانی لە رووی دەستوریەوە لە

[١] لقاء مع جمال شان نائب رئيس حزب الوطني التركماني العراقي، توركمن ايلي، ع٢٠٦، (١٩٩٩/١١/١٢)، ص٥.

[٢] ن.م، ص٥.

[٣] نص لقاء رياض صارى كهيه رئيس حزب توركمن ايلي، توركمن ايلي، ع٧٩، (١٩٩٨/٦/١٧)، ص٢.

[٤] توركمن ايلي، ع ٢٧٣، (٢٠٠٠/٣/١)، ص١.

عێراقێکی دیموکراتی فرەیی بە زەمانکردنی یەکێتی خاکی عێراق."[1] نوسەرێکی تر دەڵێت "گەلی تورکمانی بەهیچ شێوەیەك لە گەلی عێراقی جیانابێتەوە."[2]

بەلأم ئەم هەڵوێستە لەساڵی ٢٠٠٢دا تاراددەیەك گۆڕانی بەسەردا هات، پاش ئەوەی سەرۆکایەتی ئەوسای پارتی تورکمان ئیلی لە هەولێر دورخرانەوە. عەبدولقادر بازرگان کە ماوەیەك یاردەدەری سەرۆکی پارتەکە بووە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەوبارەوە دەڵێت: "باوەڕمان بە عێراقێکی دیموکراتی یەکگرتوو هەیە. ستراتیجی حیزبەکەمان بریتیە لە یەکێتی خاکی عێراق."[3] ئەمەش پاشەکشەبوو لە بابەتی حوکمی زاتی کە پێشتر رایانگەیاندبوو. داواکردنی حوکمی زاتی پاش بەدەستهێنانی حوکمی زاتی دێت بۆ کورد لە سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی، لەگەڵ دهۆك کە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دژی وەستانەوە.

گرفتی سەرەکی بۆ حوکمی زاتی بۆ تورکمان بریتیبوو لە نەبوونی هیچ ناوچەیەکی زۆرینە تورکمانی لە عێراق بە کەرکوکیشەوە، هەرچەندە هەرگیز حیزبی بەعس رێگای نەدابوو بە دابڕینی کەرکوك لە ناوەند لەبەرئەوە داواکاری بۆ حوکمی زاتی لەلایەن پارتی تورکمن ایلی جۆرێك لە ناواقیعی تیادا بەدی دەکرا. تەنانەت پارتی نیشتمانی تورکمانی (بەتایبەتی خودی موستەفا کەمال یایچلی سەرۆکی حیزب) کە خۆی داوای دەوڵەتێکی دیموکراتی بۆ عێراق دەکرد، ئەو داوایەی تورکمن ایلی بە جۆرێك لە "خەیاڵ" دەبینی.[4] بەرەی تورکمانیش داوای حوکمی زاتی بۆ تورکمان نەدەکرد.

بەرەی تورکمانی پێی باش نەبوو کە بە هیچ جۆرێك باسی گۆڕانکاری لە شێوازی حوکمرانی عێراقدا بکرێت. پێی وابوو کە ئەو بابەتە عێراق بەرەو دابەشکاری دەبات. بۆ نمونە لە کاتی دروستبوونی ئەنجومەنی سەربازی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق کە لە ئەفسەرانی سوپای عێراقی پێکدەهات، بەرەی تورکمانی بە نوێنەرێك بەشدار

---

[1] جمال اربيللى، الافتتاحية، توركمن ايلي، ع ١٥١، (١٩٩٩/٢/٥)، ص١.

[2] سامى فرج، الشعب التركماني جزء لا يتجزأ من الشعب العراقي، توركمن ايلي، ع ١٥١، (١٩٩٩/٢/٥)، ص٢.

[3] لقاء مع عبدالقادر بازركان نائب رئيس حزب توركمن ايلي، توركمن ايلي، ع ٤٦٩، (٢٠٠٢/٦/١٢)، ص٢.

[4] توركمن ايلي، ع ٩٧، (١٩٩٨/٦/١٧)، ص٢.

بوون. عەزیز سەمانجی لەناو ئەنجومەنەکە نوێنەری بەرە بوو. لە ٢٠٠٢/٧/١٤ ئەنجومەنەکە کۆنگرەیەکی لە لەندەن بەست بە مەبەستی چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ عێراقی دوای سەدام. بەرە لە ئەنجومەنەکە کشایەوە بە بیانوی ئەوەی کە لەناو کۆنگرە باسی بابەتی سیاسی کراوە و باسی داهاتووی سیستمی حوکمی عێراق کراوە.[١] بەرە پێی وابوو نابێت ئەو ئەنجومەنە باسی ئەو بابەتانە بکات لەبەرئەوە نوێنەرەکەیان کشاندەوە.[٢] وەك دەردەکەوێت بەهەر شێوازێك باسی گۆرینی سیستمی حوکم کرابێت لە عێراقدا، بەرە دژی بووە.

پاش ئەوەی کە هێرشی هاوپەیمانان، لەچوارچێوەی لەناوبردنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، بۆ سەر عێراق لە بەرواری (٢٠٠٣/٣/٢٠) دەستیپێکرد[٣]، بەرەی تورکمانی تێڕوانین و هەڵوێستی تایبەتی بەرامبەر بە پرۆسەکە و عێراقی پاش سەدام هەبوو. لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکەدا، بەرەی تورکمانی هێرشەکەی بە "دژ" بۆ سەر عێراق ناودەبرد. هەمیشە لە راگەیاندنەکانیەوە دەیوت "جەنگ دژی عێراق"، کە ئەمەش بۆ خۆی دەربڕینێکی سیاسی بوو، پێچەوانە بوو لەگەڵ ناوە فەرمیەکەی جەنگەکە کە بریتیبوو لە "پرۆسەی ئازادی عێراق". هێزە عێراقیەکان و هێزە سیاسیەکانی کوردیش بە هەمان ناوی فەرمی پرۆسەکەیان ناودەبرد. بەڵام ئەو هێزانەی لەدژی پرۆسە سەربازیەکە بوون وەك تورکیا هێرشەکانیان بە دژی عێراق ناودەبرد، بەرەی تورکمانیش لەناو ئەو بازنەیەدا پرۆسەکەی ناوزەد دەکرد.[٤] لەوەش زیاتر سەڵاح مەردان سکرتێری ئەنجومەنی شورای تورکمان لە گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانیی چەند رۆژێك بەر لە کەوتنی بەغداد دەڵێت "دژی جەنگی ئەمریکا بووین لە عێراق، دەترساین زیانێکی گیانی زۆری لێبکەوێتەوە، پێمان وابوو کە گفتوگۆی شارستانیانە تاکە رێگا چارەسەرە بۆلابردنی رژێم."[٥] بەڵام ئەوەی جێگای

---

[١] تورکمن ایلي، ع٤٧٩، (٢٠٠٢/٧/١٧)، ص١.

[٢] تورکمن ایلي، ع ٤٨١، (٢٠٠٢/٧/٢٤)، ص١.

[٣] الفريق الركن طه نوري ياسين الشكرجي، الحرب الاميركية على العراق، ط١، اردن، ٢٠٠٤، ص٧١-٨٢.

[٤] بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەوە بڕوانە: تورکمن ایلي، ع ٥٥٣، (٢٠٠٣/٤/٩)، ص١.

[٥] تورکمن ایلي، ع ٥٥١، (٢٠٠٣/٤/٢)، ص٢.

سەرنجە هەر چەند رۆژێك پاش گرتنی شاری بەغداد، بەرەی تورکمانی لە راگەیاندنە فەرمیەکانیەوە ناوەکەی گۆری بۆ جەنگ لە عێراق و (دژ)ەکەی لابرد.[١]

پاش کۆتایی هاتنی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و رووخانی رژێم، بەرەی تورکمانی بە چڕی هەوڵەکانی بۆ بەشداری لە حکومەتی ئاینده و پرۆسەی سیاسی لە عێراق خستەگەڕ،[٢] لەگەڵ ئەوەی کە بەرەی تورکمانی بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە هەولێر کاری دەکرد، بەلأم بەو جدیە داوای بەشداریی سیاسی لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان نەکردبوو. سەنعان ئەحمەد ئاغا سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە بەرواری ٢٠٠٣/٥/١٩ لە شاری بەغداد لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، پاش کۆبوونەوە لەگەڵ پۆل بریمەر حاکمی مەدەنی لە عێڕاق، رایگەیاند کە "سەرکەوتنی هەر حکومەتێك لە عێراق پەیوەستە بە بەشداریکردنی تورکمانەوە."[٣]

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەوە بڕوانە: تورکمن ایلي، ع ٥٥٥، (٢٠٠٣/٤/١٦)، ص١.

[٢] تورکمن ایلي، ع ٥٦٥، (٢٠٠٣/٥/٢١)، ص١.

[٣] تورکمن ایلي، ع ٥٦٧، (٢٠٠٣/٥/٢٨)، ص١.

## تەوەری دووەم/ هەڵوێستی تورکمان لەسەر فیدراڵی و قەوارەی هەرێمی کوردستان

فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان، کە داوای فەرمی پارتە سەرەکیەکانی باشوری کوردستانە لە پاش ساڵی ١٩٩١ەوە، هەستێکی لای تورکمان دروستکردووە بەوەی کە ئەوانیش بەهەمان شێوەی کورد مافیان زەوتکراوە و ناوچەکانیان بە عەرەب کراوە و تەنانەت ئەو ناوچانەی کە کورد پێی وایە سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزی بەرامبەر بەکارهێنراوە لە بنەڕەتدا خاکی تورکمان بووە، لەم سۆنگەیەوە بیرۆکەی تۆخبوونەوەی جیاوازییەکانی نێوان تورکمان و کورد دروستدەبێت و ئەکرێت تورکمانیش خۆیان بە شایستەی دەستەبەری مافی هاوشێوەی باشوری کوردستان دابنێن. بەتایبەتی بەشێك لەو ناوچانەی کورد داوای دەکات، تورکمان بە هی خۆی دەزانێت،[1] لێرەوە هەڵوێستی نەرێنی تورکمان بەرامبەر بە باشوری کوردستان تێبینی دەکرێت. هەرچەندە بەشێك لە تورکمان، بەتایبەتی ئەوانەی لەناو سنوری پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك نیشتەجێن لەگەڵ بەشێك لە تورکمانی کەرکوك هاوسۆزن لەگەڵ دۆزی کورد و هاوڕان بە گێڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان. پێیان وایە ئەکرێت گەلی تورکمان لەناو فیدراڵی هەرێمی کوردستان جێیان ببێتەوە و ببن بە بەشێك لە فیدراڵیەکە.[2]

سەرەتای گرفتی تورکمان لەگەڵ فیدراڵی، پاش دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان، بۆ کۆنگرەی ڤیەننای حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٢ دەگەڕێتەوە. لە کۆنگرەکەدا زۆر بە روونی باس لە مافی چارەنوس بۆ کورد دێتە بەرباس، و تەنانەت هەندێك لایەن و کەسایەتی عێراقیی (ئەحمەد چەلەبی) بەروونی پشتیوانی مافی چارەنوس دەبن بۆ کورد و ئامادەدەبن بۆ گفتوگۆی جدی لەوبارەوە. لەم سەروبەندەدا نوێنەرانی تورکمان نارەزایەتی دەردەبڕن لە بڕگەی تایبەت بە مافی چارەنوس بۆ کورد، تەنانەت لەسەر ئەو مەسەلەیە هۆڵی کۆبوونەوەکە جێدەهێڵن.[3]

---

[1] لیام ئاندرسن، تەنگژەی کەرکوك، و. ئومێد عوسمان، چ١، هەولێر، ٢٠١٣،ل ٩٦-٩٧.

[2] ولید شرکه، م.س، ص٤٥-٤٨.

[3] الصمانجی، قطار...، م.س، ص١٢٠.

هەرچەندە لە ڕاگەیاندنی کۆتاییدا بڕگەی "بێجیابوونەوە"[١] لەناو کەوانەیەکدا و دوای دەربڕینی "مافی چارەنوس" نووسرا بوو.[٢]

سەمانجی دەڵێت من لەناو کۆنگرەکە نارەزاییم دەربارەی مافی چارەنوس بۆ کورد دەربڕی. سەمانجی ڕایگەیاند کە "ماوەی یەك ڕۆژی تەواو باس لە مافی کورد دەکرێت، بەلاّم بە تەنها یەك ووشەش لەسەر مافی تورکمان نەوترا."[٣] ئەو تێڕوانینە هەرچۆنێك بێت بۆ ئەو کاتە دەربڕی رای سیاسی بەشێکی بەرچاوی تورکمان بووە، کە خۆی بینیوەتەوە لە پارتی نیشتمانی تورکمانی. هەرچەندە، لە کۆنگرەی ڤیەننادا بە بڕگەیەك باس لە پاراستنی مافی کەمە نەتەوەو ئاینەکان کراوە و ناوی تورکمان هێنراوە.[٤]

پاش کۆنگرەی ڤیەننا و لە کاتی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی سەلاحەدین بابەتی فیدراڵی بۆ کوردستان لای هێزە عێڕاقیەکان گەڵاڵە بوو. هەروەك لە ڕاگەیاندنی کۆتاییدا هاتبوو "گۆڕینی سیستمی دیکتاتۆری و دانانی سیستمێکی دەستوری پەرلەمانی دیموکراتی فیدراڵی فرەیی بۆ عێراق."[٥] ئەمەش بەڕوونی داننان بوو بە فیدراڵیی هەرێمی کوردستان. لەوەش زیاتر، کۆنگرە ڕایگەیاند کە یەکێتی خاکی عێراق، یەکێتیەکی ئارەزوومەندانەیە.[٦] بە هەمان شێوە، لە کۆنگرەی نیویۆرکی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق، کۆنگرە دانی نا بە فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان[٧] و لە ڕاگەیاندنی کۆتاییدا چەسپا. هەروەها، تیایدا هاتبوو کە کۆنگرە ڕێز لە مافە

---

[١] سامان نوری محمود، كركوك ما بين (١٩٩١-٢٠٠٣)، رسالة ماجستير مقدمة الى جامعة السليمانية/ قسو التاريخ، ٢٠١٨، (غير منشورة)، ص١٨٧.

[٢] الصمانجي، قطار...، م.س، ص ١١٨.

[٣] ن.م، ص١٢١.

[٤] ن.م، ص٥٨٥.

[٥] ينظر: البيان الصادر عن قوى المعارضة في صلاح الدين (اربيل) (١٩٩٢/١١/١). مركز دراسات الوحدة العربية، الحرب على العراق، م.س، ص٥١٧.

[٦] ن.م، ص ٥١٨.

[٧] شورش حسن، خصائص النظام الفدرالى في العراق، ط٢، المركز العربي للنشر و التوزيع، مصر، ٢٠١٨، ص ١٢٧.

نەتەوەیی و رۆشنبیریەکانی تورکمان دەگریێت.[1] ئەمەش بەرەوپێشچوونێکی گرنگ بوو بۆ تورکمان هەرچەندە بەرەی تورکمانی بە بیانوی کەمی نوێنەرەکانیان کشانەوە هەروەك لە بەشی پێشوو ئاماژەی بۆ کراوە.

نوێنەرانی پارتە تورکمانیە بەشداربووەکانی ناو کۆبوونەوەکان راستەوخۆ دژایەتی خۆیان بۆ فیدرالّی ئاشکرا کرد، لەسەر ئەو بنەمایەی کە دواتر فیدرالّی سەردەکێشێت بۆ جیابوونەوە. لەوەش زیاتر، رایانگەیاند کە دیاری نەکردنی سنورەکەی گرفتی "نەتەوەیی" بۆ تورکمان دروستدەکات.[2] سەرەرای ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی بەر لە کۆنگرەی سەلاحەدینی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/١٠/٤ بریاری فیدرالّی بۆ هەرێمی کوردستان پەسەند کرد.[3] پاش ئەم بریارەی پەرلەمان، تورکمان دەربری لەبارەی فیدرالّیەوە نارەزایی زیاتریان. ئەو نارەزایەتیەش لە کۆنگرەی سەلاحەدین بەروونی دەرکەوت و مەترسیی خۆیان لە بابەتەکە و سروشتی فیدرالّیەکە لە عێراق نەشاردەوە.[4]

بەرەی تورکمانی دژایەتی فیدرالّی بۆ هەرێمی کوردستان دەکرد و ئەوەی خستبوە روو کە دەبێت عێراق بە گەل و خاکەوە دەوڵەتێکی یەکگرتوو بێت. لە راگەیاندنی فەرمی بەرە لە رۆژنامەی تورکمن ئیلی هاتووە "بەرەی تورکمانی کە تاکە نوێنەری گەلی تورکمانە چەندین جار ئەوەی دوویات کردوەتەوە کە باوەری بە یەکگرتوویی خاك و نەتەوەی عێراق هەیە... بەرە پاراستنی یەکێتی خاکی عێراقی لە ستراتیجی کاریدا داناوە... لە ژێر ئالاّی شەکاوەی عێراقدا".[5] پارتەکانی ناو بەرەی تورکمانی بەتایبەتی هەر دوو پارتی نیشتمانی تورکمانی و پارتی تورکمان ئیلی بە تەواوی لەگەڵ یەکێتی خاکی عێراقدان، هیچ کاتێك ئەمەیان نەشاردوەتەوە. موستەفا کەمال یایچلی بە روونی دەڵێت کەوا "نیشتمان یەکە و بەش ناکرێت"،

---

[1] ینظر: البيان الختامي لاجتماع المعارضة العراقية في نيويورك (١٩٩٩/١٢/٣)، مركز دراسات الوحدة العربية، الحرب على العراق، م.س، ص ٥٢٤.

[2] الصمانجي، قطار...، م.س، ص ١٢٦-١٢٧.

[3] http://www.kurdistanparliament.org/files/articles/051015101341.pdf.(9/2/2019)

[4] الصمانجي، قطار ....، م.س، ص ١٤٢.

[5] توركمن ايلي، ع٧٤، (١٩٩٨/٥/١٣)، ص١.

پێی وایە کەوا بەرەی تورکمانی هەمان تێڕوانین پەسەند دەکات و باوەڕی بە دابەشکردنی وولآت نیە.[1]

هەرچەندە تورکمانەکانی ناوبەرەی تورکمانی ڕێگریی سیاسیان لێنەکراوە، بەلأم، بەرەی تورکمانی و پارتەکانی ناو بەرە هیچ کاتێك ئامادە نەبوون کە ناوی هەرێمی کوردستان بهێنن و هەمیشە ووتویانە "باکوری عێراق". هەروەك کەنعان شاکر ئاماژەی بۆ دەکات کە یەکێك لە ناکۆکیەکانیان لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم ئەوەبوو کە نەیان دەوت هەرێمی کوردستان و لەبری ئەوە باکوری عێراقیان بەکاردەهێنا.[2] نازم سائیغ هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت "گرفتی یەکەمین و خاڵی ناکۆکی نێوان کورد و بەرەی تورکمانی بریتیبوو لە ووشەی کوردستان. بەرە باکوری عێراقمان بەکاردەهێنا."[3] یەشار ئالْتی بەرماخ، کادیری پێشووتری بەرەی تورکمانی، هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت "لەناو راگەیاندنەکانی بەرەی تورکمانی بە هەموو شێوەیەك ڕێگری دەکرا لە بەکارهێنانی ووشەی هەرێمی کوردستان، تەنانەت لەکاتی ئامادەکردنی سەرجەم چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ هاولأتیان پێویستبوو بەکارهێنانی ووشەی هەرێمی کوردستان مۆنتاج بکرێت"[4] واتە لابرێت.

بەرەی تورکمانی بەجۆرێك دژی بەکارهێنانی هەرێمی کوردستان بوون کە تەنانەت کاتێك کە شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٠ سەردانی هەرێم دەکەن و دواتر بەیاننامەیەك بلأودەکەنەوە کە تیایدا لەبری هەرێمی کوردستان "باکوری عێراق" بەکاردەهێنن، بەرەی تورکمانی زۆر بەگرنگیەوە لە

---

[1] اللقاء الصحفی مع السید مصطفی کمال یایجلي رئیس الجبهة الترکمانیة وکالة و رئیس الحزب الوطنی الترکمانی، تورکمن الي، ع٤٣، (١٩٩٧/٩/١)، ص٢.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەنعان شاکر.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نازم عەبدولکەریم محمد عەلی (نازم سائیغ)، لە دایکبوی هەولێر ساڵی ١٩٦٠، ئەندامی دەستەی راپەراندنی بەرەی تورکمانی. کادیری پێشکەوتوی راگەیاندنی بەرەی تورکمانی. هەولێر، (٢٠١٨/٧/١٤).

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ یەشار ئالْتی پارماخ.

ڕاگەیاندنە فەرمیەکانی خۆیەوە ئەو بابەتە دەوروژێنێت. لەوبارەوە دەڵێن "ئەوە ڕاگەیاندنی فەرمی ئەمریکایەو ئێمەش هەمان تێڕوانینمان هەیە"[1]

ساری کەهیە هۆکاری بەکارنەهێنانی هەرێمی کوردستان دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە "هۆکاری بەکارهێنانی ووشەی (باکوری عێراق) لەگەڵ عورفە نێودەوڵەتیەکان دژ نیە. بەکارهێنانی ئەم دەربڕینە بۆ بەربەرەکانێی ئەوانی تر نیە و پەرلەمانەکەتان (مەبەستی پەرلەمانی کوردستانە) ئەوەی ڕانەگەیاندووە، هەرکاتێك رایگەیاند ئێمەش رای خۆمان دەخەینە روو. ناو تەنها شتێکی رووکەشە و گرنگتر بریتیە لە کردار و ئێمەش رێزی (ئیدارەی محەلی) دەگرین لە ناوچەکە."[2] تێروانینەکانی کەهیە بە روونی دیارە کە سەرەرای ئەوەی هەرێمی کوردستان رێگری سیاسیان لێناکات، بەلأم ئەوان پەرلەمان و ئیدارەکەش بە هی خۆیان نازانن. بۆ پارتی تورکمان ئیلی ئەم تێروانینەیان دەربارەی هەرێم، هەروەك کەهیە رایگەیاند، ئاسایی نیە لەبەرئەوەی ئەو پارتە حیزبێکی تورکمانی کەرکوکیە و ئەوانیش خۆیان بە بەشێك لە عێراق دەزانی و نارازی بوون بە فیدراڵی بۆ کورد بەوشێوەیەی کورد دەیانەویست و هەروەها کەرکوکیش بە کوردستان نازانن. لەبەرئەوە بەهیچ جۆرێك ئامادە نەبوون دان بە هەرێمی کوردستاندا بنێن. لەوەش زیاتر، تەنانەت پارتی تورکمن ایلی مۆڵەتی فەرمیشیان لە حکومەت وەرنەدەگرت لەو کاتەدا و ئامادەنەبوون بچنە ژێرباری رێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم و رەخنەیان لە یاسای حیزبەکان هەبوو کەلەوکاتەدا کاری پێدەکرا.[3]

پارتی تورکمن ئیلی بوونی هەرێمی کوردستان تەنها ناگەڕێننەوە بۆ خەباتی هێزە کوردیەکانی ناوچەکە، بەڵکو وەك دیفاکتۆیەك تەماشایان دەکرد و پێیان وابوو کە بە هەوڵی نێودەوڵەتی ناوچەی دژە فڕین دروستبووە و ئەو ناوچەیەش بۆ کورد و تورکمانە وەك یەك. لەوەش زیاتر، ریاز ساری کەهیە دەڵێت: "ئیدارەی ناوچەیی کە ئێستا لە ناوچەکە دروستبووە لە ئاکامی بارودۆخی نێودەڵەتی پاش جەنگی کەنداو بوو. لە دوای ئەوەی کە بەڕێز تورگوت ئۆزال سەرۆك کۆماری تورکیا داوای لە

[1] محمد حسن المغربي، مناقشة هادئة للبيان الامريكى، توركمن ايلي، ع ٢٣٣، (٢٠٠٠/٢/١٦)، ص١.

[2] تورکمن الی، ع٧٥، (١٩٩٨/٥/٢٠)، ص٢.

[3] ن.م، ص٢.

هاوپەیمانان کرد کە دانیشتوانی ناوچەکە بپارێزن، بڕیارەکە دەرچوو... ئەم بارودۆخەی ئێستا لە ناوچەکە تورکیا ڕۆڵی گەورەی تیادا گێڕاوە."[1] تورکیا تارادەیەك ڕۆڵی هەبووە لە ناوچەی دژە فڕین، بەڵام ئەگەر ئەوەی زیاتر ناوچەی دژە فڕینی کرد بە کردارەکی بریتبوو لە چەند هۆکارێك کە زۆرینەیان پەیوەستن بە خەباتی گەلی کوردەوە. کورد نزیکەی نیوسەدە دەبوو لەو چوار پارێزگایەدا خەباتی دژی ڕژێمی دەسەڵاتداری عێراق دەکرد. لەوەش زیاتر، کۆچی بە کۆمەڵی کورد لەو ناوچانە و کە بە کۆڕەوی کورد ناسراوە لە مێژووی هاوچەرخدا، ئەمانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ بەهەند وەرگرتنی بارودۆخی نالەباری ناوچەکە لەلایەن هاوپەیمانان و بە تایبەتی وولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ژمارەیەك لە پارتە تورکمانیەکانی وەك پارتی برایەتی تورکمان هەڵوێستێکی جیاوازتریان سەبارەت بە فیدراڵیی و هەرێمی کوردستان هەبوو. بۆ نمونە پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان هەمان رای پارتە سیاسیەکانی کوردستانی دەربارەی هەرێمی کوردستان هەبوو، پێیان وابوو کە هەرێمی کوردستان توانیویەتی مافی تورکمانەکان بپارێزێت و ئازادییان بۆ فەراهەم بکات. دڵشاد چاوشلی سەرۆکی پارتەکە لەوبارەیەوە دەڵێت: "ئێمە لەم کوردستانەدا، لەپێناوی یەك ئامانج و یەك ئاواتدا خەبات دەکەین کە پاراستنی دەستکەوت و بەرژەوەندیەکانی ئەو گەلەیە کە دوای مێژوویەکی دورودرێژ لە خەبات هاتۆتە دی. هەردوو گەلی کورد و تورکمان بەشداربوونە لە هێنانەدی دیموکراسی و ئازادی لەم هەرێمەدا."[2] ئەم دەقە سەرەرای ئەوەی وەسفی ئەرێنی هەرێمی کوردستانی تیایە، بە ئاشکرا پشتگیری هەرێمی کوردستان و داواکانی هەرێمی کوردستانیشی تیا بەدی دەکرێت.

وەلید شەریکە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دەڵێت " ئەم هەناسە میللیە دیموکراتیەی لە کوردستان پاش راپەرین هاتۆتە ئاراوە پێویستە بە هەموومان بیپارێزین... تورکمان بەدرێژایی مێژووی عێراق ئەوەندە مافیان نەبووە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیانە."[3] لەگەڵ ئەوەشدا، ئازادی تەواوی کارکردنیان لەناو

---

[1] نص لقاء صاری کهیه، تورکمن ایلي، ع ٧٩، (١٩٩٨/٦/١٧)، ص٢.

[2] دیمانە لەگەڵ دڵشاد چاوشلی، گۆڤاری باریش، ژ ١٠، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٦٧-٦٩.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ وەلید شرکە ئەمینداری گشتی پارتی برایەتی تورکمان/ عێراق، برایەتی، ژ ٢٦٤٦، (١٩٩٨/٨/١٢)، ل ٣.

کوردستاندا بەتەواوی بۆ فەراهەمکراوە.[1] لەوەش زیاتر، ناوبراو داوا لە پارتە تورکمانیەکانی تر دەکات کە هەمان سیاسەتیان هەبێت واتە بە ئەرینی بروانە هەرێمی کوردستان. لەوبارەوە دەڵێت "بە تورکمانەکانی دیکەش دەڵێین کەلە سەرتان پێویستە لەوە تێبگەن گەلی کوردستان بە سەرجەم نەتەوەکانیەوە توانای ئەوەیان هەیە فێرتان بکەن کەوا دیموکراتیەت بە سەربەخۆیی بریاری سیاسیەوە پەیوەستە هەرکاتێك ئەوە هەبوو دەتوانین بڵێین ئەوە کوردستانی عێراقە و بە مەبەستی چالاککردنی بزافی سیاسی تەواوی ئازادیخوازان هەوڵی خۆیانیان تیادا خستۆتەگەڕ و هاوبەشی تیادا دەکەن."[2] ئەم دەقە هەرچەندە دژی پەکەکە نوسراوە، ئەوکاتە شەری نێوان پەکەکە و پارتی لە ئارادا بوو، بەڵام پشتگیری تەواوی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، و سیاسەتی هەرێمی تیادا بەدیدەکرێت.

پارتی برایەتی تورکمان لەو پارتە تورکمانیانەیە کە بە ئاشکرا ناتەبایی سیاسی لەگەڵ بەرەی تورکمانی هەیە. بەروونی باوەری بە فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە لە عێراقی ئایندەدا. پێیان وایە کە بەرەی تورکمانی تاکە نوێنەری گەلی تورکمان نیە لە ناوچەکەدا. لە بابەتی پەیوەست بەوەی کێ نوێنەری گەلی تورکمانە وەلید شەریکە سەرۆکی پارت دەڵێت: "دوو جۆر شەرعیەت هەیە، یان لەرێگەی هەڵبژاردن، یان رێگەی ئینقلاب کە بەرەی تورکمانی هیچیانی نەکردووە، لەبەرئەوە ناتوانێت نوێنەری تورکمان بێت، بەڵام دەتوانین بڵێین لە بارودۆخێکی هەرێمی دروستبوون و بوون بە فشارێك بەسەرمانەوە، کە خۆیان شەرعیەت بەخۆیان دەدەن."[3]

شاری کەرکوك یەکێکە لەو ناوچانەی بەدرێژایی سەدەی بیستەم یەکێك بووە لە گرنگترین دۆسیەی یەکلانەبۆوەی نێوان کورد و فەرمانڕەوایەتیە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق، لەوەش زیاتر لەبەرئەوەی تورکمانەکان لە کەرکوك نیشتەجێبوون و بە شارێکی تورکمانی لە قەڵەم دەدەن، ئەم شارە خاڵی دژبوونی هەڵوێستی سیاسیانەی هەردوو لایەنی کوردی و تورکمانی بووە. هەڵوێستی تورکمانەکان بەگشتی پاش

---

[1] دیمانە لەگەڵ وەلید شرکە، گۆڤاری باریش، ژ ١٠، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٦٤-٦٦.

[2] هـ.س، ل٦٤-٦٦.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ وەلید شەریکە، هاولاتی، ژ٦٦، (١/٤/٢٠٠٢)، ل ٢.

دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدیاردەکەوێت[١] و بەتایبەتی دوای دروستبوونی پارتی سیاسی تورکمانی. کورد، کەرکوک وەک بەشێك لە باشوری کوردستان لەقەڵەم دەدەن و تورکمانیش (بەتایبەتی بەرەی تورکمانی)[٢] بە پێچەوانەوە بیردەکەنەوە. پێیان وایە کە پاش رزگاربوون لە کێشەی بە عەرەبکردن، روبەروی گرفتی "بەکوردکردن"[٣] دەبنەوە.[٤] بەڵام رای گشتی و فەرمی کورد پێی وایە کە کەرکوك شارێکی کوردستانیە و نەتەوەی جیاوازی تیا نیشتەجێیە، واتە شارێکی کوردی پوخت نیە، بەڵکو نەتەوەکانی عەرەب و تورکمانیش تیایدا نیشتەجێن.[٥]

تورکمان ناتوانن نکوڵی لە بوونی ژمارییەکی زۆری کورد بکەن لە کەرکوك، بەڵام بۆ ئەم راستیە قسەی خۆیان هەیە. تورکمانەکان لەبارەی بوونی بەهێز و زۆرینەی کوردەوە لە کەرکوك دەڵێن پاش دۆزینەوەی نەوت لە ناوچەکە دوای ساڵی ١٩٢٧ "کورد بەگشتی کۆچیان کردووە و هاتوونەتە شارەکە". پێیان وایە کەرکوك شارێکی تورکمانیە و نەتەوەی کوردیش تیایا دەژی.[٦] سەرەڕای ئەوە، تورکیا هەمیشە هێزێکی ئامادەبووە لە کێشەی کەرکوك. تورکیا ئەو ناوچەیە بە شوێنی بەرژەوەندی خۆی تەماشا دەکات و هەمیشە قسەی لەسەر ئایندەی کەرکوك هەبووە. تورکیا بە فەرمی مەترسیی خۆیی لە ئایندەی تورکمان لە کەرکوك نەشاردۆتەوە و هەمیشە دژی دەستەلاتدابوونی کوردبوە بەسەر کەرکوکەوە.[٧] ئەم تێڕوانینە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر پێداگیری زیاتری بەرەی تورکمانی لەمەڕ کەرکوك هەبووە.

---

[١] لیام ئاندرسن، تەنگژەی کەرکوك، و. ئومێد عوسمان، چ١، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣، ل١١١.

[٢] بیار مصطفى سيف الدين، تركيا و كوردستان العراق، ط١، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر، اربيل، ٢٠٠٨، ص١٩٧-١٩٩.

[3] International Crisis Group," *Iraq and the Kurds: The Brewing Battle over Kirkuk*", Crisis Group Middle East Report N°56, 18 July 2006, p. 5.

[٤] لیام ئاندرسن، س.پ، ل٩٩.

[5] International Crisis Group, Ibid, p3.

[٦] گروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان، عێراق و کورد: شەری یەکلاکەرەوە لەسەر کەرکوك، و. عەباس مستەفا عەباس، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٨-١٩.

[7] M. Sheharyar Khan, "*The Transformation of Turkish Foreign Policy Towards the Middle East*", Policy Perspectives , Vol. 12, No. 1 (2015), Pp. 39-42.

هەڵوێستی بەشێك لە تورکمان بەتایبەتی بەرەی تورکمانی لەبارەی هەولێر و ئەوناوچانەی کە تورکمانی تیا نیشتەجێن و سەر بە هەرێمی کوردستانە، بەجۆرێکە کە دژە لەگەڵ بوونی هەرێمی کوردستاندا، لەبەرئەوەی گێڕانەوەی ئەوانە بە جۆرێکە کورد دەیەوێت سنورەکانی خۆی لەسەر حسابی تورکمان فراوانبکات و ئەو شارەی کە گەورەترین گردبوونەوەی سیاسی تورکمانەکانی تیا پێکهێنرا، کراوە بە پایتەختی هەرێمی کوردستان، کە هەولێرە، بەتایبەتی پاش ئەوەی حکومەتی دیفاکتۆی هەرێم بوبە خاوەنی بناغەیەکی یاسایی باوەڕپێکراو.[١] لیام ئەندرسن تەنانەت یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی بەرەی تورکمانی بۆ مەسەلەی کەرکوك دەگێڕێتەوە و لەوبارەوە دەڵێت "لەبەرئەوە و بەمەبەستی روبەڕوبونەوەی ئەو بارودۆخە لە ١٩٩٥/٤/٢٤ بەرەیەکی سیاسیی تورکمانی دروستکرا بەناوی بەرەی تورکمانی کە لە شەش پارت و رێکخراو پێکدەهات."[٢] لەوەش زیاتر، تێڕوانینی تر هەیە کە ئەم بەرەیە لەلایەن تورکیاوە ئاراستە دەکرێن بە شێوەیەك کە هەوڵێك بن بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکگرتوویی و مل نەدان بۆ لکاندنی کەرکوك بە هەرێمی کوردستانەوە،[٣] کە داوای بنەرەتیی هەرێمی کوردستانە. لەوەش زیاتر، بەکارهێنانیان وەك کارتێکی فشار لەلایەن تورکیاوە دژ بە هەرێمی کوردستان و تەنانەت عیراقیش.[٤] سەرەڕای هەموو ئەمانە هەڵوێستی بەرەی تورکمانی دیارە کە نایەوێت کەرکوك وەك شارێکی سەر بە باشوری کوردستان تەماشا بکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، پارتەکانی ناو بەرەی تورکمانی تەنانەت بەر لە دروستبوونی بەرەی تورکمانی پێیان وابووە کە کەرکوك بەشێکی دانەبڕاوی خاکی تورکمانە. پارتی نیشتمانی تورکمانی لە هەڵوێستی سەبارەت بەو بابەتە لە ساڵی ١٩٩٤ بەر لە دروستبوونی بەرەی تورکمانی ئەوەی راگەیاندوە کە کەرکوك تورکمانیە. پارتی نیشتمانی لە یەکێك لە راپۆرتەکانیدا دەربارەی بارودۆخی تورکمان دەڵێت:

---

[١] لیام ئاندرسن، س.پ، لا١١١-١١٣.

[٢] هـ.س، لا١١١-١١٣.

[٣] مراد خۆشەڤی حەسۆ، گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق ١٩٩٠-٢٠٠٥، هەولێر، چ١، ٢٠٠٨، ل٢٠٧-٢١٢.

[٤] بیل پارك، سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە باکوری عێراق، و.بەرزانی مەلا تەها، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٨٤-٩٠.

"کەرکوک دڵی تورکمان و ڕەمزی بوونی نەتەوەیی تورکمانە."[1] لەوەش زیاتر، کۆمەڵێك ناوچەی تری باشوری کوردستان وەك خاکی تورکمان دەناسێنێت وەك هەولێر، تەلەعفەر، خانەقی، کفری، داقوق، لەگەڵ مەندەلی.[2]

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نوسین و تێڕوانینی ژمارەیەك لە نوسەرە تورکمانیەکان ئەوە دەردەکەوێت کە بەشێکی بەرچاوی باشوری کوردستان بە خاکی تورکمان دەزانن. فازیل بەیات لە نوسینێکیدا دەربارەی ئاڵتون کۆپری تێڕوانینێکی سەرنجراکێش لەوبارەوە دەخاتە روو. بە خوێندنەوەی خۆی بۆ دوو نوسراوی سەدەی هەژەی ویلایەتی بەغداد دەربارەی دانانی دەستەیەکی پاسەوانی بۆ سەر پردەکە. وای دەخاتە روو کە ئەوەی دەربارەی عەشیرەتە تورکمانیەکانی ئەوناوچەیە ووتراوە نیشانەی ئەوەیە ئاڵتون کۆپری شارێکی تورکمانیە.[3] لە راستیدا لە بەڵگەنامەکەدا دەڵێت پێویستە کاربەدەستانی ئەو ناوچەیە (ویلایەتی شارەزوور) و خاوەن زەویەکان ناچار بکرێن کە رێگە بدەن ئەو خەڵکانە (مەبەستی پاسەوان و بنەماڵە تورکمانیەکانی ناوچەکەیە) لەسەر زەویەکان کشتوکاڵ بکەن، لەبەرئەوە بارودۆخیان زۆر خراپە.[4] کە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە ئەو کەسانەی دانراون خاوەن زەوی نەبوون، واتە لە بنەرەتەوە سەر بەو ناوچەیە نەبوون، یان تەنها لە ناو ئاوەدانیەکەدا ژیاون و کەمینەیەك بوون.

جگە لەوەش، نوسەرێکی تر پێی وایە کە نەتەوەکانی وەك کورد و عەرەب مێژوویەکی نزیکیان لەناوچەکە هەیە. دەڵێت کۆنترین گەل لەناوچەکە ژیابن بریتیە لە ئارابخانیەکان، کە بە تورکمان لە قەڵەمیاندەدا. مێژووی نیشتەجێبوونی تورکمان دەگێڕێتەوە بۆ ٣٧٠٠ ساڵ بەر لە زایین و بە یەکەمین نەتەوەی نیشتەجێی

---

[1] تقرير الحزب الوطني التركماني العراقي عن انتهاكات النظام العراقي لحقوق التركمان في العراق، سبتمبر ١٩٩٤، ص٢.

[2] ن.م، ص٣-٦.

[3] فاضل بيات، تأسيس مدينة التون كوبرى على ايدي العشائر التركمانية، الاخاء، بغداد، ع ٢٤٨. ٣٤٩. ٣٥٠، ٢٠١٨، ص ٩-١١.

[4] بۆ دەقی بەڵگەنامەکە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٢٠): الاخاء، ع ٣٤٨. ٣٤٩. ٣٥٠، بغداد، ٢٠١٨، ص١٣.

ناوچەکەیان دەزانێت.[١] ئەمەش بێ گەڕانەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی لەوسەردەمەدا.

نوسەرێکی تر جگە لەوەی کە کەرکوك بە تورکمانی ناودەبات، زیاتر لەوەش، دەڵێت کەوا پاش ڕێکەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ هەردوو لایەنی عێراقی و کوردی هەوڵی تەواویان داوە کە ژمارەی هاوڵاتیانیان لەناوچەکانی تورکمان زیاد بکەن، مەبەستی کەرکوکە، تەنانەت دەڵێت "کورد ڕێگەیان نەداوە تورکمانەکان بە زمانی خۆیان بئاخڤن لەناوچەکانی هەولێر و ئاڵتون کۆپری و کفری و خانەقین و قەرەتەپە و یایچی، و ڕێگەیاننەداوە خوێندنی تورکمانی لەوناوچانە بکرێتەوە."[٢] ئەم بۆچوونە جگە لەوەی کە گرفتی واقیعیی بوونی هەیە، هەروەها ناراستیش لەخۆ دەگرێت. لەبەرئەوەی لە سەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان قوتابخانەی تورکمانی لە هەولێر و کفری و تەنانەت سلێمانی و دهۆکیش کرانەوە.[٣] توێژەرێکی تر پێی وایە سەرجەم ویلایەتی موسڵ کە لە ساڵی ١٩٢٦ەوە بوو بە بەشێك لە عێراق، ناوی "تورکمن ئیلی"ە و ئەمەش دەریدەخات کە پێی وایە کەرکوك خاکی تورکمانە و پەیوەندی بە کوردەوە نیە.[٤] لەوەش زیاتر، ڕای دیکەی تورکمان هەیە کە پێیان وایە تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیست ڕێژەی تورکمان لە کەرکوك ٩٥٪ بووە و بێ ڕکابەر بە شارێکی تورکمانی لەقەڵەم دەدەن.[٥] گرفتی ئەم ژمارانە ئەوەیە کە پشتیان بەهیچ ئامارێك نەبەستووە تەنانەت ئاماری وولاتی تورکیاش. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕایەك هەیە کە تەنانەت هەولێریش بە تەواوی وەك شارێکی تورکمانی دەژمێرێت. هاشم ناهد ئەربیل، کە خۆی لەدایك بووی هەولێر بووە (١٨٨٠-١٩٦٢) بەڵام ژیانی لە تورکیا بەسەر بردووە، دەڵێت "تەلەعفەر و ئاڵتون کۆپری و کەرکوك و دووزخورماتوو لەگەڵ خانەقین سەرجەمیان شاری تورکمانین."[٦] هەندێك دوورتر

---

[١] لەوبارەوە بروانە: احمد بهجت ابراهیم، قریة ترکلان الترکمانیة مفخرة التاریخ الترکماني، اوراق ترکمانیة، ع ١٢، بغداد، ٢٠١٤، ص٧٥-٧٩.

[٢] بروانە: صبحی ساعتجی، م.س، ص ٢٢٦-٢٢٧.

[٣] سەبارەت بە خوێندنی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان لە بەشی سێیەم ئاماژەی بۆ دەکرێت.

[4] Mehmet KAYIRAN, Selami SAYGIN, IRAK TÜRKMENLERİ, Sayı 31 Aralık 2011, pp. 275-277. https://dergipark.org.tr/tr/download/article-file/55735 (11/9/2019)

[5] Referans için: Doğan, Soner, “Irak Türkmenleri”, Araştırma 68, İNSAMER, (Haziran 2018), pp. 2-3

[٦] بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەوە بڕوانە: عزالدین کرکوك، هاشم ناهد اربیل و ترکمان العراق، ص ٨٥-١٤٧.

دەرۆن و پێیان وایە کە شارستانێتی سۆمەری لە عێراق لە بنەڕەتدا تورکی بووە و لە هەناوی شارستانێتی تورکی سەریهەڵداوە.[1] سەرجەم ئەو بۆچوونانە تەنها رای نوسەرەکانیانە و پشتیان بە داتای یەکلاکەرەوە و تەنانەت خەملاندنی بێلایەنانەش بۆ پشتراستکردنەوەی زانیاریەکانیان نەبەستوە.

وەك دەردەکەوێت ئینتیمای شاری کەرکوك لە بیرکردنەوەی بەشێکی تورکمانی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی لەناو وولاتی تورکیا ژیاون یان کاریگەر بوون بە دنیابینی تورکی، رایان وایە کە کەرکوك بەشێکە لە "خاك و نەتەوەی تورکمان" و سەر بە باشوری کوردستان نیە. ئەمە بە پێچەوانەی ژماریەك لە تورکمانی ناو باشوری کوردستانە، بەتایبەتی ئەوانەی نیشتەجێی هەولێرن لەگەڵ بەشێك لە تورکمانی ناو کەرکوك کە نزیکن لە کوردەوە پێیان وایە کەرکوك خاکی کوردستانەو بەشێکە لە باشوری کوردستان. بەلاٌم ئەو لایەنەی کە لە هەموویان پێداگیرترە لە تورکمانی بوونی کەرکوك و تەنانەت دان بە قەوارەی هەرێمی کوردستاندا نانێت بریتیە لە بەرەی تورکمانی.

جگە لە بابەتی کەرکوك و داننەنان بە قەوارەی هەرێمی کوردستاندا، بەرەی تورکمانی دژی بەکارهێنانی زمانی کوردی بوو لە قوتابخانە تورکمانیەکانی شاری هەولێر کە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە کرابونەوە. پاش ئەوەی کە قوتابخانە تورکمانیەکان لە هەرێمی کوردستان دەکرێنەوە و لەلایەن بەرەی تورکمانیەوە سەرپەرشتی دەکرێن، یەکخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن دەبێت بە یەکێك لە گرفتەکانی بەردەم ئەو پرۆسەیە. تورکمان پێیان باش نەبوو کە زمانی کوردی لە قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت[2]. لە کاتێکدا لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە خوێندنی زمانی کوردی لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندن بە مەرج گیرابوو.

ئەو بابەتە هەمیشە لەکارو باری سیاسی و پەیوەندیەکانی نێوان پارتە دەستەلاٌتدارەکانی هەرێم و بەرەی تورکمانی فۆرمێکی سیاسیانەی وەرگرتووە، هەرچەندە لە ناوەرۆکدا بابەتێکی کۆمەلاٌیەتی پەروەردەیی بووە. بەرە پێی وابووە کە "ئەوەی پەیوەندی بە خوێندنی زمانی کوردیەوە هەیە لە ناوەندەکانی خوێندنی تورکمانیدا، ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی بەڕێوەدەچێت، بەلاٌم لێکۆڵینەوەی

[1] عباس احمد، اربيل و هويتها التركمانية، استنبول، ط١، ٢٠١٠، ص ١٩-٢٥.

[2] تروکمن ايلي، ع٧٧، (١٩٩٨/٦/٣)، ص١.

پەروەردەیی و دەروونیەکان جەختیان لەسەرئەوە کردوەتەوە کە منداڵ پێویستە لە قۆناغی یەکەم و دووەم و سێیەمی سەرەتاییدا بەزمانی دایکی (تورکی) بخوێنێت باشترە... سەرەرای ئەوەش خوێندن بەزمانی تورکی نابێتە رێگر و بەربەست لەبەردەم خوێندن بە زمانی کوردیدا... لەبەرئەوەی کە لە قۆناغەکانی تردا بێ کێشە زمانی کوردی دەخوێندرێت."[1] ئەو دەقە دەریدەخات کەوا حکومەتی هەرێم پێی باشبووە کە قوتابخانە تورکمانەکانیش وەك سەرجەم قوتابخانەکانی ناوچەکە لە قۆناغی یەکی سەرەتاییەوە زمانی کوردی بخوێنن. هەروەها دەرخەری ئەوەشە کە زمانی تورکی بێ کێشە لە قوتابانەکاندا خوێندراوە و هیچ رێگریەکی نەبووە. ئەم هەڵوێستەی هەرێم تا ئەوکاتە ئەرێنی ترین هەڵوێست بووە بەرامبەر تورکمانەکان لەسەرجەم بارودۆخە سیاسیەکانی تر.

پارتە تورکمانیە جیاوازەکان، بۆچوونی تاراددەیەك جیاوازیان هەبووە لە بابەت زمانی کوردی. پارتی نیشمانی تورکمان هەمیشە دژی بەکارهێنانی زمانی کوردی بووە، لە ئەدەبیاتی حیزب یان تەنانەت لە خوێندنگا تورکمانیەکانیشدا دژی بەکارهێنانی زمانی کوردی بوون. لە کاتێکدا بەشێکی بەرچاوی ئەدەبیاتی پارتی نیشتمانی تورکمانی بە عەرەبی نووسراوە. هەمیشە لە راگەیاندن و هەڵوێستیاندا کاتێك باسی کردنەوەی قوتابخانەکانی تورکمانی کراوە، هەوڵەکەیان گێڕاوەتەوە بۆ سەردەمی بریاری پێدانی مافی کولتوری حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٠. هەرچەندە ئەو سەردەمە تەنها یەك قوتابخانەی تورکمانیش لە هەولێر نەکراوەتەوە. کردنەوەی قوتابخانەکانی تورکمانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ساڵی ١٩٩٣. لەو بارەیەوە پارتی نیشتمانی تورکمانی رایدەگەیەنێت کە "وەزارەتی پەروەردە چی دەڵێت بەرامبەر ئەوانەی کە سەرپەرشتیارانی خوێندنی تورکمانی لە قوتابخانەکان دەگوازنەوە تەنها لەبەرئەوەی دژایەتی خوێندنی کوردیان کردووە لە پۆلە سەرەتاکانی قوتابخانەکانماندا."[2] مەبەستیان لەوەیە کە وەزارەتی پەروەردە دژایەتی هەر مامۆستا و سەرپەرشتیارێك دەکات ئەگەر دژی خوێندنی کوردی بێت.

---

[1] تورکمن ایلي، ع٧٧، م.س، ص١.

[2] بیان لحزب الوطنی الترکمانی/ لجنة اربیل، تورکمن ایلي، ع٦١، (١٩٩٨/٢/١١)، ص٢.

جگە لە خودی زمانی کوردی، گرفت لە شێوازی خوێندنی زمانی تورکمانیشدا هەبووە. وەزارەتی پەروەردە کە لە ساڵی ١٩٩٣ و بە نوسراوی ژمارە ٤٧٤٩ لە بەرواری ١٩٩٣/٩/٢٩دا باس لە خوێندنی تورکمانی دەکات، تیایا هاتووە کە نوسینی تورکمانی بە پیتی "عەرەبی" دەبێت، بەڵام قوتابخانە تورکمانیەکان ئەم ڕێنماییەیان وەك خۆی جێبەجێنەکردووە و بەشی زۆرییان بە ڕێنوسی لاتینی زمانی تورکمانیان خوێندووە. پارتی نیشتمانی تورکمانی ئەم جۆرە خوێندنەیان وەك بەشێك لە پێکهاتی نەتەوەیی تورکی لە قەڵەمداوە و بە ئاشکرا ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە بەکارهێنانی پیتی لاتینی لە نووسینی تورکمانیدا بابەتێکی نەتەوەییە و پەیوەستە بە جیهانی تورکی. هەروەك دەڵێن، پارتی نیشتمانی تورکمانی، کە " زیاتر لە ٢٠٠ ملیۆن هاوڵاتی تورکی بەو جۆرە لە پیتی لاتینی دەخوێنێت ناکرێت ئێمە جاوازبین لە پارچەکانی تری جیهانی تورکی.[١]

لە بەرامبەردا، تورکمانەکان لە هەرێمی کوردستان پارتی سیاسیی ئاشکرایان هەیە[٢] و کاری سیاسی بە ئاشکرا ئەنجام دەدەن و خودی بەرەی تورکمانی لەهەولێر یەکەمین کۆنگرەی خۆی بە ئاشکرا ڕێکخست.لەوەش زیاتر، تورکمانەکان لە ناو هەرێمی کوردستاندا بێ سانسۆر خاوەن رادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆیانن.[٣] ئەم رەوشەی کوردستان تارادەیەك هەڵویستی خەڵکانی ئاسایی تورکمانی لەناو سنوری فەرمی هەرێم گۆڕیوە بەشێوەیەك کە هاوهەڵوێست بن لەگەڵ نەتەوەی کورددا. لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەك لە پارتە تورکمانیەکانی کوردستان هەڵوێستی ئەرێنی هەیە دەربارەی هەرێمی کوردستان و ئەزموونی باشوری کوردستان. پارتی برایەتی تورکمانی لە هەولێر نەك هەر پشتگیری هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵکو دژایەتیی روونی هەڵوێستی بەرەی تورکمانی دەکەن. وەلید شەریکە دەڵێت "بەرەی تورکمانی خۆی دان نانێت بە مافەکانی کورددا، نابێت پرۆتۆکۆڵیان لەگەڵ ئیمزا بکرێت".[٤] لەوەش زیاتر، پارتی برایەتی تورکمانی باوەڕی بە فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵیدا هەیە. ئەو داواکارییە هەمان داواکاری پارتە کوردیەکانیشە. تەنانەت هەڵوێستیان

---

[١] تورکمن ایلي، ع٦١، م.س، ص٢.

[٢] بڕوانە: مراد خۆشەڤی حەسۆ، س.پ، ل٢٠١-٢٠٥.

[٣] ه.س، ل٢٠٤.

[٤] گفتوگۆ لەگەڵ وەلید شەریکە، رۆژنامەی هاوڵاتی، ژ.٦٦، ٢٠٠٢، ل٢.

بەرامبەر بەرەی تورکمانیش ئەوەیە کە بەرە ناتوانێت نوێنەرایەتی گەلی تورکمان بکات، بە حوکمی ئەوەی کە لەدەرەوەی بەرە "حەوت پارتی تورکمانی" هەیە.[1] لێرەوە دەردەکەوێت کە پارتە سیاسیە تورکمانەکانی ناو هەرێمی کوردستان ناکۆکیی قووڵ لە نێوانیاندا هەیە. ئەو رۆژەی کە بەرەی تورکمانی لە ساڵی ٢٠٠٠ هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کۆنگرەی دووەمی خۆی، پێنج پارتی سیاسی تورکمانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی دەبەستن، تیایا دژایەتی خۆیان بۆ بەرەی تورکمانی رادەگەیەنن.[2] پارتەکان بریتین لە پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان، پارتی رزگاریی نەتەوەیی تورکمان، کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان لە کوردستانی عێراق، پارتی یەکێتی تورکمانی عێراق، لەگەڵ پارتی برایەتی تورکمانی عێراق. سەرجەمی ئەو پارتانە هاوهەڵوێستی خۆیان راگەیاندبوو بۆ هەرێمی کوردستان. جەختیان دەکردەوە لە ئازادی کارکردن و رادەربڕینیان لە هەرێمی کوردستان. لەوەش زیاتر، یەکێك لە سەرکردەکانی بەرەی تورکمانی "دەستلەکارکێشاوە" رایگەیاند بوو کە "کۆمەڵێك کەس لەناو بەرەی تورکمانی هەوڵی ئەوەیانداوە گرفت لە نێوان کورد و تورکمان دروستبکەن" لەبەرئەوە دەستیان لە سەرۆکایەتی بەرە کێشاوەتەوە.[3]

سەرەرای هەڵوێستی ئەو پارتە سیاسیە تورکمانیانەی لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، پارتە سەرەکیەکانی ناو بەرەی تورکمانی سەرەرای ئەوەی کە دانیان نەدەنا بە قەوارەی هەرێمی کوردستان، بەڵام نەیان توانیوە ئەوە بشارنەوە کە بارودۆخی سیاسییان زۆر باشە و رێگری سیاسییان لەلایەن دەستەڵاتدارانی هەرێمەوە لێناکرێت. ریاز ساری کەهیە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە ساڵی ١٩٩٨ لە هەولێر بە ئاشکرایی دەڵێت: "لە راستیدا ئێمە ئەمرۆ لەگەڵ برا کوردەکانمان بە ئاشتی و سەقامگیری دەژین و هیچ گرفتێکی سیاسیمان نیە."[4]

سەرەرای ئەوەی بەرەی تورکمانی و بەشێك لە پارتە سیاسیە تورکمانەکان رای دژیان دەربارەی فیدراڵی و قەوارەی هەرێمی کوردستان هەبوو، بەڵام ژمارەیەکی تر

---

[1] گفتوگۆ لەگەڵ وەلید شرکە، س.پ، ل٢.

[2] رۆژنامەی برایەتی، ژ.٣٢٤١، (چوار شەممە، ٢٠٠٠/١١/٢٢)، ل.٢.

[3] ه.س، ل٢.

[4] نص اللقاء الصحفي الذي عقده السيد رياض صاري كهيه رئيس حزب توركمن ايلي لمندوبي وكالات الانباء المحلية، توركمن الي، ع٧، (١٩٩٨/٥/٢٠)، ص٢.

له پارت و کەسایەتیە تورکمانیەکان تێڕوانینی پێچەوانەیان هەبووە. هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان چ لە سەرەتای دروستبوونی و چ لە سەردەمی دوو ئیدارییدا گرنگی بە پێکهاتەی تورکمان داوە. بەتایبەتی ئەو بەشەی تورکمان کە باوەری بە قەوارەی یاسایی هەرێمی کوردستان هەبووە و نزیك بوون لە پارتی و یەکێتیەوە. یەکەمین گرنگی پێدانی یاسایی بە تورکمان لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمەوە دەستپێدەکات. یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان، یاسای وەزارەتی پەروەردە لە مادەی ٤ و لە خاڵی ٤دا هاتوە کە "کردنی زمانی کەمایەتیەکان بە زمانی فێرکردن لە پلەی سەرەتاییدا بۆ کوڕ و کاڵانیان لەو ناوچانەدا کە تیایاندا نیشتەجێن."[١] لەدەرەنجامی ئەم یاسایەدا ژمارەیەك قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان بە زمانی تورکمانی کرانەوە، بەتایبەتی لە شاری هەولێر. بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی تایبەت بە خوێندنی تورکمانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان کرایەوە کە بەڕێوەبەرێکی گشتی بە پلەی راوێژکار بەڕێوەی دەبات.[٢]

وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بە تورکمان کردەوە، کە گرنگی چالاکی رۆشنبیری تورکمان لە هەرێمی کوردستان دەدا. بەڕێوەبەرایەتیەکە بەناوی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری تورکمان سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان. بنەمای کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکە پشت دەبەستێت بە یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستانی عێراق. یاساکە لە مادەی ٤ تایبەت بە دام و دەزگا و بەڕێوەبەرێتیەکانی سەر بە وەزارەت، خاڵی ٤ و لە برگەی (ح)دا دەڵێت: "بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری تورکمان" سەر بە بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری و هونەر دەبێت.[٣] بەلاَم لە هەمان یاسا کە لە ماڵپەری وەزارەت نووسراوە لە مادەی سێ تایبەت بە پێکهاتەی وەزارەت لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکاندا خاڵی ٦ بە ناوی "بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری تورکمان" هاتووە.[٤] بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری تورکمان لە هەولێر کرایەوە

---

[1] http://www.kurdistan parliament.org/files/articles/010315080148.pdf. (9/2/2019)

[٢] مەجید ئاسنگەر، تورکمان بەشێکی دانەبڕاوی گەلی کوردستانن، گۆڤاری بارش، ژ٣، ٢٠٠١، ل٦٤.

[3] http://www.kurdistan parliament.org/files/articles/100315100144.pdf.(9/2/2019)

[4] http://mocy.gov.krd/index.php/2017-11-15-21-11-27/2017-11-15-21-13-59.(9/2/2019)

و سەرپەرشتی بەشێك لە چالاكیەكانی توركمان دەكات لە هەرێمی كوردستان. هەروەها لە ساڵی ١٩٩٨ كۆمەڵەی رۆشنبیری توركمان دامەزرا. ئەم كۆمەڵەیە كاری كلتوری و رۆشنبیری توركمانی ئەنجامدەدا. بنكەی سەرەكیان لە هەولێرە و بەدیایكراوی لە ١٩٩٨/١٢/٣ كراوەتەوە. یەكێك لە كارەكانی بریتیبوو لە دەركردنی گۆڤارێكی مانگانەی سیاسی بەناوی "دوغرو".[١]

حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەر بنەمای یاسای ژمارە ٣ی هەمواری یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ساڵی ١٩٩٢، لە مادەی دووەم بڕگەی (ب)دا هاتووە كە "دەكرێ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق چەند وەزیرێكی هەرێمی تێدا بێت"،[٢] "، وەزیرێكی هەرێم بۆ توركمانەكان دادەنێت. یەكەمین وەزیری توركمان وەك نوێنەری نەتەوەی توركمان و لە پشكی نەتەوەی توركمان دانرابێت لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا لە هەرێمی كوردستان دانراوە لەسەر بنەمایەكی یاسایی. یەكەم كەسیش وەزیریەكەی وەرگرت بریتیبوو لە جەودەت جەرجیس نەجار.[٣]

وەك دەردەكەوێت لە رەوتی رووداوەكان و هەڵوێستی فەرمی پارتە توركمانیەكانەوە، جۆرێك لە ونبوونی ناسنامە لای توركمان هەستی پێدەكرێت. پاش رووخانی پاشایەتی لە عێراق و هەتاوەكو رووخانی دەستەلاَتدارێتی حیزبی بەعس، بەشێوەیەكی گشتی عێراق بوو بە دەوڵەتێكی عەرەبی تاكرەوی تۆتالیتێر، لەبەرئەوە نەتەوەكانی تری ناو وولاَت بەزۆر رێگا هەوڵیان دەدا كە ناسنامەی خۆیان بدۆزنەوە، پاش ئەوەی عێراق ناسنامەی سڕینەوە. كورد بە شۆڕشی چەكداری دەستی پێكرد و هەمیشە شۆڕشەكەی هۆكارێكی گرنگ بوو بۆ دانوستاندنەكانی و داواكاریە نەتەوەییەكانی، توركمان هەتاوەكو ئازاری ساڵی ١٩٩١ ئەو جۆرە لە رووبەڕووبونەوەیان نەبوو. پاش راپەرین توركمان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی هەوڵی دروستكردنی ناسنامەی نەتەوەیی دەدەن.

---

[١] تریفة عیسی، لمحة عن عطاءات جمعیة الثقافة الترکمانیة في اربیل، بارش، ع ٢٧، اربیل، ٢٠٠٦، ص ٤٨-٥٠.

[2]http://www.kurdistan parliament.org/files/articles/150315111202.pdf.(9/2/2019)

[٣] مەجید ئاسنگەر، س.پ، ل٦٤.

دۆزینەوە و دروستکردنی ناسنامە لە وولاّتێکی وەك عێراق تاراددەیەکی زۆر سەختبووە بۆ تورکمان بەتایبەتی بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی ناوچەکەیان کە دەکەونە نوێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد. جیاوازی زمان و نزیکایەتییان لە تورکیا بەهۆی رای سیاسی هاوبەشیان لەگەڵ تورکیا و هەروەها هاوبەشی زمانیان لەگەڵ تورکیا، هۆکار بووە بۆ ناروونی لە ناسنامەی نەتەوەیی تورکمان لە کوردستان و عێراقیش. سروشتی هەڵوێستیان لەبارەی رووداوەکانی پەیوەست بە پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت کە تورکمان دەیانەویست شوناسی تایبەت بە خۆیان هەبێت. هەندێك کات بە نارازی بوون لە داواکاریی کورد بۆ فیدراڵی و سنوری هەرێمی کوردستان تورکمان هەوڵیداوە ناسنامەی خۆی بخاتەروو. هەروەك ئەو هەنگاوە لە بەشداریکردنیان لە کۆنگرەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق دەردەکەوێت.

## باسی یەکەم/ کۆمەڵگای تورکمان لە باشوری کوردستان

### تەوەری یەکەم/ باری دیمۆگرافی تورکمان لە باشوری کوردستان

مێژووی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە لقە گرنگەکانی مێژوونوسی نوێ، پاش شەستەکانی سەدەی بیست گرنگیەگی تەواو درا بە تێڕوانینی کۆمەڵایەتیانە بۆ لێکۆڵینەوە مێژووییەکان. ئەو لێکۆڵینەوانە لە بەشێکی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنەکانیاندا سەرژمێریەکان بەکار دەهێنن بۆ باس کردنی مێژووی خەڵك، زۆرینەی گرنگی پێنەدراو، ئەو هاولاتیانەی کە بەتایبەتی لە چینەکانی خوارەوە کۆمەڵگان و لەڕووی سەربازی و سیاسیەوە دەرنەکەوتوون.[1] سەرژمێریەکان بابەتەکانی مردن و لەدایك بوون و کاروباری خوێندن و پەروەردەو بەراوردکردنیان بە پێی ناوچەو شوێنی نیشتەجێبوون و چەندانی تر لە زانیاری دەخەنە بەردەست.

یەکێك لە سەرەکیترین مەسەلە کە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا بۆ تورکمان هاتە کایەوە، کێشەی ناسنامەی کۆمەلایەتییان بوو. پاش ئەوەی دەسەلاتی حیزبی بەعس بە روونی پرۆسەی لە ناوبردنی نەتەوەکانی غەیرە عەرەبی لە باشووری کوردستان بەتایبەتی ناوچەکانی سنوریی دەستپێکرد، بابەتی مانەوەی تورکمان وەك نەتەوەیەکی جیاواز لەناو کوردستاندا هاتە بەرباس. تورکمانەکان هەرچەندە لەسەرەتای هاتنی حیزبی بەعسەوە بریارنامەیەك بۆ پێدانی مافە کولتوریەکانیان دەرچوو، بەلام هاوئاهەنگ لەگەڵ کورد پێکەوە هەوڵی لەناوبردنی ناسنامەی کۆمەلایەتیان درا. تورکمان بە سود وەرگرتن لە دژایەتی نەکردنی رژێم هەوڵیاندا کەوا پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان لە ناوچەکانیاندا بکەن. ئەو تایبەتمەندیانەی کە وایکرد تورکمان وەك نەتەوەیەك لە باشوری کوردستان بهێڵێتەوە بریتیبوون لە ئەو مێژووەی کە تورکمان پێیان وایە لە ناوچەکە هەیانە. دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی عەرەبی مامەڵەی دەکرد، تورکمان کە عەرەب نەبوون پێویستبوو ناسنامەی خۆیان دیاربخەن بۆ ئەوەی بمێننەوە، گەرانەوە بۆ مێژووی دووری خۆیان بەشێکی ناسنامەی ئەو میللەتە بوو. خاڵێکی تر، نەریت و کلتوری تایبەتی خۆیان وەك شیعر، بەتایبەتی قۆریات وەك رووخسار و ناسێنەرەوەی تورکمان تەماشادەکرێت. لەوەش زیاتر، رۆژنامە و گۆڤارەکانیان وەك ناوەندێك تیایدا

[1] P. N. Stearns, *Social History Present and Future*, Journal of Social History, Vol. 37, No. 1, (Autumn, 2003), pp. 9-11.

گوزارشتیان لە بوونی کۆمەڵایەتیان دەکرد. پاشان، پەروەدە و خوێندنی تورکمانی یەکێك لە گرنگترین پێکهێنەرەکانی ئەم کەمینەیەیە.

ئەو جوگرافیایەی ئەوانی تیا نیشتەجێبوە ناوچەیەکی سنوری بووە لەنێوان کورد و عەرەب و هەروەها تێکەڵییان لەگەڵ عەرەبەکان هەبووە بە هەردوو ئاینزای شیعە و سونەوە، لەبەرئەوە لەرووی ئایینیەوە بەسەر ئەو دوو ئاینزایەدا دابەشبوون. ئەو تورکمانانەی کە لە ناوچەکانی کەرکوك، هەولێر، ئاڵتون کۆپری، لەگەڵ کفری نیشتەجێن سونی مەزهەبن. بەپێچەوانەوە، تورکمانەکانی ناوچەکانی تسعین، بەشیر، خورماتوو، داقووق، لەگەڵ قەرەتەپە شیعە مەزهەبن.[1] هەروەها، بەهەمان شێوە، تورکمانەکانی شاری توزخورماتوو شیعە مەزهەبن.[2] ئەدمۆندز دەڵێت: زۆربەی ناوچەی داقوق تورکمانن و لە تورکمانی قزڵباشن.[3] بۆ نمونە گوندی ئیمام زەینە لعابدین تورکمانی شیعەی لێ نیشتەجێیە.[4] سەرەڕای ئەوە، بەشێك لە دانیشتوانی تورکمانی شاری کەرکوك شیعە مەزهەبن. بەگشتی جیا لە نەتەوەی کورد کە زۆرینەی سونی مەزهەبە، تورکمانەکان تاراددەیەك، کە نزیکەی نیوەی کۆی دانیشتوانی تورکمان دەبێت، شیعە مەزهەبن.[5]

دەربارەی بڵاوبوونەوەی ئاینزای شیعە لە ناو تورکمان رایەکی یەکلاکەرەوە نیە، بەڵام ئەگونجێت سەرەتای دەرکەوتنی شیعە لە ناو تورکماندا بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قەرەقۆینلۆ لەبەرئەوەی ئەو هۆزە تورکمانی شیعە مەزهەب بوون.[6] ئەمانە هەوڵیاندا کە ئاینزای شیعە بڵاوبکەنەوە لەوناوچانەی دەسەلأتیان تیایدا هەبوو، کە

---

[1] موکەڕەم تاڵەبانی، س.، پ، ل ١٣-١٤.

[2] M. S. Kerkuklu, *"the Turkmen City of Tuz Khormatu"*, (Dublin, 2008), p. 18.

[3] س. ج. ادموندز، م.س، ص ٣٧٠-٣٩٠.

[4] شيرزاد شيخ محمد، قرية امام زين العابدين في داقوق، توركمن ايلي، ع٤٦٧، (٢٠٠٢/٦/٥)، ص٣.

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نەجات حوسێن حەسەن عەلی، لە دایکبوی کەرکوك لە ساڵی ١٩٦١. لە تورکمانی شیعەی کەرکوکە و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ساڵی ٢٠٠٥، (٢٠١٩/٨/٢٦)، کەرکوك.

[6] امید جوزةلی، م.س، ص ١٥٣.

ناوچەکانی نیشتەجێی تورکمان دەکەوێتە ناو ئەو سنورەی قەرەقۆینلۆ دەسەڵاتیان بەسەردا هەبووە.[1]

تورکمانەکان سەرەرای ئەوەی ئاینزای جیاوازیان هەیە، هەرچەندە یەکێکن لەو نەتەوانەی ناوچەکە کە کەمترین هۆز و عەشیرەتیان هەیە، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەی هۆزایەتیەوە چەند هۆزێك لە ناوچەکە بە تورکمان دەژمێردرێن. یەکێك لەو هۆزانە بریتیە لە بەیات. ئەم هۆزە بەهۆی هەڵکەوتەی ناوچەی عەشیرەتەکەوە، پێکهاتەیەکی تێکەڵی هەیە. تورکمانەکان ئەم عەشیرەتە بە تورکمان ناوزەد دەکەن، کورد دەڵێن کە عەشیرەتەکە کوردە، و عەرەبیش بە عەرەبیان دەزانن. ئەم دۆسیەیە یەکێکە لەو گرفتانەی کە لەکاتی لێکۆڵینەوە لە عەشیرەت و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری ڕووبەروو دەبێتەوە. بەشێك لە بەیات لە ناوچەکانی خۆراسانەوە کۆچیانکردوە، بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی سەلجوقیەکان بۆ عێراق.[2] بنەماڵە تورکمانیەکانی ئەم هۆزە بوستاملی، قەرەناز، بیر اوجلی، سیادلی، قەلایلی، لەگەڵ عەلی موسالی دەگرێتەوە.[3] شاکر زابت بە تەواوی بە تورکمان ناوزەدیان دەکات. ناوبراو پێی وایە کە شوێنی بنەرەتییان بۆ تورکستان دەگەڕێتەوە و هاتنیان بۆ سەردەمی سەلجوقیەکان دەگێڕێتەوە.[4] سەرەڕای ئەوە، ریچ وای بۆدەچێت کە بەشێك لە بەیات تورکمانن. هەروەك لە گەشتەکەیدا بەم جۆرە ناوی هێناون: "بەیاتە تورکمانەکان".[5] بەڵام مونشی بەغدادی لە گەشتەکەیدا کاتێك باسی دوزخورماتوو دەکات، دەڵێت: "عەشیرەتی بەیات لە دوزخورماتوو نیشتەجێن، و بە زمانەکانی

---

[1] نادية الصالحي، مناطق التركمان الشيعة في كركوك، موسوعة كركوك قلب العراق، م.س، ص١٧٢-١٧٣.

[2] صبحی ساعتجی، القبائل و العشائر ...، م.س، ص ١٥-١٧.

[3] ن.م، ص ١٧.

[4] شاكر صابر الضابط، بحث تأريخي حول عشيرة البيات، ت. نجات كوثر اوغلو، ط٤، وقف كركوك، كركوك، ٢٠١٥، ص ٤٩-٦٠.

[5] کلودیوس جێمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و. محەمەد حەمە باقی، چ٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٤٨-٤٩.

تورکی و کوردی و عەرەبی قسە دەکەن."[1] کەواتە بەشێك لە بەیات تورکمانن نەك هەموو عەشیرەتەکە.

یەکێکی تر لەو هۆزانەی کەوا بە تورکمان ناوزەد دەکرێن هۆزی قەرەئولۆسن. نوسەرە تورکمانەکان بە تورکمانیان لە قەڵەم دەدەن. خودی ناوی هۆزەکە زیاتر لە تورکمانیەوە نزیکە، نەك خەڵکەکەی. نوسەرێك پێی وایە کە ئەم هۆزە لە بەربلاَو ترین هۆزە تورکمانیەکانی ناوچەکەن[2]، بەلاَم عەباس عەزاوی رایەکی تری هەیە کە دەڵێت: "ئەم هۆزە تورکمانی سەردەمی مەغۆلی بوون، بەلاَم بەهۆی تێکەڵبیيان لەگەڵ کورد، ئێستا بە کورد دەژمێردرێن، بەجۆرێك هیچ دەربارەی زمانەکەیان نازانن."[3]

ئەو چەند نمونەیەی سەرەوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە خەڵکی ئەو ناوچانە کورد بوون بۆیە بە کوردی دواون، لەبەرئەوەی کورد دەسەلاَتداری گەورەو بەرفراوانیان نەبووە، ئەگەر زمانی ناوچەیەك کوردی بوبێت، بە دڵنیاییەوە خەڵکەکەی کورد بوون. بەلاَم ئەمە بۆ زمانەکانی عەرەبی و تورکمانی ناگونجێت، لەبەرئەوەی ئەو دوو زمانە، زمانی ئاخاوتنی فەرمانڕەواو ئیمپراتۆرەکانی ناوچەکە بوون. لۆنگریك دەڵێت خەڵکی عێراق لە موسلەوە تا کارون بە عەرەبی قسەیان کردووە. بەلاَم هەر ناوبراو نایشارێتەوە کە وولاَتەکە یەك رەگەز نەبووە. بۆ نمونە نوسیویەتی کە لە بەغداد و موسل بنەماڵەی کوردی لێبووە.[4] لەبەرئەوە، ئەگەر خەڵکێك لە نەتەوەی فەرمانڕەوا نەبووبن، بەهەمان زمان قسەیان کردووە، چونکە زمانی زاڵی ناوچەکە بوە. بۆ نمونە کە مونشی بەغدادی باسی هەولێر دەکات دەڵێت "خەڵکەکە بە زمانی تورکی و کوردی قسەیان کردووە."[5] لەوەش زیاتر، ریچ نوسیویەتی کە دانیشتوانی ناو هەولێر کورد و تورکن. ئەوەی کە رەگەزی تورك لە هەولێر لای ریچ بەرچاو بوون و بینیونی، بەهۆی پێگەی ریچ و هەروەها دەسەلاَتدارێتی ئەوکاتەی ناوچەکەوە بووە کە بەدەستی تورکەوە بوە، هەروەك خۆی دەڵێت ژمارەیەك چەکداری تورك بۆ

---

[1] محمد ابن السيد احمد الحسيني المنشيء البغدادي، رحلة المنشيء البغدادي، ت. عباس العزاوي، شريكة التجارة و الطباعة المحدودة، بغداد، ١٩٤٨، ص٥٤.

[2] M. S. Kerkuklu, Ibid, p. 29.

[3] عباس العزاوي، موسوعة عشائر العراق، ج٤، ط١، دار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٥، ص ٣٥٩.

[4] اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، م.س، ص١٩-٢١.

[5] المنشيء البغدادي، م.س، ص ٧٦.

پێشوازی هاتوون کاتێك گەیشتۆتە هەولێر.[1] ئەمەش هۆکار بووە کە رەگەزی تورك بەبەرچاوەوە بن و لە کورد زیاتر دەربکەون، وەك دەردەکەوێت هیچکام لەو گەڕیدانە لە نەتەوەی کورد نەبوون، هەتاوەکو لایەنگیری کورد بکەن، باسی هیچ ناوچەیەك ناکەن کە هەمووی بە تورکی قسەیان کردووە وەك هەندێك نوسەری تورکمانی پێیان وایە.

لەوەش زیاتر، هیچ کام لە گەڕیدەکانی ئەو سەردەمە باسی ناوچەیەکیان نەکردوە بەناوی "خاکی تورکمان" یان شارێکی تورکمان، بەڵکو تەنها باسی ئەوەیان کردووە کە خەڵکی ئەو شارانە بە تورکی ئاخاوتنیان کردووە. هەروەها ئەوەیان سەلماندووە کە سەرجەم ئەو ناوچانەی کە تورکمانی لێ نیشتەجێیە، دەکەونە ناو سنوری کوردستان کە پێکهاتوون لە تەلەعفەر و ناوشاری موسل و بەرەو باشور بۆ رۆژئاوای هەولێر و پاشان ئاڵتون کۆپری و کەرکوك و حەویجە و تازە خورماتوو و لەیلان و کفری و زەنگاباد لەگەڵ قزلرەبات.[2]

وەك دەردەکەوێت هەرچەندە بوونی رەگەزی تورك وەك دەستەڵاتدار لە ناوچەکانی کوردستاندا هەبوون، بەڵام ئەوە نەگۆڕاوە بۆ نیشتەجێبوونی تورك لە هەموو ناوچەکان. تەنها ئەو بنەماڵانە ماونەتەوە کە لە ئەنجامی دەستەڵاتدارێتی میرنشینە تورکمانیەکان نیشتەجێبوون. وەك دەبینرێت تەنها ژمارەیەکی کەمی گوندی تورکمانی هەیە لە کوردستان، تەنانەت لەوناوچانەشی کە تورکمان بە خاکی تورکمانی دەزانن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پرۆسەی بە تورککردن لەو سەردەمانەدا ئەنجام نەدراون، یان ئەوەندە دەستەڵاتدار نەبوون کە بتوانن پرۆسەی بە تورککردن بەگەڕ بخەن. لەبەرئەوە ناکرێت شارێکی کوردستان لە ئێستادا بە شاری تورکمانی لەقەڵەم بدرێت، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نیە کە تورکمان خاکیان نیە، بەڵکو لە هەموو ئەوناوچانەی ئاماژەی بۆکرا بە رێژە و قەبارەی خۆیان نیشتەجێبوون.

---

[1] ریچ، س.پ، ل ٣٠٨.

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەوە بڕوانە: سعدی عوسمان هەروتی، سنوری خواروی کوردستانی باشور لە سەدەی نۆزدەهەمدا، چ١، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆك، ٢٠٠٧.

**یەکێك لەو پرسانەی هەمیشە لە زیهنیەتی کەمە نەتەوەکانی نیشتەجێی عێراقدا دروستکراوە بریتیە لەوەی کام نەتەوە لە کویٚ دەژی و کیٚ لە کویٚ زۆرینەیە. سیستمی سیاسی لە دوای حوکمی پاشایەتیەوە رۆڵی هەبووە لە زەقکردنەوەی ئەو بابەتە. لەسەردەمی پاشایەتی کەمتر بابەتە نەتەوەییەکان دەوروژێنران. هەروەك لە دەستورەکانی عێراقی ئەو سەردەمەدا هاتووە ئاماژەی عەرەب بوونی وولاٚتی عێراقی پێوە دیار نیە. بەلاٚم، پاش هاتنی کۆماری و بەتایبەتی دوای هاتنی بەعسیەکان بۆ سەرکورسی حوکم، پرسی بەعەرەب کردنی کۆمەڵگا بە جدی کاری لەسەرکرا. ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی کە نەتەوەکانی تری عێراق بەتایبەتی کورد و تورکمان بکەونە باسکردنی ئەوەی کە کیٚ لە کویٚ نیشتەجیٚ و زۆرینەیە. ئەو مەسەلەیە بۆ کورد کەمتر گرفت ئامێزبوە، بەلاٚم بۆ تورکمان زیاتر هەڵگری گرفتە. لەبەرئەوەی وەك کورد بە چڕی لە هیچ شارێکی عێراقی نەبوون. ئەمەش بوە بە دۆزێك لەلای تورکمان خۆیان. هاولاٚتیانی تورکمان لە کەرکوك زۆر بایەخ بەو بابەتە دەدەن.[١]**

**حکومەتی عێڕاقی لە ساڵەکانی ١٩٦٥ و ١٩٧٧ و ١٩٨٧ سەرژمێری ئەنجامداوە، هەرچەندە تێبینی وورد هەیە لەسەر لایەنی مۆراڵی ئەنجامدەرانی سەرژمێریەکان، بەلاٚم لەڕووی ڕێژەو پێکهاتەی نەتەوەی تورکمان تارادەیەك گرنگە و ئەگەر ژمارەی نەتەوەکەشی بە کەم لەقەڵەم دابێت، بەلاٚم گرنگی خۆیانیان هەیە. لە رووی نەتەوەییەوە ئەگەر تەماشایەکی کورتی سەرژمێریەکانی ساڵانی ١٩٥٧ و ١٩٦٥ و ١٩٧٧ بکەین دەبینین کە ڕێژەی تورکمان لەو ناوچانەی کە تورکمان تیایدا نیشتەجێبوون بە بەراورد بە ڕێژەی عەرەب بەرەو کەمبوونەوە چووە، ئەمە بۆ کوردیش راستە. لەساڵی ١٩٥٧ ڕێژەی تورکمان لە کەرکوك بریتیبوە لە ٪٢١،٤،[٢] بەلاٚم لە ساڵی ١٩٦٥ بۆ ٪١٩،٠٢ دابەزیوە.[٣] لەوەش زیاتر لە ساڵی ١٩٧٧دا ڕێژەکە**

---

[١] **کۆمەڵێك نوسەر، کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٣٧-٢٣٩.**

[٢] **پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری، س.پ، ل ٣٣٩.**

[٣] **هـ.س، ل ٣٤٧.**

کەمتر بووە و بوە بە ٪١٦,٣.[١] ئەمە لە کاتێکدا عەرەب لە رێژەی ٪٢٨ەوە بۆ ٪٤٤ بەرزبۆتەوە. لە شاری هەولێر رێژەی تورکمان تەنها ٪٢,٥ بوە.[٢] پاش بیست ساڵ، رێژەی تورکمان بەشێوەیەکی بەرچاو لە هەولێر و کەرکوك دابەزیوە. لەکاتێکدا رێژەی عەرەب زۆر بەرزبۆتەوە. لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا رێژەی تورکمان لە شاری کەرکوك ٪١٦,٣[٣] و لە شاری هەولێریش ٪١,٦ بووە. بە بەراورد بە ساڵی ١٩٥٧ لە کەرکوك رێژەکە نزیکەی یەك لەسەر چوار کەمی کردووە، بەڵام لە هەولێر بۆ نیوە دابەزیوە. بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی باشوری کوردستان لەرووی ژمارەوە، تورکمان دووەمین نەتەوە پێك دەهێنن. لە ساڵی ١٩٥٧ رێژەی ٪٦ی دانیشتوانیان پێدەهێنا. بۆ ساڵی ١٩٧٧، واتە پاش بیست ساڵ رێژەکەیان بۆ ٪٣,٥ دابەزیوە. هۆکارەکەشی بۆ سیاسەتی بە عەرەبکردن دەگەڕێتەوە.[٤]

کەمبوونەوەی ژمارە و رێژەی دانیشتوانی تورکمان بۆ چەند هۆکارێك دەگەرێتەوە. تورکمانەکان لە کەرکوك و ناوچەکانی تری دەوروبەری دووچاری سڕینەوەی ناسنامە دەبوونەوە. حکومەتی عێراقی بە بەرنامە کاری لەسەر ئەم بابەتە دەکرد. حکومەت هەڵدەستا بە گۆڕینی ناوە تورکمانیەکان بۆ ناوی عەرەبی وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە جگە لە ناسنامەی عەرەبی هیچ ناسنامەیەکی تر قبوڵناکرێت. لەساڵی ١٩٧٦ حکومەتی عێراقی ناوی ژمارەیەك گوندی سەر بە ناحیەی قەرە حەسەنی بۆ عەرەبی گۆڕی ، بۆ نمونە "قەرەلو" بو بە "المقدادیة" و هەروەها "توقماقلو" کرا بە "الخنساء"[٥]

پاش هاتنی حیزبی بەعس بۆسەر دەسەڵات، هەوڵی گۆڕینی ناوچەکانی نیشتەجێبوونی تورکمانی داوە. تەنانەت هەوڵ بۆ کەمکردنەوە و لەقاڵبدانی رێژەی تورکمان لە کوردستان کراوە. بۆ نمونە لە ئەنجامی تێڕوانینی سیاسیانەی حیزبی

---

[١] خليل اسماعيل محمد، اتجاهات سياسة التغيير الديموغرافي لسكان محافظة كركوك، مجموعة من الكتاب و الباحثين، كركوك مدينة قوميات المتاخية، ط١، اراس للطباعة و النشر، ٢٠٠٩، ص ١٣٩.

[٢] لەتیف فاتح فەرەج، کورد و کەرکوك، ب١، ل ١٥٢.

[٣] احمد حبيب رسول، تجربة العيش المشترك في العراق (١٩٢٥-٢٠١٢)، ت.هوگر رسول، مطبعة مديرية الثقافة، اربيل، ٢٠١٣، ص ٧١.

[٤] عەبدوڵا غەفور، ئەتنۆ-دیمۆگرافیای باشوری کوردستان، چ١، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٤٩.

[٥] الوقائع العراقية، عدد ٢٢٠، (١٩٧٦/٣/٢٩)، ص٢٨.

بەعس بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کەرکوك و ئەو ناوچانەی کە تورکمانی لێ نیشتەجێیە کاریگەری کۆمەڵایەتیانەی مەترسیداری جێهێشتوە. بەپێی بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە (٤١٨) لە (١٩٨٤/٤/٨) تیایدا پێویستی کردووە کە سەرجەم مامەڵەکانی تاپۆ لەسەر زەوی نیشتەجێبوون پێویستە بە رەزامەندی پارێزگاری کەرکوك بێت.[١] حکومەت قەدەغەی دەکات کە تورکمان و کورد مامەڵە بکەن بە خانووبەرە و زەوی نیشتەجێبوون.[٢] تەنانەت بە توندیش رووبەڕووی بوونی نەتەوەییانەی تورکمانەکان بوەتەوە لە کەرکوك و ئەو ناوچانەی کە تورکمانی لێبوە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی تورکمان و زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان لە نەتەوەی عەرەب لەناوچەکە. بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لەساڵی ١٩٨٦ هانی عەرەبەکانی پارێزگاکانی ناوەراست و خوارووی عێراق دەدرێت کە لە کەرکوك نیشتەجێبن و ئاسانکاری کارگێڕی و ئەمنیشیان بۆ دەکرێت.[٣] بەجۆرێك هەوڵدەدرێت کە پێکهاتەی دانیشتوانی شارەکە بگۆڕدرێت تەنانەت پارچە زەوی بە خۆرایی دەدرێت بەو عەرەبانەی دێنە شارەکەوە و لەگەڵ بڕی دە هەزار دیناری عێراقیشیان پێدەدرێت بە مەبەستی کارئاسانیکردن بۆ نیشتەجێبوون لە کەرکوك.[٤] وەك دەردەکەوێت حکومەت بە بەرنامەیەکی روون و بێ پێچ و پەنا هەوڵی کەمکردنەوەی ژمارەی تورکمانەکانی داوە، لەبەرامبەر زیادکردنی ژمارەی هاوڵاتیانی نەتەوەی عەرەب لە شارەکە، لە پرۆسەیەکی بەردەوامی پاکتاوی رەگەزی لە شاری کەرکوك و دەوروبەری.[٥]

گرفتی حکومەت بریتیبوو لەوەی کە وجودی کردارەکی عەرەب لەو ناوچانە بسەلمێنێت بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە شوێن نیشتەجێبوونی ناعەرەبەکان بووە.

---

[١] عرفان کرکوکلی، التعایش السلمي بین الکرد و الترکمان في مدینة کرکوك، گۆڤاری کەرکوك، ژ١٠، س٢، ٢٠٠٠، ص١٦٢.

[٢] ن.م، ص ١٦٢.

[٣] سنور سەباح سدیق، مێژووی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوك ١٩٦٣-١٩٩١، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٢١-٢٢٢.

[٤] عرفان کرکوکلی، م.س، ص١٦٣-١٦٤.

[٥] سەبارەت بە پاکتاوی رەگەزی لە کەرکوك بروانە: جەلال جەوهەر عەزیز، کەرکوك لە پاکتاوی رەگەزیەوە بۆ چارەسەر دەستوری، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨؛ محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوکردنی رەگەزیدا، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی بەرهەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

تورکمان له کەرکوك بوونی کردارەکی هەبوە، کەرکوك ناوچەی ململانێی نێوان عەرەب و کورد بووە بەتایبەتی پاش ئەوەی کە خەباتی کورد دەستیپێکرد.

ئەو ململانێیانە کاریگەری نەرێنی کۆمەڵایەتیانەی لە سەر نەتەوەی تورکمان لە ناوچەکە دروستکرد. بەگشتی ناوچەکان شوێن هەبوونی تورکمان بوون. بێ ئەوەی تورکمان بەشدارییەکی کردارەکییان هەبێت لە ململانێکاندا، لەرووی کۆمەڵایەتیەوە لە ململانیکان تێوەگلان. پێنەدانی زەوی، رێگری کردن لە بازرگانی و رێگری کردن لە خاوەنداریێتی زەوی تورکمانیشی گرتەوە. لەساڵی ١٩٨١ بڕیاری ژمارە (١٣٩١)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دەرچوو کە تیایا هاتبوو: پێویستە فەرمانبەرەکانی دەوڵەت لە نەتەوەی تورکمان و کورد لە کەرکوك بۆ پارێزگاکانی تری عێراق بگوێزرێنەوە.[١] ئەم بڕیارە راستەوخۆ بریتیە لە سنوردارکردنی بوونی تورکمان لە کەرکوك. لەوەش زیاتر، هێنانی خێزانی عەرەب بۆ ناوچەکانی پارێزگای کەرکوك کە هەر یەکێکیان خاوەن داب و نەریتی تایبەت بە خۆیان بوون کە جیاواز بوون لە خەڵکانی نیشتەجێی ناوچەکە بەتایبەتی تورکمان.[٢]

دابڕینی چەند قەزایەك لە کەرکوك و لکاندنی بە ناوچەکانی دەوروبەری زۆرینە عەرەب و بە پێچەوانەو، هەنگاوێکی تری حکومەت بوو بۆ تێکدانی باری کۆمەڵایەتی کەرکوك. بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٧٦ قەزای توزخورماتوو کە رێژەی تورکمان تیایدا ١٨٪ بوو لە کەرکوك دابڕێنرا و ریاز خرایە سەر کەرکوك کە رێژەی تورکمان تیایدا بریتیبوو لە ١٪ یان قەزای کفری کە رێژەی تورکمانی ٥,٧٪ بوو لەسەر سنوری کارگێری کەرکوك نەما و حەویجە بوو بە بەشێك لە پارێزگاکە کە رێژەی تورکمان تیایدا بریتیبوو لە ٠،٨٪.[٣] هەروەك دەردەکەوێت لە حەفتاکاندا ئەو ناوچە نیشتەجێبوانەی کە بە رێژەیەکی بەرچاو تورکمانی تیا نیشتەجێبووە هەوڵدراوە پەرت بکرێن، بۆ نمونە کاتێك کە قەزای توزخورماتوو لە کەرکوك دابڕێنراوە، خراوەتە سەر پارێزگای سەلاحەدین و هەروەها ناحیەی قادر کەرەمیش بە

---

[١] عرفان کرکوکلی، م.س، ص١٦٢.
[٢] سنور سەباح سدیق، س.پ، ل١٥١.
[٣] ه.س، ل١١٤-١١٥.

مەرسوومی کۆماری ژمارە ٤١ لە کانوونی دووەمی ١٩٧٦ بەهەمان شێوەی لێهاتووە.[١]

بەو شێوەیە دەردەکەوێت پلانێکی کارگێری مەترسیدار بۆ پەرشوبلاوکردنی نەتەوە نا عەرەبەکان هەبووە، بۆ ئەوەی لە هیچ پارێزگایەك نەتوانن زۆرینە بن یان پێکەوە کۆببنەوە. لەرووی کۆمەڵایەتیەوە پەیوەندی رۆژانەی هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە لە کەسانی نزیکیان دادەبڕێت و تێکەڵی لەگەڵ خەڵکانی نوێدا دەکەن لە ناوچە کارگێڕیە نوێکانیاندا و ئەمەش وادەکات زمانی عەرەبی زیاتر بە سەریاندا زاڵ بێت. بۆ راییکردنی کاروباری کارگێڕییان پێویستبوە کە سەردانی پارێزگا تازەکانیان بکەن کە زۆرینەیان عەرەب بوون، لێرەوە تێکەڵییان زیاتر لەگەڵ عەرەبەکان دەبوو نەك لەگەڵ هاوشارییەکانی خۆیان، کەواتە جگە لە کەمبوونەوەی رێژەی تورکمان تەنانەت ئەو بڕیارە کارگێڕیانە کاریگەریشی لەسەر بەکارنەهێنانی زمانی خۆیان هەبووە بە شێوەیەکی رۆژانە و زیاتر عەرەبیان بەکارهێناوە.

سەرەرای ئەوانەش، پاش گۆرانکاریە کارگێریەکان لە پارێزگای کەرکوك دەردەکەوێت کە رووبەری پارێزگاکە پێشتر ٢٠ هەزار کیۆمەتر چوارگۆشە بووە، بەڵام پاش گۆرانکاریەکان بچووکبوەتەوە بۆ نزیکەی ١٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە. زۆرینەی ئەوناوچانەی دابڕێنراون خاوەن زۆرینەی کوردن یان زۆرینەی تورکمانەکانی لێنیشتەجێبوون، لکێنراون بە ناوچە زۆرینە عەرەبیەکانەوە. لەوەش زیاتر، بەروونی هەڵکشانی نەخشەی پارێزگای کەرکوك دەبینرێت بە ئاراستەی رۆژئاوا و تێکەڵدەبێت بە ناوچە عەرەبیەکان. بەو جۆرە لە سیاسەتی کارگێری هەوڵدراوە نەخشەی کەرکوك بەرەو ناوچە عەرەبیەکان کێشبکرێت و بخرێتە ناو نەخشەی ناوچە عەرەبیەکانەوە.[٢]

دەسەڵاتی بەعس بەردەوام بوو لە گۆڕینی دیموگرافیای ناوچە تورکمانیەکان، ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی تورکمانی لەناوچەکە رووخاند و چۆڵکرد. قەڵای کەرکوك لە شوێنێکی شوێنەواری ناو کەرکوکەوە گۆڕدرا بە نشینگەیەکی سەربازی.

---

[١] لیام اندرسن، ازمة کرکوك السیاسة الاثنیة في النزاع و الحلول التوافقیة، ت.عبدالاله النعیمي، ط١، دراسات عراقیة، اربیل، ٢٠٠٩، ص٥٣-٥٦.

[٢] ن.م، ص ٦-٥٧.

بەشێکی بەرچاو لە بازار و دووکان و شوێن کارەکانی تورکمان و کوردی لەناوبرد، وەك بازاری قوریە.[1]

پاش کۆتایی هاتنی جەنگی ئێران-عێراق، حکومەتی عێڕاقی کۆمەڵێك ڕێوشوێنی چروپڕی لە دژ دانیشتوانە تورکمانەکان گرتە بەر بەمەبەستی دورخستنەوەیان لەناوچەکانی خۆیان و زیادکردنی نەتەوەی عەرەب لەوناوچانە. ڕێوشوێنەکان بریتیبوون لە کۆچپێکردنی زۆرەملێی خێزانە تورکمانەکان بۆ ناوچەکانی سنوری شارەکانی کوردستان هەروەها بۆ ناوچەکانی باشوری عێڕاق.

بەپێی نووسراوی پارێزگای کەرکوك لە (١٩٩٥/٥/٢١) کە واژوی (هشام صباح الفخری) پارێزگاری لەسەرە، تیایدا ناوی ئەو هاولاتیانەی نووسیەوە کە ڕاگوێزراون بۆ دەرەوەی کەرکوك، بۆ هەر دوو پارێزگای هەولێر و ئەنبار. ڕاگوێزراوەکان لە نەتەوەی کورد و تورکمان کە ژمارەیان دوازدە هاونیشتمانی بوو. دیارە ڕاگواستنەکە بە پێشنیاری لیژنەی بالاًی ڕاگواستن ئەنجامدراوە.[2] یەکێك لەو بنەمالاًنەی بۆ شاری هەولێر ڕاگوێزران، لە دەرەنجامی بڕیاری ڕاگواستنیان یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکە بەناوی (زەهرا بەکتاش) ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات. پاشان لە بەرواری (١٩٩٥/١٠/١٩) بنەماڵەکەیان بە زۆرەملێ بۆ شاری هەولێر ڕادەگوێزن.[3]

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٧دا ڕاگواستنی زۆرەملێ لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە بەردەوام بووە و ناوچەکانی خانەقینیشی گرتووەتەوە. هەروەك بەرەی تورکمانی لە ١٩٩٨/٢/١١دا ڕایگەیاندبوو کە ژمارەیەك خێزانی تورکمان و کورد لە کەرکوك و خانەقین بۆ ناوچەکانی تر بە زۆرە ملێ کۆچیان پێکراوە. تەنانەت حکومەتی عێراق ڕاگەیاندبوو کە ئەو خێزانانە ژمارەیان "نزیکەی سەد خێزان دەبێت و خەڵکی ئەو ناوچانە نەبوون بۆیە دەرکراون".[4] هەرچەندە لە واقیعدا پێچەوانەبوو، بەلاًم ئەوەش بە فەرمی دەردەکەوێت کە ڕژێم بە ئاشکرا ئەو کارەی ئەنجامداوە.

---

[1] عرفان کرکوکلی، م.س، ص١٦٣.

[2] بروانە دەقی بەڵگەنامەکە: تورکمن ایلی، ع١٠، (١٩٩٥/١٠/١)، ص٢.

[3] لەوبارەوە بڕوانە: سامي تورکمن، مأساة المرحلین الترکمان من کرکوك، تورکمن ایلي، ع١٢، (١٩٩٥/١١/١)، ص٣.

[4] تورکمن ایلي، ع٦١، (١٩٩٨/٢/١١)، ص١.

بەپێی نوسراوی ژمارە (٢١٦٥/٦/٣) لە (١٩٩٩/٢/١٤)ی پارێزگای کەرکوك، حەڤدە خێزانی تورکمان کۆچپێکراوە، نۆ خێزان بۆ سلێمانی و هەشت خێزان بۆ ئەنبار لە ماوەی ساڵی ١٩٩٨دا.[١] بەشێکی بەرچاوی خێزانەکانی ناو کەرکوك کە دیارە لە ناچاریدا نەتەوەی خۆیانیان لای حیزبی بەعس گۆڕیوە بەپێی ڕاگەیاندنی تورکمان تاوەکو مانگی مایسی ١٩٩٨ گەشتوەتە نزیکەی سیازدە هەزار خێزان. کە ئەمەش مەترسیەکی جدی لە سەر گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە لە داهاتوودا دروستدەکات و گرفت بۆ ژیانی ئاشتیانەی دواتر دەخوڵقێنێت.[٢] لەوەش زیاتر، بێبەری کردنی خاوەن موڵکانی تورکمان لە زەوی و زار و موڵکەکانیان، جگە لەوەش پێدانی ئەو زەویانە بە عەرەب.

مامەڵەکردنی ڕەگەزپەرستانەی حکومەتی عێراقی بە ئاشکرا لە بەڵگەنامەکاندا دەردەکەوێت، بۆنمونە کاتێك هاوڵاتیەك داوای گێڕانەوەی زەویەکانی کردووە، لەلایەن حکومەتەوە تەماشای لایەنی نەتەوەیی[٣] هاوڵاتیەکە کراوە، ئەگەر عەرەب بوبێت کێشەی نەبووە بەڵام ئەگەر تورکمان بوبێت، زەویەکەی پێنەدراوەتەوە. ئەم جۆرە مامەڵانە دەچنە چوارچێوەی هەڵاوێردی ڕەگەزی. بۆنمونە بە پێی نوسراوی ژمارە (٩٤٠٧) لە (١٩٩٩/٧/١٧)ی وەزارەتی ناوخۆ کاروباری ئەمنیەتی ناردوویەتی بۆ پارێزگای کەرکوك، دەڵێت "پشتبەست بە ڕێنماییەکانی سەرۆکایەتی کۆمار، و پاش لێکۆڵینەوەی بارودۆخی باکوری وواڵت، تایبەت بە مەترسی تورکیا لەسەر داهاتووی عێراق و چاوتێبڕینیان بۆ کێڵگەکانی نەوتی باکور. لەوەش زیاتر، لەبەرئەوەی کە تورکمانەکان پێکهاتەیەکی بەرفراوانی دانیشتوانی شارەکە پێکدەهێنن، و پاش ئەوەی بوون بە داردەستی تورکیا، بەتایبەتی پاش ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١، ژمارەیەکی بەرچاویان بوون بە ئەندامی بەرەی تورکمانی. لەبەرئەوە، دانیشتوانی تورکمانی لە کەرکوك تابووری پێنجەم پێکدێنن پێویستە دوور بخرێنەوە لە شار."[٤] ئەم نوسراوە زۆر بەڕوونی دەربڕی ئەو واقیعەیە کە حکومەت مامەڵەی ڕەگەزپەرستانەی لەگەڵ نەتەوەی تورکماندا کردووە. بەپێی ناوەڕۆکی

---

[١] بڕوانە: طارق محمد جامباز ، التطهير العرقي للكورد و التركمان في كركوك، ط٢، من مطبوعات مجلة یاساپارێزی، اربيل، ٢٠٠٤، ص٢٦.

[٢] توركمن ايلي، ع٧٤، (١٩٩٨/٥/١٣)، ص٢.

[٣] طارق جامباز، م.س، ص٣٠.

[٤] ن.م، ص٣٦.

نوسراوەکە، ئەوەی بەلای حکومەتەوە بەس بووە کە ئەو فەرمانبەرانە، هاولاٌتیانە عەرەب نەبن، ئیتر تابوری پێنجەم و خیانەتکارن. نوسراوەکە بەجۆرێك روونە تەنانەت لێی نەنوسراوە نهێنی، ئەمەش مانای وایە حکومەت بە ئاشکرا پەیڕەوی لە سیاسەتی سڕینەوەی نەتەوە جیاوازەکان کردووە بە بێ جیاوازی جگە لە عەرەب.

سەرەڕای هەوڵەکانی دەسەلاٌت بۆ پەرتەوازە کردنی تورکمان لە ناوچەکانی نیشتەجێبونیان بە سیاسەتەکانی راگواستن، رێگایەکی تری کەمکردنەوەی ژمارەی رەگەزی تورك لە کەرکوك پەیڕەو دەکرا، ئەویش بەناوی "تصحيح القومية".[١] حیزبی بەعس بۆ ئەوەی لەڕووی کۆمەلاٌیەتیەوە روخساری کۆمەڵگەی عێراقی یەکڕەنگ بکات هەموو هەنگاوێکی هەڵدەگرت. کاریگەرترینیان بریتیبوو لە گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی ئەو هاولاٌتیانەی نا عەرەب بوون. ئەم مەسەلەیە لە یەکێك لە بنەماکانی حیزبی بەعسەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە دەڵێت "عەرەب ئەو کەسەیە کە لە نیشتمانی عەرەبی دەژی و بە زمانی عەرەبی قسە ئەکات و عروبە دەکات بە نەتەوەی خۆی."[٢] لە ژێر رۆشنایی ئەو بنەمایەدا حکومەتی عێراقی هەستا بە دەستپێکردنی مامەڵەی گۆڕینی نەتەوە نا عەرەبەکان بۆ نەتەوەی عەرەب. دەیەی کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ تا رووخانی رژێم ئەو پرۆسەیە بەردەوام بوو.

بە پێی رێنماییەکانی حکومەتی عێراقی پێویستبوو لە سەر هەر هاولاٌتیەکی عێراقی کە هەژدە ساڵی تەواو کردووە، ناسنامەی خۆی لە کورد یان تورکمان بۆ عەرەب بگۆڕێت. پرۆسەی گۆڕینەکەش بە پێشکەشکردنی داواکارییەك دەبوو لە لایەن داواکارەکەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای کەرکوك و تیایا داوای گۆڕینی نەتەوەی خۆیی لە تورکمان یان کوردەوە بۆ عەرەب دەکرد.[٣] وەك دەبینرێت پرۆسەکە ناونرابوو "تصحيح"، کە ئەمەش بۆ بابەتێك بەکاردێت کە خۆی لە بنەڕەتەوە هەڵە بێت و راستبکرێتەوە. واتە بەعس پێی وابوو سەرجەم نەتەوە نا عەرەبەکان لە بنەڕەتەوە عەرەب بوون. تورکمانەکان، تورکمان نین، بەڵکو لەسەردەمی عوسمانی کراون بە تورکمان، لەبەرئەوە پێویستە بگەڕێنەوە سەر ڕەچەڵەکە

---

[١] طارق جامباز، م.س، ص ١٠٦.

[٢] لە مادەی دەیەمی بنەما گشتیەکانی دەستوری ناوخۆیی حیزبی بەعس ئەو دەربڕینەی سەرەوە جێگیرکراوە. بڕوانە:
http://www.albasrah.net/ararticles2007/0307/dstor-b3th_070307.htm (11/7/2019)

[٣] بڕوانە پاشکۆی ژ (٣٣)، فۆرمی تایبەت بە گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی.

ڕەسەنەکەی خۆیان کە نەتەوەی عەرەبە.[١] لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی تورکمان ناسنامەیان گۆڕی، لەبەرئەوەی بە پێچەوانەوە لە هەموو جۆرە مافێکی هاوڵاتیبوون بێ بەشدەکران. بۆ نمونە بە پێی نوسراوێکی پارێزگای کەرکوك کە بۆ وەزارەتی ناوخۆی ناردووە و لە ئەنجامی پرۆسەکە ئاگاداری کردونەتەوە، ژمارەی ئەو خێزانانەی کەوا نەتەوەی خۆیان لە تورکمانەوە بۆ عەرەب گۆڕیوە گەشتۆتە (٩٠٦٤) خێزان. ئەم ژمارەیە هەروەك لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە تەنها لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠دا تۆمارکراوە.[٢] سەرەڕای ئەوەش ئەگەر تەماشای بەڕێوە چوونی ئەم پرۆسەیە لە فەرمانگەکانی سەر بە جکومەتی عێراقی بکەین دەبینین گۆڕینی شوناسی نەتەوەیی ژمارەیەکی زیاتری تۆمارکردووە، ئەمەش وەك ئاماژەی بۆ کرا، زیاتر لە ترسی لە دەستدانی فەرمانبەرێتی و بژێوی ژیانیان ئەو کارەیان ئەنجامداوە. بۆ نمونە لە یاداشتێکی نهێنی پارێزگای کەرکوك بۆ وەزارەتی ناوخۆ ژمارەی ئەوانەی کەوا لە ماوەی مانگی ئازاری ٢٠٠٠ هەتاوەکو مانگی مایسی هەمان ساڵ نەتەوەی خۆیان بۆ عەرەب گۆڕیوە (١١٠٧٤) فەرمانبەر بوون.[٣]

ئەم دنیابینیە مەترسیەکەی لەوەدا بوو کە بە تەواوی بوونی کۆمەڵایەتیانەی تورکمانەکانی دەخستە مەترسیەوە. ڕوخسار و پێکهاتە و نەریت و بۆنەکانیان سەرجەمی بۆ نەتەوەی عەرەب ئەژماردەکران. هەروەك دیارە کە سەرەتای دەرکەوتنی کۆمەڵایەتیانە لە بوونی مرۆییانەوە دەستپێدەکات و کە بە زمان گوزارشتی لێدەکرێت. لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا، زمانی تورکمانی بەرەو لەناوچوون دەچوو، هەروەها کاراکتەری تورکمان یان مرۆڤی تورکمان، یان نەتەوەی تورکمان ژمارەی کەمی دەکرد و بەرە بەرە لەناو نەتەوەی عەرەبدا دەتوایەوە. کەواتە بە بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەیەی حیزبی بەعس، بوونی کۆمەڵایەتیانەی تورکمان بەرەو لەناوچوون دەچوو.

ئینتیمای تورکمانی بوون لە مێژووی هاوچەرخی تورکماندا یەکێکە لە بنەرەتی ترین ئەو دۆسێیانەی کە تورکمانی پێوە گیرۆدە بووە. پاش نەمانی عوسمانیەکان و

---

[١] ئەنجومەنی سەرکرادیەتی شۆڕش بڕیارێکی تایبەتی لەو بارەوە دەرکردبوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (11/9/2019) http://iraqld.hjc.iq:8080/LoadLawBook.aspx?page=1&SC=&BookID=39021

[٢] بۆ دەقی بەڵگەنامەکە بڕوانە: جەلال جەوهەر، س.پ، ل ٣٠٩.

[٣] لەو بارەوە بڕوانە: طارق جامباز، م.س، ص ٨٧.

له دەسەڵاتکەوتنی رەگەزی تورك لەناوچەکە، بەتایبەتی لە عێراق و لە کوردستان، تورکمان بە بارودۆخێکی ناجێگیردا تێپەریون. پاش ئەوەی کە دەوڵەتانی نوێ وەك عێراق و تورکیا لە پاشماوەی عوسمانی پێکهاتن و تورکمان لەم ناوچەیە کەوتنە ناو دەوڵەتێکی عەرەبیەوە، هەمان چارەنوسی کورد، و هیچ کیانێکیان بۆ دروستنەکرا. سەرەنجام هەستی گەران بەدوای ناسنامەدا لای تورکمان گەلاڵە بوو. لەنێوان کورد لە باکور و عەرەب لە باشور، تورکمانەکان بوون بە سێ بەشەوە. بەشێکیان خۆیان بە چارەنوسی کوردەوە دەبەستەوە و بەشێکی تریان کەلتوری عەرەب زاڵ بوو بە سەریاندا، ئەوانی تریان کە وادەردەکەون زۆرینە بن، هەستێکی تورکمانی و پاشان عێراقی بوونیان هەبوە. ئەو جۆرە لە دابەشبوون کاریگەری کردوەتە سەر تورکومانەکان بە پێی نزیکیان لە نەتەوەکانی ترەوە. تورکمانەکانی هەولێر زیاتر لە کوردەوە نزیکن، بە پێچەوانەوە تورکمانەکانی ناوچەکانی نزیك لە عەرەب زیاتر لە عەرەبەوە نزیکن. کە ئەمەش لە کلتور و نەریتیاندا رەنگی داوەتەوە.

## تەوەری دووەم/ ڕوخسارە کۆمەڵایەتیەکانی تورکمان

پیشەی دەستی و ئەو کارانەی کە لەناو کۆمەڵگای تورکمانی برەوی هەبووە، لەگەڵ کارە کۆمەڵایەتیەکانی تورکمان وەك عاداتی ناو خێزان و هاوسەرگیری و چینەکانی کۆمەڵگای تورکمانی. هەروەها چالاکیی کۆمەڵایەتی تورکمانی وەك شیعر و گۆرانی و قۆریات و کۆبوونەوە کلتوریەکانی تورکمان بابەتەکانی ئەم تەوەرە دەبن.

### یەکەم/ پیشەگەری لەناو کۆمەڵگای تورکماندا:

کۆمەڵگای تورکمانی لە باشوری کوردستان بەشێوەیەکی گشتی خاوەنی کاری دەستی و پیشەگەری ناوشارەکان بوون. ئەم تایبەتمەندیە زیاتر بەر تورکمانی شارە گەورەکانی وەك کەرکوك و هەولێر دەکەوێت. تورکمان پێیان وایە کە ئەوان خاوەنی زۆرینەی پیشەکان بوون لە هەردوو شارەکەدا. ئەمە ئەگەر بە تەواوی راستیش نەبێت، تاراددەیەکی زۆر لە واقیعی کۆمەڵگەی تورکمانی نزیکە، لەبەرئەوەی تورکمانەکان زۆرینەیان نیشتەجێی شارەکان بوون. لە گرنگترین ئەوشارانەش بریتیە لە هەردوو شاری هەولێر و کەرکوك.

ئەوەی  زیاتر تورکمانەکانی پێ دەناسرێتەوە بریتیە لە پیشەگەری و تەنانەت زۆرینەی نازناوە تورکمانیەکان لە کەرکوك لە پیشەکانەوە هاتوون لەو  پیشانە وەك زێرینگەری، قەساب، ئاسنگەری، ئاوچی، لەگەڵ نەفتچی.[1] لە هەولێریش بەهەمان شێوە ژمارەیەك پیشەی دەستی هەبوە کە تورکمانەکان زیاتر پێوەی خەریك بوون وەك قەساب، سائغ (ئاڵتونچی) چایچی، پینەدۆز، کورتان دروو.[2]

پیشە دەستیەکانی تورکمان لە هەولێر و کەرکوك و ناوچەکانی تری نیشتەجێی تورکمان برەوی پێدراوە. بۆ نمونە یەکێك لەو پیشانە بریتیە لە کورتان دوورین. پیشەی کورتان دوورین یەکێکە لە پیشە کۆنەکانی شاری هەولێر. بەشێکی بەرچاوی ئەوانەی کە ئەو پیشەیەیان ئەنجامداوە، تورکمانن. کورتان بۆ ئەو ئاژەڵانە دروستدەکرا کە بەمەبەستی گواستنەوە بەکاردەهێنران. (حاجی جبرائیل، ئەنوەر

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بێستون عەلی کریم.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ یەشار ئاڵتی پەرماخ.

**عەبدوڵا، لەگەڵ حاجی سەمەد) لەو خاوەن پیشانە بوون کە کورتانیان دروستکردووە.**

**لە یەکەم قۆناغی دروستکردنی کورتان، بەپێی پانی پشتی ئاژەڵەکە لباد دەبڕدرا. چەند دانەیەك لەو لبادانە لەسەریەکتر دادەنران و بەرگێکی تایبەتیان بۆ دەدورا. پاشان بە دەرزی و دەزوو چواردەوری کورتانەکە دەدورا بەیەکەوە. دواتر، بەشی ناوەوەی پڕدەکرا لە چڵی گەنم. دەستە دەستە چڵی گەنمەکە دەنوشتێنراوە و لەناو کورتانەکە دادەنرا. لە کۆتاییدا، کورتانەکە شێوەی تایبەتی خۆی وەردەگرت بەشێوەیەك لەگەڵ پشتی ئاژەڵەکە بگونجێن بێ ئەوەی ئازاری بدات و بۆ ئەو کەسەشی بەکاریدەهێنێت گونجاو بوو.[1]**

**تورکمانەکان لە کەرکوك و هەولێریش پیشەی ئاسنگەری (دامرچی) و پێستەخۆشەکردن (دەباغ) و هەروەها پیشەی دارتاشیی (نەجار) یان ئەنجامداوە. لە کەرکوك ژمارەیەك وەستای تایبەت بە کاری دارتاشیی هەبوون وەك ئەمین نەجار و حیکمەت نەجار کە لە دامەزرێنەرانی دروستکردنی مۆبیلیاتی ناوماڵ بوون. لە پاش شەستەکان هەر یەکە لە نامق نەجار و کامل شەنکول هەستان بە دامەزراندنی کارگەی تایبەت بە دروستکردنی مۆبیلیاتی ناوماڵ.[2]**

**یەکێکی تر لە پیشەکان بریتیە لە حەمامچێتی. لە شاری هەولێر لە کۆنەوە حەمام هەبووە. نمونەی حەمامەکان وەك گەرماوی گەورە و گەرماوی گچکە لە خانەقا[3]، هەروەها حەمامی قەڵا کە ئێستا وەك شوێنێکی گەشتیاری لەناو قەڵای هەولێر ماوەتەوە. پێشتر لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست خەڵکی قەڵا و گەرەکەکانی تریش بەکاریان هێناوە.[4] حەمامی قەڵا کاتی تایبەتی بۆ خانمان تەرخانکردبوو. لە پاش بانگی نیوەڕۆ هەتاوەکو ئێوارە کاتی تایبەت بە خانمان بوو.**

---

[1] **عەلی سالم، کورتان دووری لە هەولێر،** (2/5/2019) https://www.tbajansi.com

[2] **ماهر النقیب، م.س، ص ٢٧٢.**

[3] **تاریق جامباز، نەژاد بەرزنجی، ئاماری دانیشتوانی قەڵای هەولێر –١٩٢٢ سەرای– تەکیە– تۆپخانە، ئینسکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل) شارستانی– کۆمەڵایەتی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢٥٤٦.**

[4] **خلیل اسماعیل العصافي، لمحات اجتماعیة عن تاریخ اربیل، ط١، مکتب التفسیر للطباعة و النشر، اربیل، ٢٠١٢، ص ٦٩.**

کاتەکانی تری ڕۆژ بۆ پیاوان تەرخانبوو.[١] لە نمونەی گەرماوەکانی تری هەولێر وەك گەرماوی حاجی قادر، گەرماوی مەوەدە، لەگەڵ گەرماوی عەلی ئاغا کە لەلایەن تورکمانەکانەوە بەڕێوە دەبران.[٢]

تورکمان لە کەرکوك ژمارەیەکی بەرچاو گەرماویان هەبووە. گەرماوەکان لەلایەن خەڵکەوە بۆ خۆشتن بەکارهاتوون. پیاوان و ژنانیش کاتی تایبەت بەخۆیان هەبووە بۆ حەمامکردن. بەیانیان و ئێواران زیاتر بۆ پیاوان بووە و پێشنیوەڕوانیش بەشێوەیەکی گشتی تایبەت بە خانمانبووە.[٣] نمونەی حەمامچییەکان وەك عەلی بگ حەمامچی، دەدە حەمدی حەمامچی، حاجی باقی حەمامچی، هەروەها حاجی حەسەن حەمامچی کە تا کۆتایی حەفتاکانیش بەردەوام بوون.[٤]

پیشەی کورەچێتی لەناو تورکمانی هەولێر زۆر باوبوە. لە شەستەکانی سەدەی بیست ژمارەیەك کورە لە هەولێر هەبوون کە دەکەوتنە ناو گەرەکەکانی سەعدوناوە و تەعجیل، وەك کورەی حاجی شەهاب و کورەی مام حەیدەر و کورەی مام حەسەن.[٥] کورەچییەکان بەگشتی لە نزیك گەرەکی تەعجیل دادەنیشتن و شوێنەکەیان بە کۆڵانی کورەچییان دەناسرا. پاش گەورە بوونی شار، کورەکان بۆ قۆریتان، تۆپزاوە، لەگەڵ عەزە وقونیان گواسترانەوە، لە کورەچییە ناسراوەکانی هەولێر وەك ئەسعەد کورەچی، سەمەد کورەچی، سمایل کورەچی،[٦] سابیر عومەر کورەچی، وەیسی حاجی شەهاب، لەگەڵ هەمزەی مام ئەسکەندەر. کورەچیەکان گڵی سوری دەوروبەری گلکەندیان بۆ دروستکردنی خشت و پێداویستی تری خانوبەرە

---

[١] برهان یارالی، حتى لا ننسى اربيل، ط١، مكتب التفسير للنشر و الاعلام، اربيل، ٢٠١١، ص ١٧٧-١٧٨.

[٢] برهان يارالى، قلعة اربيل بين الماضي و الحاضر، مديرية الثقافة التركمانية- الجبهة التركمانية العراقية، اربيل، ٢٠٠٤، ص ٨٩-٩١.

[٣] ماهر النقيب، م.س، ص ٢٦٧-٢٦٨.

[٤] ن.م، ص ٢٦٨.

[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سید عیسا سەید سەلیم سەید غەریب، لە دایکبووی هەولێر ساڵی ١٩٥١. کەسایەتی تورکمانی هەولێر، (٢٠٢٠/١/٢٣)

[٦] بەرهەم عەلی، پیشەی کورەچییاتی لە هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، س.پ، ل ٢٤٣٣-٢٤٣٤.

بەکاردەهێنا.[١] بۆ گەرمکردن و تاودانی کورەکانیان بەزۆری زبڵ و پاشماوەی ئاژەڵ پێویستبوو، پاشان نەوتی رەشیان بۆ هەمان مەبەست بەکارهێنا.[٢] پاش ساڵانی هەشتاکان حکومەتی ئەوکاتی عێراق کورەکانی گواستەوە بۆ دەرەوەی شار بەمەبەستی نەهێشتنی کاریگەری دووکەڵی کورەکان، لەبەرئەوە زۆرینەیان دەستیان لە پیشەکەیان هەڵگرت.[٣]

ئاسنگەری وەك پیشەیەك لە کۆمەڵگای کوردستان لە سەدەی بیستدا بە بەردەوامی گرنگی خۆیی هەبووە. تورکمانەکان وەك بەشێك لە گۆمەڵگای نیشتەجێی کوردستان پیشەی ئاسنگەری لە ناویاندا بە برەو بووە. لە ناو شاری کەرکوك ئەم پیشەیە باوبووە و بەشێك لە پیشەگەرە تورکمانەکان پێی هەستاون. هەروەها لەناو کوردیشدا ئەم پیشەیە هەبووە. ئاسنگەران زیاتر کارەکەیان دروستکردنی ئامێر و کەرەستەکانی وەك داس، چەقۆ، خەنجەر، تەوەر، خاکەناس، لەگەڵ ناڵی ئەسپ بوو.[٤] لە پیشەگەرانی ئاسنگەری (دەمیرچی) لە هەولێر شاکر دەمیرچی، محەمەد دەمیرچی، ئیبراهیم محمود،[٥] موستەفا سەعدوڵا لە نمونەی ئاسنگەرانی تورکمانن.[٦]

**دووەم/ خێزان و پرۆسەی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای تورکمانی:**

پێکهێنانی خێزان یەکێکە لە کۆڵەکە بنەرەتیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تورکمان. تورکمانەکان گرنگی تایبەتیان بە خێزانداوە. بەشێوەیەك کە داب و نەریتی تایبەت بە خۆیان هەبووە بۆ پێکەوەنانی خێزان، وەك نیشانکردن، مارەکردن، گواستنەوە، لەگەڵ ئاهەنگ. نیشانکردن بە چەند جۆرێك بەڕێوەدەچێت، سەرەتا لە بنەماڵەی کچی دیاریکراو دەپێچنەوە، ئیتر لەلایەن کورە خۆی بێت، یان دایك و ناسیاوانی خۆی. زۆرجار روودەدات کە بە بیانویەك ژنانی خزمی کوڕە سەردانی ماڵی کچە دەکەن بۆ نمونە دەڵێن " لەڕێگا ماندوو بووین با هەندێك ئاو بخۆینەوە، یان کەمێك

---

[١] گفتوگۆ لەگەڵ سەفین ئەحمەد سابیر کورەچی، لەدایکبوی هەولێر ١٩٧٣، باوك و باپیری لە کورەچیەکانی هەولێر بوون، (٢٠٢٠/٢/١٦)، هەولێر.

[٢] گفتوگۆ لەگەڵ سید عیسا کەسایەتی تورکمانی هەولێر.

[٣] گفتوگۆ لەگەڵ سەفین ئەحمەد سابیر کورەچی.

[٤] دلێر عەزیز محمود شێخ بزێنی، کەرکوك (١٩٢١-١٩٥٨)، ماستەرنامەیەکە پێشکەش بە کۆلیجی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠١٧، ل١٠٦. (بلاًونەکراوە)

[٥] برهان یارالی، حتی لاننسی ....، م.س، ص ١٦٦-١٦٧.

[٦] خلیل اسماعیل العصافي، م.س، ص١٠٧.

بجەسێینەوە" ئەمە لەو حاڵەتانەدا روودەدات کە هیچ کەسێك لەنێوانماڵباتی کورە و کچەکەدا نێوەندگیر نەبێت.[١] هەندێك جار ژنێك لە کەسە نزیکەکانی کوڕەکە بۆ ماڵی کچە دەنێرن. ئەم پرۆسەیە لە زمانی تورکمانی پێی دەوترێت "گوروجو" واتە بینین.[٢]

ژنان دەستدەکەن بە تەماشاکردنی کچە بەمەبەستی ئاشنابوونیان بە کچەکە. بۆ نمونە تەماشای بن پێی کچەیان دەکرد ئەگەر قڵیشاوی پێوە دیار بوایە ئەوە نیشانەی کابانیی کچەی دەگەیاند، واتە ئەوە دەبوو بە نیشانەیەکی ئیجابی بۆ بەدڵا چوونی کچەکە لەلایەن ژنانی داخوازیکارەوە. دواتر ژنان دەگەڕانەوە ماڵەوە و بە باوکی کوڕەکەیان رادەگەیاند، رازیبون و رەدکردنەوە بە دەستی باوك بوو. پاش رازیبوونی باوکی کورەکە مەسەلەی خوازبێنی دەهاتە پێشەوە. دایکی کورە و هەندێك لە خزمان بۆ داواکردن سەردانی ماڵی کچەیان دەکرد.[٣] پاش رەزامەندبوونی ماڵی کچەکە، رۆژێك دیاری دەکەن بۆ دەستنیشانکردنی بڕی زێر و هەروەها داخوازیەکانی کچەکە. یەکێك لە جیاکەرەوەکانی تورکمان ئەوەبوو کە بڕێکی زۆر زێڕیان وەك مارەیی داوادەکرد، هەندێك جار باس لە ١٠٠ بۆ ١٥٠ مسقاڵ زێر کراوە.[٤] ئەمە بۆ هەموو کاتێك بەو جۆرە نەبووە، (بەندەر ئۆغلۆ) ئەڵێت مارەیی تاراددەیەك ئاسایی بوە و سنوری باوی کۆمەڵگای تێنەپەراندوە.[٥]

ماوەیەك بەر لە ئاهەنگەکە، خێزانی زاوا لەگەڵ مامۆستایەکی ئاینی سەردانی ماڵی بووکیان دەکرد بە مەبەستی مارەبڕین. زۆرینەی کات مارەبڕین لە ماڵی بووك و پاش ئێوارە ئەنجامدەدرا. بووکیان ئامادەدەکرد بۆ مارە بڕین لەپشتی پەردەیەکەوە و رەزامەندیان لێوەردەگرت. کلتوری رەزامەندیەکە بەجۆرێکی تایبەت بووە، مامۆستا ئایینیەکە بۆ سێ جار داوای لە بووك کردوە کە رەزامەندی بدات لەسەر مارەبڕین، هەتاوەکو بووك رەزامەندی داوە. هەرگیز بووك بە یەکەم جار رەزامەندی

---

[١] ئەحمەد سەید یەعقوب، خێزان لە کۆمەڵگای تورکمانیدا، گۆڤاری بارش، ژ٤٧، (ئەیلول ٢٠٠٩)، ل٩٥

[٢] عبداللطيف بندر اوغلو، التوركمان في العراق الثورة...، م.س، ص ٨٤.

[٣] نافیع قەصاب، داب و نەریتی تورکمانی، ئینسکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل) شارستانی-کۆمەلایەتی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٣٤٩-٢٣٥٠.

[٤] ئەحمەد سەید یەعقوب، س.پ، ل٩٥.

[٥] عبداللطيف بندر اوغلو، م.س، ص ٨٥.

نەدەنواند، ئەگەر کچێك بە یەکەمین جار بەڵێی بکردایە بەجۆرێك لە بیٚ چاوو ڕوویی تەماشا دەکرا.[1]

پاش ڕەزامەند بوونی هەردوولا، ڕۆژێك بەر لە دەستپێکردنی ئاهەنگەکە، بنەماڵەی زاوا خواردەمەنی و شمەك لە جۆرەکانی برنج، گۆشت، میوە، و تەنانەت هەندێك جار سەوزەش بۆ ماڵی بووکەکە دەنارد. ڕۆژی دواتر خەڵکیان بانگهێشت دەکرد بۆ ماڵی بووکەکە، هەرکەسێك بەتایبەتی ئافرەتان دیاریەکی گونجاویان دەبەخشیە بووك. دایکی زاوا ئەڵقەی مارەبڕین و جلوبەرگی تایبەتی بووکێنی دەبەخشیە بووك. هەر هەمان ڕۆژ بابەتی ڕازاندنەوەی لەجۆری کل و خەنەو کەشکەشە بۆ بووکەکە دەنێردرا بە مەبەستی خۆڕازاندنەوە. بەم بۆنەیەیان دەوت ڕۆژی نیشان.[2]

پاشان باوکی زاوا ئامادەکاری بۆ ئاهەنگی گواستنەوەی بووك دەکات، سەرجەم خزمان و نزیکانی هەردوولا بانگهێشت دەکرێن و باشترین جۆری خواردەمەنی لە برنج و گۆشت و جۆرەها سەوزە ئامادەدەکرێت بۆ میوانەکان، بانگکراوان هەریەکە و بڕێك پارە یان دیاری بۆ ماڵی زاوا بەجێدەهێڵن و ئەمەش بۆ تێچووی پرۆسەکە بەکاردەهێنرێت. هەندێك جار مەولونامە بەو بۆنەیەوە دەخوێندرێتەوە هەتاوەکو درەنگانێکی شەو ئامادەبوان دەمێننەوە.[3] ڕۆژی دواتر کۆمەڵێك لە خانمە بانگهێشتکراوەکان دەڕۆن بۆ ماڵی بووك و پاش ڕازاندنەوەی دەیهێنن بۆ ماڵی زاوا یان ئەو ماڵەی کە تیایدەمێننەوە و بەمجۆرە پرۆسەی هاوسەرگیریەکە تەواو دەبێت.[4]

ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت هەندیك جۆری مارەکردن لەناو تورکمان نەبووە، وەك ژن بە ژن، گەورە بە بچوك، یان بە ژن دان.[5] بەشێوەیەکی گشتی، پرۆسەی هاوسەرگیری بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕی. سەرەتا ژنێك (یان زیاتر) سەردانی ماڵی کچەی دەکرد بۆ بینینی کچەکە، دواتر بەتایبەتی کەسێکیان بۆ داواکردنی کچە دەنارد، کە لێرەدا وادەی داواکردن دیاریدەکرا، قۆناغی سێیەم پێی دەوترا ڕۆژی نیشانەکردن تیایا مارەیی یەکلا دەکرایەوە. دوایین قۆناغ شیرینی

---

[1] خلیل اسماعیل العصافي، م.س، ص ١٣٢-١٣٤.

[2] عبداللطیف بندر اوغلو، الترکمان في العراق الثورة...، م.س، ص ٨٦.

[3] برهان یارالی، حتی لا ننسی اربیل، م.س، ص ٣٦.

[4] خلیل اسماعیل العصافي، م.س، ص ١٣٥.

[5] ئەحمەد سەید یەعقوب، س.پ، ل٩٥.

خواردنەوە بوو کە ئاهەنگی بۆ سازدەکرا.[1] بەمجۆرە هاوسەرگیری یەکێك لە کۆڵەکە گرنگەکانی پێکهێنەر و راگری کۆمەڵگای تورکمان پێکدەهێنێت و هەتاوەکو ئێستاش زۆر بە پیرۆزی تەماشای دەکرێت.

**سێیەم/ بۆنە و ئاهەنگەکانی تورکمان:**

بۆنەکان بەشێك لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی تورکمان پێکدەهێنن. زۆرینەی زۆریی تورکمان موسوڵمانن، و دابەشبوون بۆ شیعە و سوننە، لەبەرئەوە بەشێکی بەرچاو لە بۆنەکانیان ئایینین. بۆنە ئایینیەکانیان هەمان جەژنەکانی ئاینی ئیسلامە. لە ئاینی ئسلامدا دوو جەژنی ئاینی هەیە بەناوەکانی جەژنی رەمەزان و جەژنی قوربان. سالأنە ئەو جەژنانە لای تورکمان یادی دەکرێتەوە، هەروەها بۆنەیەکی تریان هەیە ئەویش بریتیە لە یادی مەولود. کە ئاهەنگی سرودو گۆرانی تایبەتە بە لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د.خ). لەسەرجەم ناوچەکانی نیشتەجێبوونی تورکمان هەمان ئەو جەژنانە بەڕێوەدەچن. لە کاتی مانگی رەمەزان و بە نزیکەیی هەفتەیەك بەر لە رۆژی جەژن، خێزانەکان هەڵدەستن بە ئامادەکاری بۆ جەژن، وەك کڕینی گوێز و کەرەسەی تایبەت بە دروستکردنی پاقلاوە و شیرینی جۆراو جۆر لە یەکەم رۆژی جەژن. تەنانەت ژمارەیەك لە خانمان وەك ئامادەکاری بۆ جەژن، شەوی جەژن خەنەیان دەگرتە سەریان.[2] لە رۆژی یەکەمی جەژندا خەڵکی جلوبەرگی تایبەت دەپۆشن و سەردانیماڵی دراوسێ و خزمان دەکەن بۆ جەژنە پیرۆزە، هەروەها سەردانی ئەو ماڵانەش دەکرێت کە تازیە بارن، و تەنانەت سەردانی گۆڕی مردووانیش دەکەن.[3] هەروەها لە رۆژانی جەژندا سەردانی مەزارگەکان ئەنجامدەدرێت، بۆ نمونە تورکمانەکانی قزلرەبات لە رۆژانی جەژنی رەمەزان و قورباندا سەردانی مەزارگەیەك دەکەن کە پێیان وایە مەزارگەی ئیسماعیل پێغەمبەرە.[4] هەروەها لە توزخورماتوو، لە رۆژی دووەمدا سەردانی ناوچەی

---

[1] برهان يارالى، حتى لا ننسى اربيل، م.س، ص ٣٢-٣٥.

[2] خليل سليمان العصافي، م.س، ص ١١٩-١٢٠.

[3] زاهد جهاد البياتي، كيف يحتفل بالعيد في طوزخورماتو، الاخاء، ع ٥، بغداد، ١٩٧٤، ص٨.

[4] احمد قوشجى اوغلو، ناحية السعدية (قزلرباط)، الاخاء، ع ٩و ١٠، بغداد، ١٩٧١، ص ٦.

**مەزارگەی ئیمام ئەحمەد لە رۆژئاوای شار دەکرێت، کە ئاهەنگی قەشەنگ و گەورە ساز دەکرێت بە گۆرانی هەڵپەرکێی تورکمانی دەرازێنرێتەوە.[١]**

**شیعە تورکمانەکان، بەتایبەتی ئەوانەی دوزخورماتو و کەرکوك، بۆنەی تایبەتیان هەیە وەك رۆژی غەدیر، کە یەکێکە لە جەژنەکانیان. هەروەها یادکردنەوەی کوژرانی عەلی کوڕی ئەبی تالیب لە ٢١ی رەمەزان و یادی لەدایکبوونی مەهدی، دوایین ئیمامی شیعە، لە پازدەی شەعبانی هەموو ساڵێکدا کە سەردانی شاری کەربەلا دەکەن. لەوەش زیاتر، زیندووکردنەوەی یادی کوشتنی حوسەینی کوری عەلی کە بە عاشورا ناسراوە و بۆ ماوەی دە رۆژ بەردەوام دەبێت. لەم بۆنەیەدا سەرجەم بەشداربووان جلوبەرگی رەش دەپۆشن و لە خۆیان دەدەن، وەك دەربڕینی سۆز و خۆشەویستییان بۆ حوسەینی کوری عەلی کە پێشەوای گەورەی شیعەکانە.[٢]**

**ژنانیش لە یادی عاشورادا بەشدار دەبن. لە بەرەبەیانی رۆژی ١٠ی مانگی موحەرەمدا کەژاوەی تایبەت بە ژنان رێکدەخرێت و تەنانەت لە ماڵەکانیشدا ژنان کۆدەبنەوە و سروودی لاواندنەوەی بۆنەکە دەخوێنن و لەخۆیان دەدەن. ئەم بۆنە ئاینیە تایبەت نیە بە تورکمان، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەوانیش لە ئاینزای شیعەن، لەبەرئەوە لە هەمان یادکردنەوەی شیعەکانی تری عێراق بەشدار دەبن.[٣]**

**تورکمانە شیعەکان، هاوشێوەی تورکمانە سونەکان، یادی مەولودیان دەکردەوە. لە یادەکەدا سرود و ووتاری ئاینیان دەربارەی پێغەمبەری ئیسلام پێشکەش دەکرد.[٤] لە هەولێر زۆر گرنگی دراوە بە یادی مەولود و تورکمانەکانیش بە جدی بەشداری ئەم یادکردنەوەیە دەبن. تەنانەت یەکەمین کەس کە لە شارەکە یادی مەولودی داهێناوە موزەفەرەدین کۆکبریە، کە کەسایەتیەکی تورکمان و حاکمی**

---

**[١] زاهد جهاد البیاتی، م.س، ص ٨.**

**[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نەجات حسین حەسەن عەلی، لە ساڵی ١٩٦١ لە کەرکوك لە دایکبووە و لە ئاینزای شیعەیە. ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك هەتاوەکو ئێستا. کەرکوك، (٢٠١٩/٨/٢٦)**

**[٣] سرمد جاسم محمد، الترکمان في طوزخورماتوو دراسة انثروبولوجیة، السیاسات و الاثنیات في العراق، تح. سعد سلوم، بغداد، ٢٠١٤، ص ٤٣٣-٤٣٥.**

**[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ نەجات حسین.**

هەولێر بووە.[1] بۆ نمونە لە تەلەعفەر تورکمانەکان بەزۆری یادی مەولود بەرزرادەگرن، بەجۆرێك وەك بەشێك لە کلتوری کۆمەڵگاکە دەبینرێت. ئەوەی جێگای سەرنجە یادی مەولود، یان بۆنەی مەولود، کە خۆی لە بنەرەتدا بۆ یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ لە ١٢ی رەبیعی یەکەمی هەموو ساڵێکدا بەرێوەدەچێت، بەڵام لە تەلەعفەر سەرەرای ئەو بەرواره، لە کاتی جیاوازتریشدا مەولود دەخوێنرێتەوە. لە مانگی رەمەزاندا زۆرێك لە هاوڵاتیانی ناو تەلەعفەر مەولود رێکدەخەن و خەڵك بانگهێشت دەکەن و خواردن پێشکەشدەکەن. لەوەش زیاتر، بە بۆنەی هاتنەوەی کەسێکیان لە حەجی ماڵی خودا لە مەککە، مەولود رێکدەخرێت.[2]

سەرەڕای بۆنە ئایینیەکان، لەناو تورکماندا ژمارەیەك ئاهەنگی کلتوری تایبەت بەدی دەکرێت، کە بەشێك لە پێکهاتی کۆمەڵایەتی تورکمان دەنەخشێنن. لەو بۆنانە وەك ئاهەنگی سونەتکردن (ختان)، ئاهەنگی ئەکلەنجە. هەروەها ژمارەیەك یاری کلتوری کە لە بۆنەکاندا ئەنجامدەدرێن، وەك سینی زەرف.

سونەتکردن، کە زیاتر لەناو کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا ئەنجامدەدرێت، بابەتێکە تارادەیەکی زۆر لەناو رۆژهەڵاتدا باوە و میلەتانی وڵاتانی موسوڵمان بۆ کوڕ ئەنجامی دەدەن. لە کۆمەڵگای تورکماندا لە کاتی ئەنجامدانی خەتەنەکردنەکەدا، ئاهەنگی تایبەتی بۆ سازدەکرێت. لە ئاهەنگەکەدا مەولود دەخوێندرێتەوە و گۆرانی تایبەت بە و بۆنەیەوە دەوترێتەوە. تەنانەت ئەو خێزانەی منداڵە کوڕەکەیان سونەت دەکەن، ژمارەیەکی بەرچاو لە خزم و کەس و کار و ناسیاوو و هەروەها دراوسێکانیش بانگهێشت دەکەن.[3] خواردنی زۆر دروستدەکرێت بۆ ئامادەبوان زۆرجاریش بۆ ماڵان و هاوسێکان دەنێردرێت. هەندێك جار لە کاتی خەتەنەکردندا، ئەگەر منداڵی ماڵی هەژار و کەمدەست لە دراوسێکان هەبێت، بانگهێشت دەکرێن و پرۆسەی خەتەنەکردنەکە بۆ ئەوانیش بەهەمان شێوە بەرێوەدەبرێت. منداڵەکان دشداشەی سپییان لەبەردەکرێت و لەکاتی ئەنجامدانی خەتەنەکردنەکەدا بە تەپڵ و مۆسیقا کەشێکی لەبار و گونجاو بۆ منداڵەکان دەخوڵقێنن بۆ ئەوەی تارادەیەك

[1] ئارسن موسا رەشید، ئاهەنگی مەولودی پێغەمبەر، ئینسکلوپیدیای هەولێر (ئەربیل): شارستانی-کۆمەڵایەتی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٤٧٨-٢٤٨٠

[2] علي ابراهيم التلعفري، المناقب النبوية في تلعفر، الاخاء، ع ٧و ٨، بغداد، ١٩٧٦، ص ٤.

[3] برهان يارالي، قلعة اربيل ....، م.س، ص٢٠.

کەمتر هەست بە ئازاری خەتەنەکردن بکەن. پاشان لە لایەن بانگهێشتکراوانەوە دیاری تایبەت پێشکەش بە منداڵەکان دەکرێت.[١]

یەکێك لەو ئاهەنگانەی کە تایبەتە بە تورکمان لە باشوری کوردستان بریتیە لە ئاهەنگی ئەکلەنجە. لەکاتی ئەنجامدانی بۆنەکانی خۆشی دەربڕین لە ناو خێزانە تورکمانەکاندا بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە لە ئاهەنگ ئەنجامدەدرێت. ئەکلەنجە دەتوانرێت وەك جۆرێکی تایبەتی هەڵپەرکێ یان سەماکردن ئەژماربکرێت. ئەکلەنجە سەمایەکی تاکە، واتە بە یەك کەس دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، چەند کەسێك پێکەوە ئەتوانن ئەم سەمایە ئەنجامبدەن، بەڵام بە بێ ئەوەی لەنێو خۆیاندا دەستی یەکتری بگرن.[٢] بەپێچەوانەوە، هەڵپەرکێی کوردی بەشێوەیەکی گشتی سەمایەکی دەستەجەمعیە کۆمەڵێك کەس دەستدەگرن و هەڵدەپەڕن، بەڵام ئەکلەنجە بە تەنها ئەنجامدەدرێت. هەروەها ئەوانەی ئەم جۆرە سەمایە ئەنجامدەدەن، دوو دوو یان زیاتر بەرامبەر بەیەك نواندنەکە ئەنجامدەدە، بەشێوەیەك کە بەهیچ شێوەیەك پێکەوە دەستناگرن. ئەکلەنجە زیاتر لە نێوان کوڕان و پیاواندا ئەنجامدەدرێت. لە ناو تورکمانی باشوری کوردستاندا، ئەم سەمایە بە تێکەڵ لەنێوان کوران و کچاندا ئەنجامنادرێت، بە پێچەوانەی هەڵپەڕکێی کوردی، کە زیاتر لەنێوان هەردوو رەگەزدا و بە تێکەڵی بەڕێوە دەچێت. لە زۆربەی بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەکلەنجە ئەنجامدەدرێت وەك ئاهەنگەکانی هاوسەرگیری.[٣] ئەم جۆرە لە سەماکردن هەمیشە گۆرانی ووتنی لەگەڵدایە و بە بێ گۆرانی ئەنجامنادرێت و لە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە تورکمان تیایا نیشتەجێن وەك هەولێر و کەرکوك ئەکلەنجە بە گۆرانیەوە بەرێوەدەچێت.[٤]

لە میانەی بەرێوەچوونی بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا، تورکمانەکان ژمارەیەك یاری کلتوری ئەنجام دەدەن. هەرچەندە ئەم یاریانە بە شێوەی تر لەناو کوردیشدا باون، بەڵام تورکمانەکانیش ئەو یاریانە ئەنجامدەدەن. لە نمونەی یاریەکانیش وەك سینی

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەید عیسا.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەفین ئەحمەد سابیر کورەچی.

[٣] یلماز شکور بك اوغلو، من العادات و التقالید الترکمانیة الزواج، مجلة الفنار، ع ٧٩، (حوزیران ٢٠١٣)، ص١٤.

[٤] زید محمود علی، مقتطفات من الواقع الاربیلي:
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=225336&r=0(9/7/2019)

زەرف، ئەم یاریە لەناو تورکمانەکاندا بەشێوەیەکی گشتی زۆر باوە. سینی زەرف لە ناو تورکمانی هەولێر و کەرکوک بەشێوەیەکی بەرچاو بەربڵاوە. لە زۆرێك لە بۆنەکاندا ئەم یاریە ئەنجامدەدرێت، بەتایبەتی لە شەوانی رەمەزاندا. یاریەکە وەك زۆرێك لە یاریەکانی تری کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات تەنها لەناو پیاواندا ئەنجامدەدرێت. ئەنجامدانی یاریەکە نزیکە لە یاری کلاوێنی کوردیەوە. یاریەکە زیاتر لەنێوان دوو گروپدا دەکرێت، یەکێکیان زارەکە دەشارێتەوە و گروپەکەی هەولدەدات بیدۆزێتەوە. سینیەك دادەنرێت و لەسەر سینیەکە یازدە فنجانی رەنگ زەرد دادەنرێن، زارەکە لەلایەن گروپێکیانەوە لەناو یەکێك لە فنجانەکان دەشاردرێتەوە و پێویستە لەسەر گروپەکەی دی بەدوایدابگەرێت هەتاوەکو دەیدۆزێتەوە، ئەو لایەنەشی زارەکەی دۆزیەوە بە براوە دادەنرێت.[1]

ئەوەی گرنگە ئامازەی بۆ بکرێت یاری سینی زەرف لەناو کوردیشدا باوە، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی نزیکایەتیان هەیە لەگەڵ تورکمان وەك هەولێر و کۆیە. شێخ رەزای تاڵەبانی شیعرێکی لەوبارەوە ووتوە. لە شیعرەکەدا کە ناوی "لە وەختی زەرفێندا"یە، هەرچەندە بابەتی هەجوە و بە زمانی تایبەتی شاعیر دەربڕدراوە، بەڵام باسی ئەو یاریە دەکات و بە زەرفێن ناوی هێناوە. شێخ رەزا لە شیعرەکەیدا دەڵێت:

ئەی مەلا قەت تۆ لە زەرفێندا وەها خێرا نەبووی

یا لە حیزی بەختی من یا مۆرەکەت مووی پێوە بوو[2]

ئەم بەیتە ژمارەیەك مانا هەڵئەگرێت، بەڵام ئەوەی مەبەستە مانای ئەوەش دەگەیەنێت کە شێخ رەزا لە یاریەکەدا دۆڕاوە و پێی وایە مەلا بۆیە یاریەکەی بردۆتەوە، چونکە مووی بە مورووەکەوە (زار) کردووە بۆ ئەوەی لەژێر فنجانەکەوە دیاربێت و بەو هۆیەوە شێخ یاریەکەی دۆڕاندووە.[3]

ئەو بابەتەی کەوا لە زۆربەی بۆنە ئاینی و کلتوریەکانی تورکماندا گرنگی پێدەدرێت جۆری ئەو خواردنانەیە کە پێشکەش بە بەشدارانی بۆنەکان دەکرێت. خواردنی

---

[1] عێراق... یاری سینی و زەرف تایبەت بە رەمەزان: https://www.aa.com.tr/ks/ (6/8/2019)

[2] شێخ رەزای تاڵەبانی، دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، ك. شێخ محەمەدی خاڵ، چ١، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٨٢.

[3] http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=74660&Jor=5(10/8/2019)

**تورکمانی یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی شوناسی کۆمەڵایەتی تورکمان لە باشوری کوردستان، هەرچەندە تارادەیەك بە هۆی تێکەڵی کورد و تورکمان، خواردنەکانیشیان تێکەڵن و ئەو خواردنەی تورکمان بەکاری دەهێنێت زۆربەشیان بە هەمان شێوە کوردیش بەکاریان دەهێنێت، بەڵام لەناو تورکماندا جۆری جیاوازی تایبەت لە خواردن دەبینرێت.**

**حەلوای مردوو یەکێکە لەو خواردنانەی لای تورکمان بەکاردەهێنرێت. لەکاتی بۆنەی تازیەدا ئەم حەلوایە دروستدەکرێت و بەسەر ئامادەبواندا دابەشدەکرێت و تورکمان پێی دەڵێن ئولو حەلواسی، واتە حەلوای مردووان. جۆرێکی تری خواردەمەنی بریتیە لە شیوی حالم، ئەم خواردنە تەنها لە بۆنەی عاشورادا دروستدەکرێت. بەڵام لەناو زۆرێك لە تورکمانەکان کە ئەگەر سەر بە ئایینزای شیعەش نەبن هەر دروستدەکرێت. ئەم شیوە پێك دێت لە تێکەڵکردنی حەوت جۆر پاقلەمەنی وەك نۆك و فاسۆلیا و پاقلە و ئەو بابەتانە.**[1]

**عوروق شیوێکی تری تورکمانەکانە کە لەزۆرێك لە ماڵە تورکەمانەکان ئامادەی دەکەن. وەك جۆرێك لە شلە ئامادەدەکرێت. ئەم خواردنە برۆشت و گۆشتی کولاّ و لە پێکهاتە سەرەکیەکانیەتی و بەپێی خواست و پێویستی و حەزو ئارەزووی ئاشپەزەکە بەهارات و تامی تایبەتی تێدەکرێت.**[2] **عوروق لەناو هەولێریەکاندا زۆرباوبوە و خێزانەکان لە زۆرێك لە بۆنەکاندا دروستیان کردوە و تەنانەت بێ بۆنەیەکی دیاریکراویش زۆرجار ئامادەکراوە.**[3]

**دۆڵمە (بە تورکمانی بە مانای پڕکردنەوە دێت) بەربڵاوترین خواردنی تورکمانیە و بەتایبەتی لە کەرکوك و هەولێر بە زۆری خێزانە تورکمانەکان دروستی دەکەن و لە بۆنەکاندا پێشکەشی دەکەن. پێکهاتەی خواردنەکە بریتیە لە گەڵای سلق، یان هەندێك جار گەڵای دارمێو بەتایبەتی لەناو کورد، برنج، ماست، گۆشتی قیمەکراو و یان پەراسوو،**[4] **هەندێك جاریش گۆشتی مریشك بەکاردێت. برنج و گۆشتە قیمەکراوەکە لەگەڵ بەهارات پێکەوە لە گەڵای سلق دەپێچرێنەوە، هەروەها کولەکە و**

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ یەشار ئاڵتی بەرماخ.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەفین ئەحمەد سابیر کورەچی.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەید عیسا سەید سەلیم.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەفین ئەحمەد سابیر کورەچی.

تەماتەش هەڵدەکۆڵرێن و ناوەکەیان پڕدەکرێت لە برنج و گۆشتەکە و پێکەوە دەخرێنە سەر ئاگر و ئامادەدەکرێن، کە تام و چێژێکی تایبەتی لای تورکمانەکان هەیە. پاش ئامادەکردنی، هەموو دۆڵمەکە دەخرێتە سەر یەك سینی گەورە و لەسەر سفرە لەبەردەم ئامادەبووواندا دادەنرێت.[1] ناوێکی تری دۆڵمە کە زۆرجار بەکاردێت بریتیە لە یاپراخ، ئەم ووشەیە لە زمانی تورکمانیدا بە مانای گەلا دێت. یاپراخ تەنها بە گەلای سلق دروستدەکرێت و زۆربەی جار هەمان پێکهاتەی دۆڵمەی بۆ بەکاردێت.[2]

جگە لە دۆڵمە ژمارەیەك خواردنی تر لە لایەن تورکمانەکانەوە ئامادەدەکرێت. کفتە یەکێکی ترە لە خواردنەکانیان، پێکهاتەکەی زیاتر لە گۆشت و پیاز و بیبەر و دۆشاوی تەماتە و هەندێك جاریش پاقلەی تیادا بەکاردەهێنرێت. برویش یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکیەکانی ئەم خواردنە، گۆشتەکە بە قیمەکراوی ئامادەدەکرێت و پاش ئەوەی لە برویشەکە هەویر دروستدەکرێت، گۆشت و پێکهاتەکانی تری لەناو دەخرێت و پاشان دەخرێتە ناو گیراوەی ئاوو دۆشاوی تەماتەکە و بەپێی پێویست و خواستی چێشتلێنەرەکە بەهارات و تامی تێدەکرێت و بەو شێوەیە بۆ خواردن ئامادەدەکرێت.[3] تورکمانەکان خواردن لە جۆری پلاو دروستدەکەن. پەردە پلاو، سوزمە پلاو، لەگەڵ بورغل پلاو لەو جۆرانەی پلاون کە زۆر بەربلاون لەناو تورکمانەکان.[4] پلاو ئامادەکردنی برنجە لەناو نان، بەجۆرێك نانەکە چەور دەکرێت و دەخرێتە ناو دەفرێکی قووڵ، پاشان برنجە کولاوەکەی تێدەکرێت و بۆ ماوەیەك بەپێی پێویست دەخرێتە ناو فرنێك، دواتر پێشکەش دەکرێت. ئەم خواردنە زۆر لەناو کورددا باوە و زۆرینەی خێزانی کورد ئامادەی دەکەن، بەڵام بە هەمان ناویش تورکمانەکان دروستی دەکەن. جۆری پلاوەکان پشت دەبەستێت بە جۆری پێکهاتەی ناو پلاوەکە، بۆ نمونە پەردە پلاو بەربلاوترین جۆری پلاوە مادەکانی پێکدێن لە

---

[1] جمهور کرکوکلی، الدولمة الاكلة و الموروث: (9/10/2019) https://afkarhura.com/?p=15146

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئازاد ئەکرەم بەهرام محمد، ناسراو بە ئازاد کورەچی. لەدایکبووی هەلێر ساڵی ١٩٥٩، لە ساڵی ١٩٧٧ لە یانەی برایەتی تورکمانی هەولێر لە بەشی کلتوری کاری کردووە. ٢٠٢٠/٦/١١. لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەفین ئەحمەد سابیر کورەچی.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئازاد کورەچی.

برنج و پەتاتە و بەزالیا و زەیت و بادەم و شیعریە و تامەکان بە پێی پێویست لەگەڵ بەهارات بە پێی خواست.[١]

## چوارەم/ شیعر و قۆریات لە کۆمەڵگای تورکمانیدا:

یەکێك لە کۆڵەکە گرنگەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت نەتەوایەتی تورکمان بریتیە لە شیعر. شیعر لە سەردەمێکی دیاریکراودا دەلاقەیەکی گرنگی دنیابینی و گوزارشت بووە لە ناخی تورکمان. شیعر نووسین تایبەتمەندیەکی زۆربەی هاوڵاتیانی تورکمانە. هۆنەرانی تورکمان شیعرەکانیان بە شێوەی جیاجیا دەهۆننەوە، ئەمە جگە لە جۆرە جیاوازەکانی تری شیعر لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم.

شیعری شێوەی گۆرانی لە زۆربەی بۆنەکانی تورکماندا دەوترێنەوە. شیعری گۆرانی بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە هەشت بابەتی شیعریدا دەبینێتەوە کە بریتین لە گۆرانی وەرزەکانی ساڵ کە بۆ هەر چوار وەرزەکەی ساڵ دەوترێت، پاڵەوانی، خۆشەویستی، لاواندنەوە، لەدایکبوون و خەتەنە کردن، ئاهەنگی هاوسەرگیری، منداڵان، لەگەڵ گەنجان.[٢] هەرچەندە دەرکەوتنی شیعری تورکمانی لە عێراق مێژوویەکی دێرینی هەیە،[٣] بەڵام ئەم جۆرە لە نووسینی شیعر بە شێوەیەکی بەرفراوان پاش شەستەکانی سەدەی بیست برەوی پەیداکرد.[٤]

شیعری ئاینیش تارادەیەك لە ناو تورکماندا هۆنراوەتەوە. شاعیرانی تورکمانی لە ئاینزای شیعە لەو جۆرە لە شیعریان هۆنیوەتەوە. مەلا یاسین کوڕی مەلا مەحمود (١٩١٩-١٩٧٥)، لە دایکبووی گوندی بەشیر، یەکێك لە شاعیرە ئاینیەکانی تورکمانی

---

[1] http://westganews.net/style/dreja.aspx?=hewal&jmara=3693&jor=8 (5/10/2019)

[٢] محمد مردان، اغاني و طقوس التركمان، مكتب اوجي للخدمات الطباعية، كركوك، ٢٠٠٤، ص٩.

[٣] عباس العزاوي، تاريخ الادب التركي في العراق، ت. نجات كوثر اوغلو، شركة فضولي للطباعة و النشر، كركوك، ٢٠١٢، ص ١٦٧-١٧٠.

[٤] محمد مردان، تيار الشعر الشعبي التركماني، جمهورية العراق/ وزارة الثقافة، كركوك، ٢٠١٠، ص ٧.

شیعە مەزهەب دەژمێردرێت. بۆنە ئاینیەکانی شیعە و لاواندنەوەی ئالوبەیت پیاهەڵدانی شیعری بۆیان، لە نمونەی شیعرە ئاینیەکانی مەلا یاسین دادەنرێن.[١]

جۆرێکی تری شیعر لای تورکمان شیعری نیشتمانپەروەریە، ژمارەیەکی بەرچاو لە شاعیرانی تورکمانی تایپی نیشتمانی لە شیعرەکانیاندا رەنگیداوەتەوە. رەشید عاکیف هورمزی (١٨٩٦-١٩٧٣[٢])، حەسەن نەجەفی (١٩٢٧- )، محەمەد عیزەت خەتات (١٩٢٩-١٩٩١).[٣] نمونەی شیعرەکانیان دەربڕینی وەفاو پەیوەستەگیە بۆ نیشتمانەکەیان. ئامادەکاری بۆ فیداکاری و قوربانیدان لەو بابەتانەن کە ناوبراوان شیعریان بۆ نوسیوە.[٤] بۆ نمونە محمد عزەت خەتات لە هۆنراوەیەکی بەناوی "سرودی نیشتمان"دا دەڵێت:

عراقیون نحن ... دیارنا کرکوك

مسلمون نحن ... ترکمانیة لغتان

للاخرین لا نهب وطننا هذا...

ذهباً تتدفق ینابیعنا...[٥]

بەهەمان شێوە موستەفا کوك قایا شیعری نیشتمانی نوسیوە. هەروەك لە یەکێك لە بەیتە شیعریەکانیدا هاتووە:

عراقیو نحن .. عراقیون، نقاوم کل نکبة..

نقهر الظالمین .. ننصر المظلومین

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمود اسماعیل جخماخجی، الشاعر الترکماني الکبیر ملا یاسین ابن ملا محمود ١٩١٩-١٩٧٥، بارش، ع ٢٣، اربیل، ٢٠٠٣، ص ٧٤-٧٥.

[٢] بروانە: صباح عبدالله کرکوکلی، موسوعە...، م.س، ص ١٩٢-١٩٣.

[٣] وحید الدین بهاء الدین، الوطنیة في الشعر الترکماني، بارش، ع ١٣، اربیل، ٢٠٠٣، ص ٥٦-٥٧.

[٤] شەمسەدین عومەر، نیشتمانپەروەری لە شیعری تورکمانیدا، بارش، ژ٢٣، اربیل، ٢٠٠٥، ل ١٠٨-١٠٩.

[٥] بە وەرگرتن لە: وحید الدین بهاالدین، الوطنیة في الشعر الترکماني المعاصر، الاخاء، ع٣، بغداد، (اتموز ١٩٦١)، ص ٨-٩.

وطننا اعز علیان من الروح..

طرحنا عن کواهلنا الهموم..

ترکمان العراق .. یاالهی، ترکمان العراق..[١]

له هه‌مان جۆری شیعر، شاعیرانی تورکمان له‌ناو هه‌ولێریش به‌دی ده‌کرێن. ژماره‌یه‌ك شاعیری تورکمان شیعری نیشتمانییان هۆنیوه‌ته‌وه. به‌تایبه‌تی بۆ شاری هه‌ولێر و له خۆشه‌ویستی زێد و خاکی باووباپیرانیان نوسیویانه. حوسام حه‌سره‌ت یه‌کێکه له شاعیرانی تورکمانی هه‌ولێر که له‌و جۆره له شیعر نووسین سه‌رقاڵی کردووه.[٢] ژماره‌یه‌ك به‌رهه‌می له‌وباره‌وه هه‌یه، له‌وانه "اربیل بوکه‌تی- چه‌پکه گوڵی هه‌ولێر" که ژماره‌یه‌ك له شیعره‌کانی خۆیی ده‌رباره‌ی هه‌ولێر و پیاهه‌ڵدان به‌سه‌ر هه‌ولێر تیادا نوسیوه. هه‌روه‌ها ژماره‌یه‌ك له‌و شاعیرانه‌ی هه‌ولێریش که ده‌رباره‌ی هه‌مان بابه‌ت شیعریان نوسیوه وه‌ك نه‌سرین ئه‌ربیل (١٩٢٩)، ئه‌سعه‌د ئه‌ربیل (١٩٥١)[٣]، بورهان یارالی (١٩٤٧).[٤]

شیعری میللی یه‌کێکه له‌و جۆرانه‌ی شیعر که له لایه‌ن شاعیرانی تورکمانه‌وه به‌سته‌ی بۆ نوسراوه. شیعری میللی گرنگی به بابه‌ته‌کانی داستان و چیرۆك و هه‌روه‌ها بابه‌ته‌کانی وه‌ك عیشق و خۆشه‌ویستی ده‌دات.[٥] موسته‌فا کوك قایا (له دایکبوی که‌رکوك ١٩١٠-١٩٨٣)، ناصح بازرگان (له دایکبوی که‌رکوك ١٩٢٧-١٩٩٠)، ره‌شید عه‌لی داقوقلی (١٩١٨-١٩٧٢)[٦] له نمونه‌ی ئه‌و شاعیرانه‌ن که ئه‌مجۆره شیعره‌یان نوسیوه.[٧] محمد مه‌ردان له په‌رتوکه‌که‌یدا ناو و به‌رهه‌می سیازده شاعیری تورکمانی له‌و بواره‌دا باسکردووه. وه‌ك ده‌رده‌که‌وێت به‌شێکی به‌رچاوی

---

[١] وحید الدین بهاالدین، الوطنیة الجامحة، الاخاء، ع٥، بغداد، (١ ایلول ١٩٦١)، ص ٦-٧.

[2] S. Kuzeci, Ibid, pp. 82-86.

[٣] ده‌رباره‌ی ژیان و نمونه‌ی شیعرییان بڕوانه: عه‌تا ته‌رزی باشی، شاعیرانی هه‌ولێر، ئه‌سته‌نبول، ٢٠٠٧. (به تورکی)

[٤] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه: حسام حسرت، اربیل بوکه‌تی، اربیل، ٢٠١٢.

[٥] محمد مردان، تیار الشعر الشعبي...، م.س، ص ٨-١٢.

[٦] ن.م، ص ١٨٤-٢٣١.

[٧] ابراهیم الداقوقي، اتجاهات الشعر الترکماني المعاصر، ع١، بغداد، ١٩٦٢، ص ٢.

شاعیرانی تورکمانی گرنگییان به شیعری میللی داوه، بەتایبەتی وەك هۆکارێك بۆ پاراستنی بەشێك لە ناسنامەی کلتوری تورکمان.[١]

قۆریاتیش بە یەکێك لە جۆرەکانی شیعری میللی دادەنرێت زۆرینەی شیعرەکانی قۆریات کە لەناو کۆمەڵگای تورکمانیدا بەربڵاون، خاوەنەکانی نادیارن.[٢] قۆریات پەیوەندیەکی زۆری بە گۆرانی و مەقاماتەوە هەیە. دوو جۆری گرنگ لە قۆریات هەیە، یەکەمیان قۆریاتی جیناس و دووەمیان قۆریاتی چوارینە. لە نمونەی قۆریاتی جیناس:

کوزده وار

کباب وار کوزده وار

گوز وار عیبادەت اولو

کور اولماغا گوزده وار[٣]

واتە پشکۆش هەیە کەبابیش هەیە، پشکۆش هەیە، چاو هەیە دەپەرسترێت، چاوی وەهاش هەیە بۆ کوێر بوونە. جیناس لە دوو وشەی (کوز) و (گوز) هەیە.

لە نمونەی قۆریاتی چوارینە:

بو الما دورد اولایدی

گیولیمە درد اولایدی

بوینومو ووران جلاد

کشکە بیر مرد اولایدی

بەمانای خۆزگە ئەم سێوە چوار سێو بوایە، بە دەردی دڵم بوایە، ئەو جەلادەی لە ملم دەدا، خۆزگە مەردێك بوایە.[٤]

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد مردان، تیار الشعر الشعبي...، م.س. ص ٨-١٨.

[٢] عبداللطیف بندر اوغلو، الترکمان في العراق...، م.س، ص ١٠٩.

[٣] ئیسماعیل عەلی، قۆریات ناسنامەی تورکمانە، چ١، چاپخانەی دارا، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٩.

[٤] هـ.س، ل ١٨.

تورکمان له باشوری کوردستان به قۆریات بەناوبانگن. مێژووی سەرهەڵدانی قۆریات زۆر کۆنه، سەرەتاکانی بۆ هۆزی ئۆغۆزی تورکی له ناوەڕاستی ئاسیا دەگەڕێتەوە. پاشان بۆ ناوچەکانی ئەرزەرووم و ئەنازۆل کشاوه و لەو ڕێگەیەوە بۆ کەرکوك و هەولێر هاتووە.[1] قۆریات جۆرێکه له گۆرانی گووتنی تایبەت به تورکمان له شێوازی شیعری چوارینەی کورت.[2] قۆریات دوو مەفهوم لەخۆدەگرێت، یەکەمیان له ڕووی ئەدەبیەوە، دووەم له ڕووی دەربڕینەوە. له ڕووی ئەدەبیەوە، پێکهاتووه له چوارینەیەك. ئەم چوارینەیه دوو بەیته شیعر لەخۆ دەگرێت. دێری یەکەم و دووەم و چوارەم پێویسته قافیەی هەبێت. هەروەها لەڕووی دەربڕینەوه جۆرێکه له جۆرەکانی گۆرانی و زیاتر به مەقامەکانی عێراقی دەوترێتەوە.[3] عەباس عەزاوی دەڵێت: قۆریات وێژەی ڕاستەقینەی تورکمانه، جۆرێکی تایبەتی شیعری میللی تورکمانه. هیچ تورکمانێکی کەرکوك نابینیتەوه که چوارینەیەك یان زیاتری قۆریاتی لەبەرنەبێت.[4] زیاتر بەمەبەستی خۆشی و له بۆنه ئاهەنگ ئامێزەکاندا بەکاردێن. لەزۆربەی ئەوناوچانەی تورکمانی لێ نیشتەجێیه قۆریاتیش ناوبانگی هەیه و بەکاردێت.

بنەچەی ووشەی قۆریات ژمارەیەك تێڕوانین دەگرێته خۆی. خودی ووشەکه به چەند دەربڕینێك هاتووه لەوانه "موریات"، "خوریات"، قۆیرات" لەگەڵ "قۆریات" سەرجەم دەربڕینانه له بێژە و گۆرانیەکاتی تورکمانی عێراقیدا بەکار دێن. ناوی قۆریات ئەگونجێت له ناوی ناوچەی "قۆریه"وە هاتبێت که ئێستا گەڕەکێکه دەکەوێته ناو شاری کەرکوك،[5] هەرچەنده رایەکی تر پێچەوانەی ئەوە دەڵێت "گێڕانەوەی بنچینەی ووشەکه بۆ گەڕەکی قۆریه هیچ زانستی نیه.[6]

---

[1] https://ma3azef.com/%D8%A7%D9%84%D8%AE%D9%88%D8%B1%D9%8A%D8%A7%D8%AA/(11/8/2019)

[2] سمکۆ هەولێری، گەورە هونەرمەندەکانی تورکمان له شاری تەلەعفەردا، بارش، ژ ٢٣، اربیل، ٢٠٠٥، ل ١٢٢-١٢٥.

[3] عطا ترزی باشی، القوریات نشأته و تطوره، الاخاء، ع٥ ، بغداد، (١ ایلول ١٩٦٢)، ص٨-١١.

[4] عباس العزاوي، تاريخ الادب التركي في العراق، ط١، كركوك، ٢٠١٢، ص٤٤٥.

[5] توفيق التونجی، كركوكنامة ١٩٥٨-١٩٦٨، الطبعة الكترونية، ٢٠٠٦، ص٢٦٩.

[6] هاني صاحب حسن، الخوريات التركمانية محاولة لدراسة النقدية، الاخاء، ع ٧و٨، بغداد، ١٩٧٦، ص ٨.

**مانای قۆریات لە دوو ووشەی لێکدراوی "قورە" و "یاد" کە بەدوای یەکدا بە مانای ووشك و یادەوەری دێن، واتە یادەوەری ووشك و تراجیدی.[1] بەندەر ئۆغلۆ هەمان بۆچوونی هەیە و پێی وایە کە "قورو یاد" کە بە مانای یاداوەری ئازاربەخش دێت، نزیکترینە لە مانای قۆریاتەوە.[2] ئەم تێڕوانینە بۆ ووشەی قۆریات نزیکە لە تەواوی مانای هونەرەکەوە لەبەرئەوەی تارادەیەك لەگەڵ ناوەرۆکی مەبەستی گۆرانیەکانیدا دەگونجێت.**

**سەرەرای ئەو تێروانینەی سەرەوە، ژمارەیەك بۆچوونی تری جیاواز دەربارەی قۆریات هەیە وەك: ووشەی قۆریات لە بنەرەتدا لە ووشەی "خۆڕی" تورکمانیەوە هاتووە کە بە واتای بەرەڵلاَ دێت، ئەم تێڕوانینە هیجری دەدەی شاعیری کەرکوکی بەکاریهێناوە. لەوەش زیاتر، دەکرێت لە ووشەی "خۆریات"ەوە هاتبێت کە لە بنەرەتدا بە مانای دەشتایی و نزمایی دێت.[3] عەتا تەرزی باشی پێی وایە کە ووشەکە "خوەیراتە"ە نەك "خۆریات". بەڵام باوترین گۆکردن خۆریاتە، دەربڕینەکانی تر زۆر بە کەمی بەکارهاتوون.[4]**

**سەرەڕای ئەوەی کە قۆریات تایبەتە بە تورکمان، لەناو تورکمانیش زیاتر لای هۆزی بەیات بەربڵاو بووە و پاشان بۆ ناوچەکانی تر گوزراوەتەوە. جگە لە تورکمانی کوردستان، ئەم هونەرە لە ئازەربیجانیش بەربڵاوە، بەڵام بەناوێکی جیاوازتر. ئازەربیجانیەکان پێی دەڵێت "بەیاتلەر"، تورکمانەکان پێیان وایە کە ئەو ناولێنانەی بۆ قۆریات لە ئازەربیجان دانراوە، لەناوی هۆزی بەیاتەوە وەرگیرابێت.[5] سەبارەت بە شوێنی سەرهەڵدانی ئەم هونەرە دیسان بۆچوونی جیاواز هەیە. بەندەر ئۆغلۆ پێی وایە کە شاری کەرکوك شوێنی سەرهەڵدانی ئەم هونەرە نیە، بۆ نمونە فزولی بەغدادی کە لە کەرکوك نەبووە خۆریاتی نوسیوە.[6]**

---

[1] **ئیسماعیل علی، قۆریات ناسنامەی تورکمانە...، س.پ، ل٣٣.**

[2] **عبداللطیف بندر اوغلو، الترکمان في العراق...، م.س، ص ١١٢-١١٣.**

[3] **ئیسماعیل علی، قۆریات ناسنامەی تورکمانە...، س.پ، ل٣٤-٣٥.**

[4] **وەرگیراوە لە: هاني صاحب حسن، م.س، ص٨-٩.**

[5] **محمد بیات اوغلو، وراء کل خوریات قصة، الاخاء، ع ٨و٩، بغداد، ١٩٧٥، ص١٤.**

[6] **عبداللطیف بندر اوغلو، الترکمان في العراق...، م.س، ص ١١٣.**

سەدەی بیست بەشێوەیکی گشتی و بەتایبەتی پاش پەنجاکانی ئەو سەدەیە، قۆریات بەشێوەیەکی بەرچاو لەناو کۆمەڵگای تورکمانی گرنگی پێدراوە. ساڵی ١٩٥٠ محەمەد حەبیب ژمارەیەك لە قۆریاتەکانی کەرکوکی لە پەرتوکێك چاپکرد بەناوی "گۆرانی و قۆریاتی کەرکوك". بەهەمان شێوە عوسمان مەزلوم هەمان کاری ئەنجامدا.[١] هەروەها نوسەری تورکمانی مەلا سابر لە سێ بەرگدا قۆریاتەکانی کەرکوکی چاپ کردووە بەناوی "هەڵبژاردەی قۆریاتی کەرکوك".[٢] گرنگترین کارێك لەو سەردەمە لەو بوارەدا ئەنجامدرابێت نووسینەکەی عەتا تەرزی باشیە بەناوی "کرکوك خویراتلاری و ماعنیلری" لە سێ بەرگدا لەساڵی ١٩٥٦ چاپ و بلاْوی کردەوە.[٣]

زۆرینەی شیعرەکانی قۆریات موڵکی کۆمەڵگای تورکمانین بەو مانایەی بەشێك لە فۆلکلۆری تورکمان پێکدێنن و دەماودەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستراونەتەوە.[٤] چوارینەی قۆریات بە زۆربەی مەبەستە شیعریەکان نوسراوە وەك غەزەل و داشۆرین و لاواندنەوە و هەروەها پیاهەڵدان.[٥] لە شاری کەرکوك ژمارەیەکی بەرچاو لە گۆرانیبێژانی قۆریات بەدی دەکرێن. رەشید کولە رەزا لە گەرەکی چای لە کەرکوك ژیاوە. زۆرترینی قۆریاتەکانی لەبەربووە و لە بۆنە و ئاهەنگەکان و تەنانەت لە کۆتاییەکانی تەمەنیشیدا لە بۆنە ئاینیەکاندا قۆریاتی ووتوە. لەساڵی ١٩٧٤ کۆچی دوایی کردوە. عەبدولواحید کوزەچی یەکێك لە قۆریاتبێژانی کەرکوك بووە. لە ساڵی ١٩٦٨ لە بەشی تورکمانی ئێزگەی بەغداد کاری کردووە.[٦] ناوبراو لە تورکیاش ناوبانگی هەبووە. تەنانەت پەرتوکێکی دەربارەی ژیان و قۆریاتەکانی خۆی لەژێر ناونیشانی "قۆریات و گۆرانیەکانی کوزەچی ئۆغلۆ" نوسیوە.[٧] لە

---

[١] صاحب ابراهيم، رحلة في فنون الادب الشعبي التركماني، باريش، ع٥، اربيل، ٢٠٠١، ص ٤٦-٤٧.

[2] http://almadasupplements.com/news.php?action=view&id=3533#sthash.yb2eshtk.dpbs(8/2/2020)

[3] http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=21630(9/3/2019)

[٤] توفيق التونجي، م.س، ص ٢٦٩-٢٧٠.

[٥] محمد بيات اوغلو، م.س، ص١٤.

[٦] فلاح يازار اوغلو، الفنان عبدالواحد كوزةجي اوغلو، مجلة الكاتب التركماني، ع٢، كركوك، ٢٠١٦، ص ٢٤-٢٥.

[٧] ينظر: سناء فادي جرجيس، مطرب المقامات الكركوكلي الشهير عبدالواحد كوزةجي، موسوعة كركوك قلب العراق، ط١، بيروت، ٢٠٠٨، ص ٢٨٦-٢٨٨.

نمونەی گۆرانی بێژانی تر وەك عیزەدین نیعمەت ١٩٧٢، محەمەد کولبوی ١٩٧٢، سدیق بندە غەفور، ئیسماعیل حەلاق (مازان) ١٩٧٠.[١]

قۆریات لە هەولێریش لەناو تورکمانەکاندا بەناوبانگ بووە. زۆرینەی گۆرانیبێژانی تورکمانی قۆریاتیان وتوە. شاکر حەمە فارس (١٩٢٣-١٩٩٤) یەکێکە لە قۆریات بێژەکانی هەولێر. هاورێ و نزیکی مشکۆی قۆریاتبێژی ناسراوی هەولێر بووە.[٢] هەروەها لە هەولێر ژمارەیەکی تری هونەرمەند دەرکەوتوون کە قۆریاتیان ووتوە، لەوانە حەیدەر عەبدولرەحمان بەقال (١٩٢٦-١٩٧٩)، حەمید کورەچی (١٩١٩-١٩٨٣)، لەگەڵ نورەدین عەسافلی (١٩٢٨-١٩٩٠).[٣] لە شاری تەلەعفەر ژمارەیەك لە گۆرانیبێژانی تورکمان قۆریاتیان وتوە. محەمەد عەلی قەدی و محەمەد یونس قەساب لە نمونەی قۆریاتبێژانی تورکمانن لە ناوبانگێکی بەربلاویان لە تەلەعفەردا هەبووە.[٤]

ژمارەیەك لە گۆرانیبێژانی کەرکوك لە شەستەکانی سەدەی بیستدا گۆرانییان بە هەردوو زمانی کوردی و تورکمانی ووتوە. تێکەلاو بوونی هەر دوو نەتەوە هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی گۆرانی میللی هاوبەش لەنێوان کورد و تورکماندا هەبێت، بەتایبەتی گۆرانی بێژانی کورد زۆر بەکەمی بە زمانی جگە لە زمانی کوردی گۆرانیان ووتوە، بەلام بۆ زمانی تورکمانی بەجۆرێکی تر بووە. نمونەی ئەو گۆرانی بێژانەی بە رەگەز کورد بوون و گۆرانی تورکمانیشیان ووتوە وەك عەلی مەردان و هابە. هەردوو گۆرانی بێژ ژمارەیەك گۆرانیان بە زمانی تورکمانی هەیە، جگە لەوەی کە گۆرانی کوردیشیان ووتوە.[٥]

---

[١] ماهر النقيب، م.س، ص٣٦٨-٣٧٠.

[٢] جەلال خدر، لەیادی شاکر حەمە فارسی قۆریات بێژ و دەنگ خۆش (١٩٢٣-١٩٩٤)، گۆڤاری بارش، ژ٩، ٢٠٠٢، اربیل، ل ١٠٣-١٠٤.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانیان بروانە: عباس احمد، اربيل و هويتها التركمانية، ط١، جمعية الثقافة و التعاون لتركمان العراق، استانبول، ٢٠١٠، ص ٧٧-٨٢.

[٤] سمکۆ هەولێری، س.پ، ل ١٢٢-١٢٣.

[٥] توفيق التونجي، م.س، ص٢٧٨.

## باسی دووەم/ ڕەوشی خوێندن و ڕۆژنامەگەری تورکمانی ١٩٦٨-٢٠٠٣

### تەوەری یەکەم/ بارودۆخی ڕۆژنامەگەری تورکمانی:

تایپێکی تری دەرکەوتنی تورکمان لە باشوری کوردستان ڕۆژنامەگەری بووە. ڕۆژنامەگەری تورکمانی بە چەند قۆناغ و سەردەمێکدا تێپەڕیوە، لەسەردەمی حیزبی بەعسدا جۆرێك لە ڕۆژنامەگەری هەبووە کە زیاتر لە ڕۆژنامەی کولتوری و وێژەیی و بەتایبەتی شیعر و فۆلکلۆر خۆی بینیوەتەوە. لەوەش زیاتر، ئەوەی پەیوەندی بە تێڕوانینی سیاسیەوە هەبوە بەشێوەیەکی گشتی بە ئاراستەی دەستەڵاتی سیاسی باڵادەستدا شکاوەتەوە، لەبەرئەوەی ڕۆژنامەگەری ئازاد لەسەردەمی حیزبی بەعسدا یاساغ بووە.

پاش دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان و نەمانی دەستەڵاتی سیاسی و سەربازی حیزبی بەعس لە باشوری کوردستان، بەشێك لە هێزە بەرهەڵستکارەکان چالاکیەکانیان گواستەوە هەولێر واتە هەرێمی کوردستان کە ناوچەی ئارام بوو. رزگار بوونی هەرێمی کوردستان هۆکارێکی کاریگەر بوو بۆ دەرکەوتنی کۆمەڵایەتیانەی تورکمان بریتیبوو لە بورای ڕاگەیاندن. بۆ یەکەمجار تورکمان بوون بەخاوەنی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆیان. لێرەشەوە ڕۆژنامەگەری تورکمان قۆناغێکی نوێی بەخۆوە بینی کە بەگشتی دوو جۆر لە ڕۆژنامەگەری تورکمان دروست بوو. بەشێکیان سەر بە پارتەکانی ناوبەرەی تورکمانی بوون و ڕاستەوخۆ گوزارشت بوون لە دەنگی تورکمان. بەشی دووەمیان کە چەند ساڵێك دواتر دروستبوون بریتیبوون لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە خاوەندارێتی تورکمانی بوون بەڵام بە فەرمی سەر بە حکومەتی هەرێم بوون، ئەم ڕۆژنامانە جگە لە تورکمانی و عەرەبی و لاتینی، زمانی کوردیشیان لە نوسینەکانیاندا بەکاردەهێنا.

بەشێکی تری ڕۆژنامەگەری تورکمان ئەو ڕۆژنامانە بوون کە لە دەرەوەی عێراق دەردەچوون و گوزارشتیان لە ڕای تورکمان دەکرد. ئەمانە زۆربەیان لە تورکیا و هەندێك لە وڵاتانی دەرەوە و هەرێمی دەردەچوون. ئەوانەی ناو تورکیا زیاتر بە نوسینی تورکی لاتینی  بوون و کەمتر بە عەرەبی بوون و بەهیچ شێوەیەك زمانی کوردییان بەکارنەدەهێنا. هەندێك لەو ڕۆژنامانە درێژەپێدەری ئەو مانگنامە و وەرزنامانە بوون کە لەسەردەمی حیزبی بەعس بڵاوکردنەوەیان قەدەغە کرا.

ڕۆژنامە بە زمانی تورکی عوسمانی لە عێراق مێژوویەکی کۆنتری لە ڕۆژنامە تورکمانیەکان هەیە. یەکەمین ئەو ڕۆژنامانەی کە لە کەرکوك بە زمانی تورکی عوسمانی دەرچوون، گۆڤاری (حەوادیس) بوو. گۆڤاری "حوادث" بۆ ماوەی حەوت ساڵ بەردەوام دەبێت و دواتر لەلایەن بەریتانیەکانەوە دادەخرێت. ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوو لەسەرەتاوە، بەڵام دواتر بوو بە مانگانە و بەوشێوەیە بەردەوام بوو. ماوەی کارکردنی ئەو گۆڤارە لە ساڵی ١٩١١ەوە بۆ ساڵی ١٩١٨ بوو. گۆڤارەکە لەلایەن هەر یەکە لە قدسی زادە و ئەحمەد مەدەنی دەرچووە.[١] بۆ ماوەیەکی کاتی ناوەکەی دەگۆردرێت بۆ گاورباغی و بۆ ماوەی ٤٦ ساڵ بەردەوام دەبێت هەتاوەکو ساڵی ١٩٧٢ کە لەلایەن ڕژێمی حیزبی بەعسەوە دادەخرێت.[٢] یەکێکی تر لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە بریتیە لە ڕۆژنامەی "معارف" کە بە زمانی تورکی پازدە ڕۆژ جارێك لە کەرکوك دەردەچوو. بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو، لە ساڵی ١٩١٦ بۆ ساڵی ١٩١٨. ئەم ڕۆژنامەیە بە پێچەوانەی حەوادیس تەنها بڵاوکراوەیەکی کلتوری فەرهەنگی بوو، خۆی لە بواری سیاسی نەدەدا.[٣]

لە ڕێکەوتی ١٩٥٨/٩/٢٣ لەلایەن سێ لە ڕۆشنبیرانی تورکمانی کەرکوکەوە ڕۆژنامەی "البشیر" بە هەردوو زمانی تورکمانی و عەرەبی دەرچوو. عەتا تەرزی باشی کەسایەتی ناسراوی کەرکوك سەرپەرشتی نووسینی گۆڤارەکە و سەرنووسەری دەبێت و بە ئەندامێتی هەریەکە لە حەبیب هورمزی و محەمەد عزت.[٤] بەڵام، تەنها ٢٦ ژمارەی لێ دەرچووە و لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە ڕاگیراوە.[٥] گۆڤاری

---

[١] ينظر: زاهد البياتي، من تاريخ صحافة كركوك، موسوعة كركوك قلب العراق، ط١، بيروت، ٢٠٠٨، ص ٢٣٠-٢٣٢.

[٢] تحسين شيخ اوغلو، م.س، ص٢٤-٢.

[٣] ينظر: عطا ترزى باشى، م.س، ص ٧٤.

[٤] احمد جاندار، م.س، ص٣.

[٥] حبيب هرمزلى، مذكرات صحفي تركماني – الحلقة الثانية: خواطر عن الرقابة على وسائل الاعلام التركمانية: http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=26854(11/9/2019)

بەشیر لە ١٩٥٨/٩/٢٣ دەست بە وەشاندن دەكات. لە پاش ساڵێك لە دەرچوونی و پاش ماوەی حەوت مانگ گۆڤارەكە داخرا.[١]

هەر لە سەردەمی عەبدولكەریم قاسمدا ئیزگەی توركمانی لە بەغداد كرایەوە. یەكەمین دەستپێكی ئیزگەكە لە ڕێكەوتی (١٩٥٩/٢/١) بوو. لەپاش ساڵی ١٩٧٢ ماوەی كاركردنی زیادبوو، بۆ ماوەی نزیكەی دوو كاتژمێر و نیو پەخشی دەكرد. ئیزگەكە بەگشتی لە چوار بەش پێكهاتبوو. بەشی پرۆگرامەكان كە كاری وەرگێڕانی پرۆگرامەكانی دەكرد و بەزمانی توركمانی پەخشیدەكردن. بەشی مۆزیك كاری بەرهەمهێنانی گۆرانی توركمانی ئەنجامدەدا. سێیەم بەش، بەشی نواندن ئیشی دەرهێنان و ئامادەكردنی دراماكانی بەڕێوەدەبرد. دوایین بەش بریتیبوو لە بەشی پشكنینی تێكستەكان، كاری ڕێگەپێدانی سەرجەم ئەوتێكستانەبوو كە لە رادیۆكەوە پەخشدەكران. پەخشی كەناڵەكە لە حەفتاكاندا زۆربەرفراوان بوو، نزیكەی حەوت كاتژمێر پەخشی بەرنامەكانی بەردەوامبوو.[٢] بەڵام دواتر بەرەبەرە سنوردار بوو، هاوكاری مادی نەكراو بوو بە رادیۆیەكی محەلی.[٣] جگە لە ئیزگەی رادیۆ، توركمان تاراددەیەك بەشداری كەناڵی تەلەفزیۆنیان لە عێراقدا هەبووە. تەلەفزیۆنی كەركوك كە لە ساڵی ١٩٦٧ بە فەرمی كرایەوە، لە بەشێك لە بەرنامەكانی كاتی تایبەتی بۆ بەرنامە توركمانیەكان تەرخانكرد. لە ساڵی ١٩٦٨ ماوەی نزیكەی ١٥ خولەك بۆ زمانی توركمانی تەرخانكرابوو، ئەم ماوەیە لە ساڵی ١٩٧٣ بۆ ٢٠ خولەك درێژكرایەوە.[٤] لە ساڵی ١٩٨٠ ماوەی كاركردنی زمانی توركمانی بۆ نزیكەی یەك كاتژمێر درێژكرایەوە.[٥]

---

[١] تحسين شيخ اوغلو، م.س، ص٢٥٥-٢٦.

[٢] خالد حبيب الراوي، تاريخ الاذاعة و التلفزيون في العراق، دار الحكمة للطباعة و النشر، بغداد، ١٩٩٢، ص٨٨.

[٣] ناظم الصائغ، في ذكرى تأسيس القسم التركماني في اذاعة بغداد، توركمن ايلي، ع ٢٣٠، (٢٠٠٠/٢/٦)، ص ٢.

[4] D. O. Abdulaziz, "*the History of Kirkuk Television and its Social and Cultural Impact 1967-1999*", Palarch's Journal of Arceology of Egypt/Egyptogy, No. 17(3), p. 391.

[٥] ناصر حسن، هاشم جباري، تلفزيون كركوك في سطور:
https://www.gilgamish.org/2007/11/14/5482.html (1/12/2020).

به شێوەیەکی گشتی لە سەرەتای سەدەی بیست کە ڕۆژنامە لە باشوری کوردستان بە تایبەتی لەناوچەکانی نیشتەجێبوونی تورکمان وەك کەرکوك دەرچووە، زیاتر بە زمانی تورکمانی (تورکی عوسمانی) بڵاوکراونەتەوە. هەتاوەکو سەردەمی کۆماری نزیکەی دوازدە ڕۆژنامەی تورکمانی لە کەرکوك دەرچوون. جگە لەو ناوانەی سەرەوە، ڕۆژنامەکان بەگشتی بریتین لە ئاژانس، کەوکەب مەعاریف، نەجمە، تەجەدود، کەرکوك، ایلەری (تقدم)، ئافاق، لەگەڵ بەشیر.[١]

ڕەوتی ڕۆژنامەگەری تورکمان لەسەردەمی بەر لە حوکمڕانی حیزبی بەعسەوە بوونی هەبووە، لە ڕێکەوتی (١٩٦٦/٥/٢١) هەفتەنامەی "العراق" لە لایەن شاکر سابر زابتەوە دەرچوو. دواتر بۆ مانگانە گۆڕدرا.[٢] ڕۆژنامەکە ٦٦ ژمارەی لێدرەچوو، دواتر لە بەرواری (١٩٦٧/١٢/٣١) وەستا.[٣] هەروەها گۆڤاری یەنی عێراق (عێراقی نوێ) لە ساڵی ١٩٦١ بۆ ١٩٦٢ دەردەچوو. وەرگێڕدراوی هەمان گۆڤاری (العراق الجدید) بوو کە بە زمانی عەرەبی لە لایەن وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەکرایەوە. ئەم گۆڤارە ئیبراهیم داقوقی سەرنوسەری بوو. (١٦) ژمارەی لێ دەرچوو، تیایدا شیعری شاعیری ناوداری وەك هیجری دەدە و ژمارەیەك شاعیری تورکمانی وەك نەسرین ئەربیل، شاکر سابر، لەگەڵ بەندەر ئۆغلۆ بڵاودەکرایەوە.[٤]

لە هەموویان گرنگتر بریتیە لە گۆڤاری "قارداشلق" (الاخاء) کە بە زمانی عەرەبی و تورکمانی و بە پیتی عەرەبی دەردەچوو.[٥] هەرچەندە یەکەمین ژمارەی لەساڵی ١٩٦١دا دەرچوە، بەڵام بەشێوەیەکی تارادەیەك بەردەوام لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعسیشدا بڵاودەکرایەوە. ئەم مانگنامەیە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە لای تورکمان بەگشتی و نوخبەی خوێنەواریان بەتایبەتی بە جۆرێك لە ناسنامە دەبینرێت. مانگنامەکە لەو سەردەمەدا تارادەیەك توانیبووی ببێتە جۆرێك لە دەلاقە کە

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەوە بڕوانە: صباح بازرکان، المرشد الى صحافة کرکوك ١٩١١-٢٠١١، کرکوك، ٢٠١٣، ص ٨-١٧.

[٢] احمد قوشجو، فهرس الصحافة الترکمانیة في العراق، الاخاءع ١و٢، بغداد، ١٩٧٥، ص ٦-٧.

[٣] احمد جاندار، م.س، ص٣.

[٤] احمد محمد کرکوکلی، صحف و مجلات الترکمانیة، باریش، ع ٤٤، اربیل، ٢٠٠٨، ص ٥٠-٥٢.

[٥] تحسین شیخ اوغلو، الذاکرة الترکمانیة التاریخیة و بانوراما الصحف و المجلات الترکمانیة عبر اعوام ١٨٦٩-١٩٩٠، بارش، ع١١، ٢٠٠٣، ص٢٤-٢.

لەڕێگەیەوە تورکمان بوونی کۆمەڵایەتیانەی خۆی ڕابگەیەنن.[1] هەرچەندە پارتی فەرمانڕەوای عێراق دەستی خستبووە ناو گۆڤارەکەوە، بەڵام لەو سەردەمەدا لانی کەمی دەرکەوتنی فەرمیانەی تورکمانی بەرجەستە کردبوو. گرنگی دان بە خوێندکاران و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی شیعری نوسەرانی تورکمان و تارادەیەك بەسەرکردنەوەی کەسانی دیاری نا سیاسی تورکمان بۆخۆی جۆرێك بوو لە ئاوردانەوەی تورکمانەکان لەسەردەمێك کە بەسەردەمی تۆتالیتاریزم دەناسرێت لە عێراقدا.

لە گرنگترین هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم ڕۆژنامەیە بریتیبوو لە ڕۆشتنی ژمارەیەکی بەرچاو کەسە دیارەکانی تورکمان لە کەرکوکەوە بۆ بەغداد پاش ڕووداوەکانی تەموزی ساڵی ١٩٥٩. ئەو کەسایەتیانە هەستان بە دامەزراندنی یانەی برایەتی تورکمان لە ساڵی ١٩٦٠. پاش هەوڵێکی زۆر توانیان ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی عێراقی وەرگرن بۆ یانەکە لە بەرواری ١٩٦٠/٥/٧.[2] بەرپرسانی یانەکە هەستان بە دەرکردنی گۆڤاری قارداشلق لە یەکی مایسی ١٩٦١دا بە هەردوو زمانی عەرەبی و تورکمانی. قەبارەی یەکەمین ژمارە ٤٨لاپەرە بوو، ٢٤ لاپەرە بە زمانی عەرەبی و ٢٤ لاپەرە بە زمانی تورکمانی دەرچوو.[3] بەرگی یەکەمین ژمارە بە ڕەنگی سور نەخشێنرابوو، لەگەڵ وێنەی ژمارەیەك منداڵ بە جلوبەرگی تورکمانی کە وێنەیەکی عەبدولکەریم قاسمیان هەڵگرتبوو.[4]

گۆڤاری قارداشلق هەتاوەکو ساڵی چوارەمیش تەنها بە زمانەکانی تورکمانی و عەرەبی بڵاودەکرایەوە، بەڵام لەو ساڵە بەدواوە و بەدیاریکراوی لە ژمارە سێی ساڵی چوارەمیەوە شێوە نووسینی لاتینی بۆ زیاد کرا و بە زمانی تورکی پیتی لاتینی دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد.[5] یانەی برایەتی تورکمان بوو بە خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە. سەرنوسەر و دەستەی نوسەران بریتیبوون لە محمد الحاج عزت و حبیب

---

[1] حبیب هرمزلی، مذکرات صحفي ترکماني – الحلقة الثانیة، م.س.

[2] نصرت مردان، م.س، ص١٥٤-١٥٥.

[3] بڕوانە: الاخاء، ع١، بغداد، (١ مایس ١٩٦١).

[4] پاشکۆی ژمارە (١)، الاخاء، ع١، بغداد، (مایس ١٩٦١).

[5] بڕوانە: الاخاء، ع ٣، بغداد، ١٩٦٤، ص ٣٠-٣٢.

هورمزی[1]. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند جارێك سەرنوسەر و دەستەی نوسەران لە گۆڤارەکەدا گۆڕاون.[2]

گۆڤاری قارداشلق لە تەمەنی درێژی خۆیدا ژمارەیەك گۆڕانکاری لە سەرنوسەر و سکرتێری نوسین و دەستەی نوسەرانیدا روویانداوە. عەبدولقادر سلێمان زۆرترین ماوە لە سەرنوسەریدا ماوەتەوە، لە ماوەی ١٩٦٣ەوە هەتاوەکو ساڵی ١٩٧٥. دوای سلیمان، دکتۆر سوبحی کەمال حەسون زۆرترین کات سەرنوسەر بووە بۆ ماوەی دە ساڵ لەنێوان سالآنی ١٩٨٠ بۆ ١٩٩٠. جگە لەو کەسایەتیانە ژمارەیەك کاراکتەری تر لە سەرنوسەریدا بوون لەوانە جلال تەها عەبدولقادر بۆ ماوەی چوار ساڵ لەنێوان ساڵانی ١٩٧٦ بۆ ١٩٨٠. جگە لەوەش محەمەد حاجی عیزەت و فەخرەدین ئارکیج و د.چوبان ئولوخان لە ماوەکانی تردا سەرنووسەر بوون.[3]

گۆڤاری قارداشلق سەرەتا پێویستبوو کە مانگانە دەربچێت بەڵام لە ساڵی ١٩٦٤ەوە چەند ژمارەیەك دوو مانگ جارێك دەردەچوو[4]، ئەمەش بەهۆی کەمی ژمارەی هاوبەشەکان و نەبوونی پارەی پێویست بۆ بەردەوامیدان بە گۆڤارەکە بەشێوەی مانگانە. هەرچەندە بەشێك لە نوسەرە تورکمانەکان کەمی دەرچونی دەگێڕنەوە بۆ هاوکاری نەکردنی لە لایەن حکومەتەوە، بەڵام ئەمە بەجۆرێکی تر دەردەکەوێت کاتێك تەماشای تەمەنی مێژووی رۆژنامەکە دەکرێت، بەتایبەتی پاش ساڵی ١٩٩٠ کە لە دەرچوون دەوەستێت هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ چەند ژمارەیەکی کەم نەبێت لێی دەرناچێت ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە حکومەت هاوکاری دارایی گۆڤارەکەی کردووە کە ئەمەش کارێکی ئاساییە.[5]

گۆڤارەکە زیاتر بابەتی کلتوری و ئەدەبی و زمانەوانی بڵاودەکردەوە. یەکەمینجار بوو کە بابەتی تایبەت بە شێوازی فێربوونی زمانی تورکمانی بڵاوبکرێتەوە. کۆمەڵێك لە نوسەرە دیارەکانی گۆڤارەکە بەوکارە هەستان. محمد خورشید داقوقی چەند نوسێکی لەوبارەوە بڵاوکردەوە. لە ژمارە شەشی ساڵی یەکەمی گۆڤارەکە

---

[1] ینظر: حبيب الهرمزي، مذكرات ....، م.س، ص٣١٧.

[2] نصرت مردان، م.س، ص١٥٨-١٥٩.

[3] ن.م، ص١٥٩-١٦٣.

[4] ينظر: الاخاء، ع ١ و ٢، بغداد، ١٩٦٤.

[5] نصرت مردان، م.س، ص١٦٤.

بابەتێکی بەزمانی عەرەبی بەناونیشانی "كيف تتعلم اللغة التركية" نوسی. بابەتەکە بۆ خوێنەری عەرەبی نوسراوە و زیاتر لە ووشە و مانا پێکهاتووە.[1] بابەتەکە هەتاوەکو ژمارە دوازدە بەردەوام بوو.[2] پاش ئەم هەوڵەی داقوقی، نوسینەکان دەربارەی زمانی تورکمانی لە گۆڤارەکە درێژەی هەبوو. عەبدولقادر سلێمان زنجیرەیەك ووتاری دەربارەی فێربوونی زمانی تورکمانی بە ناونیشانی "کل لسان بانسان" نووسی.[3] زنجیرە ووتارەکەی سلێمان هەوڵێك بوو بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی زمانی تورکی بە پیتی لاتینی. ووتارەکان تەرخانکرابوو بۆ ئاشناکردنی خوێنەری تورکمانی، ئەوانەی تورکی نوێیان نەدەزانی، بە زمانی تورکی بە پیتی لاتینی.[4] سەرجەم وانەکانی بە بیست ژمارە لە گۆڤارەکەدا بڵاوکردەوە. دوایین وانە دەربارەی بابەتەکە لە ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٦٧ بڵاوکردەوە.[5] ئاشناکردنی خوێنەرانی تورکمانی عێراقی بە زمانی تورکی بە پیتی لاتینی هەوڵێکی کاریگەری گۆڤارەکە بوو کە هۆکاربوو بۆ دانانی بناغەیەکی سەرەتایی بۆ بەستنەوەی نوسینی تورکمانی بە پیتی لاتینی، لەبری پیتی عەرەبی.

سەرەڕای گرنگیدان بە زمان، گۆڤاری قارداشلق، بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان بایەخی بە شیعر دەدا. هەرچەندە گۆڤارێکی کلتوری فەرهەنگی بوو، بەڵام شیعر زیاتر لە هەموو ژانرە ئەدەبیەکانی تر خۆی دەردەخست. بە هەردوو زمانەکانی عەرەبی و تورکمانی شیعری شاعیرانی تورکمانی و تەنانەت تورکیش بڵاودەکرانەوە.[6] لەم بابەتەدا، زۆرینەی شیعرەکان بە زمانی تورکمانی لە گۆڤارەکەدا

---

[1] محمد خورشيد الداقوقي، كيف تتعلم اللغة التركية، الاخاء، ع٦، بغداد، (١ تشرين الثاني ١٩٦١)، ص ٦.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد خورشيد الداقوقي، كيف تتعلم اللغة التركية، الاخاء، ع١٢، بغداد، (١ نيسان ١٩٦٢)، ص ٦.

[3] عبدالقادر سليمان، كل لسان بانسان، الاخاء، ع٥، بغداد، ١٩٦٤، ص ٢-٣.

[4] عبدالقادر سليمان، كل لسان بانسان، الاخاء، ع٦، بغداد، ١٩٦٤، ص ٢-٤.

[5] عبدالقادر سليمان، كل لسان بانسان، الاخاء، ع٩، بغداد، ١٩٦٧، ص ١١-١٢.

[6] بڕوانە: الاخاء، ع٧، (١ تشرين الثاني ١٩٦٨)، بغداد، ص ٢-٧.

بلاْودەكرانەوە،[1] كە ئەمەش مەبەستی سەرەكی دەرچواندنی گۆڤارەكە بوو، كە بریتیبوو لە بوژاندنەوەی ئەدەبی توركمانی لە عێراقدا.[2]

لەبەرامبەر گۆڤاری قارداشلق، حكومەتی عێراق لە ڕێگەی وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە هەستا بە دەرچواندنی ژمارەیەك ڕۆژنامە لەوانە "یورد" لەگەڵ "صوت الاتحاد".[3] ئەو گۆڤارانە بەرەسمی زمانحاڵی حكومەت بوون بەلاّم بە زمانی توركمانی و لەژێر ناوی توركماندا. بەتایبەتی پاش پێدانی مافی كولتوری بۆ توركمان لەساڵی ١٩٧٠ئەو دوو گۆڤارە دەرچوون، كە ڕاستەوخۆ سەر بە حكومەتی عێراقی بوون. گۆڤاری نیشتمان (یورد) تەنها بە زمانی توركمانی دەردەچوو. عەبدولەتیف بەندەر ئۆغلو لە ژمارە (١) بۆ ژمارە (١٤٢٠) خاوەن ئیمتیازی بوو. دواتر نەوزاد عەبدولكەریم وەك سەرنوسەر دەستبەكار بوو.[4] لە دەرەنجامی بڕیاری پێدانی مافە كولتوریەكان بۆ توركمان، حكومەت بڕیاریدا ڕۆژنامەی یورد بە شێوەیەكی مانگانە دەربكات.[5] یەكەمین ژمارەی لە ١٩٧٠/٦/١٨ دەرچوو[6] لە شاری بەغداد و بەردەوام بوو تا ٢٠٠٣/٣/١٥ و لەو بەروارەوە بەتەواوی وەستا، ئەمەش بەهۆی جەنگی عێراق و ئەمریكا و لەناوبردنی حیزبی بەعس.[7] ڕۆژنامەی یورد بە پێچەوانەی ڕۆژنامەكانی ترەوە تەنها بە زمانی توركمانی دەردەچوو، بە قەبارەی ١٦ لاپەرە و بەشێوەیەكی هەفتانە. عەبدولەتیف بەندەر ئۆغلو هەتاوەكو ساڵی ١٩٩٩، لە ژمارە (١) بۆ ژمارە (١٢٤٠)، سەرنوسەری ڕۆژنامەكە بوو[8]. دوای ئەو، نوزاد عەبدولكەریم كە كۆنترین ڕۆژنامەنوسی ناو ڕۆژنامەكە بوو دانرا بە سەرنوسەر، پاش مردنی دووبارە بەندەر ئۆغلو دەگەڕێتەوە بۆ سەرنوسەری تا كۆتا ژمارەی ڕۆژنامەكە.[9]

---

[1] بڕوانە: الاخاء، ع١و٢، (مايس و حوزيران ١٩٧٠)، بغداد، ص ٢٧-٣٣.

[2] بڕوانە: : الاخاء، ع ٨و٩، (١ كانون الاول ١٩٦٨-١ كانون الثاني ١٩٦٩)، بغداد، ص ٢٧-٣٣.

[3] ئەلماز دبسلی، لاپەڕەیەكی گەش لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی توركمانیدا، باریش، ژ ١١، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٥١-٥٣.

[4] فلاح قصاب اوغلو، تاريخ الصحافة التركمانية، قارداشلق، ع٨، (ايلول ١٩٩٩)، ص٦.

[5] تحسين شيخ اوغلو، م.س، ص٢٦.

[6] احمد جاندار، م.س، ص٣.

[7] نصرت مردان، م.س، ص١٦٩.

[8] فلاح قصاب اوغلو، تاريخ الصحافة التركمانية، جريدة قارداشلق، ع٨، (ايلول ١٩٩٩)، ص٦.

[9] نصرت مردان، م.س، ص١٧٠-١٧١.

گۆڤاری "بیرلیك سەسی- صوت الاتحاد[1]" لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧١دا دەرچوو لەلایەن یەکێتی ئەدیب و نوسەرانی تورکمان و تا ساڵی ١٩٩٤ بەردەوام بوو. بەهۆی خراپی باری ئابووری رۆژنامەکە و کەمی هاوکاریەکان کە بۆی دەهات گۆڤارەکە بە شێویەکی مانگانەو و بەردەوام نەیدەتوانی دەربچێت. سەرجەم ژمارەکانی بریتیبوو لە ٥٤ ژمارە. ئەو نوسەرانەی کاریان تیادا کرد بریتیبوون لە بەندەر ئوغلو و وەحیدەدین بەهادین، و هەروەها سدقی شاکر ئەربیلی و ئەسعەد ئەربیل و حوسام حەسرەت[2] و چەندانی تریش نوسینیان تیادا بلأوکردەوەتەوە.[3] پاش مردنی عادل فوئادی سەرنوسەر لە ساڵی ٢٠٠١ ناوەکەی گۆڕا بە "تورکمان یازاری".[4] یەکێتی گشتی ئەدیب و نوسەرانی تورکمانی عێراق گۆڤاری "تورکمان یازاری" بە هەردوو زمانی تورکی و عەرەبی لە ساڵی ٢٠٠٢ دەرکرد. ئەم گۆڤارە درێژکراوەی گۆڤاری "بیرلیك سەسی" بوو، بەلأم بە ژمارە یەك دەستیان پێکرد وەك گۆڤارێکی نویێ. لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەردەمی حیزبی بەعس، گۆڤارەکەش لە وەشاندن وەستا.[5]

هەرچەندە گۆڤاری بیرلیك سەسی لە سەردەمی حیزبی بەعس و لە ژێر کۆنترۆڵی حیزبی بەعسدا دەردەچوو، بەلأم بەشێوەیەکی گشتی تاراددەیەك ناوەندێکی وێژەیی و کلتوری بۆ بەشێك لە تورکمانەکان دروستکردبوو کە لە رێگەیەوە بتوانن برەو بە نوسینی پەخشان و شیعری تورکمانی بدەن. کۆمەڵێك شاعیر لەو سەردەمەدا بابەتەکانی خۆیان تیادا بلأودەکردەوە وەك بەندەر ئۆغلۆ،[6] ئەسعەد ئەربیل، سەباح کەرکوکلی[7]، لەگەڵ لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە شاعیرانی گەنج.[8]

جگە لەو بلأوکراوانە، هەندێك رۆژنامەی بچوك و کاتی لەسەردەمی حیزبی بەعسدا دەردەچوون وەك گۆڤاری مەشخەڵ (لەلایەن لقی سێی پارتی دیموکراتی

---

١ تحسين شيخ اوغلو، م.س، ص٢٦.

[2] بروانە: بیرلیك سةسي- صوت الاتحاد، ع ٤٤، بغداد، ١٩٨٧، ص ٧٨.

[3] اسماعيل على، تاريخ الصحافة التركمانية في العراق ١٩٧١-٢٠٠٢، مجلة باريش، ع٤١، ٢٠٠٨، ص٥٠-٥١.

[4] نصرت مردان، م.س، ص١٧٢.

[5] ن.م، ص ١٧٢.

[6] بيرليك سةسي-صوت الاتحاد، ع٤٥، بغداد، ١٩٨٨، ص٦٤-٦٧.

[7] بيرليك سةسي- صوت الاتحاد، ع ٤٢، بغداد، ١٩٨٧، ص ٦٤-٧٥.

[8] بۆ زانیاری زیاتر بروانە: بیرلیك سەسی-صوت الاتحاد، ع ٤٧، بغداد، ١٩٩٠.

کوردستانەوە بە نهێنی لە ساڵی ١٩٦٨ دەرچوو) کە هەرچەندە بە کوردی دەردەچوو، بەڵام بەشێکی بە زمانی تورکمانیش بابەتی تیادا بڵاودەکرایەوە.[١] هەروەها بڵاوکراوەی (سسلر) دەنگەکان کە لە ساڵی ١٩٧١ تەنها دوو ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. گۆڤارێکی گەنجانە بوو لە کەرکوك بڵاو دەکرایەوە.[٢]

شێوازی دووەمی ڕەوشی رۆژنامەگەری تورکمانی بریتیە لە ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پاش راپەرین دەرچوون. ئەو رۆژنامانە سەر بە پارتە تورکمانیەکان بوون و یەکەمین بەرجەستەکردنی ئازادانەی تورکمان بووە لەبواری رۆژنامەنوسیدا. ژمارەیەکیشیان راستەوخۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەردەچوون. لەوانە رۆژنامەی "دوغوش"، "تورکمن ایلی"، "باریش"، "دوغرو". سەرەڕای ئەوانە، ژمارەیەکی تری رۆژنامە و مانگنامە لەونێوەندەدا دەرچووە و ماوەیەکی کەم بەردەوام بوون. سەرەرای ئەوانەش جگە لە رۆژنامە، کەناڵی راگەیاندنی تری وەك تەلەفزیۆن و رادیۆ لە هەرێمی کوردستان کرانەوە. کردنەوەی رادیۆی تورکمن ئیلی لە ١٩٩٣/٥/٢٤ هەوڵێکی جدی بوو بۆ ناساندنی نەتەوەی تورکمان.[٣] لەگەڵ ئەوەشدا، تەلەفزیۆنی تایبەت بە تورکمان بەناوی تورکمن ئیلی کرایەوە.[٤] ئەو بارودۆخ و کەشوهەوا ئازادەی لە هەرێم هەبوو هۆکارێکی کاریگەر بوو بۆ کردنەوەی کەناڵی رادیۆیی بۆ تورکمان.

رۆژنامەی "دوغوش" زمانحاڵی پارتی نیشتمانی تورکمانی عێراقی بوو.[٥] لە ژێر سەرپەرشتیاری نەسرەت مەردان یەکەمین ژمارەی لە هەولێر لە ساڵی ١٩٩٢دا دەرچوو. لە ساڵی ١٩٩٢ەوە بۆ ساڵی ١٩٩٥ حەڤدە ژمارەی لێدەر چوو. سێ ژمارەی لە هەولێر بەشێوەی مانگانە و ئەوانی تریش لە ئەنقەرە دەرچوون.[٦] لەگەڵ دروستبوونی بەرەی تورکمانیدا رۆژنامەکە بوو بە زمانحاڵی بەرە و ناوەکەی بۆ

---

[١] تاریق کارێزی، رۆژنامەگەری کەرکوك، باریش، ژ ٣٥، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٢٤.

[٢] صباح بازركان، م.س، ص ٢١-٢٦.

[٣] توركمن ايلي، ع٧٥، (١٩٩٨/٥/٢٠)، ص٣.

[٤] اميد جوزةلي، م.س، ص ٢٦٧.

[٥] فلاح قصاب اوغلو، تاريخ الصحافة التركمانية، م.س، ص٦.

[٦] نصرت مردان، م.س، ص١٧٥-١٧٦.

تورکمن ئیلی گۆڕدرا.[1] هەروەها بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن بڵاوکراوەیەکیان بەشێوەی مانگانە بەناو "باغسیمیز" دەردەکرد. ژمارە سفری لە ڕێکەوتی (١٩٩٥/١١/١٤) دەرچوو، دواتر وەستا و هەتاوەکو ساڵی ١٩٩٧ژمارەی دیکەی لێدەرنەچوو. ئەم بڵاوکراوەیە تایبەت بوو بە چالاکیە کلتوری و سیاسیەکانی بزوتنەوەکە.[2]

گۆڤاری مانگانەی "باریش" کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووە. لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێم، وزارەتی رۆشنبیری/ بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری تورکمان گۆڤارێکیان لە ساڵی ٢٠٠٠ دەرکرد بەناوی "باریش". خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە فەلەکەدین کاکەیی بوە بەو پێیەی کە وەزیری رۆشنبیری بوون لەوکاتەدا، ئومێد خەلیفە سەرنوسەر و ئیسماعیل علی سکرتێری نوسین بوون.[3] ئەم گۆڤارە بە چوار زمان بابەتی بڵاودەکردەوە وەك زمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکمانی پیتی عەرەبی و هەروەها تورکمانی پیتی لاتینی.هەتاوەکو ساڵی ٢٠١٠ پەنجا ژمارەی لێدەرچووە.[4]

یەکێکی تر لە گرنگترین و بەربڵاوترین رۆژنامەکانی تورکمانی بریتیە لە رۆژنامەی تورکمان ئیلی زمانحاڵی بەرەی تورکمانی. یەکەمین رۆژنامەی سیاسی تورکمانیە کە بەرەی تورکمانی وەك ناوەندی فەرمی راگەیاندنی خۆی تەماشای کردووە. یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٤/٦/٢٦[5] دا لە لایەن پارتی یەکێتی تورکمانی دەرچووە. پاش پێکهێنانی بەرەی تورکمانی لە ١٩٩٥/٤/٢٤، رۆژنامەکە بوو بە رۆژنامەی فەرمی بەرەی تورکمانی و سەرجەم چالاکیەکانی بەرە و پارتەکانی ناو بەرەی تورکمانی تیادا بڵاودەکرایەوە.[6]

---

[1] اسماعیل علی، تاریخ الصحافة...، م.س، ص ٥٢-٥٣.

[2] احمد جاندار، م.س، ص٣.

[3] ئیسماعیل علی، باریش ئەستێرەیەکی گەشی رۆژنامەنووسی تورکمانیە، باریش، ژ٥٠، ٢٠١٠، ل٩٨-٩٩.

[4] لەوبارەیەوە بڕوانە: باریش، ژ٥٠، ٢٠١٠، ل١.

[5] فلاح قصاب اوغلو، تاریخ الصحافة الترکمانیة، م.س، ص٦.

[6] سالم صابر الاطرقچی، مسیرة ریدة تورکمن ایلي في ذکراها الخامسة، تورکمن ایلي، ع ١٦٦، (١٩٩٩/٦/٢٧)، ص٢.

ئەم رۆژنامەیە بەپێی بارودۆخی سیاسی بەرەی تورکمانی گۆرانکاری لە  ناوەرۆك و وادەی دەرچوون و هەروەها سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازەکانیدا کراوە. لە دوو ساڵی یەکەمی تەمەنیدا زۆر بە جێگیری و بە بەردەوامی بەدوای یەکدا دەرنەچووە. لە ژمارە (١)ەوە هەتاوەکو ژمارە (٤٧)  نەیتوانی پابەندبێت بە وادەی دیاریکراو بۆ دەرچوونی، واتە هەندێك جار  پازدە رۆژجارێك دەرچووە، هەندێك جار مانگێك جارێك دەرچووە. تەنانەت هەندێك جار نزیکەی (٤٥) رۆژ جارێك دەرچووە.[١] لە ١٩٩٤/١١/٢٧ رۆژنامەکە وەستێنرا. لە بەرواری ١٩٩٥/٨/١ دووبارە دەستیکردەوە بە دەرچوون. رۆژنامەکە لەو بەروارەوە بوو بە بەشێك لە فەرمانگەی راگەیاندنی بەری تورکمانی، بەدیاریکراوی لە ژمارە شەشەوە وەك زمانحاڵی فەرمی بەرەی تورکمانی دەرچوو، هەروەها ئاڵای فەرمی بەرەی تورکمانی لەسەر پەرەی یەکەمی دانرا.[٢]

لە بەرواری ١٩٩٦/٩/٢ بەهۆی بارودۆخی سیاسی شاری هەولێر و رۆیشتنی بەشێکی بەرچاوی سەرکردەکانی بەرە، گۆڤارەکە دووبارە رووبەرووی داخستن بۆوە. بەڵام پاش ئاسایی بونەوەی بارودۆخ، لە ١٩٩٧/١/١٩ دەستی کردەوە بە دەرچوون و ئیتر هەمیشە بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٩٩٧ەوە هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠٠ بەشێوەیەکی سەرەکی رۆژنامەکە لەلایەن کادیرانی یانەی برایەتی تورکمان/هەولێر کۆنترۆڵکرابوو.[٣] خاوەن ئیمتیاز سەرەتا فەرمانگەی راگەیاندن بوو، پاشان هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠٠ ویداد ئەرسەلان خاوەن ئیمتیازی بوو. لەو ماوەیەدا حوسام حەسرەت، شاعیر تورکمانی هەولێر، سەرنوسەری رۆژنامەکە بوو.[٤]

پاش سێ ساڵ لە بەردەوامی، رۆژنامەکە توانی ببێتە ناوەندێکی راگەیاندنی گرنگ بۆ بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگای تورکمانی و بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی تورکمانی وەك رۆژنامەی خۆیان تەماشای بکەن. بەتایبەتی پاشتر بوو بە بڵاوکراوەیەکی هەفتانە و بەبەردەوامی لەکاتی دیاریکراودا دەکەوتە بەردەستی

---

[١] حسام حسرت، صحيفتنا في الاشهر الاربعة الاخيرة، توركمن ايلي، ع٦٦، (١٩٩٨/٣/١٨)، ص٤.

[٢] سالم صابر الاطرقجي، م.س، ص٢.

[٣] ن.م، ص٢.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ حوسام حەسرەت.

خوێنەران، تەنانەت لەناو  قوتابخانە تورکمانیەکانیشدا بلاْودەکرایەوە و نزیکەی ٣٥٠٠ کۆپی لیٚ بلاْودەکرایەوە هەفتانە.[١]

ڕۆژنامەی تورکمن ئیلی هەفتانە دوو جار دەردەچوو. بەشێکی زۆری بۆ زمانی تورکی تەرخاکرابوو. بەجۆرێك نزیکەی سیٚ ئەوەندەی بەشی عەرەبی ڕۆژنامەکەی داگیرکردبوو. هەرلەو ماوەیەدا ناوی ڕۆژنامەکە لە "تورکمن ایلی"ەوە گۆڕدرا بۆ "تورکمن الی"، بەرپرسانی ڕۆژنامەکە پێیان وابوو ئەو ڕێنووسە ڕاستترە بۆ مانای ناو ڕۆژنامەکە.[٢] لە ژمارە (٢٠٠)ەوە ستافی ڕۆژنامەکە دەگۆڕدرێن جەمال کەمال ئەربیلی، لە بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، بەخاوەن ئیمتیاز دیاریدەکرێت، لەبری ویداد ئەرسەلان. ئومێد بنا ئۆغلۆ لەبری حوسام حەسرەت وەك سەرنووسەر دەستنیشان دەکرێت، هەروەها دڵشاد تەرزی وەك بەڕێوەبەری نووسین دەستبەکار دەبێت.[٣] ئەوەی جێگای سەرنجە هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕۆژنامەکە لە هەولێر دەردەچوو تەنانەت یەك لاپەڕەشی بەزمانی کوردی نەبوو. تەنانەت ناوی کوردستانی تیادا بەکارنەدەهات بەهیچ شێوەیەك.

یەکێکی تر لەو ڕۆژنامانەی کە لە باشوری کوردستان و لە لایەن دامەزراوە تورکمانیەکانەوە دەرچوو، بریتیبوو لە ڕۆژنامەی "قارداشلق" کە لە لایەن یانەی برایەتی تورکمان/ هەولێر دەردەچوو. ژمارە سفری لە ڕێکەوتی (١٩٩٨/١٢/٣١) لە یادی بیستوچوار ساڵەی دامەزراندنی یانەی برایەتی تورکمان/ هەولێر کەوتە بەردیدەی خوێنەران[٤] و دوایین ژمارەی لە بەرواری (٢٠٠٢/٨/٢٤) کە بە ژمارە ٥٦ دەرچوو، کۆتایی بە وەشاندن هێنا. بەم شێوەیە، ڕۆژنامەکە بۆ ماوەی نزیکەی چوار ساڵ بەردەوام بوو.[٥]

---

[١] حسام حسرت، م.س، ص٤.

[٢] سالم صابر الاطرقجي، م.س، ص٢.

[٣] بروانە: تورکمن الي، ع ٢٠٠، (١٩٩٩/١٠/٢٤)، ص١.

[٤] جريدة قارداشلق، ع٠، (١٩٩٨/١٢/٣١)، ص١. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئینسکلۆپیدیای هەولێر بە هەڵە ساڵی دەرچوونی ڕۆژنامەکە بە ساڵی ١٩٩٧ دانراوە. لەوبارەوە بڕوانە: دەزگای بەدرخان، ڕاگەیاندن دوای ڕاپەڕین لە هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل) کەسایەتیە ناودارەکان، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٤٧٢٩.

[٥] جريدة قارداشلق، ع٥٦، (٢٠٠٢/٨/٢٤)، ص١.

رۆژنامەی قارداشلق هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵێك کەسی دیاریکراو بەڕێوەیاندەبرد و سەرپەرشتیان دەکرد کە سەرجەمیان ئەندامانی کارگێڕی ئۆجاغی هەولێر بوون. هەر لە سەرەتاوە ویداد ئەرسەلان خاوەن ئیمتیازی بوو، هەروەها حوسام حەسرەت وەك بەڕێوەبەری نوسین کاری تیاکردووە، بەڵام ئەمە لەناو رۆژنامەکە نەنوسرابوو، لەبەرئەوەی ناوبراوان هەمان پۆستیان لە رۆژنامەی تورکمن ایلی زمانحاڵی بەرەی تورکمانی هەبوو. دواتر هەر یەکە لە سەنعان قەساب ئۆغلۆ وەك خاوەن ئیمتیاز و ماجد بازرگان وەك سەرنووسەر دەستبەکار بوون.[١]

رۆژنامەکە بەشێوەیەکی گشتی دوو قۆناغی کار کردنی هەیە. لە ژمارە سفرەوە هەتاوەکو ژمارە ١٦ لە بارودۆخێکدا دەردەچوو کە ئۆجاغ بەشێك بوون لە بەرەی تورکمانی و لەبەرئەوە زۆرینەی بابەتەکانی ڕەنگدانەوەی هەمان سیاسەتی بەرەی تورکمانی بوون. بەڵام قۆناغی دووەمی رۆژنامەکە لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە ئۆجاغ لە بەرە کشانەوە، ئەویش لە ژمارە ١٧ەوە بوو لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٠.[٢]

رۆژنامەکە بە زمانەکانی عەرەبی و تورکمانی بە پیتی لاتینی دەردەچوو. سەرجەم ژمارەکانی بەو دوو زمانە بڵاودەکرایەوە. بەڵام پاش ژمارە ١٧، لاپەڕەیەکی سەربەخۆ بۆ زمانی کوردی تەرخانکرا.[٣] بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژووی کلتوری و رۆشنبیری یانەی برایەتی تورکمان کە بڵاوکراوە بە زمانی کوردی دەربکەن. وەك دەردەکەوێت کە بەرپرسانی ئۆجاغ گرفتیان لەگەڵ زمانی کوردی نەبووە، بەڵکو ئەوە پەیوەستبوو بە سیاسەتی فەرمی بەرەی تورکمانی کە ڕێگری لە بەکارهێنانی زمانی کوردیدا لە دامودەزگاکانیدا دەکرد. لەو ژمارەیەوە هەتاوەکو وەستانی رۆژنامەکە بەشێوەیەکی بەردەوام لاپەڕەیەك بۆ زمانی کوردی تەرخانکرا.

گۆڤاری "فضولي"، گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی، کولتوری، هونەری بوو لەساڵی ١٩٨٨ یەکەمین ژمارەی لێدەرچووە لە شاری ئەنقەرە. ئەم گۆڤارە هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠٠ بەردەوام بوو، پاشان لە وەشاندن وەستا. بە هەردوو زمانی تورکی لاتینی و عەرەبی دەردەچوو هەروەها کەمال بیاتلی خاوەن ئیمتیازی بوو.[٤] لە ساڵی ١٩٩٠ لە

---

[١] جريدة قارداشلق، ع ٤٦، (٢٠٠٢/٢/١)، ص١.

[٢] جريدة قارداشلق، ع١٧، (ئاب ٢٠٠٠)،ص١-٣.

[٣] ن.م، ص٣.

[٤] اسماعيل علی، م.س، ص٥١.

شاری ئەنقەرە گۆڤاری "كركوك" دەرچوو، كە بلاّوكراوەیەكی رۆشنبیری، ئەدەبی، سیاسیی مانگانە بوو ئەكرەم پامبوقچی سەرنوسەری بوو.[1]

گۆڤارێكی تر بەناوی قارداشلق لە ئەستەنبوول دەردەچێت، كە وەك درێژكراوەی گۆڤاری قارداشلقی بەغداد خۆی نمایش دەكات. بەلاّم لە واقیعدا لەو گۆڤارە جیاوازە و هیچ پەیوەندییەكی بەو گۆڤارەوە نیە. هەرچەندە ئەم گۆڤارە پاش وەستانی گۆڤاری قارداشلقی یانەی برایەتی توركمانی بەغداد، دەرچوو، بەلاّم شێوازی دەرچوون و لایەنی پشتگیری گۆڤارەكە جیاوازن. ئەم گۆڤارەی تر كە هەمان ناوی گۆڤارەكەی بەغدادی هەیە، بەلاّم لە سەر رۆژنامەكە تەنها ناوە توركمانیەكە نوسراوە. هەروەها بە قەبارەی ٦٨ لاپەرە دەردەچێت، ٥٨ لاپەرەی توركیە و بە پیتی توركی نویٰ واتە لاتینی نوسراوە.[2]

ئەم گۆڤارە بە سیٰ زمانی عەرەبی، ئینگلیزی، لەگەلٰ توركی دەردەچێت و یەكەمین ژمارەی لە سالٰی ١٩٩٩ دەرچووە. لەلایەن ژمارەیەك رۆشنبیر و شاعیری توركمانی كەركوكەوە سەرپەرشتی دەكرا كە سەرجەمیان لە توركیا نیشتەجیٰ بوون وەك سوبحی سەعاتچی، حەبیب هورمزی، ئەرشەد هورمزی، ماهیر نەقیب. ئەم گۆڤارە هەموو سیٰ مانگی جارێك لەلایەن وەقفی كەركوك لە ئەستەنبول دەرچووە .[3]

بەگشتی ئەو بابەتانەی تیای بلاّو بلاّوكراوەتەوە زیاتر كلتوری و فەرهەنگی و وێژەییە، بەلاّم ووتاری سیاسیشی تیادا دەنوسرا. گۆڤارەكە بەگشتی سیاسەتێكی دژ بە كورد پەیڕەو دەكرد و سەرجەم بابەتەكانی دەچوونە خانەی ناتەباییەوە لەگەلٰ كورد. بۆ نمونە لە ژمارە ٦٣ نوسینێكی شێوە راپۆرتی رۆژنامەوانی تیادا بلاّوكراوەتەوە، كە رایدەگەیەنێت "توركمانەكانی باكوری عێراق یان دەكرێن بە عەرەب، یان دەكرێن بە كورد." هەروەها تیایدا هاتووە كە پێشمەرگەی هەرێمی كوردستان ناوچەكانی "خاكی توركمانی" داگیركردووە.[4]

لەوەش زیاتر، لە ژمارە ٧٦ وتارێكی بەزمانی ئینگلیزی تیا بلاّوكراوەتەوە بەناونیشانی "هەر كە ناسیۆنالیزمی كوردی دەركەوت، دەنگی توركمانی عێڕاقی

---

[1] اسماعیل علی، م.س، ص٥١.

[2] بڕوانە: قارداشلق، ع ٤٩، استنبول، ٢٠١١.

[3] پاشكۆی ژ (٣٢)، بەرگی گۆڤاری قارداشلق، ژ١٢.

[4] H. Aydinli, "*the Ethnic Cleansing of Iraq's Third main Ethnic Community: the Turkmens*", Kardashliq, No. 63, Istanbul, 2014, pp. 49-50.

پشتگوێخرا."[1] بەهەمان شێوە لە ژمارەی ٧٨ گۆڤارەکەدا ووتارێکی بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لەسەر کوردستان دابەزاندووە و تیایدا دژ بە ریفراندۆمی کوردستان نوسراوە.[2]

[1] N. Terzi, "*As Kurdish nationalism rises, the voice of Iraq's Turkmen ignored*", Kardashliq, No. 76, Istanbul, 2017, pp. 52-53.

[2] D. Natali, "*Iraqi Kurdistan was never ready for statehood*", Kardashliq, No. 77, Istanbul, 2018, pp. 55-56.

## تەوەری دووەم/ خوێندنی تورکمان لە باشوری کوردستان ١٩٦٨-٢٠٠٣:

خوێندنی تورکمانی لە باشوری کوردستان بە شێوەیەکی گشتی بەر لە دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووە. خوێندن لە عێراقی سەردەمی پادشاییدا ماوەیەکی کەم بە زمانی لۆکاڵی رێگەی پێدرا، بەڵام بەزوویی ئەو جۆرە خوێندنە نەما و لەبری ئەوە زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی خوێندن چەسپێندرا. لە عێراقی سەردەمی کۆماری خوێندن بە زمانی تورکمانی تەنها یەك ساڵ و تەنها لە پارێزگای کەرکوك پەیرەوکراوە. جگە لەوە، بەهیچ شێوەیەك رێگەنەدراوە کە زمانی تورکمانی لە خوێندندا بەکاربێت.

لە سەردەمی بەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق هەتاوەکو ساڵی ١٩٢٦ لە هەولێر زمانی خوێندن تورکی بووە.[١] بەڵام پاش ئەو بەرواره زمانی تورکی بە زمانی خوێندن نەمایەوە. ساڵی ١٩٣١ حکومەتی عێراق سەرجەم قوتابخانە تورکمانیەکانی داخست، هەرچەندە یاسای زمانە لۆکاڵیەکان لە ساڵی ١٩٣١ دەرچوو کە تیایدا هاتووە زمانی زۆرینەی دانیشتوانی هەر شوێنێك چی بێت، خوێندن بەو زمانە دەبێت.[٢] جگەلەوەش، پەیماننامەی بریتانی-عێراقی و هەروەها یاسای بنەرەتی عێراقی سەردەمی پاشایەتی جەختی لە گرنگیدان بە زمانە لۆکاڵیەکان کردبۆوە. سەرەنجام زمانی خوێندن بۆ زمانی عەرەبی گۆردرا.[٣]

سەرەتای خوێندن بە زمانی تورکمانی بۆ سەردەمی سەلجوقیەکان دەگەرێتەوە.لە موسڵ سەیفەدین غازی کوری زەنکی، والی موسڵ،قوتابخانەی ئەتابەگی لە ساڵی ٥٤١ کۆچی بۆ خوێندنی ئاینی بنیاتنا.باوکی موزەفەرەدین کۆکبرو لە هەمان سەدە مزگەوتێکی لە شێوەی قوتابخانە دروستکرد. قوتابخانەکەی ناو نا "کەمالی". لە کۆتاییەکانی سەدەی شەشی کۆچی ئەمیر ئەبو مەنسور قایماز قوتابخانەی لە

---

[١] عبدالرزاق الحسنی، تاريخ العراق السياسي، ج٢، ص١٥٦.

[٢] جوزةلى، م.س، ص ٢٥٨.

[٣] ژیلە کاوة عوسمان، التعليم في كركوك (١٩٢٦-١٩٦٨)، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى قسم التاريخ/ جامعة السليمانية، ٢٠١٨، ص ١٢٠.

هەولێر دروستکرد. سەرەفتەکین کوری عەبدولا ئەلزەینی قوتابخانەی قەلای بنیاتنا.[1] ئەم قوتابخانانە دامەزراوەی ئایینی بوون و سەرجەم بابەتەکانیان ئاینی بووە.[2]

لە سەردەمی عوسمانی بەتایبەتی لە سەروەختی دەستپێکردنی چاکسازی لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، قوتابخانە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر کرانەوە. زمانی خوێندن لەو قوتابخانانەدا هەرچەندە تورکی بوو، بەلام زمانی عەرەبی و فارسیش دەخوێندرا.[3] بەلام پاش جەنگی یەکەمی جیهانی زمانی زۆرینەی قوتابخانەکان بووبە عەرەبی، ژمارەیەك قوتابخانەی کەم بە زمانی تورکی و کوردی هەبوون.[4]

لە سەردەمی دەسەلاتداریێتی حیزبی بەعس و بەتایبەتی لە سالی ١٩٧٠ بە پێی بریاری مافە کلتوریەکانی تورکمان بریار بوو قوتابخانەی تورکمانی لەو ناوچانەی دانیشتوانی تورکمانی زۆر لێ نبشتەجێیە بکرێنەوە. بریارەکە سەرەتا جێبەجێکرا و ژمارەیەك قوتابخانە مۆلەتی کردنەوەیان پێدرا و ناوەکانیشیان بە ناوی تورکمانی ناونران. بەرێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنی پارێزگای کەرکوك بریاری دەرکرد بە گۆرینی ناوی ئەو قوتابخانانەی کە خوێندنی تورکمانی دەگرتەوە. قوتابخانەکانی تایبەت بە کوران کە ژمارەیان شەش قوتابخانە بوون بریتیبون لە (العرفان) بۆ (بیلگی)، (١٧تموز) بۆ (اون یدی تموز)، (الشرقیة) بۆ هیجری دەدە، (الرشید) بۆ (توپ قاپو)، (التأخي) بۆ (قارداشلق)، لەگەل (المثنی) بۆ (یوردە قول). قوتابخانەکانی کچان ژمارەیان چوار دانەبوو، کە ناوەکانیان بۆ زمانی تورکمانی گۆردران لەبەرئەوەی بەهەمان شێوەی ئەوانەی کوران خرانە ناو بازنەی خوێندنی تورکمانی لە شاری کەرکوك. قوتابخانەکانیش بەم شێوەیە ناوەکانیان گۆردرا (الزنابق) بۆ (بەرلك)، (١٤ رمضان) بۆ (اون دورت رمضان)، (السلام) بۆ (فضولی)، لەگەل (الکفاح) بۆ (محمد صادق).[5] هەرچەندە دواتر ژمارەی قوتابخانە

---

[1] حسام داود الاربلي، م.س، ص ٤٢٢-٤٢٥.

[2] ن.م، ص ٤٢٥.

[3] نجات کوثر اوغلو، صفحات من تاریخ کرکوك منذ فجر التاریخ الی ١٩٥٨، اصدارات الجبهة الترکمانیة العراقیة، کرکوك، ٢٠٠٩، ص ١٩٣-١٩٦.

[4] ن.م، ص ٢٤٢.

[5] الاخاء، ع ٩-١٠، بغداد، ١٩٧١، ص٥.

**تورکمانیەکان بۆ (١٧)[١] قوتابخانە زیاد بوون، بەلأم لیژنەی خوێندنی تورکمانی بەو ژمارەیە رازی نەبووە.**

**پاش قبوڵکردنی ناوی قوتابخانەکانی تورکمانی، لیژنەی خوێندنی تورکمانی کە تایبەتبوو بە ئامادەکاری بۆ بەرێوەچوونی خوێندن لە قوتابخانە تورکمانیەکان دەستی بەکارەکانی کرد. لە هەمان ساڵدا واتە لە ساڵی ١٩٧٠ لیژنەکە پاش کۆنگرەی سەندیکای مامۆستایان، کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا. لە کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێك پێشنیاریان خستەبەردەم وەزارەتی پەروەردە تایبەت بە خوێندنی تورکمانی کە تیایدا هاتبوو: پەلەکردن لە پێکهێنانی لیژنەی دانانی پرۆگرامی خوێندنی تورکمانی بە مەبەستی چاپکردن و دابەشکردنی بەسەر قوتابخانە تورکمانیەکاندا. کردنەوەی خولی شیاندن بۆ مامۆستایانی تایبەت بە خوێندنی تورکمانی بۆ ئامادەکردنیان. پەلەکردن لە دروستکردنی لیژنەی خوێندنی تورکمانی بۆ ئەو پارێزگایانەی قوتابخانەی تورکمانی تیایاندا دەکرێتەوە. لەوەش زیاتر، لە کۆبوونەوەکەدا هاتبوو کە ناوی قوتابخانە تورکمانیەکان بەناوی تورکمانی ناوبنرێن،[٢] ئەم خاڵەی کۆتایی زۆر بە زوویی جێبەجێ کرا.**

**هەرچەندە ژمارەیەك لە ناوی قوتابخانەکان بۆ تورکمانی گۆردران، بەلأم داواکاریەکانی تر جێبەجێنەکران. لیژنەی خوێندنی تورکمانی ساڵێك دواتر دووبارە جەختی لە پێشنیارەکانی ساڵی رابردوویان کردەوە بە مەبەستی جێبەجێکردنیان. لەگەڵ ئەوەشدا، نارەزایی خۆیانیان لە ژمارەیەك بابەتی پەیوەست بە خوێندنەوەکەوە دەربڕیبوو. لیژنەکە دەڵێن کاروبارەکانی تایبەت بە خوێندنی تورکمانی زۆر خاو بەرێوەدەچن. ناوی ژمارەیەکی زۆر کەم لە قوتابخانەکان کراون بە تورکمانی کە تەنها شازدە قوتابخانەن، لە کاتێکدا وەك لیژنەکە ئاماژەی بۆ کردووە پێویستبوو (١٩٢) قوتابخانە بکرێن بە تورکمانی. لەوەش زیاتر، لە هیچ پارێزگایەکی تر قوتابخانەی تورکمانی نەکراوەتەوە.[٣]**

---

[١] **ملا محمد امين زنكنة، الدراسة الكوردية التركمانية في مدينة كركوك، كركوك، ع٢، ٢٠٠٢، ص ٢٢٤-٢٢٦.**

[٢] **توصيات لجنة الدراسات التركمانيةالمنبثقة من الموءتمر الثامن لنقابة المعلمين الدورة الاولى – ١٩٧٠، الاخاء، ع ٩-١٠، بغداد، ١٩٧١، ص٥.**

[٣] **توصيات لجنة الدراسات التركمانيةالمنبثقة من المؤتمر الثامن لنقابة المعلمين الدورة الثانية – ١٩٧١، الاخاء، ع ١١، بغداد، ١٩٧١، ص٢.**

بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی کەرکوك ژمارەیەکی تری لە قوتابخانەکانی سەر بە پارێزگای کەرکوك گۆڕی بە ناوی تورکمانی کە ژمارەیان (٤٨) قوتابخانە بوو. لەو ژمارەیە (٢٥) قوتابخانە تایبەت بوون بە کوڕان و (٢٣) قوتابخانەش تایبەت بوون بە کچان.[١] ئەگەر بڕیارەکە جێبەجێ بکرایە بەم شێوەیەش لەگەڵ شازدە قوتابخانەکەی تر، سەرجەم ئەو قوتابخانانەی لە شاری کەرکوك بە زمانی تورکمانی خوێندنی تیادا ئەنجامدەدرا بوون بە (٦٤) قوتابخانە. ئەمەش ژمارەیەکی تاراددەیەکی زۆر گونجاو بوو، تورکمانەکان بە زۆری بەو ژمارەیە رازی بوون.

تەنانەت بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی کەرکوك هەستا بە تۆمارکردنی هەشت سرودی تورکمانی بۆئەوەی لە قوتابخانەکانی تورکمانی بخوێنرێت. بۆ ئەو مەبەستە لیژنەی تایبەت بە سرود لە هەمان بەڕێوەبەرێتی پەروەردە راسپێردرا بۆ راهێنانی خوێندکاران لەسەر ئەو سرودانە و هەروەها تۆمارکردنیان لە ستۆدیۆی تایبەتمەند. گۆڤاری قارداشلق ناوی سەرجەم سرودەکانی بڵاوکردۆتەوە.[٢]

ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە گۆڕینی ناوی قوتابخانەکان بە ناوی تورکمانی و کردنەوەی خوێندنی تورکمانی لە ناوچە تورکمانیەکان بەمانای گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن نەدەهات، بەڵکو تەنها زمانی تورکمانی لە چەند قۆناغێکی خوێندن دەخوێندرا. هەرچەندە لە پۆلەکانی یەك و دووی سەرەتایی پرۆگرامی وانەکان بە زمانی تورکمانی بوون، بەڵام بۆ پۆلەکانی تر بەوجۆرە نەبوون. لە پۆلی سێ و چوار تەنها زمانی تورکمانی وەك وانەیەك لە تەنیشت وانەکانی تر بە بەشەوانەی چوار وانە لە هەفتەیەکدا دەخوێندرا. هەروەها، بۆ پۆلەکانی پێنج و شەش سێ وانە لە هەفتەیەکدا دەخوێندرا. مادەی زمانی تورکمانی لە خوێندنی ئێوارانیش زیادکرا لە پۆلەکانی پێنج  شەش دوو وانە لە هەفتەیەکدا لە خشتەی وانەکاندا دانرا بوون.[٣]

---

[١] الاسماء الجديدة للمدارس في كركوك، الاخاء، ع ١٢، بغداد، ١٩٧١، ص٩.

[٢] بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(٨). الاسماء الجديدة للمدارس في كركوك، الاخاء، ع ١٢، بغداد، ١٩٧١، ص٩.

[٣] مولود طه قاياجی، بمناسبة الشروع بالدراسة التركمانية، الاخاء، ع١٢، بغداد، ١٩٧٢، ص٢–٥.

بە مەبەستی ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ ووتنەوەی وانەکانی زمانی تورکمانی فەرمانێکی وەزاری تایبەت بە کردنەوەی خولی مامۆستایانی تورکمان لە ڕێکەوتی (١٩٧١/٦/٢٤) دەرکرد. دواتر، بەڕێوەبەرایەتی راهێنان لە بەغداد فەرمانێکی کارگێڕی بۆ هەمان مەبەست دەرکرد. لە فەرمانەکەدا هاتووە کە خولە فێرکاریەکە بۆ ماوەی چوار هەفتە بەردەوام دەبێت. لە خولەکەدا وانەکانی زمان و ئەدەبی تورکمانی و خوێندنەوە و نوسین لای مندالْ و چەند وانەیەکی تر بە بەشدارانی خولەکە وترایەوە. هەروەك لە فەرمانەکەدا هاتبوو، ئاشناکردنی مامۆستایانی پۆلی یەکەم و دووەمی قوتابخانە سەرەتاییەکان بە بنەما بنەرەتیەکانی فێرکردنی خوێندن و نووسین لای مندالأن مەبەستی خولەکە دەبێت. سی و دوو مامۆستا دیاریکرا بوو کە لە خولەکە بەشداربن، بەلأم تەنها سی مامۆستا بەشدار بوون. بەشداربووان دابەشکرابوون بەسەر چوار پارێزگادا کەرکوك (١٥)، نەینەوا (١٠)، هەولێر (٢)، دیالە (٥). نوێنەری هەولێر بەشدارنەبوو.[١]

کردنەوەی قوتابخانە تورکمانیەکان تەنها لە شاری کەرکوك جێبەجێکرا، سەبارەت بە هەولێر بەجۆرێکی تر وەزارەتی پەروەردەو حکومەت مامەڵەیان لەگەڵ بارودۆخەکەدا کرد. پەروەردەی هەولێر سەرجەم موختارەکانی ئەو گەرەکانەی کۆکردەوە کە بڕیاربوو قوتابخانەی تورکمانی تیادا بکرێتەوە. سەرجەم موختارە بانگهێشتکراوەکان و نوێنەری بەرێوەبەرێتی پەروەردە و یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردە پێکەوە کۆنوسێکیان ئیمزا کرد کە تیایدا هاتبوو خەڵکی هەولێر خوێندنی تورکمانی ناوێت و رەتی دەکاتەوە. لە کۆنوسەکەدا هاتبوو کە گەرەکەکانی وەك عارەب کە موختارەکەی ناوی (محمد مەلا ئەمین) بوو، قەلاٌ موختارەکەی ناوی (صالح حاجی سلێمان) بوو، تەعجیل موختارەکەی ناوی (مجید حاجی یونس) بوو، لەگەڵ خانەقا کە موختارەکەی ناوی (نوری موستەفا) بوو ئیمزایان کردبوو لە سەر ئەوەی کە بابەتی کردنەوەی قوتابخانەی تورکمانی سەرکەوتوو نیە و هیچ داواکاریەکیشیان لەلایەن هیچ خێزانێکەوە پێنەگەشتووە کە مندالْیان بنێرنە خوێندنی تورکمانی لەبەرئەوە خوێندنەکە ناکرێتەوە.[٢]

---

[١] حسن سوزلو، الدورة المركزية للغة التركمانية، مجلة الفنار، ع ٨٠، كركوك، ٢٠١٣، ص١١.

[٢] صلاح الدين ايلخانلى، حقوق التركمان الثقافية، توركمن ايلي، ع ٤٧٦، (٢٠٠٢/٧/٧)، ص٢.

حکومەتی بەعس سەرجەم لایەنەکانی ناچار کردبوو کە نارەزایی لە کردنەوەی خوێندنی تورکمانی لە هەولێر دەربڕن. لەبەرئەوە موختارەکان ئیمزای نەکردنەوەی قوتابخانەیان کردبوو. گێرانەوەیەکی تر لە زاری عەبدولەتیف بەندەر ئۆغلۆ کە ئەندامی لیژنەکەی پەروەردە بووە لە شاری هەولێر دەگێڕێتەوە : ئەوکاتە بورهان ئەحمەد بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر بوو. فەرمانیان پێکردبوو کە لیژنەکە لەناو پەروەردە دابنیشن. بەر لەوەی ئێمە (بەندەر ئۆغلۆ و لیژنەکە) بچینە ناو بینایەی پەروەردە کۆبوونەوەکە کرابوو، نوسراوێکی پێشتر ئامادەکراویان بە ئامادەبوان (موختارەکان) ئیمزا کردبوو کە قوتابخانەی تورکمانیان ناوێت. لەوەش زیاتر، لە نوسراوەکەدا هاتبوو کە "هیچ خێزانێك لەو گەرەکانە نەهاتوون بڵێن ئێمە تورکمانین و منداڵەکانمان دەنێرینە خوێندنی تورکمانی."[1] ئەسعەد ئەربیل دەڵێت "پاش ئەوە ژمارەیەك کەسایەتی تورکمان لە هەولێر یاداشتێکیان واژوو کرد و رەوانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتیان لە بەغداد کرد بە مەبەستی کردنەوەی سێ قوتابخانەی تورکمان، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت وەڵام نەدرانەوە."[2] بەمشێویە خوێندنی تورکمانی لە شاری هەولێر نەکرایەوە. لەبنەرەتەوە حکومەتی بەعس پرۆسەکەی لەکارخست و نەیهێشت سەربگرێت.

تەنها ساڵێك خوێندن بە تورکمانی بەردەوام بوو. رژێم دەستیکرد بە پاشەکشە کردن لە خوێندنی تورکمانی و بەجۆری جیاواز هەڵیپەسارد. لە کەرکوك بەناوی خێزان و سەرپەرشتیارانی خوێندکارانەوە یاداشت بەرزکرانەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی پەروەردە تیایدا هاتبوو کە خێزانەکان نایانەوێت منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندنی تورکمانی.[3] لەومیانەیەدا، حکومەت دەستیکرد بە گۆڕینی ناوی قوتابخانەکان.بۆ نمونە هجری دەدە گۆڕدرا بە (قاسم الثقفي)، یدی قزلەر بۆ (البعث)، قەرە ئالین (الذهب الاسود)، هەروەها ئاکتاش بۆ (المتنبي).[4] لە دەرەنجامدا، لە ساڵی خوێندنی ١٩٧١-١٩٧٢ سەرجەم قوتابخانە تورکمانیەکان داخران.[5]

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسعەد شاکر ئەربیل.

[2] ه.س.

[3] ه.س.

[4] صلاح الدين ايلخانلی، حقوق التركمان الثقافية، م.س، ص٢.

[5] دلشاد ترزی، المدارس التركمانية حقنا المشروع، توركمن ايلي، ع ٢٣٧، (٢٠٠٠/٣/١)، ص١.

حکومەتی عێراقی، تورکمانەکانی لە خوێندن بە زمانی تورکمانی بێبەش کرد. ئەم سیاسەتەش کارێکی کرد کە زمانی تورکمانی پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆوە نەبینێت، تەنانەت تورکمانی عێراق بەتەواوی لە شێوازی نوسینی زمانەکەیان دابڕان. نوسینی لاتینی کە تورکمان هەوڵیان دەدا بیخوێنن و منداڵەکانیان ئەو رێنوسە فێربن بەهیچ شێوەیەك لەژێر دەستەلاتی حکومەتی عێراقیدا رێگەی پێنەدرا. بەڵام، ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان بەجۆرێکی تر بوو. لە کوردستان دەروازەی خوێندن بۆ تورکمان کرایەوە و بارودۆخی پەروەردەی تورکمانی گۆڕانی ڕاستەقینە و بنەڕەتی بەسەردا هات.

حکومەتی هەرێم پرۆسەی پەروەردەی دووبارە بە جیاواز لە سەردەمی حیزبی بەعس دارشتەوە. خوێندن بە زمانە لۆکاڵیەکانی ناو هەرێمی کوردستان دەستەبەرکرا وەك مافێکی سەرەتایی هاولاتیانی هەرێمی کوردستان. لەسەردەمی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی کۆسرەت رەسول عەلی بۆ یەکەمین جار بریاری ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە خوێندنی تورکمانی دەرچوو. خوێندنی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامی هەیە. لە ساڵی ١٩٩٣ قوتابخانەی تورکمانی لە هەولێر کرایەوە. پاش دەرچوونی فەرمانەکەی ئەنجومەنی وەزیران، قوتابخانەی قەرە ئۆغلان لە کفری لە ڕێکەوتی (١٩٩٣/١٠/١) کردەوە.[1] یەکەمین قوتابخانەش لە هەولێر بریتیبوو لە قوتابخانەی سەرەتایی دوغوشی تێکەلاو لە ڕێکەوتی (١٩٩٣/١٢/١٥) بە دوو دەوام و ژمارەی (١١٠٠) خوێندکاری کوڕ و کچ و (٢٢) کادیری پەروەردەیی کرایەوە.[2] هەردوو قوتابخانەکە خوێندن تیایادا بە پیتی لاتینی تورکی بوو. لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٤-١٩٩٥ دوو قوتابخانەی تر لە هەولێر بە ناوەکانی (سەلجوق) و (کوکبورو) کرانەوە. دواتریش بەدوای یەکدا ئەم قوتابخانانە خوێندن تیایاندا دەستیپێکرد: قوتابخانەکانی (فزولی) و (یونس پێغەمبەر) و (ئاق قۆینلۆ) و (تورکمان ئیلی) لە ساڵەکانی ١٩٩٧ بۆ ٢٠٠٠ کرانەوە. هەروەها ناوەندی ئۆغۆز خانی کوڕان، ئامادەیی عیمادەدینی کوڕان، ناوەندی ئەتابەکی کچان، ئامادەیی غەریبیی کچان لەشاری هەولێر لەو ساڵانەدا

---

[1] صلاح الدين ايلخانلى، حقوق التركمان الثقافية، قسم ٣، توركمن ايلي، ع ٤٧٧، (٢٠٠٢/٧/١٠)، ص٢.

[2] ابواب مدارسنا التركمانية مفتوحة وهي تقول لطلبتنا اهلا بكم و اهلا بعامكم الدراسي الجديد، توركمن الي، ع٩٢، (١٩٩٨/٩/١٦)، ص٢.

بەرووی خوێندکاراندا کرانەوە.[1] قوتابخانەی (قەرەقۆینلۆ)ی سەرەتایی لە هەولێر لە ساڵی ١٩٩٥دا کراوەتەوە.[2] هەروەها قوتابخانەی (ئاق قۆینلۆ) کە قوتابخانەیەکی بنەرەتی تێکەلأوە.[3] لەوەش زیاتر، دواناوەندی (ئەتابەك)ی کچان کە لە ساڵی ١٩٩٥ لە هەولێر کراوەتەوە. لەپاش ساڵی ٢٠٠٧ەوە قوتابخانەکە بۆ بنەرەتی گۆردرا، کە پۆلەکانی حەوت و هەشت و نۆی بنەرەتی دەگرێتەخۆ.[4] خوێندن لە قوتابخانەکە لە پۆلی یەکەمی ناوەندیەوە بۆ پۆلی شەشەمی زانستی دەستەبەرە.[5] ئەو قوتابخانانەی کە لە دوای ساڵی خوێندنی (١٩٩٣-١٩٩٤)ەوە کرانەوە زیاتر بە نوسینی پیتی لاتینی زمانی تورکمانیان دەخوێند وەك قوتابخانەکانی قەرە ئۆغلان لە کفری و قوتابخانەی دوغوش لە هەولێر.[6] ژمارەیەکی تری قوتابخانە لە هەولێر کرانەوە بۆ تورکمانەکان. ئەم قوتابخانانە لە لایەن فەرمانگەی پەروەردەی بەرەی تورکمانیەوە هاوکاری دەکران.

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەم قوتابخانانە ئەوەبوو کە پاش تەواوی کردنی پۆلی دوازدەی ئامادەیی، لەلایەن بەرەی تورکمانیەوە هەوڵدەدرا زەمالەی خوێندنیان بۆ وەربگیرێت. دەرفەتی خوێندن لە دەرەوە لەو کاتەدا لە هەرێمی کوردستان زۆر کەمبوو. بارودۆخی ناجێگیری سیاسی و ئابووری هۆکار بوو بۆئەوەی خوێندکارانی هەرێم زۆربەکەمی نەبێت توانای چوونە دەرەوەیان نەبوو، بەلأم بەرەی تورکمانی بە هاوکاری ژمارەیەك زانکۆی تورکیا ئەو دەرفەتەی بۆ خوێندکارانی تورکمانی خوێندنگە تورکمانیەکان روخساندبوو.[7] جگە لەوەی کە دەبوو خوێندکارەکە تورکمان بێت و لە دایك و باوکێکی تورکمانی بێت پێویست بوو کە ئەندامی یەکێتی

---

[1] صلاح الدين ايلخانلى، حقوق التركمان الثقافية، قسم ٣، م.س، ص٢.

[2] توركمن ايلي، ع٧٣، (١٩٩٨/٥/٦)، ص٤.

[3] توركمن ايلى، ع٧١، (١٩٩٨/٤/٢٢)، ص٤.

[4] گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا ئیهان سەعدەدین ئەنوەر، یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەتابەکی کچان لەساڵی ١٩٩٩ەوە هەتاوەکو کاتی نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[5] ثانوية اتابك التركمانية للبنات، توركمن ايلي، ع ٦٧، (١٩٩٨/٣/٢٥)، ص٤.

[6] توركمن ايلي، ع٦١، (١٩٩٨/٢/١١)، ص٢.

[7] توركمن ايلى، ع ١٦٤، (١٩٩٩/٦/٢٠)، ص٣.

قوتابیان و لاوانی تورکمانی بێت،[١] و هەروەها پشکنینی پزیشکی لە نەخۆشخانەی تورکمانی ئەنجامبدات.[٢]

سەرەرای ئەوەی کە خوێندنی تورکمانی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە گرفتی داخستنی بۆ دروستنەکرا و بەردەوام بوون لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بەلاَم ژمارەیەك گرفتی رووبەروو بۆوە. خێزانە تورکمانیەکان بە شێوەیەکی کەم منداڵەکانیان بۆ خوێندنی تورکمانی دەنارد.[٣] بەپێی قسەی بەڕێوەبەری فەرمانگەی پەروەردەی بەرەی تورکمانی لەوکاتەدا "تەنها ٪١٥"ی ژمارەی خوێندکاری تورکمان لە قوتابخانە تورکمانیەکان دەخوێنن.[٤] ئەمەش لەترسی پاشەرۆژی ئەو خوێندنە، لەبەرئەوەی سیستمی خوێندنی کوردی زۆر زاڵ بوو لە ناوچەکە. زۆرینەی رەهای قوتابخانەکان لە هەرێمی کوردستان بە کوردی دەیانخوێند. لە زانکۆکانی کوردستانیشدا زمانی خوێندن تورکی نەبوو، زیاتر بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و کوردی دەخوێندرا. هەروەها جوگرافیای دابەشکردنی قوتابخانەکان بەشێوەیەك بوو کە زۆربەیان نزیك یەکتری بوون و چەند گەڕەکێکیش هەبوو کە قوتابخانەی تورکمانی تیادا نەبوو.[٥]

پاش ساڵێك لە گرتنی هەولێر لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و بە تایبەتی بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٩٧-١٩٩٨، وەزارەتی پەروەردە- هەولێر بریار دەدات بە دانانی وانەی زمانی کوردی لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە قوتابخانە تورکمانیەکاندا. بەشێك لە تورکمانەکان، ئەوانەی ناو بەرەی تورکمانی، نارەزایی بەرامبەر بریارەکە دەردەبڕن. رەخنەکان خۆی دەبینیەوە لەوەی خوێندکاری سەرەتایی توانای خوێندنی دوو زمانی جیاوازی لە قۆناغەکانی یەکەمدا نیە و گرفتیان بۆ دروستدەکات. لەوەش زیاتر، داوایان دەکرد کە جوگرافیا و مێژووی

---

[١] تورکمن ایلي، ع ١٦١، (١٩٩٩/٦/٩)، ص٣.

[٢] تورکمن ایلي، ع ١٦٢، (١٩٩٩/٦/١٣)، ص٣.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید عیسا سەید سەلیم.

[٤] صلاح الدین ایلخانلی، حقوق الترکمان الثقافیة، قسم ٣، م.س، ص٢.

[٥] ن.م، ص٢.

تورکمان وەك وانە لە قوتابخانە تورکمانیەکاندا بخوێندرێت،[1] ئەمە داواکاریەك بوو کە هەرگیز نەچوە بواری جێبەجێ کردنەوە.

حکومەتی هەرێم دەیویست بریارەکانی پەروەردە گشتی بن و سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن بگرێتەوە. بەرەی تورکمانی قوتابخانەکانی بە موڵکی خۆی دەزانی، لەبەرئەوە هەر رێوشوێنێك حکومەت بیگرتایەتە بەر، بە فشار لە قەڵەمیاندەدا. حکومەتی هەرێم هەوڵیدەدا جگە لەمادەی زمانی تورکی، سەرجەم وانەکانی تر ناوەندی بن و لە قوتابخانە تورکمانیەکانیش وەك قوتابخانەکانی تر بخوێنرێت. بۆ نمونە لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٠دا سەرجەم پارتە پێکهێنەرەکانی بەرەی تورکمانی بەیاننامەی نارەزاییان سەبارەت بە دانانی زمانی کوردی وەك وانەیەك لە پۆلی یەکی سەرەرتاییەوە دەربڕی.[2] ئەوەی زۆر سەرنجراکێشبوو پێیان وابوو کە پێویستە حکومەت بۆ هەر بابەتێك کە پەیوەستە بە خوێندنی تورکمانی بۆ ئەوان بگەڕێتەوە.[3]

سەبارەت بە بارودۆخی خوێندن لە شاری کەرکوك لەو کاتەدا، رژێم بە هیچ شێوەیەك رێگەی بە خوێندنی زمانەکانی تر لە ناو قوتابخانەکاندا نەدەدا. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٩ سەرەرای نەبوونی قوتابخانەی تورکمانی لە کەرکوك، رژێم تەناەت قەدەغەی کردبوو کە خوێندکارەکان لەناو خۆشیاندا بە زمانی تورکمانی و کوردی قسە بکەن. ئەوەی جێگای باسە بەرەی تورکمانی ئەم بابەتەیان کەمتر باسکردووە لە رەخنەگرتن لە سیستمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان.[4]

بەرە پێی وابوو مافی خوێندن بە زمانی تورکمانی لە هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ و ئەو کاتەی کە دەوڵەتی عێراق بریارنامەی مافە کولتوریەکانی دەرکرد. زۆر هەوڵیانداوە لە نوسراوە فەرمی و لێدوان و نوسینە رۆژنامەوانیەکانیاندا لە گرنگیی رێگەپێدانی کردنەوەی قوتابخانە تورکمانیەکان لەسەردەمی ئیدارەی هەرێمی

---

[1] صلاح الدين ايلخانلى، التعليم بلغة الام و اثاره الايجابية على الفرد و المجتمع، توركمن ايلي، ع ٣٩١، (٢٠٠١/٩/٢)، ص٣.

[2] سەبارەت بە بەیاننامەکان بڕوانە: توركمن ايلى، ع ٢٤٣، (٢٠٠٠/٣/٢٦)، ص١.

[3] توركمن ايلي، ع٢٤٦، (٢٠٠٠/٤/٥)، ص٢.

[4] بيان الهيئة التنفيذية للحزب الوطنى التركمانى العراقي، توركمن ايلي، ع ٢٢٢، (٢٠٠٠/١/٩)، ص١.

کوردستاندا کەمبکەنەوە.[1] ساری کەهیە سەرکردەی بەرەی تورکمانی، سەرۆکی پارتی تورکمان ئیلی، لەوبارەوە دەڵێت "بڕیاری دروستبوونی قوتابخانەی تورکمانی بۆ ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە."[2] ئەم تێڕوانینە، رایەکی سیاسیی بەرەی تورکمانی بوو کە هەوڵی دەدا چاکەی کردنەوەی قوتابخانەکان نەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ببەسترێتەوە بە حکومەتی ناوەند، لە کاتێکدا وەك لە سەرەوە باسکرا کردنەوەی قوتابخانەکان لەسەردەمی حیزبی بەعس تەنها بۆ ماوەی ساڵێك بوو، دواتر سەرجەمیان داخران.

یەکێکی تر لە ئاڵنگاریەکانی خوێندنی تورکمانی لە سالآنی سەرەتای کردنەوەی قوتابخانەکاندا، خوێندکارانی تازە هاتوو بۆ قوتابخانەکان بوو. ژمارەیەك لەو خوێندکارانە هەر لە سەرەتاوە واتە لە پۆلی یەکەوە نەهاتبوون، بەڵکو لە پۆلەکانی ترەوە هاتبوون ئەمەش گرفتی دروستدەکرد. گرفتی ئەو خوێندکارانە زیاتر خۆی دەبینیەوە لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ زمانی تورکمانی،[3] مامۆستایان و کاربەدەستانی قوتابخانەکان روونیان دەکردەوە، ئاستی فێربوونی ئەو خوێندکارانە سست و لاواز بوو لەچاو ئەو خوێندکارانەی کە هەر لە قۆناغی یەکەوە داخڵی قوتابخانەکان دەبوون. لەوبارەوە غازی خزر بەڕێوەبەری قوتابخانەی کۆکبورو (١٩٩٨-١٩٩٩) دەڵێت "ژمارەیەك لەو خوێندکارانەی لە قۆناغەکانی چوار و پێنج هاتوون بۆ قوتابخانەکە گرفتی فێربوونی زمانی تورکمانییان هەیە."[4]

سەرەرای ئەوە وەزارەتی پەروەردە-هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٩٨-١٩٩٩ بریاریدا کەوا مادەی "زمانی تورکمانی" دەچێتە لیستی مادە بنەرەتیەکان بۆ تاقیکردنەوە وەزاریەکان بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان بە نوسراوی ژمارە (٥٥٦٧) لە بەرواری (١٩٩٩/٤/١٩). قوتابخانە سەرەتاییە تورکمانیەکان بۆ دوو بەش جیاکرانەوە. بەشی یەکەمیان کە بریتین لە قوتابخانەکانی دوغوش، ئاق قۆینلۆ،

[1] بروانە: ابو عمر، المدارس الترکمانیة میادین لخلق جیل وطنی متعلم واع، تورکمن ایلي، ع ٢١٣، (١٩٩٩/١٢/٨)، ص٢.

[2] لقاء مع ریاض صاری کهیة، تورکمن ایلي، ع ٢١٦، (١٩٩٩/١٢/١٩)، ص٥.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید عیسا سەید سەلیم. ناوبراو منداڵەکانی کە ناردوە بۆ قوتابخانە تورکمانیەکان لەسەرەتاوە دووچاری ئەو گرفتە بوون.

[4] تورکمن ایلي، ع ١٥٢، (١٩٩٩/٥/٩)، ص٣.

قەرەقۆینلۆ، لەگەڵ کوکبورو سەرجەم وانەکان بە زمانی تورکی دەخوێنن. بەشی دووەم کە پێکهاتبون لە قوتابخانەکانی سەلجوق، کەرکوك، تورکمن ئیلی، یونس پێغەمبەر، لەگەڵ فزولی وانەکان بە زمانی تر، واتە بەزمانی کوردی، دەخوێندرێن و تەنها وانەی زمانی تورکمانی وەك وانەیەکی سەربەخۆ بە خوێندکارەکان دەوترێتەوە.[١] لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ئەو ساڵەدا بۆ یەکەمجار وانەی "زمانی تورکی" لە لیستی وانە وەزاریەکاندا ئەژمار کرا و خوێندکاران بەشداریی تاقیکردنەوەکانیان کرد، بۆ نمونە لە قوتابخانەی یونس پێغەمبەر (١٨) خوێندکار بەشدار بوون.[٢]

سەبارەت بە خوێندنی وانەی زمانی کوردی، لە سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێم هەر لە قوناغی بنەرەتیەوە هەتاوەکو پۆلی دوازدەی ئامادەیی دەخوێندرا. ژمارەیەك لە خوێندنگاکان قۆناغی یەکەمی سەرەتاییان بۆ دوو پۆل جیاکردبۆوە. پۆلێکیان وانەی زمانی تورکی، پۆلەکەی تر وانەی زمانی کوردی وەردەگرت. قوتابخانەی قەرە قۆینلۆی سەرەتایی بەو شێوەیە پۆلەکەیان رێکخستبوو.[٣]

ئەوە سەرەرای ئەوەی کە قوتابخانە تورکمانیەکان خوێندن تیایاندا بە پیتی لاتینی بوو، بەتایبەتی زمانی تورکمانی. هەوڵێك هەبوو بەتایبەتی پاش ساڵی ١٩٩٦ کەوا پیتی عەرەبی (ئارامی) لەبری پیتی لاتینی بەکاربهێنرێت. بەڵام ئەمە لەلایەن ژمارەیەك قوتابخانە و تەنانەت بەری تورکمانیش رەخنەی لێدەگیرا. حکومەتی هەرێم پێی باشبوو کە پیتی عەرەبی بەکاربهێنرێت. بەڵام قوتابخانەکان هەر لەسەرەتاوە پیتی لاتینیان بەکارهێنابوو، ئەوەشیان کردە بیانووی نا واقیعی بوونی گۆڕینی رێنوسەکە لەبەرئەوە بە لاتینی بەردەوام بوون لەسەر خوێندن.[٤]

سەبارەت بە پەروەردە و فێرکردن لە باخچەکاندا هەروەك دەردەکەوێت لە شارەکانی هەولێر و کفری و تەنانەت سلێمانیش باخچەی ساوایانی تورکمانی کراونەتەوە. لەو باخچانە ژمارەیەکیان میری و ژمارەیەکیشیان ناحکومیی بوون.

---

[١] قادر نادر مدير مدرسة دوغوش الابتدائية، لاول مرة مادة اللغة التركمانية ضمن الامتحانات النهائية، توركمن ايلي، ع١٥٢، (١٩٩٩/٥/٩)، ص٣.

[٢] توركمن ايلي، ع ١٥٢، (١٩٩٩/٥/٩)، ص٢.

[٣] توركمن ايلي، ع ٤٨١، (٢٠٠٢/٧/٢٤)، ص٢.

[٤] بروانە: توركمن ايلي، ع ٤٩٦، (٢٠٠٢/٩/١٥)، ص١.

**سەبارەت بە خوێندنی باخچەی ساوایان، لە پاش ساڵی ١٩٩٧ لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و کفری ژمارەیەك باخچە کرانەوە. بەرەی تورکمانی لە شاری سلێمانیش باخچەی ساوایانی کردەوە. لە بەرواری (١٩٩٩/١٠/٣) باخچەی ساوایانی ئیرەم گول بە زمانی تورکمانی کرایەوە.[١] لە شاری هەولێر چیچك و ئەیپك ساوایانیان وەرگرت و هەروەها لە شاری کفری باخچەی غونچە گوڵ کرایەوە.[٢] سەرجەم باخچەکان بە زمانی تورکمانی و تاراددەیەك زمانی ئینگلیزی منداڵانیان فێردەکرد.[٣]**

**لە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٥/٢٣ یەکەمین باخچەی ساوایانی تورکمان لە هەولێر بەناوی (انا اوقولو) کرایەوە و بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٩٨-١٩٩٩ دەستیان کرد بە وەرگرتن و ناونوسینی منداڵان لە چوار ساڵ بۆ شەش ساڵ. ژمارەیەکی زۆری مامۆستا و چاودێرەکانی بە خۆبەخش دەستیان بە دەوام کردبوو لە باخچەکە.[٤] هەروەها باخچەی چیچك لە ڕێکەوتی (١٩٩٧/٥/٢٣) کرایەوە، بەڵام ساڵێك دواتر دەستی کرد بە وەرگرتنی ساوایان بۆ باخچەکە لەبەرئەوەی وەك دەردەکەوێت ساڵی پێشتر بە وەرگرتنی ساوایان ڕانەگەیشتوون و وەرگرتنەکە بۆ ساڵی ١٩٩٨ دواکەوتوە.[٥] هەروەها باخچەی ئیپیك لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٣/٩ لە گەڕەکی شۆڕش کرایەوە.[٦] تەنانەت لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی یەکەمی خوێندندا مامۆستاکانی باخچەی چیچك بە خۆبەخشی وانەیان وتبۆوە. سەلاحەدین ئیلخانلی کە بەڕێوەبەری فەرمانگەی پەروەردەی بەرەی تورکمانی بوو، لەو بارەیەوە دەڵێت بریار بوو ساڵی پێشتر واتە ١٩٩٨-١٩٩٩ هەردوو باخچەکە بکرێنەوە، بەڵام ئەو کادیرە پەروەردەییانەی کە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی هەولێر دایانابوون کەمتەرخەمییان لە هاندانی خێزانەکان کردبوو کە منداڵەکانیان بنێرن بۆ باخچەکان، لەبەرئەوە نزیکەی ساڵێك دواکەوتن لە وەرگرتنی ساواکان.[٧] وانەکانی کە لە باخچەکە دەخوێندران**

---

[١] **تورکمن ایلي، ع ١٩٥، (١٩٩٩/١٠/٦)، ص٣.**

[٢] **صلاح الدين ايلخانلى، حقوق التركمان الثقافية، قسم ٣، م.س، ص٢.**

[٣] **تورکمن ایلي، ع ٤٦٥، (٢٠٠٢/٥/٢٩)، ص٣.**

[٤] **تورکمن ایلي، ع٧٨، (١٩٩٨/٦/١٠)، ص٣.**

[٥] **تورکمن ایلي، ع ١٦٠، (١٩٩٩/٦/٦)، ص١.**

[٦] **تورکمن ایلي، ع ٢٤٠، (٢٠٠٠/٣/١٢)، ص١.**

[٧] **لقاء مع صلاح الدين ايلخانلى رئيس دائرة التربية و الثقافة التركمانية، تورکمن ایلي، ع ٢٤١، (٢٠٠٠/٣/١٥)، ص٢.**

پێکهاتبوون له پەروەردەی ئیسلامی، زمانی تورکمانی، بیرکاری، زانستەکان، مۆسیقا، لەگەڵ هونەرەکان.[١] هەروەك دەردەکەوێت ئەلف و بێی زمانی کوردی به منداڵەکانی باخچه نەخوێندراوە.

له ئاهەنگی کردنەوەی باخچەی چیچکدا سەرۆکی بەرەی تورکمانه ئامادەبوو،[٢] بەرەی تورکمانی لەوکاتەدا سەرجەم ناوەندەکانی خوێندنی تورکمانی به موڵکی خۆی دەزانی و ئەمەش زۆر کات گرفتی بۆ پرۆسەی خوێندنەکه دروستدەکرد، بەتایبەتی که بەرەی تورکمانی لەرووی سیاسیەوە پەیوەندیەکی جێگیری لەگەڵ دەستەڵاتداری هەولێر نەبوو که پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. بەرەی تورکمانی گرنگی تایبەتی به باخچەکانی دەدا، بۆ نمونه جل و بەرگ و خواردن و تەنانەت هاوکاری مادی بۆ باخچەکان دابین دەکرد.[٣]

سەبارەت به ژمارەی مامۆستا و فەرمانبەرانی ناو باخچەکان زانیاری تەواوی ئەو کاته لەبەردەست نیه، بەڵام ناوەنده فەرمیەکانی بەرەی تورکمانی چەند ئامارێکیان لەبەردەستبووە. ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢ ژمارەی منداڵانی باخچەی ساوایانی چیچك ٣٢٥ منداڵ بوو. مامۆستاکان ژمارەیان هەشت مامۆستای کچ بووە. چاودێرەکانیش نۆ کەس بوون.[٤]

ئەوەی گرنگه ئاماژەی بۆ بکرێت رێژەی دەرچوونی خوێندکارانی قوتابخانەکانی تورکمانیه. بۆ ساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩ رێژەی دەرچوون بەم شێوەیه بووە: فزولی سەرەتایی ٪١٠٠، کوکبورو ٪٨٨، ئاق قۆینلۆ ٪٨٦، کەرکوك ٪٨٥، قەرەقۆینلۆ ٪٧٥، دوغوش و یونس پێغەمبەر ٪٧٤، سەلجوق ٪٤٦، لەگەڵ تورکمان ئیلی ٪٤٠. هەرچەنده تورکمانەکان ئەم ئامارەیان به ئیجابی لەقەڵەمدا،[٥] بەڵام وەك دەبینرێت دوو قوتابخانەی کۆتاییان رێژەکەی زۆر کەمەو تەنانەت نەگەیشتۆته رێژەی گشتی دەرچوون که (٪٥٠)یە. وەك دەردەکەوێت له نۆ قوتابخانەی سەرەتایی دوو قوتابخانەیان رێژەی دەرچوونیان ٪٥٠ کەمتربووە.

---

[١] تورکمن ایلي، ع ١٩٠، (١٩٩٩/٩/١٩)، ص٣.
[٢] تورکمن ایلي، ع ١٦٠، (١٩٩٩/٦/٦)، ص١.
[٣] تورکمن ایلي، ع٤٦٥، (٢٠٠٢/٥/٢٩)، ص٣.
[٤] ن.م، ص٣.
[٥] تورکمن ایلي، ع ١٦٤، (١٩٩٩/٦/٢٠)، ص٣.

بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠-٢٠٠١ واتە دوو ساڵ دواتر، ڕێژەی دەرچوون بە شێوەیەکی گشتی بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینی. هیچ قوتابخانەیەك ڕێژەی کەمتر لە ٪٥٠ی تۆمار نەرکرد بوو. ڕێژەکان بەم جۆرە بوو: قوتابخانەی سەلجوق ٪١٠٠، کوکبورو ٪٩١، کەرکوك ٪٩٠، تورکمن ایلی ٪٨٨، قەرەقۆینلۆ ٪٨٦، یونس پێغەمبەر ٪٨٢، فزولی ٪٧٨، دوغوش ٪٧٧، لەگەڵ ئاق قۆینلۆ ٪٦٨. لەوەش زیاتر، سێ خوێندکاری قوتابخانە تورکمانیەکان لە لیستی دە یەکەمەکانی سەر ئاستی هەرێم بوون لە هەمان ساڵدا.[١] بەو جۆرە دەردەکەوێت ڕێژەی دەرچوون بەرەوپێشبردنی بەخۆوە بینی. ئەمەش زیاتر بۆ ئاشنابوون و قاڵبوونی سەرپەرشتیارانی قوتابخانە تورکمانیەکان دەگەڕایەوە. لەسەرەتای کردنەوەی قوتابخانەکان، ئەو جۆرە لە خوێندن نمونەی یەکەم جار بوو لە هەرێم و تەنانەت لە عێراقیش لەبەرئەوە ئاسایی بوو کە ئاستی دەرچوون تارادەیەك نزم بێت. بەڵام بە تێپەربوونی کات ئەو بابەتە چارەسەر بوو.

ئەگەر سەرنج بدرێت لە سەر ژمارەی خوێندکارانی سەرجەم خوێندنگا تورکمانیەکانی هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩٣ەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤، دەبینرێت ژمارەی خوێندکاران و قوتابخانەکان گۆڕانکاریەکی جدی وای بەخۆوە نەبینیوە. زانیاریەکان دەربارەی ژمارەی خوێندکارانی قوتابخانەکان لە ساڵی ١٩٩٣ەوە بۆ ساڵی ١٩٩٦ زۆر کەمن. قوتابخانەی ئەتابەکی کچان کە لەوماوەیەدا دواناوەندی بوە، ژمارەی خوێندکارەکانی هەمیشە بە نزیکەیی لەنێوان ١٥٠ خوێندکار بۆ ٢٠٠ خوێندکاردا بووە. تەنها دواناوەندی کچانیش بووە لەو کاتەدا. هەرچەندە دواتر قوتابخانەی غەریبی کچانیش کرایەوە. بەڵام وەك دەردەکەوێت لەماوەی ساڵی کردنەوەی قوتابخانەکە کە ساڵی ١٩٩٥ە بۆ ساڵی ٢٠٠٤ کە دەکاتە نۆ ساڵی خوێندن هیچ کاتێك ژمارەکە ٢٠٠ خوێندکاری تێنەپەڕاندووە.[٢]

سەبارەت بە قوتابخانە بنەرەتیەکانیش بەهەمان شێوە ژمارەیەکی دیاریکراوی خوێندکار لە ژمارەیەکی دیاریکراوی قوتابخانە خوێندوویانە. قوتابخانەی دۆغۆشی بنەرەتی کە یەکەمین قوتابخانە بووە، ژمارەی خوێندکارانی لە نێوان ساڵی ١٩٩٣ بۆ ساڵی ١٩٩٧ بەم شێوەیە بوون: یەکەمین ساڵی خوێندن واتە ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٤

---

[١] تورکمن ایلي، مدارسنا الترکمانیة تتألق مجددا، ع ٣٦٨، (٢٠٠١/٦/١٣)، ص١.
[٢] پاشکۆی ژ (٣٣)، ئەرشیفی قوتابخانەی ئەتابەکی کچان/ هەولێر.

ژمارەی خوێندکاران ٨٢٤ خوێندکار بوون، لەگەڵ ٢٠ مامۆستا. ئەم ژمارەیە هەمیشە دابەزینی بەخۆوە بینیوە، لە ساڵی دواتر واتە ١٩٩٤-١٩٩٥ ژمارەکە بۆ ٦٧٣ خوێندکار دابەزیوە، هەرچەندە لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٥-١٩٩٦ بە ڕێژەیەکی کەم بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیوە کە ژمارەی خوێندکاران گەشتۆتە ٧٢١ خوێندکار، بەڵام بۆ ساڵی ١٩٩٦-١٩٩٧ بەشێوەیەکی بەرچاو ژمارەیان کەمی کردووە کە تەنها ٤٣٨ خوێندکار لەو ساڵەدا لەسەر خوێندن بەردەوام بوون.[١]

کەمبوونەوەی ژمارەی خوێندکارانی قوتابخانە تورکمانیەکان و جێگیری ژمارەی قوتابخانەکان پەیوەندی بە ژمارەیەك هۆکارەوە هەبووە. لە گرنگترینیان لاوازبوونی پێگەی بەرەی تورکمانی لە دوو کاتی جیاوازدا لە هەرێمی کوردستان. یەکەمیان ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەستبوون بە گەڕانەوەی سوپای عێرا لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ بۆ ناو شاری هەولێر کە وایکرد ماوەیەك قوتابخانەکان ترسی داخستنیان بکەوێتەسەر. هەرچەندە قوتابخانەکان دانەخران بەڵام ژمارەی خوێندکارانیان کەمیکرد.[٢] خاڵی دووەم لەساڵی ٢٠٠٠دا یانەی برایەتی تورکمانی هەولێر لە بەرەی تورکمانی هاتنە دەرەوە ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ کەمبوونەوە، یان زیاد نەکردنی ژمارەی خوێندکارانی قوتابخانە تورکمانیەکان. لەبەرئەوەی هەتاوەکو ئەو ڕێکەوتە تاراددەیەك بەرەی تورکمانی ڕۆڵی هەبوو لە سەرپەرشتیکردنی قوتابخانەکاندا، بەڵام دواتر پەیتا پەیتا بەرەی تورکمانی لە دەستوەردان لە قوتابخانەکان دوورخرانەوە و سەرجەمیان بەتەواوی بوون بە بەشێك لە پەروەردەی هەولێر.[٣]

سەرەرای زیادنەکردنی ژمارەی خوێندکارانی قوتابخانە تورکمانیەکان، ژمارەی قوتابخانەکانیش بە جێگیری ماونەتەوە. لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٣-١٩٩٤ەوە کە قوتابخانەی تورکمانی کراوەتەوە، هەتاوەکو ساڵی خوێندنی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ ئەو ژمارەیە گۆرانکاری بەسەردا نەهاتووە. لە ساڵی ١٩٩٦-١٩٩٧ قوتابخانە سەرەتاییەکان ژمارەیان تەنها نۆ قوتابخانە بووە[٤] و دواناوەندیەکانیش چوار

---

[١] سەرجەم زانیاریەکان لە ئەرشیفی قوتابخانەی دوغوش وەرگیراون لە لایەن بەرێز مامۆستا سەفین کورەچی بەرێوەبەری قوتابخانەکەوە.

[٢] لە بەشی یەکەمدا ڕووداوەکان و بارودۆخی بەرەی تورکمانی لەو ماوەیەدا باسکراوە.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حوسام حەسرەت؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.

[٤] پاشکۆی ژمارە (٣٤): ئاماری قوتابخانە سەرەتاییەکانی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان

قوتابخانە، پاش یازدەساڵ و بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٣-٢٠٠٤یش هەمان ژمارە دەبینرێت.[١] بەبەراورد کردنی ڕێژەی زیادبوونی قوتابخانە تورکمانیەکان و قوتابخانەکانی تری پارێزگای هەولێر لەماوەی ئەو یازدە ساڵەدا واتە لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٣-١٩٩٤ بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ دەبینین ژمارەی قوتابخانەکانی هەولێر بەگشتی بەرزبوونەوەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان. هەروەك دەردەکەوێت لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٣-١٩٩٤ ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان ٤٩٩ قوتابخانە بووە، لەگەڵ ١٢٧ قوتابخانەی دواناوەندی، بەڵام ئەم ژمارەیە لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ بۆ ١٠٨٤ قوتابخانەی سەرەتایی و ٢٦٥دواناوەندی بەرزبۆتەوە.[٢]

---

[١] پاشکۆی ژمارە (٣٥): ئاماری قوتابخانە دواناوەندیەکانی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان

[٢] بڕوانە: ئامارە پەروەردەییەکان لە:
https://moe-krg.com/Default?page=Article&id=8922&l=3 (20/8/2019)

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا دەگەینە چەند ئەنجامێك لە خوارەوە دەیانخەینە روو:

- نیشتەجێبوونی بنەماڵە تورکمانیەکان لە ناوچەکانی باشوری کوردستان و تەنانەت عێراقیش مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی هاتنی سوپای موسوڵمانەکان بۆ ئەو ناوچانە. ئەم نیشتەجێبوونە لەشێوەی شەپۆلی بەرفراواندا نەبووە و تەنها بە شێوەیەکی کەم و لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراو دەرکەوتوون.
- لە حکومەتەکانی عێراقی، هەر لە سەردەمی پاشایەتیەوە هەتاوەکو هاتنی بەعسیەکان بۆ سەر حوکم، هیچ دانپیانانێکی دەستوری- یاسایی بە کەمینەی تورکماندا نەبووە. هەروەها هیچ دەرکەوتنێکی سیاسی تورکمان لەو سەردەمەدا بەدی ناکرێت.
- یەکەمین دەرکەوتنی فەرمیانەی تورکمان دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٠ و دروستبوونی یانەی برایەتی تورکمان لە بەغداد. ئەم یانەیە توانی کەوا نوخبەی رۆشنبیری تورکمان لەخۆی کۆبکاتەوە و ببێتە ناوەندێکی گرنگ کە تورکمانەکان هەتاوەکو ئێستاش وەك بەشێك لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان تەماشای دەکەن. هەرچەندە یانەی برایەتی تورکمان لە رووکاردا بۆ کاروباری کلتوری دروستبوو بوو، بەڵام جۆرێك لە سەرەتاکانی کاری سیاسی تیایدا هەستی پێدەکرا. بنیاتنەرانی یانەکە هەوڵیاندەدا بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کلتوری و زمانەوانی تورکمانی ناسنامەی تورکمانی خۆیان برەو پێبدەن. پاش ئەوەی حیزبی بەعس دەستی بەسەردا گرت، یانە پێگەی کلتوری خۆیی لەدەستدا و زۆرینەی دامەزرێنەران و بەرپرسەکانی دەستیان لەکار کێشایەوە. چالاکیەکانی یانەکە بەتەواوی رووی لە کزی کرد و لە کۆتایی دەسەڵاتی بەعسدا تەنانەت گۆڤاری قاداشلەقیش توانای دەرچوونی نەما و لەکار کەوت.
- یەکەمین دانپیانانی فەرمی حکومەت بە کەمینەی تورکمان بڕیارنامەی پێدانی مافە کلتوریەکان بوو لە سەرەتای حەفتاکاندا کە سەرەتایەك بوو بۆ دەرکەوتنی تورکمان لە وڵاتدا. ئەم بریارنامەیە وایکرد کە ژمارەیەك دامەزراوەی تایبەت بە تورکمان دروستببێت و هۆکار بوو بۆ گەشەکردنی

ڕۆژنامەگەری تورکمانی. بەلاّم حکومەتی بەعس هەوڵەکانی دەستپێکرد بە مەبەستی خۆ لادان لە جێبەجێکردنی مادەکانی ناو بریارنامەکە. ڕێگای نەدا کە قوتابخانە تورکمانیەکان بەردەوام بن لە خوێندن و سەرجەمیان خوێندن تیایاندا بۆ زمانی عەرەبی گۆڕا. پاش ڕاگرتنی کارەکانی پەیوەست بە بریارنامەکەوە، حکومەتی عێراقی ژمارەیەکی بەرچاو لە تورکمانەکانی شارەکانی کەرکوك و بەغدادی زیندانیکرد. لەومیانەیەدا ژمارەیەك نارەزایی لەناو تورکمانەکان دروستبوو، بەلاّم دەوڵەت بە توندی دژیان وەستا و کۆمەڵێك لە کەسە دیارەکانی تورکمان کەوتنە زیندان و ژمارەیەکیشیان لەسێدارە دران. هەتاوەکو کۆتایی حەفتاکان هیچ پارتێکی سیاسی تورکمانی دروستنەبوو. لە ماوەی ساڵانی حەفتاکاندا تەنها چەند هەوڵێکی بچوکی سیاسی خەریکبوو سەرهەڵبدەن لەناو تورکمانەکان، بەلاّم لە لایەن رژێمەوە بە توندی لەناوبران. یەکەمین ڕێکخروای سیاسی نهێنی تورکمانی لە کەرکوك بەناوی سوپای رزگاری تورکمان دروستبوو. حیزبی بەعس هەر زوو ڕێکخراوەکەی پەرتەوازە کرد و سەرکردەکانی لەسێدارەدا. ئەمە یەکەمین هەوڵی سیاسی ڕێکخراوانەی تورکمانە کە دژ بە بەعس کاریانکردبێت، بەلاّم بەنهێنی بوون و لەگەڵ لەدایکبونیدا لەناوبرا.

- یەکەمین جولاّنەوەی سیاسی لە شێوەی پارتی سیاسیدا (پارتی نیشتمانی تورکمانی) لە کۆتایی هەشتاکاندا لە ئەنقەرە دروستبوو. بەشێك لە سیاسیە تورکمانەکانی دەرەوەی عێراق پارتێکی سیاسیان بۆ بەرهەڵستیکردنی سیاسەتەکانی رژێمی عێراق دروستکرد و بە ئاشکرا کاری سیاسیان دەسپێکرد. هەتاوەکو پاش ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ هیچ پارتێکی سیاسی تورکمان لەناو عێراقدا دروستنەبوو. پەلاّم لە دوای ڕاپەرین و رزگاربوونی بەشێکی باشوری کوردستان لە دەستی حکومەتی عێراقی، بەشێك لە تورکمانەکان هاتنەوە کوردستان و کاری سیاسیان دەسپێکرد. حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکاری ڕاستەوخۆی دەرکەوتن و تەنانەت گەشەکردنی پارتە سیاسیە تورکمانیەکان بوو. لە پاش دروستبوونی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر پارتی سیاسی تورکمانی دروستبوون و برەویان بە کاری سیاسیدا. تەنانەت ناوی بەرەی تورکمانی هاوشێوەی ناوی بەرەی کوردستانی بوو.

- پارتە سیاسیە تورکمانیەکان لە سیاسەتیاندا بەرامبەر هەرێمی کوردستان بە دوو ئاراستە کەوتنە کار کردن، ئاراستەیەکیان کە خۆی دەبینیەوە لە پارتەکانی ناو بەرەی تورکمانی بەهیچ شێوەیەك ئامادەنەبوون دان بە قەوارەی هەرێمدا بنێن. بە پێچەوانەوە ئاراستەیەکی تریان کە ژمارەیەك پارتی بچوك بوون هاوهەڵوێستی سیاسەتەکانی هەرێمی کوردستان بوون. جگە لەو دوو ئاراستەیە، ژمارەیەك پارتی سیاسی شیعە مەزهەب دروستبوون کە سیاسەتیان هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ سیاسەتی پارتە شیعیە عێراقیەکانی تردا.
- بەرە بە یەکەمین چەتری کۆکەرەوەی زۆرترین پارتی سیاسی تورکمانی دادەنرێت لە باشوری کوردستان. هەروەها، بەرەی تورکمانی لە ژێر چەتری کۆماری تورکیا و بە ئاگاداری و سەرپەرشتیی پێکهات.لەوەش زیاتر، تورکیا رۆڵی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی بەرەکە و ئاراستەکردنی هەڵوێستە سیاسیەکانیدا هەبوو. زۆرترین هاوکاری مادی و مەعنەوی بەرەی تورکمانی لەلایەن تورکیاوە دەسەبەردەکرا. هەر ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی ببێتە گەورەترین هێزی سیاسی تورکمانی. بەرەی تورکمانی رۆڵێکی کاریگەری بینی لە نوێنەرایەتی کردنی تورکمان لەناو کۆنگرەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی، بەڵام دواتر بە کاریگەری هەڵوێست سیاسیەکانی تورکیا، کارەکانی هەڵپەسارد و ئەندامێتی خیی هەڵوەشاندەوە.
- هەر لە سەرەتای رژێمی کۆماریەوە پەیوەندیە سیاسیەکانی کورد و تورکمان بە ئاڵۆزی دەستپێکرد. رووداوەکانی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٩ و رۆژانی دواتر کەلێنێکی لەنێوان کورد و تورکمان دروستکرد و هۆکارێك بوو بۆ دوور کەوتنەوەی بەشێك لە نوخبەی سیاسی تورکمان لە شۆڕشی کورد. هەرچەندە پارتی هەوڵی دا کەوا جۆرێك لە پەیوەندی لەگەڵ تورکمانەکان پێکبهێنێت بەڵام سەرکەوتوونەبوو.لەوەش زیاتر، تورکمان پارتی سیاسیان نەبوو کە گوزارشت لە داواکاریەکانیان بکات، لەبەرئەوە لەو سەردەمەدا پەیوەندی کورد و تورکمان ساردی زۆری بەخۆوە بینی.
- هەرچەندە ژمارەیەکی کەم لە تورکمان و بەشێوەی تاك یان گروپی بچوك تێکەڵ بە شۆڕشی رزگاری خوازای کوردبوون، بەڵام ئەوە تەنها گوزارشت لە رای ئەو بەشداربوانە دەکات. تەنانەت لە راپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١

تورکمانەکان بەشێوەی تاك بەشدارییان تیادا کرد و پارتەکانیان بەشدار نەبوون. لە پاش راپەڕین و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تورکمان هیچ بەشدارییەکیان نەکرد، هەرچەندە حکومەتی هەرێم ژمارەیەك هەنگاوی لێکنزیکبوونەوەی هەڵگرت، بەڵام تورکمان ئامادەنەبوون بچنە ناو پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ئەویش بەهۆکاری نارازی بوونی تورکیا و هەروەها ترسیان لە تۆڵەی حکومەتی عێراقی لە تورکمانەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی بە تایبەتی لە کەرکوك.

- پارتە سیاسیە تورکمانیەکان و بەرەی تورکمانیش بەهیچ شێوەیەك بەشداری شەری ناوخۆی هەرێمی کوردستانیان نەکرد. شەری ناوخۆ لە کوردستان بۆ ماوەی چوار ساڵ درێژەی کێشا، بەرەی تورکمانی و سەرجەم پارتەکانی تری تورکمانی بێلایەنیان هەڵبژارد و نەبوون بە بەشێك لە گرفتەکان. لەوەش زیاتر، لە هەوڵەکانی ئاشتەواییدا بەپێی پێگەی خۆیان بەشدارییان هەبوو. بەرەی تورکمانی بە هاوکاری تورکیا بوو بە بەشێك لە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی یەکێتی و پارتی و هەروەها بوو بە بەشێك لە پێکهاتەی هێزەکانی ئاشتی پارێز.
- بەرەی تورکمانی گرفتی جدی لەگەڵ پارتی هەبوو. بەرە هیچکاتێك ئامادەنەبوو دان بە قەوارەی هەرێمی کوردستاندا بنێت و ئەمەش لەلایەن پارتیەوە وەك دروستکردنی قەوارەیەك سەیر دەکرا لەناو قەوارەی هەرێمی کوردستاندا، لەبەرئەوە چەند جارێك هێرش و پەلاماردان بۆسەر بارەگاکانیان روویدا. ئەمەش پەیوەندیەکانی هەردوولای بەرەو ساردبوونەوەی زیاتر برد.
- بەرەی تورکمانی و پارتە تورکمانیە شیعیەکان بەشێوەیەکی گشتی باوەڕی تەواویان بە پاراستنی یەکێتی خاکی عێڕاق هەبوو. پارتە تورکمانیەکان بەتایبەتی بەرەی تورکمانی لەو مەسەلەیەدا زۆرجار پارتە عەرەبیەکانیشی تێدەپەڕاند. مەبەست لە پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق بریتیبوو لە دژایەتی کردنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان، کە هەمان سیاسەتی کۆماری تورکیاش بوو، لەبەرئەوە بەرەی تورکمانی بە توندی بەرگری لێدەکرد. بەرەی تورکمانی بە بە راشکاوی دژایەتی فیدراڵیی بۆ باشوری کوردستان دەکرد. لە هەموو کۆبوونەوە و سەردان و راگەیاندن و لێدوانەکانیاندا بە روونی ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە دژی فیدراڵیین بۆ کورد و نایانەوێت دان بەو

قەوارەیەدا بنێن. بەپێچەوانەوە ئەو پارتانەی نزیك بوون لە پارتە کوردیەکانەوە باوەڕیان بە فیدراڵی باشوری کوردستان هەبوو. هەروەها بەرەی تورکمانی بەهەموو شێوەیەك نارازیی بوونی خۆیی رادەگەیاند لە گێڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هەمیشە ئەو شارەی بە شارێکی تورکمانی لە قەڵەم دەدا. ئەمەش خاڵی جەوهەری ناکۆکی نێوانیان بوو لەگەڵ کورد.

- بەرەی تورکمانی و ئەو نوخبە خوێنەوارەی تورکمان کە پاش پەنجاکانی سەدەی بیست لە تورکیا ژیاون، هەوڵی ئەوەیاندا کە ناسنامەیەك و جوگرافیایەکی تایبەت بە تورکمان لە عێراق دروستبکەن. زۆرینەی هەوڵەکانیان بۆ ئەو مەبەستە بریتیبوو لە قسەکردن لەسەر کەمکردنەوەی خاکی کورد و بە تورکمانکردنی سەرجەم ئەو ناوچانەی کەوا تورکمانی تیادا نیشتەجێیە وەك شاری کەرکوك، بەڵام بێ گەڕانەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەکی رەسەنی مێژوویی. ئەم هەوڵەش سەرجەمی بە هاوکاری تورکیا و لەسەر بنەمای تیۆری تورك بۆ مێژووە.
- لەگەڵ دروستبوونی هەرێمی کوردستاندا بوژانەوەیەکی گەورە رووی لە بواری رۆژنامەگەری تورکمانی کرد و ژمارە و جۆری گۆڤارەکانیش زیادیان کرد. لێرەوە، گۆڤار و رۆژنامەکانیان بوون بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی مانەوەی تورکمان لە کوردستان، چونکە لەو رێگەیەوە توانیان گوزارشت لە بوونی کۆمەڵایەتی کلتوری رۆشنبیری نەتەوەیی خۆیان بکەن.
- لە سەردەمی حیزبی بەعسدا، پەروەردە و خوێندن کە سیمایەکی دیاری کۆمەڵگاکانن لە تورکمان قەدەغەکرابوو، بەڵام بە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوار بۆ سەرجەم پێکهاتەکان رەخسا کە کلتور و رۆشنبیری خۆیان بپارێزن و لەو میانەیەشدا ژمارەیەکی زۆر قوتابخانەی تورکمانی بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی کرانەوە. لە مێژووی هاوچەرخی تورکمان لە کوردستان و عێراقیشدا بۆ یەکەمین جار رێگەدرا کەوا تورکمان بە زمانی خۆیان بخوێنن.

- حکومەتی عێراقی لە سەردەمی حیزبی بەعس دەستی کرد بە گۆڕینی باری دیمۆگرافی دانیشتوانی باشوری کوردستان، لەو میانەیەشدا تورکمانەکان

وەك كەمینەیەك بەر ئەو شالأوە كەوتن. رژێم لە شاری كەركوك كەوتە كۆچپێكردن و گۆڕینی شوناسی نەتەوەیی توركمانەكان بە مەبەستی بە عەرەبكردنیان. ئەگەر ئەم سیاسەتە بە كەمیی توركمانەكانی گرتبێتەوە، بە بەراورد بە كورد، بەلأم كاریگەری نەرێنی لەسەر بوونی كۆمەلأیەتیانەیان دروستكرد.

- كۆمەڵگای توركمان لە كوردستان بە ژمارەیەك تایبەتمەندی دەناسرێنەوە، ئەوانەش زیاتر خۆیان دەبیننەوە لە پیشە دەستیەكان و ئەو كارانەی كەوا لە بازاڕدا پێوەی سەرقاڵبوون. پیشەكانی وەك ئاسنگەری و كورەچێتی و حەمامچی و ژمارەیەك پیشەی تر لە ناسێنەرەوە و رووخسارە دیارەكانی توركمانەكانن. لەبەرئەوەی بەشێكی زۆریان لە شارەكان نیشتەجێبوون، كاری دەستی و پیشەگەری زیاتر لەناو ئەواندا باوبووە. توركمانەكان بۆ هەردوو ئاینزای سونە و شیعە دابەشبوون. سەرجەم ئەو بۆنە ئایینیانەی كەوا شوێنكەوتەی هەردوو ئاینزاكە پێیهەڵدەستن، لەلایەن توركمانەكانەوە ئەنجامدەدرێن. ئەو بۆنانە وەك بەشێك لە پێكهاتی كۆمەلأیەتی توركمانەكانی لێهاتووە. شیعە توركمانەكان زیاتر گرنگی بە بۆنە ئاینیەكان دەدەن و بۆنەكانی زۆرترن. بەناوبانگترین خواردنە كلتوریەكان بۆ توركمانەكان دەگەڕێتەوە. تەنانەت ناوی زۆرێك لە خواردنەكان لە كوردستان بە توركمانی ماونەتەوە وەك دۆڵمە و یاپراخ. ئەم خواردنانە ئەوەندە بەربلأون تەنها لە ناوچە توركمان نشینەكاندا دروستناكرێن، بەڵكو لەناو كورددا بەزۆری ئامادە دەكرێن و فۆڕمێكی خواردنی كوردیشیان وەرگرتووە.
- قۆریات پێكهێنەرێكی شوناسی كۆمەلأیەتی توركمان دەنەخشێنێت. ناسێنەرەوەیەكی تایبەتی توركمانەكانی باشوری كوردستانە. لە هەولێر و كەركوك و ناوچەكانی تری توركمان نشین لە زۆرینەی بۆنە و ئاهەنگەكاندا قۆریات دەوترێت. زۆرینەی شاعیرانی توركمانی قۆریاتیان ووتوە.
- پاش ئەوەی كە توركمان توانای دەركەوتنی سیاسیانەیان لە عێراق نەبوو، هەوڵیاندا بوونیان لە چەند بوارێكی تری كلتوری و رۆشنبیری بدۆزنەوە. یەكێك لەو بوارانەش رۆژنامەگەری بوو. توركمانەكان پێشینەیەكی دیاریان لە مەیدانەكەدا هەبوو، كاتێك حكومەت رێگەی دا بە بلأوكردنەوەی رۆژنامەی توركمانی، راستەوخۆ ژمارەیەكی بەرچاو لە رۆژنامە و گۆڤار بلأوكرانەوە.

رۆژنامە تورکمانیەکان هەتاوەکو دروستبوونی قوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان نەیانتوانی ئە ئازادانە گوزارشت لە بوونی خۆیان بکەن. لەسەردەمی حیزبی بەعس تەواوی رۆژنامەکانیان بۆ بوارەکانی رۆشنبیری و کلتوری و زمانەوانی تەرخانبوو.

## ليستى سەرچاوەكان/

### يەكەم/ بەڵگەنامەكان

### أ-بەزمانى كوردى:


١. راپۆرتى ليژنەى كۆمەڵەى نەتەوەكان، ويلايەتى موصل (پرسى سنوورى نێوان توركيا و عێراق)، و. محمد ئەمين حسين على، چ١، بەڕێوەبەرايەتى خانەى وەرگێڕان، سلێمانى، ٢٠١٢.


### ب_بەزمانى عەرەبى:


٢. الاعلام المركزي للجبهة التركمانية العراقية، الجبهة اتركمانية العراقية مشروعيتها و استراتيجيتها، اربيل، ع١، ٢٠٠١، ص٩. الاعلام المركزي للجبهة التركمانية العراقية، مواقف المسيرة السياسية، ع٤، منشورات الجبهة التركمانية، اربيل، ٢٠٠٢.

٣. التطهير العرقي للكورد و التركمان في كركوك، اعداد: طارق محمد جامباز، ط٢، مطبوعات مجلة ياسا پارێزى، اربيل، ٢٠٠٣.

٤. تقرير الحزب الوطني التركماني العراقي عن انتهاكات النظام العراقي لحقوق التركمان في العراق، انقرة، سبتمبر ١٩٩٤.

٥. توركمن قارداشلق اوجاغى، النظام الاساسي الداخلي لنادي الاخاء التركماني ١٩٩٧، مشورات نادى الاخاء التركماني، اربيل، ١٩٩٧.

٦. جبار قادر، طارق جامباز، قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد و كوردستان، مطبوعات الاكاديمية الكوردية، اربيل، ٢٠٠٣.

٧. القانون الاساسي العراقي لعام ١٩٢٥، (١٩٢٥/٣/٢١).

٨. مركز دراسات الوحدة العربية، الحرب على العراق يوميات_وثائق_تقارير، لبنان، ط١، ٢٠٠٧.

٩. النظام الاساسي الداخلي لنادي الاخاء التركمانى سنة ١٩٦٠، بغداد، ١٩٦٧، المادة ٢، فقرة أ.

١٠. وقائع العراقية، عدد ٢٢٠، (١٩٧٦/٣/٢٩).

١١. وقائع العراقية، قرار رقم ٨٩، ع ١٨٣٥، (١٩٧٠/١/٣١).


### دووەم/ سەرچاوەى زانكۆيى:

### أ-بەزمانى كوردى/

١٢. دلێر عەزیز محمود شێخ بزێنی، کەرکوک (١٩٢١-١٩٥٨)، ماستەرنامەیەکە پێشکەش بە کۆلیجی التاریخ/ جامعة السلیمانیة، ٢٠١٨.

١٣. سەلام عەبدولکەریم عەبدولا، پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە پەیوەندییە هەرێمییەکانی تورکیادا ١٩٨٠-١٩٩٩، لێکۆڵینەوەیەکە پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢١٠٤، (بلاونەکراوە).

١٤. نەوشیروان شەریف سعید، ئەزمونی، ئۆتۆنۆمی لە باشوری کوردستان ١١ی ئاداری ١٩٧٤-١١ی ئاداری ١٩٩١، ماستەرنامەیەکی بلاونەکراوەیە پێشکەش بە بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، ٢٠١٧.

١٥. ب-بە زمانی عەرەبی/

١٦. ژیله کاوة عوسمان، التعلیم في کرکوك (١٩٢٦-١٩٦٨)، رسالة ماجستیر غیر منشورة مقدمة الی کلیة علوم الانسانیة/ جامعة السلیمانیة، ٢٠١٧.

١٧. سامان نوری محمود، کرکوك ما بین (١٩٩١-٢٠٠٣)، رسالة ماجستیر غیر منشورة قدم الی جامعة السلیمانیة/ قسم التاریخ، ٢٠١٨.

١٨. سمر فضل الله عبدالحمید، اکراد العراق تحت حکم عبدالکریم قاسم، رسالة ماجستیر غیر منشورة مقدمة الی قسم التاریخ/ جامعة زقازیق.

١٩. عبدالرحمن فرطوس حیدر، الایلخان هولاکو و دوره في نشأة و قیام الدولة الایلخانیة، اطروحة دکتوراه غیر منشورة مقدمة الی کلیة اداب جامعة بغداد، ٢٠٠٣.


## سێیەم/ ئینسکلۆپیدیا:


٢٠. تاریق جامباز، نەژاد بەرزنجی، ئاماری دانیشتوانی قەلای هەولێر -١٩٢٢ سەرای- تەکیە- تۆپخانە، ئینسکلۆپیدای هەولێر (ئەربیل) شارستانی- کۆمەلایەتی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٥٤٢-٢٥٥٠.

بەرهەم عەلی، پیشەی کورەچییاتی لە هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، س.پ، ل ٢٤٣٠-٢٤٣٦.

ئارسن موسا رەشید، ئاهەنگی مەولودی پێغەمبەر، ئینسکلوپیدیای هەولێر (ئەربیل): شارستانی کۆمەلایەتی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٤٧٦-٢٤٨٣.

دەزگای بەدرخان، راگەیاندن دوای ڕاپەڕین لە هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل کەسایەتیە ناودارەکان، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٤٧٢٩.

نافیع قەصاب، داب و نەریتی تورکمانی، ئینسکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل) شارستانی- کۆمەلایەتی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٣٤٨-٢٣٥٦.

محمود چەلەبی، پرۆفیسۆر ئیحسان دۆغرەمەچی، ئینسکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل) کەسایەتیە ناودارەکان، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٤٦٤٩-٤٦٥٠.

**چوارەم/ پەرتوكەكان**

**أ-بەزمانی كوردی/**


٢١. ئەليزا ماركۆس، مێژووی پەكەكە خوێن و باوەڕ خەباتی كورد لەپێناو سەربەخۆييدا، ب ١-٢، و. ماجد خەليل، چ١، خانەی چاپ و پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠١٤.

٢٢. ئەمين قادر مينە، ئەمنی ستراتيجی عێراق و سێكوچكەی بەعسييان: تەرحيل و تەعريب و تەبعيس، چ٢، لە بلاْوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵينەوەی ستراتيجی كوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.

٢٣. ئيسماعيل عەلی، قۆريات ناسنامەی توركمانە، چاپخانەی دارا، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢٤. ئۆفرا بينگۆ، كوردی عێراق بنياتنانی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا، و. سۆران موستەفا كوردی، چ١، دەزگای چاپ و بلاْوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣.

٢٥. ئيسماعيل بێشكچی، تێزی مێژووی تورك تيۆری زمانی خۆر و كێشەی كورد، و. ئاسۆس هەردی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢٦. بيل پارك، سياسەتی توركيا بەرامبەر بە باكوری عێراق، و.بەرزانی مەلا تەها،چ١، خانەی چاپ و بلاْوكردنەوەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢٧. پەروێز رەحيم قادر، نەجات عەلی صالح، كاريگەريەكانی توركيا لەسەر هەرێمی كوردستانی عێراق، چ١، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٨. پشكۆ حەمە تاهير ئاغجەلەری، شاری كەركوك لەنێوان سالأنی ١٩٥٧-١٩٧٧، سەنتەری لێكۆڵينەوەی ستراتيجی كوردستان، سلێمانی، ٢٠١٥.

٢٩. جەلال جەوهەر عەزيز، كەركوك لە پاكتاوی رەگەزيەوە بۆ چارەسەر دەستوری، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣٠. جەمال نەبەز، بيرەوەرييينامەی ئەو رۆژانەی جارەكی دی ناگەڕێنەوە، سلێمانی، ٢٠١٧.

٣١. جمال رشيد احمد، كەركوك و ناوچەی گەرميان و مافی كۆنترۆڵكردنيان لەلايەن كوردەوە، دهۆك، چ١، ٢٠٠٨.

٣٢. خليل اسماعيل محمد، كێشەی كورد لە عێراق، كێشەی سنورە يان بوون؟، و. عبدالله رشيد حسين، چ١، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٣. سعدی عوسمان هەروتی، سنوری خواروی كوردستانی باشور لە سەدەی نۆزدەهەمدا، چ١، دەزگای توێژينەوە و بلاْوكردنەوەی موكريانی، دهۆك، ٢٠٠٧.

٣٤. سنور سەباح سديق، مێژووی سياسەتی بە عەرەبكردن لە پارێزگای كەركوك ١٩٦٣-١٩٩١، چ١، دەزگای چاپ و بلاْوكردنەوەی ئاراز، هەولێر، ٢٠٠٩.

٣٥. سیر. جی. ج. ئەدمۆندز، کێشەی کورد، و.ئەبوبەکر صالح ئیسماعیل، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
٣٦. گەراس. ئار. ڤی. ستانسفیلد، کوردستانی عێراق پەرەسەندنی سیاسی و پشکوتنی دیموکراسی، و. پ.ی.د. یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیڤا، سلێمانی، ٢٠١٠.
٣٧. گروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان، عێراق و کورد: شەری یەکلاکەرەوە لەسەر کەرکوك، و. د.عەباس مستەفا عەباس، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٣٨. عەبدوڵا غەفور، ئەتنۆ–دیمۆگرافیای باشوری کوردستان، چ١، هەولێر، ٢٠٠٦.
٣٩. فاتح رسول، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ١٩٨٢–١٩٩٠، ب٣، چ١، بنکەی چاپەمەنی رۆژ سوید، سوید،١٩٩٤.
٤٠. کریس کۆچیرا، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، و. حەسەن رەستگار، چ١، چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.
٤١. کلودیوس جێمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و. محەمەد حەمە باقی، چ٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.
٤٢. لیام ئاندرسن، تەنگژەی کەرکوك، و. ئومێد عوسمان، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر، چ١، ٢٠١٣.
٤٣. مام جەلال، دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئا. سەلاح رەشید، ب١، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧.
٤٤. محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوکردنی رەگەزیدا، لە بلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی بەرهەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٤٥. محمد شاکەلی، کورد و تورکمان، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦.
٤٦. محمد فاتح، حزب و رێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان ١٩١٠–٢٠١٠، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢.
٤٧. محمد فاتح، کەرکوك ١٩٥٩ "رووداوەکانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩",چ١، رؤى للطباعة و النشر، هەولێر، ٢٠١٩.
٤٨. مراد خۆشەڤی حەسۆ، گۆرانکارییەکانی کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق ١٩٩٠–٢٠٠٥، چ١، هەولێر،١، ٢٠٠٨.
٤٩. موکەرەم تاڵەبانی، کوردستان و تورکمان، و. عوسمان محمد سالح، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.
٥٠. ن. لازاریف و ئەوانی تر، مێژووی کوردستان، و. وشیار عبداللە سەنگاوی، هەولێر، ٢٠٠٨.

٥١. نادر ئینتیسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، و. عەتا قەرەداخی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٥٢. هەورامان کمال میرزا، تاریق رووف محمد، ناوچەکانی ململانیٚ لەنێوان کورد و حکومەتەکانی عێڕاقدا، دوزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٥٣. هێرش عبدوللا حمەکریم، پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١-١٩٩٨، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٥٤. هێرش عەبدولاَ حەمە کەریم، پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسیٚ ئێران و تورکیا و سوریا ١٩٩١-٢٠٠٣، چ١، ئەندێشە بۆ چاپ و بلاٌوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٥٥. یوسف گۆران، کورد و تورکمان تێروانینێك بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ئەکادیمیای هۆشیاری پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٥٦.
٥٧. یوسف گۆران، بیری ناسیۆنالیزمی تورکمانی، ئەکادیمیای هۆشیاری پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠٠٤.

ب-بە زمانی عەرەبی

٥٨. ابراهیم الداقوقي، اتجاهات الشعر التركماني المعاصر، ع١، بغداد، ١٩٦٢.
٥٩. ابي جعفر محمد بن جرير الطبري، تاريخ الرسل و الملوك، ت. محمد ابو الفضل ابراهيم، ج٥، ط٢، مصر، دار المعارف بمصر، ١٩٦٧.
٦٠. احمد محمود الخليل، تاريخ الكرد في العهود الاسلامية، ط١، دار اراس للطباعة و النشر، ٢٠١٣.
٦١. ارشد هرمزی، التركمان و الوطن العراقي، ط٣، استانبول، دار العربية للموسوعات، ٢٠٠٥.
٦٢. احمد حبيب رسول، تجربة العيش المشترك في العراق (١٩٢٥-٢٠١٢)، ت.هوگر رسول، اربيل، مديرية مطبعة الثقافة، ٢٠١٣.
٦٣. اميد ابراهيم جوزةلي، تاريخ الترك و التركمان في اربل اربيل، ط١، اربيل، مكتب التفسير للطبع و النشر، ٢٠١٩.
٦٤. اوريل دان، العراق في عهد قاسم، ت. جرجيس فتح الله، ط١، اربيل، دار أراس للطباعة و النشر، ٢٠١٢.
٦٥. برهان برزنجی، كركوك الارض و التاريخ، ط١، كركوك، ٢٠١٤.

٦٦. برهان يارالى، حتى لا ننسى اربيل، ط١، مكتب التفسير للنشر و الاعلام، اربيل، ٢٠١١.

٦٧. برهان يارالى، قلعة اربيل بين الماضي و الحاضر، اربيل، مديرية الثقافة التركمانية– الجبهة التركمانية العراقية، ٢٠٠٤.

٦٨. بيار مصطفى سيف الدين، تركيا و كوردستان العراق، ط١، مؤسسة موكريانى للبحوث و النشر، اربيل، ٢٠٠٨.

٦٩. تشارلز تريب، صفحات من تاريخ العراق، ت.زينة جابر ادريس، ط١، دار العربية للعلوم، لبنان، ٢٠٠٦.

٧٠. توفيق التونجى، كركوكنامة ١٩٥٨–١٩٦٨، الطبعة الكترونية، ٢٠٠٦.

٧١. جعفر عباس حميدي، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ١٩٥٨–١٩٦٨، ج ٩، ط١، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٥.

٧٢. حبيب الهرمزى، مذكرات الصحفي التركمانى، ط١، مؤسسة وقف كركوك للثقافة و الابحاث، استنبول، ٢٠١٦.

٧٣. حسام حسرت، اربيل بوكەتى، شركة فضولى للطباعة و النشر، اربيل، ٢٠١٢.

٧٤. حسام داود الاربلي، الترك و التاريخ التركي في العراق، ط١، مكتب التفسير للطبع و النشر، اربيل، ٢٠١٨.

٧٥. حسن اوزمن، التركمان في العراق و حقوق الانسان، ط٢، بدون مكان الطبع، انقرة، ٢٠٠٤.

٧٦. حسين امين، تاريخ العراق في العصر السلجوقي، منشورات المكتبة الاهلية في بغداد، بغداد، ١٩٦٥.

٧٧. حسين حسن بك اوغلو، قرية يحياوة و صفحات من الماضي و الحاضر، ط١، شركة فضولي للطباعة و النشر، كركوك، ٢٠١١.

٧٨. حنا بطاطو، العراق الشيوعيون و البعثيون و الضباط الاحرار، ت. عفيف الرزاز، ط٢، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٩٩.

٧٩. خالد حبيب الراوي، تاريخ الاذاعة و التلفزيون في العراق، دار الحكمة للطباعة و النشر، بغداد، ١٩٩٢.

٨٠. خليل اسماعيل العصافي، لمحات اجتماعية عن تاريخ اربيل، مكتب التفسير للطباعة و النشر، ط١، اربيل، ٢٠١٢، ص ٦٩.

٨١. زاهد البياتي، من تاريخ صحافة كركوك، موسوعة كركوك قلب العراق، ط١، دار الكلمة الحرة، بيروت، ٢٠٠٨.

٨٢. زياد كوبرلو، الكيان التركى في العراق، بدون مكان الطبع، ١٩٩٦.

٨٣. س. ج. ادموندز، كورد و تورك و عرب، ت. جرجيس فتح الله، ط١، اربيل، ٢٠١٢.

٨٤. ستيفن همسلي لونكرك، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى ١٩٥٠، ت.سليم طه التكريتي، ج١، ط١، الرافدين للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، ٢٠١٩.

٨٥. سرمد جاسم محمد، التركمان في طوزخورماتوو دراسة انثروبولوجية، السياسات و الاثنيات في العراق، تحقيق. سعد سلوم، مؤسسة مسارات للتنمية الثقافية و الاعلامية، بغداد، ٢٠١٤.

٨٦. سعدون نورالدين كوبرلو، مجزرة التون كوبري الرهيبة، شركة فضولي للطباعة و النشر، كركوك، ٢٠١٥.

٨٧. سناء فادي جرجيس، مطرب المقامات الكركوكلي الشهير عبدالواحد كوزةجي، موسوعة كركوك قلب العراق، ط١، دار الكلمة الحرة، بيروت، ٢٠٠٨.

٨٨. شاكر صابر الضابط، بحث تأريخي حول عشيرة البيات، ت. نجات كوثر اوغلو، ط٤، وقف كركوك، كركوك، ٢٠١٥.

٨٩. شاكر صابر الضابط، موجز تاريخ تركمان في العراق ٦٧٣م-١٩٥٨م، ط١، بيت الوراق للنشر المحدودة، بغداد، ٢٠١١.

٩٠. شمران العجلي، الخريطة السياسية للمعارضة العراقية، ط١، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٠.

٩١. شورش حسن عمر، خصائص النظام الفيدرالي، ط٢، المركز العربي للنشر و التوزيع، مصر، ٢٠١٨.

٩٢. صباح بازركان، المرشد الى صحافة كركوك ١٩١١-٢٠١١، كركوك، ٢٠١٣.

٩٣. صباح عبدالله كركوكلى، اعلام الصحافة التركمانية في العراق ١٩٠٠-٢٠٠٣، ط١، شركة فضولي للطباعة و النشر، بغداد، ٢٠١٣.

٩٤. صباح عبدالله كركوكلى، موسوعة اعلام التركمان، ج١، دار الشؤون الثقافية العامة/ وزارة الثقافة، بغداد، ط١، ٢٠١٧.

٩٥. صبحى ساعتجى، الكيان التركماني في العراق، مؤسسة وقف كركوك، استانبول، ٢٠١٤.

٩٦. صبحي ساعتجى، القبائل و العشائر التركمانية في العراق و مناطق سكناهم، ت. ارشد الهرمزي، ط١، وقف كركوك، كركوك، ٢٠١٠.

٩٧. صبحي عبدالحميد، اسرار ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، ط٢، دار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٩٤.

٩٨. صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات و الاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، مؤسسة البلاغ، بيروت، ٢٠٠١.

٩٩. صلاح الدين ناجى اوغلو، طوزخورماتو قديما و حديثا، مكتبة النور، طوز، ٢٠٠٥.

١٠٠. عباس احمد، اربيل و هويتها التركمانية، ط١، جمعية الثقافة و التعاون لتركمان العراق، استنبول، ٢٠١٠.
١٠١. عباس العزاوى، تاريخ الادب التركى في العراق، ت. نجات كوثر اوغلو، شركة فضولي للطباعة و النشر، كركوك، ٢٠١٢.
١٠٢. عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين- حكومة الجلايرية، ج٢، ط١، مطبعة بغداد الحديثة، بغداد، ١٩٣٦.
١٠٣. عباس العزاوي، موسوعة عشائر العراق، ج٤، ط١، دار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٥.
١٠٤. عبدالخالق حسين، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ العراقية و عبدالكريم قاسم، ط١، دار الحصاد للنشر و التوزيع، دمشق، ٢٠٠٣.
١٠٥. عبدالرزاق الحسنى، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج١، ط٧، دار الرافدين للطباعة و النشر، لبنان، ٢٠٠٨.
١٠٦. عبدالسلام عبدالعزيز فهمي، تاريخ الدولة المغولية في ايران، دار المعارف، قاهرة، ١٩٨١.
١٠٧. عبداللطيف بندر اوغلو، التوركمان في عراق الثورة: تاريخهم، لغتهم، ادابهم، تراثهم، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٣.
١٠٨. عبدالنعيم محمد حسنين، دولة السلاجقة، مكتبة الانجلو المصرية، مصر، ١٩٧٥.
١٠٩. عزيز قادر الصمانجى، التاريخ السياسي لتركمان العراق،ط١، دار الساقي، لبنان، ١٩٩٩.
١١٠. عزيز قادر الصمانجى، قطار المعارضة العراقية، ط١، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٩.
١١١. عطا ترزى باشى، تاريخ الطباعة و الصحافة في كركوك، ت. مولود طه قاياجى، اصدارات الجبهة التركمانية العراقية، كركوك، ٢٠٠٨،
١١٢. علاء هادي الحطاب، من المعارضة الى الحكم تجربة المعارضة العراقية ١٩٦٨-٢٠٠٣، ط١، دار الحكمة، بغداد، ٢٠١٩.
١١٣. على الشمراني، صراع الاضداد المعارضة العراقية بعد حرب الخليج، ط١، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٣.
١١٤. عماد الدين محمد بن محمد بن حامد الصفهاني، كتاب تاريخ دولة السلجوق، شركة طبع الكتب العربية، مصر، ١٩٠٠.
١١٥. عمار على السمر، شمال العراق ١٩٥٨-١٩٧٥، ط١، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات ، بيروت، ٢٠١٢.

١١٦. فاروق مصطفى، جماعة كركوك التتمات اللاحقة، ط١، دار سردم للطباعة و النشر، السليمانية، ٢٠١١.
١١٧. الفريق الركن طه نوري ياسين الشكرجي، الحرب الاميركية على العراق، ط١، دار العربية للعلوم، اردن، ٢٠٠٤.
١١٨. فخرى قدورى، هكذا عرفت البكر و صدام رحلة ٣٥ عاما في حزب البعث، ط١، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٦.
١١٩. قاسم محمد ترزي، من هو اكرم طوزلو، طوز، ٢٠٠٧.
١٢٠. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، ج٣، ط١، دار اراس للطباعة و النشر، اربيل ، ٢٠١٣.
١٢١. كمال ديب، موجز تاريخ العراق،ط١، دار فارابي، بيروت، ٢٠١٣.
١٢٢. كنعان شاكر عزيز اغالي، غيض من فيض، الاعلام المركزي لحركة التركمان المستقليين، اربيل، ٢٠١٧.
